# مەنفا و خوێندنەوە

چەند گفتوگۆیەکی ئەدەبیی

توانا ئەمین

٢٠٠٨

ژمارە ( ١٥ )

لە ( بڵاوکراوەکانی پاشکۆی رەخنەی چاودێر )

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

**سەرپەرشتیاری کتێبی رەخنەی چاودێر:** سامی هادی

- **ناوی کتێب:** مەنفا و خوێندنەوە
- **بابەت:** چەند گفتوگۆیەکی ئەدەبیی
- **ئامادەکردنی:** توانا ئەمین
- **هەڵەچنی:** هیمداد حەمید
- **هەڵەبڕیی تایپ و مۆنتاژ:** تەها حەمەنوری
- **دیزاینی بەرگ:** دیاری - لالۆ
- **تیراژ:** (١٠٠٠) دانە
- **سەرپەرشتی چاپ:** سەردەشت حەمەصالح
- **ژمارەی سپاردن:** (٢١٧٥) **ی ساڵی ٢٠٠٨ی وەزارەتی رۆشنبیریی دراوەتێ.**

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

# پێرست

ئەم گفتوگۆیانە چین؟: ........ ٧

تەوەری یەکەم: نووسەرو مەنفا: ........ ٩
- ئیسماعیل حەمەئەمین: ........ ١٣
- کاروان عومەر کاکە سوور: ........ ٢٥
- هیوا قادر: ........ ٣٣
- ئازاد حەمە: ........ ٤٥
- ئارام کاکەی فەلاح: ........ ٦٧
- جەمال غەمبار: ........ ٧٥
- یوسف عیزەدین: ........ ٨٣
- ئەنوەری رەشی عەولا: ........ ٩٧

تەوەری دووەم: نووسینو خوێندنەوە: ........ ١٠٥
- شێرکۆ بێکەس: ........ ١٠٩
- ئازاد عەبدولواحید: ........ ١١٧
- مەریوان وریا قانع: ........ ١٣٧
- شیرین.ك: ........ ١٦٣
- سەردار عەزیز: ........ ١٧١
- دلاوەر قەرەداغی: ........ ١٨٧
- د.موحسین ئەحمەد عومەر: ........ ١٩٥

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

- مەنسور تەیفوری: ........ ٢٠٥
- ئەحمەدی مەلا: ........ ٢١٥
- عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی: ........ ٢٢٣
- رەئووف بێگەرد: ........ ٢٣١
- رێبین رەسول ئەحمەد: ........ ٢٣٧
- فاروق هۆمەر: ........ ٢٤٥
- عەبدولوتەلیب عەبدوڵڵا: ........ ٢٥٧
- ئاوات ئەحمەد: ........ ٢٦٧

تەوەری سێیەم: شیعری بەرەی چوار ........ ٢٧٣
- مەحمود شێرزاد: ........ ٢٧٧
- کەمال ئەمینی: ........ ٢٨٧
- جەواد حەیدەری: ........ ٢٩٩

تەوەری چوارەم: لاپەڕە پەرشەکان ........ ٣٠٥
- لەتیف هەڵمەت: ........ ٣٠٧
- کاروان عومەر کاکەسوور: ........ ٣١٣
- ئارام کاکەی فەلاح: ........ ٣٣٩
- ئیسماعیل حەمەئەمین: ........ ٣٤٩

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

**پێشکەشە بە :**

**کوردە..**

**بە نیانیەکەی ئەو، لەبەرامبەر زەحمەتەکانی مندا**

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

## ئەم گفتوگۆیانە چین ..؟

خوێنەری خۆشەویست.. ئەمەی لەبەردەستتدایە، کۆی زۆرێك لەو گفتوگۆیانەیە کە من لەم ساڵانەی دوایدا لەگەڵ رۆشنبیرو نوسەرانێکدا کردوومن، کە پێم وابووە وەڵامی پرسیارەهایەکی ناو ئەم رۆحە شەکەتەی من، تەنیا لای ئەوان دەست دەکەوێت، هەر ئەمەش بووە وایکردووە ئەم نوسەرو روناکبیرانە هەڵبژێرمو روناکبیرو نوسەرانێکی تر دەستنیشان نەکەم.

بەشی سەرەکی ئەم کتێبەی بەردەستت، لەهەردوو تەوەری (نوسەرو مەنفا)و (نوسینو خوێندنەوە) پێکدێت کە لە (رەخنەی چاودێر)دا بڵاوکرانەوەو ناوی کتێبەکەشمان لە لێکدانی ئەو دوو ناونیشانەوە هەڵهێنجاوە، تەوەرێکی تری لەمەڕ (شعری بەرەی چوار)ەو بەشی کۆتای کتێبەکەش کە لەژێر تایتڵی (لاپەڕە پەرشەکان)دا دامانناوە، گفتوگۆی چەند نوسەرێکە لەبارەی شیعری نەوەی نوێو قەیرانی رۆمانو پەیوەندی نێوان مێژوو و ئەدەب....هتد.

ماوەتەوە بڵێم لەبەرئەوەی بەشی زۆری گفتوگۆکانو بەتایبەتیش تەوەرەکان، بە ناڕاستەوخۆ ئەنجامدراون، واتە لە رێگای ئیمەیل یان فاکس یان نامەوە پرسیارو وەڵامەکان گۆڕراوەتەوە، لە هەندێك شوێن

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

خوێنەر هەست بە دورکەوتنەوەیەك لە بابەتە سەرەکییەکە دەکات، لەوەڵامی ئەم بەرپێزانەدا. بەڵام لەبەرئەوەی وەك وتمان گفتوگۆکان رووبەروو نەبوون، نەمانتوانی ئەمە چارەسەر بکەین.. هەرچۆنێك بێت، ئەوە وەڵامی ئەو نوسەرانەیەو خۆیان خاوەنین، ئێمە رێگەمان بەخۆمان نەدا مافی گۆڕینو دەسکاریکردنیان وەربگرین.

**توانا ئەمین**

**سلێمانی**

**٢٠٠٨**

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

## تەوەری یەکەم ..
## نووسەرو مەنفا

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

گرنگیی شوێن لەسەر زەینی نووسەرو جێهێشتن‌و خووگرتن بە شوێنەوە، نووسینەوەی شوێن‌و هەڵاتن لێی، مەنفاو یادەوەری، مەنفاو کاراکتەری موسافیر، موسافیرێکی نووسەر، نووسەرێك کە لە ناشوێندایەو شوێنیش دەنووسێتەوە، نووسەرەکان‌و قەیرانی ونبوون‌و خۆدۆزینەوە لە مەنفا.

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری پشت ئەم دێڕانە، ئێمە سەرنجمان لەسەر یەك پرسیار تۆخکردەوەو نوخبەیەك لە نووسەرانی مەنفانشینی کوردمان هەڵبژارد، تا لە ئەزموونی خۆیانەوە پەیوەندیی نێوان تاراوگەو نووسەر بنوسنەوە:

**ئەگەر ونبوون بەشێکی گەورەی هەموو سەفەرێك بێت، نووسەر جودا لە خەڵکی ئاسایی، چەندێك لەو پشکەی بەردەکەوێت؟ بە مانایەکی تر، مەنفا بۆ نووسەرەکان چەندێك شوێنی خۆدۆزینەوەو چەندێکیش جێگای ونبوونە؟**

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

# ئیسماعیل حەمەئەمین..



**نووسەر هەر لە بنەڕەتەوە بوونەوەرێکی مەنفیکراوە، نووسەرێکم نەبینیوە بتوانێت لەنێو کۆلکتیڤییەت و مێگەلی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، تا ئەبەد هەڵبکات.**

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

هەموو کاتێك کە باسی مەنفا دەکرێت، ئەو کتێبە گرنگو قورسو سەیرەی فەیلەسوفو موزیکالی رەخنەیی‌و لیتراتو بیریار، تیۆدۆر ئادۆرنۆ-م بیردێتەوە، هەمیشە لەسەر مێزی نووسینەکەمدایەو بەردەوامیش دەیخوێنمەوە، بەتایبەت ئەو ساتەوەختانەی کە دەمەوێت لەقەرەبالغیی رۆژانەی ژیان دووربکەمەوە. کتێبی (مینیما مۆراڵیا Minma Moralia) بەکوردی دەتوانین لەژێر ناوی (مۆراڵە بچووکەکان) وەربگێڕدرێت. ئەم کتێبەی ئادۆرنۆ بە جیاواز لە هەموو کتێبەکانی دیکەی، نە ئاوتۆبیۆگۆافییەو نە دەقێکی فەلسەفی‌و فیکری‌و کۆمەلایەتییە، بەئاسانی لە تایتلی ناوەوەو دووەمی کتێبەکەدا نووسراوە: **"چەند کاردانەوەیەکە لەژیانێکی تێك‌و پێکشکاوەوە** Reflexionen aus dem beschädigten Leben."

گرنگیی ئەم کتێبە، پەلاماردانی هەموو ئەو بۆشایە گەورەیە کە لە مەنفادا خۆی دەبینێتەوە، پارچەبوونی کتێبەکە بەسەر وردەکاریی سەیردا، ئەو شێوە ژیانەی مەنفا نمایشدەکات کە نووسەر تێیدا دەژی. لە پێڕستەکەیدا خۆی بەسەر (١٥٣) بەشی جیاواز لە یەکتریدا دابەشدەکات، بەناونیشانی سەیری وەك (**لامپایەك لە تەنیشت جێگەوە**) یان (**گەڕانەوەی کولتوور**) یاوەکو (**لەودیو ئاوێنەوە**) ..هتد. هەموو ئەمانە کۆمەڵێك تێکستن کە فەلسەفاندنی ژیانە لەنێو وردەکاریی رۆژانەدا، ئەم کتێبەی ئادۆرنۆ لەو زەمەنەدا نووسراوە کە لە مەنفای ئەمریکاییدا بوو، وەك نووسەرێکی ئەکتیڤ‌و جولەکەیەکی

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

هەڵاتوو لەدەست ناسیونال سۆسیالزمو فاشییەت، لەوێ بەردەوامیی بە ژیانی فیکریی خۆی دابوو.

بە رای من، گرنگیی ئەم کتێبە لەو چوارچێوەیەدایە کە نووسەرو تاراوگە بەیەکترەوە دەبەستێتەوە، وەك دوو رەگەز کە ئەم ئەوی دیکە تەواودەکاتو لە هەمانکاتیشدا ئەم لەوی دیکە رادەکات. یارییەکی سەیری خۆشاردنەوەو خۆدزینەوەیە لەیەکتری. لەنێوان ئەم دووانەدا، بەردەوام وەك بازنەیەکی شەیتانی ئەم یارییە خۆی دووبارەدەکاتەوە. نووسەرو رۆشنبیریش بە مانای وشە، هەمیشە لە تاراوگە رادەکەنو تاراوگەش هەمیشە لەنێو نووسەردا رەگەکانی خۆی داکوتاوە. پەیوەندیی نێوان رۆشنبیرو مەنفا، پەیوەندییەکی ئەزەلییە، پەیوەندییەکی ئاڵۆزە لە وردەکارییەکانیدا، لەبەرئەوە سەیر نییە کتێبە قورسو سەرنجڕاکێشەکەی ئادۆرنۆ خاوەنی ریزبەندیو یەکبەداواهاتنی تەقلیدی نووسینی فیکری نەبێت، بەڵکو کۆمەڵێك تێکستن بە سەربەستی ئەم لەوی تر بەجیا مانای خۆی بەرهەمدەهێنێت. بەهەمانشێوەش خوێنەری ئەم تێکستانە، سەربەستیی تەواوی هەڵبژاردنی بۆ خوێندنەوە هەیە.

مەنفا لەم تێزانەی ئادۆرنۆوە، ئەو وردەکارییانەیە کە نووسەر تێیدەکەوێت، ئەو وردەکارییەکان زیاتر لەو بیروڕاو شێوازی ژیانە، نزیکیدەخاتەوە کە نووسەر زیاتر بەخۆیەوە خەریك ببێت. ئەمە ئەو چەمکەیە کە زۆر لە ئینیدڤیدیومەوە (تاکڕەوخوازی)یەوە نزیکە، ئەو (**بەخۆخەریکبوونو لەگەڵ خۆخەریکبوون**)ە، تەوەرەیەکی تەواوی ئەو کتێبەیە کە هەر جارەو لە فۆرمو بابەتێکی جیاوازدا تەعبیر لە خۆی دەکات.

لێرەوە دەتوانم بڵێم: نووسەر هەر لە بنەڕەتەوە بوونەوەرێکی مەنفیکراوە، نووسەرێکم نەبینیوە بتوانێت لەنێو کۆلکتیڤییەتو

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

مێگەلی کۆمەڵایەتیو سیاسیدا، تا ئەبەد هەڵبکات. ئەمە ئەو وانە سەختەیە کە لە (ئادۆرنۆ)وە فێری دەبین. هەموو نووسەرێك لە تاکڕەویی خۆیدا، ئەو کەسەیە بە لێواری ژیاندا پیاسەدەکات. جگە لەوە شتێك هەیە پێیدەڵێن **(لەدەرەوەبوون)**، بە مانای لە دەرەوەی شتەکانی مێگەلی کۆمەڵایەتیت، لە دەرەوەی بەکۆمەڵ ژیانو دەستەجەمعی ژیانیت. تۆ لەنێو خۆتدایت بۆ بەرهەمهێنانی ئەو تاکڕەوییەی خۆت، ئەو شێوازە ژیانەی بە جیاواز لە تەقلیدی گردبوونەوە کۆمەڵایەتییەکان، خۆی پێکدەهێنێت. خود (سوبێکت) شێوازی خۆی وەردەگرێت بە بوونی لەنێو تۆنی موزیکالی خۆیدا، ئەو تۆنەی کە تاکتێکی موزیکالییەو نووسەر هەوڵی دۆزینەوەی دەدات، ئەمەش کردەی داهێنانی فیکریو گۆڕانە فیکرییە گەورەکان لە هەبوویی کۆمەڵایەتی جیادەکاتەوە. بەکورتی ئەم جۆرە ژیانی ڕۆشنبیرە لەنێو تاکڕەویدا، پێکهێنانی جۆرێکە لە تاکتی موزیکی لەنێو قەرەباڵغیدا، ئەوە نووسەرە کە هەرگیز ناچێتە نێو کۆڕاڵە قەرەباڵغەکانی ئایدۆلۆژیاو حیزبو دەزگاکانەوە، تەنانەت دەزگا کۆمەڵایەتییەکانیش بۆ ئەو جۆرێکە لە رووتکردنەوەی ئەو خودە، زەوتکردنو لەقاڵبدانێتی لەنێو چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکاندا.

لێرەوە مەنفای نووسەر، مەنفایەکی میتافەرییە (مەجازییە)، پێش ئەوەی مەنفایەکی شوێن بێت، مەنفایەکە پابەندە بە خودڕەویی ئەو لەنێو ژیانێکی کۆلەکتیڤیدا. نووسەر ناتوانێت بەردەوام بە ئاشتی لەگەڵ شوێنو زەمەنی کۆمەڵایەتیدا بژیت، شوێنێك نییە نووسەر بەخۆیەوە ببەستێت، گەر هاتو ئەو شوێنە بەشێکی زۆری لە تاکڕەویی ئەوی تێدا فەراهەم نەبێت. دیارە من لێرەدا باس لە نووسەری جدی دەکەم، نەك ئەو نووسەرە فەرمییانەی بە دەزگای پارتو دەسەڵاتو ئەکادیمیای تەقلیدییەوە هەڵواسراون.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

کێشەی نووسەر لەگەڵ مەنفایەکی مەجازیدایە، لەگەڵ ئەو بەها کۆمەڵایەتیو ئەدەبیو زمانەوانییە دایە کە هەیە. ئەو نامۆیە بەو کولتوورەی هەبووە، نامۆیە بەو جۆرە زمانە ئاساییە، نامۆیە بە مێگەلی کۆمەڵایەتیو حیزبیو سیاسی. ئەمە خاڵی جیاکەرەوەی نووسەرە بەوەی هەمیشە بەدووی تاکتی خۆیدا دەگەڕێت، ئادۆرنۆ وتەنی: **"تاکت مانای ئەوە نییە بەئاسانی خۆت بخەیتە ژێر کەشیگەرایە ئاساییەکان..."** (مینیما مۆراڵیا، ل٣٩) جا بەهەقەت ئەمە کرۆکی مەنفایە کە لێرەوە خۆی درێژدەکاتەوە، لە خودەوە کە بەرامبەر مێگەلی کۆمەڵایەتی راوەستاوە، لە خودێکەوە کە خودگەرایی خۆی بەجیا لە تۆنو تاکتە موزیکالییەکانی کۆراڵی کۆمەڵایەتی دادەنێت. سۆلۆیەکی تاکڕەوە، چەلۆژەنێکی تاکە بەجیا لە هەموو کۆراڵ، تۆنی خۆی هەیە. لەوانەیە ئەمەش نهێنیی موزیکی کلاسیك بێت، کە هەموو تاکتێکی موزیکی، هەموو ئامێرێك خودگەرایی خۆی پارێزراو بێت.

مەنفا لەم گۆشەنیگایەوە جۆرێکە لە نەبوونی شوێنو گەڕانە بەدووی شوێنە مەجازییەکاندا. بۆ نووسەر، مەنفای شوێن ئەوەندە سەخت نییە، بەقەد ئەوەندەی مەنفای خود، لەقالبدانی نووسەرە لە چوارچێوەیەکی زمانەوانیو ئایدلۆژیدا. سوبێکتی (خود) نووسەر گەڕانە بەدووی شوێنەکانیدا، شوێن ئەو ئایدیاو بیروڕایانەیە کە بەردەوام تەعبیر لە کێشمەکێشی جیهانو خود دەکەن. شوێن مەنفا نییە بۆ نووسەری جدی، چونکە نووسەر بەهیچ شێوەیەك خاوەنی شوێن نییە، لەبەرئەوە گواستنەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە، کە ئازیزم تۆ بە (کۆچ) ناوی دەبەیت، ئەو تراژیدیا گەورەیە نییە بۆ نووسەر، کۆچێك نییە نووسەر بیکات. لەبەرئەوەی نووسەر لە

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

نیشتیمانی خۆشیدا بەردەوام کۆچڕەوە. لەناو دەزگای خێزاندا، لەنێو کێشمەکێشی عەشقیشدا، بەردەوام لەو ترسەدا دەژی کە ئەوی بەرامبەر سەربەستیی لیّ زەوتبکات. لەلات سەیر نەبێت بڵێم: نووسەر هەمیشە ئامادەیە بۆ کۆچکردن. یاخود باشتروایە بڵێم: خۆی ئامادەدەکات بۆ چوونەدەرەوە لە چوارچێوەکان. ئیدی گەر هاتو ئەو چوارچێوەیە عەشقیش بێت. لەبەرئەوە هەرگیز مەنفای نووسەر لە چوارچێوەی کێشەی کۆچ و کۆچبەراندا پێناسەناکرێت. ئەوەندەی نووسەر لەنێو زەوی مەنفادایە، ئەوەندە مەنفا میتافەرێکە (مەجازێکە) ئەوەندە ئۆبێکتیڤیو هەبوویی نییە، تاوەکو ئێمە لەنێو شوێندا پێناسەیبکەین. ماوەیەك لەمەوبەر شاعیرێك کە هاوڕێیەکی ئازیزمە، لە هەشتاکانەوە یەکتری دەناسین و تەلەفۆنی لەگەڵدا کردم، جوانترین قسەی ئەو، دەستەواژەیەك بوو کە وتی: "من لەمەنفای هەولێر گیرمخواردووە.." بە هەقەت وایە ئازیزم شوێنەکان تەنها مەنفای مەجازین، هەرگیز شاعیر لەگەڵ شوێندا ئاشتنابێتەوە، بەڵکو بەردەوام کێشەی سەختی لەگەڵیدا هەیە.

لە ئەزموونی خۆمەوە قسەبکەم، تاوەکو ئێستا من نازانم مەنفا کوێیە. کە لە نیشتمان بووم، زیاتر هەستم بە نامۆبوون دەکرد، هەستمدەکرد لە مەنفادام، لەبەرئەوە کە هاتمە ئەودیو سنوورەوە، هیچ شتێك بە من نامۆ نەبوو، مەنفا تاوەکو ئێستا لە رۆحمدا بەردەوامیی هەبووە، تەنانەت ئەو خووە سەیرەم هەیە تاوەکو ئێستا کاریگەریی خراپی بەسەر ژیانی رۆژانەمەوە هەبووە، ئەویش ئەوەیە: هەر کارێك لە چوارچێوەی دەزگایەکی تایبەتیدا بێت، لەلام جۆرێکە لە مەنفا. یەکەم رۆژی دەستپێکردنم، ئەو رۆژەیە کە بیر لەوە دەکەمەوە کەی لێی قوتار دەبم، کەی دەبێت وازدەهێنم. وەك ئەو سێوە وام، چاوەڕێی گەییویی خۆم دەکەم بۆ ئەوەی لە درەخت بەرببمەوە. کە

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

وازیش دەهێنم، هەست بە بەتاڵیی دەکەم، بە پێمەلە لەنێو بۆشاییدا. لەبەرئەوە هەمیشە منو دەزگاکان لە کێشمەکێشداین تاوەکو ئێستا، ئەوانەی کە لە کوردستان کاریان لەگەڵ مندا کردووە، هەر لە سیاسەتەوە بیگرە تاوەکو وەزیفە، ئەو جۆرە نائارامیو نیگەرانییە رۆحییەیان هەستپێکردووە. هەمیشە دوور بووم لە هەڵپە بۆ پلە باڵاکان، چونکە ترسم لە هەموو وەزیفەو پلەیەك هەبووە کە خودگەرایی من زەوتبکات. تەنانەت پێموایە ئەوانەی لە عەشقیشدا دەژینو تەنها عەشق دەکەن، بە یەك بابەتی تێداژیاوی شیعریو ئەدەبی، بەشێکی زۆریان لەو خودگەرایە لەدەستدەدەن، کە نوسین پێویستی پێیەتی. هەر کاتێك هەستمکرد وەك رۆبنسۆ کرۆزۆ دەمەوێت لەسەر دوورگەیەکی ئەم دونیایەدا ماڵێك بۆ خۆم چێبکەم. ئەوا دەزانم ئەوە کۆتایی منە، چونکە من مەحکومم بە ژیان لەنێو مەنفادا.

بەڵام با بێمەوە سەر بەشێکی دیکەی پرسیارەکەت کە سەفەرە. دیارە هەموو کۆچێك سەفەرێکە بۆ خۆی، بەڵام سەفەرێکە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە، لە زێدی خۆتەوە بۆ مەنفای شوێن. لە هاونیشتیمانییەوە بۆ بێگانە، لە قسەکەرو چالاکەوە بۆ گوێگرو لە نێوەندەوە بۆ کەنارەکان.. لە کۆچدا یەك سەفەر دەکەیتو ئاراستەی هیلاکیت بۆ یەك شوێنە کە تێیدا بگیرسێتەوە. لەبەرئەوە گرانە بڵێین کۆچو سەفەر زۆر پێکەوە گرێدراون. چونکە کۆچ یەك سەفەرەو هیچی دیکەو کۆچبەر ئەو سەفەرە دەکات بۆ ئاسوودەگی، دەگەڕێت بەدووی شوێندا وەك ئاسوودەگیی رۆژانەژیان، لەوانەیە ئەمە بۆ هەموو نووسەرێك وەك بوونەورەێکی کۆمەڵایەتی راست بێت، بەڵام شوێن هەمان بەهای لەخۆنەگرتووە کە کۆچبەری ئاسایی بەدوویدا دەگەڕێت. شارەکانو بەندەرەکانو وێستگەی شەمەندەفەرکان، هەمان تێپەڕبوون لەخۆناگرن کە لە بازنەی بیرکردنەوەی کۆچبەرێکدا

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

دەسوڕێتەوە. لێرەوە دەمەوێت بڵێم کە نووسەر وەك مارکۆ پۆلۆ هەمیشە لە سەفەردایە، سەفەری نووسەر لەو هەستەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە کە دەیەوێت لە مەنفایەکەوە بچێتە نێو مەنفایەکی دیکە. ئەمەش ئەو شەڕە بەردەوامەیەتی لەگەڵ شوێنو زەمەنو هەبوویی کۆمەڵایەتیو سیاسیو کولتووریدا. ئەمە ئەو ئیندیڤیدومەیە بەردەوام بەدووی مەنفاکانی خۆیدا دەگەڕێتو لە هیچیاندا ئۆقرە ناگرێت.

لە گریکدا، ئێمە بەرامبەر ئەفسانەی (ئۆدیسۆس) دەبینەوە، گەڕانێکە بەدووی بەختەوەریو چێژو دۆزینەوەی دونیا کە بەهیچ شێوەیەك لە شوێنێکدا ئۆقرە ناگرێت، بیرت نەچێت ئۆدیسۆس لە شەڕی تەڕوادە (ترۆیا) بەشداریی کرد، ئەو شەڕەی بەشێکی زۆری ئەفسانەی یۆنانی لەسەر بونیادنراوە. ئەو جەنگاوەرێکی سەرکردە بووە، بەڵام کێشەی ئۆدیسۆس لەدوای سەرکەوتنەوە دەستپێدەکات، لەدوای گەیشتن بە باڵایی کۆمەڵایەتی، بە مارشەکانی سەرکەوتن. لەوێوە خودێك هەیە نامۆیە بەو سەرکەوتنانە، ئیدی گەشتی ئۆدیسۆس، گەشتی بەردەوامی مرۆڤە بەنێو نادیاردا، حەزکردنە لە گەڕان بەدووی خودا لەنێو جیهانێکی فراواندا، هەر کاتێکیش ئۆدیسۆس هەستبکات گەیشتووەتە ترۆپکی چێژ، نامۆبوونی ئەو دەستپێدەکات. جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ نێو چەرمەسەریو شەڕی نێو دەریاو ئۆقیانووسە توڕەکانو ئەژدیهاکانی. چیرۆکی ئۆدیسۆس گەڕانە بەدووی خودگەرایی، سەفەری بەردەوامی سوبێکتە بۆ ئازادبوون.

لێرەوە نووسەر ئۆدیسۆسە، ئیکارۆسە کە لەگەڵ باوکیدا (دیدالۆس) بە باڵی دروستکراوەوە بۆ گەڕانەوە بۆ ئەسینا، لە شەقەی باڵ دەدات، کەچی هەر دیدالۆسە بەخۆیو ئیکارۆسەوە ساڵانێك لە

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

مەنفای دوورە ئەسینا بەسەردەبەن. ئیکارۆس کوڕی مەنفاکانە گوێ لە باوکی ناگرێت کە پێیدەڵێت: **"نە زۆر نزیك ببەوە لە خۆرو نە زۆر بە نزمی بەسەر دەریادا لە شەقەی باڵ بدە، هەردووکیان تەڕیو خۆر باڵەکانت تێكو پێکدەشکێنن، مامناوەندی بفڕە لەنێوان خۆرو دەریادا."** کەچی ئیکارۆس لەم میتۆسە (ئەفسانە) گریکییەدا لە شەقەی باڵ دەدا، ئەوەندە لە خۆر نزیکدەبێتەوە تاوەکو مۆمی باڵەکان دەتوێنەوەو پەڕەکانی هەڵدەوەرێنو دەکەوێتە نێو دەریاوە.

نووسەر هەڵگری هەردوو سوبێکتە. هەڵگری دیدالۆسی باوکە، کە ئاوسە بە بۆنی داهێنانو لەخۆباییو تاوانو هەڵبژاردنی مەنفاکانو عەقڵانییەت. لە هەمانکاتیشدا نووسەر ئیکارۆسە کە خومارە بە خودگەرایی خۆی، بە سەمای خۆی لەنێو چێژی ڕەهابووندا، نووسەر لە مەنفاکانی خۆیدا لە خۆرەکان نزیکدەبێتەوە، نەك لەبەرئەوەی دەیەوێت هەڵبگەڕێتەوەو هەڵگەڕانەوە تەنها ئامانج بێت، بەڵکو ئەوە جەوهەری ئەو سەفەرەیە کە نووسەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی تێیدا دەژیو ژیانێکی پڕکێشمەکێشمی بەدووی خۆیدا رادەکێشێت. مەنفای نووسەر پڕێتی لە سەفەری جۆراوجۆر، کە ئەمیش میتافەریو مەجازییە وەك ئەوەی سەفەری هەقیقی بن.

فرانز کافکا لە ڕۆمانی کۆشك-دا، جوانترین نموونەی ئەو گەڕانەی ئیندڤیدوالییەمان بۆ نمایشدەکات، لە گەڕانیدا، لە رقو خۆشەویستیو حەزو دوورکەوتنەوەو نزیککەوتنەوەی لە کۆشك، کۆشك ئەو مەنفایەیە کە فیگۆری ڕۆمانەکەی (کا K) بەدەوریدا دەخولێتەوە، مەبەستێتی بچێتە ناوەو لە هەمانکاتیشدا لەنێوەڕا قێزی لێدەکاتەوە، سەفەری کافکا لە کۆشك-دا سەفەری شەڕو ئاشتبوونەوەی بەردەوامە لەگەڵ مەنفادا.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

نووسەرو مەنفاو سەفەر ئەوەندەی مەجازین، ئەوەندە هەقیقی نین، هەر کاتێکیش نووسەر هەستی بە ماڵیبوونی خۆی کرد لەنێو شوێندا، ئیدی ئەوە کۆچکردوویەکە بە مانای وشە. مەرج نییە کۆچکردوو بیت لە وڵاتێکی دیکەدا، لەوانەیە لەنێو دەزگایەکی حیزبی یان لەناو وەزیفە یان لەنێو ژیاندا، بۆ یەك عەشق بەند ببیت. ئیدی چیدی مەنفا بوونی نامێنێت، مادامەکی سەفەری خود نابینین بەنێو خەیاڵو گۆڕانی بەها هەبووەکاندا، ئیدی هەر کاتێك مەنفا لە خودی نووسەردا مرد، ئەوا نووسینیش دەمرێت.. نووسەرەکان هەمیشە لە نووسیندا دەژین، چونکە جیهان بۆ ئەوان مەنفایەکی بەردەوامی بێکۆتاییە.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

## کاروان عومەر کاکەسوور..



**مەنفای داهێنەر مەنفایەکە لەناو خودی خۆی و لەناو شوناسی خۆیدا، ئەو خودە لە هەر شوێنێك بێت هەر لە مەنفایە.**

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

ئەگەرچی مەنفا لە روخساردا زیاتر پێوەندیی خۆی بە جۆگرافیاوە دەردەخات، بەڵام راستییەکەی مەنفا چەمکێکی مێژووییە. بەمانایەکی دیکە مەنفا ئەنجامی ئەو پرسیارانەیە، کە نووسەر ئاراستەی کاتیان دەکاتو وەڵامی دەستناکەوێت. لێرەدا جوگرافیا، یاخود شوێن هەر خۆی دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی کاتەوە. رەنگە داهێنەر بەدەر لەوەی چەند لە زانستی فیزیا شارەزایە، هەر خۆی بگاتە ئەو راستییەی، کە دوو جۆر کات هەیە. یەکەمیان ئەو (کات)ەی بە شاراوەیی تێدەپەرێت و تەنها لە رێگای گێرانەوەوە دەکرێت بەدوایدا بگەرێین. دووەمیان ئەو (کات)ەی بەشێوەیەکی جێگیر خۆی دەردەخات و رێگرە لەوەی ئێمە بەو کاتە شاراوەیە بگەین. لێرەوەیە داهێنەر دەکەوێتە ناو مەنفایەکەوە، بەوەی هەست دەکات رابردووی لەناو ئەو کاتەدا ون بووە. هەر لێرەیشەوەیە ئێمە بەدوای منداڵیی خۆماندا دەگەرێین. ئەمە ئەو راستییە بوو، کە (مارسێل پرۆست) لە رۆمانی "گەران بەدوای کاتی ونبوو"دا دۆزیەوە و لە شەرێکی گەورەدا رووبەرووی بووەوە. (جیل دۆلۆز) لەو بارەیەوە پێی وایە کاتی ونبوو، کاتی راستەقینەیە. کاتی ونبوو هەر تەنها کاتی رابردوو نییە، بەڵکو هەر کاتێکە، کە لە دەست چووە.

هەموو پرسیارێکیش لە مەنفا، پێشتر پرسیارێکە لە دڵرەقییەکانی کات. چەمکی مەنفا هەمیشە خەڵەتێنەر بووە، بەوەی کە بە نهێنی لەناو کاتدا کار دەکاتو واشمان پیشاندەدات، کە بە ئاشکرا لەناو

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

شوێندا دەژی. مەنفا هەر لەو کاتەوە دەخولقێت، کە سەرچاوەکانی دڵنەواییی وەکو ئاین‌و ئایدۆلۆژیا چییتر ناتوانن نووسەر بە پێناسەکانی خۆیان لەبارەی کاتەوە رازیی بکەن. کەواتە مەنفا ئەنجامی ئەو جیاوازییانەیە، کە مێژوو، یاخود کات بەرهەمیاندەهێنێت. ئەگەر زمان چەکێکی گرنگ بێت، کە نووسەر لە بەرانبەر دەسەڵاتی مێژوودا پەنای بۆ دەبات، ئەوا جۆگرافیا چەکێکی دیکەیە. (دیکارت) فەرەنسای دڵڕەقی جێهێشت و رووی لە هۆڵەندای هێمن کرد، بەو مەبەستەی جۆگرافیا وەکو چەکێك لە بەرانبەر هێرشەکانی (مێژوو/کات)دا بەکاربهێنێت، ئەگینا ئەو بەدوای (جۆگرافیا/شوێن)دا نەدەگەرا. (جەیمس جۆیس) وەکو یەکێك لە ناسراوترین ئێکسیڵدی سەدەی بیستەم هاواری دەکرد: "ئەو نیشتیمانە جوان و نەشمیلەی بەردەوام نووسەر و هونەرمەندەکانی خۆی بۆ مەنفا دەنارد". سەفەری داهێنەرانی ئێمە بۆ رۆژئاوا هەمان ئامانجی هەبووە. ئەو سەفەرە رەهەندێکی ویژدانیی بەخۆوە گرتووە. سەفەری ئەو داهێنەرە سەفەرێك نەبووە لە دۆزەخێکەوە بۆ بەهەشتێك، بەڵکو سەفەرێك بووە بۆ ئەو شوێنەی، کە دەتوانێت تێیدا بەهێزێکی زیاترەوە رووبەرووی مێژوو ببێتەوە. ئەو سەفەرە بۆ ئەو شوێنە بووە، کە (نیچە)ی فەیلەسووف لە رۆژگاری خۆیدا دەیزانی چۆن لە سایەی دڵڕەقییەکانی کاتدا شێواوە. سکاڵای لە دەست دەکرد و دەیگوت: سەرتاپای ژیاری ئەورووپا وا تێکدەشکێت و هەر دەڵێی چاوەڕێی کارەساتێکی گەورەیە.

ئەگەر کۆچ سنووری پێوەندییەکانی داهێنەر بە جیهانی دەرەوە تەسکتر دەکاتەوە و زیاتر بەرەو گۆشەگیریی (Isolation) دەبات، بەڵام هاوکات دەرگاکانی دیکەی بۆ ناو خودی خۆی زیاتر ئاوەڵا دەکاتەوەو پرسیار و گومانەکانیشی گەورەتر دەکات. (تۆدۆرۆڤ) لە

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

کتێبی (ئێمە و ئەوانی دیکە)دا دەڵێت "پەناهەندە هیچ ئاگاداری و زانیارییەکی لەبارەی ئەو شوێنەوە نییە، کە لێی دەژی". ئەوە دەستەڵاتی کاتە رێگرە داهێنەر و شوێن بەیەکتر بگەن، یاخود نەهێڵێت نووسەر هەست بە بوونی شوێن بکات. مەنفای داهێنەر مەنفایەکە لەناو خودی خۆی و لەناو شوناسی خۆیدا. ئەو خودە لە هەر شوێنێك بێت، هەر لە مەنفایە. کەواتە کۆچی داهێنەر، وەکو گوێزانەوەی وایە لەماڵێکەوە بۆ ماڵێکی دیکە، لە گەرەکێکەوە بۆ گەرەکێکی دیکە. مەنفاش هەر خۆی بەشێکە لەو کەلوپەلە پێویستانەی، کە داهێنەر لەگەڵ خۆیاندا دەگوازێتەوە. هەڵەی خوێندنەوەی ئێمە بۆ مەنفای داهێنەر هەر تەنها ئەوە نییە، کە مەنفا بە شوێنەوە دەبەستێتەوە، بەڵکو ئەوەیشە، کە پێی وایە مێژووی داهێنانی ئەدەبی و فیکری و هونەری هاوکات لەگەڵ مێژووی مەنفا (مەبەستی کۆچە)، لای ئەو داهێنەرە پێکەوە دەستپێدەکەن. ئەمەش تێکەڵکردنێکە لەنێوان مەنفا وەکو جۆگرافیا Expatriate و مەنفا وەکو حاڵەتێکی ئەنتۆلۆژی Alienation. راستییەکەی داهێنان بە هەموو شێوەکانیەوە خۆی لەناو ئەو مێژووەدا دەخولقێت. بە مانایەکی دیکە داهێنەر جارێك وەکو مرۆڤ لە مەنفایە و جارێکی دیکەش وەکو نووسەرێك، کە دیدگایەکی جیاوازی هەیە. لەنێوان مەنفا و نووسیندا پێوەندییەکی توندوتۆڵ هەیە، بەوەی، کە نووسین خۆی جۆرێکی دیکەی نامۆبوونە لەناو خوددا Self estrangement. ئەو حاڵەتەیە، کە نووسەر هەست دەکات چ لە خودی خۆی و چ لەوانی دیکە دابراوە. لێرەشەوە دەگەینە ئەوەی بڵێین مەنفا هەر خۆی نووسەرەکەیە، بەوەی، کە مرۆڤ خۆی وەکو (هایدگەر) پێی وایە بوونەوەرێکی زەمەنییە.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

ئەگەر مەنفا بۆ داهێنەر وەکو مرۆڤێکی ئاسایی نەگەتیڤ بێت، ئەوە وەکو نووسەرێك لە بەرهەمهێنانی تێکستدا پۆزەتیڤە. ئەدەبی مەنفا Exileliteratur چ لای ئێمە و چ لە دەرەوەی خۆماندا راکردن نەبووە لە شوێن، بەڵکو خۆدەربازکردن بووە لە دەستەڵاتێك، کە بەقەدەر زمان، دەستی بەسەر شوێنیشدا گرتووە. ئەو ئەدەبە هەوڵی داوە شوێن لە پەلامارەکانی زەمەن بپارێزێت. بەشێکی زۆری شیعر و چیرۆك و رۆمانی ئێمە لە دەرەوە ویستویانە جوانییەکانی شوێن لەناو خۆیاندا بپارێزن. ئەمانە بەروونی لای (پشکۆ نەجمەدین)، (خەبات عارف)، (حەمەسەعیدحەسەن)، (شێرکۆ بێکەس)، (رەفیق سابیر)، (عەبدوللا پەشێو) و (فەرهاد شاکەلی) و لە نەوەی دوای ئەوانیشدا وەکو لای (ئەحمەدی مەلا)، (ئەنوەری رەشی عەولا)، (ئیسماعیل حەمەئەمین)، (بەرزان هەستیار)، (جەمال غەمبار)، (چۆمان هەردی)، (دلاوەر قەرەداغی)، (دڵسۆز حەمە)، (ڤینۆس فایەق)، (مەهاباد قەرەداغی)، (نەزەند بەگی خانی)، (هەندرێن) و (هیوا قادر) و زۆری دیکەدا هەستپێدەکەین. لە چیرۆك و رۆمانیشدا چ لای (ئارام کاکەی فەلاح)، (بەختیار عەلی)، (رێبوار رەحیم)، (گۆران بابەعەلی)، (کازیوە ساڵح)، (سەحەری رەسایی)، (یوسف عیزەدین) و چ لای منیش ئەو هەوڵانە دراون. دەتوانین لە هونەری شێوەکارییشدا (حەمید عەبدوللا)، (دارا ئارام)، (سمکۆ ئەحمەد)، (شەماڵ عادیل سەلیم)، (رێبوار سەعید) و زۆری دیکە بە نموونە بهێنینەوە. دیارە مەبەستم لە هێنانەوەی ئەو ناوانە، تەنها ئەو شێوە کارکردنەیە لەسەر رووبەرووبوونەوەی دەستەڵاتی مێژوو، بەڵام ئەو ئاراستەیە چەند بەلای داهێنانەوەیە، ئەمەیان باسێکی دیکەیە. هەموو ئەو ناوانەش، ئەوانەن، کە لە دەرەوەی کوردستان دەژین، واتە کۆچیان کردووە، کە من پێم وایە نییە کۆچ و مەنفا یەك مانایان هەبێت.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

لەگەڵ پەرەسەندنی تەکنەلۆژیادا، خێرایی و دڵڕەقییەکانی زەمەنیش گەورەتر دەبن. هاوکات دەستەڵاتی مەنفاش فراوانتر دەکەن. هەر یەك لە (ئیمیل دۆرکهایم) و (ماکس ڤیبەر) و (کارل مارکس) و (زیگمۆند فرۆید) لە رۆژگاری خۆیاندا بە شێوازی خۆیان تەکنەلۆژیا و زەمەنیان خستە ژێر پرسیاری جدییەوە. پێوەندیی ئەو دوانەیان بە مرۆڤەوە دیاریکرد. لە کاتێکدا تەکنەلۆژیا بە پاڵپشتی زەمەن باسی چاکە و دەسکەوتەکانی خۆی دەکرد. لە کاتێکدا دەیوت بزانن چۆن ئازیزەکانتان لە سایەی منەوە دەتوانن لە شوێنە دوورەکانەوە تێلەگرافتان بۆ بنێرن، (فرۆید) دەیوت ئەگەر فرۆکە و کەشتی رۆڵەکانی ئێمەی نەگایندبا ئەو شوێنانە، ئێمە چ پێویستمان بە تێلەگراف دەبوو؟ (سەلڤادۆر دالی) لە تابلۆکانیدا بەگشتی و لە تابلۆی (پێداگرتن لەسەر یادەوەریدا The Persistence of Memory) بەتایبەتی رێك سەرنجمان دەخاتە سەر ئەوەی چۆن (کات) هەوڵدەدات شوێن بشێوێنێت و کەسەکان پەڕاگەندە بکات و بیانکاتە دەرەوە، نەك هەر ئەوە، بەڵکو (دالی) لەو تابلۆیەیدا شوێن زۆر رادیکالانە بەرانبەر کات نیشاندەدات، بەوەی، کە رێی لێدەگرێت بەئاسانی هەموو جوانییەکان بکوژێت.

داهێنەر بەردەوام (کات)ێك دەخولقێنێت، کە جیاوازە لەو (کات)ەی دەستەڵاتی ئایدۆلۆژیا و ئاین دەیسەپێنن، هەر بۆیە هەوڵی دەستەڵات هەر تەنها هێرش نییە بۆ سەر سرینەوەی خودی داهێنەر، بەڵکو هەوڵێکیشە بۆ لەناوبردن و نکوڵیکردن لەو زەمەنەش. بە مانایەکی دیکە دەستەڵات بە هەموو شێوەیەك دەیەوێت داهێنەر لەوە دووربخاتەوە، کە زەمەنی خۆی بخولقێنێت، بگرە مەبەستیەتی بیخاتە

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

ناو زەمەنی خۆیەوە. هەربۆیە داهێنەر کاتێك زەمەنی سەربەخۆ و جیاوازی خۆی دەخولّقێنێت، یان وەکو (ژان ژاك رۆسۆ) و زۆری دیکە لە شوێنە گشتییەکاندا بەردباران دەکرێت، یان وەکو (ڤۆلتێر) و زۆری دیکە دەخرێتە زیندانەوە، یان وەکو (عەبدولخالیق مەعروف) و زۆری دیکە لەسەر شەقامێکی ناو شار دەدرێتە بەرگوللە، یان وەکو (نەسر حامید ئەبو زێد) و زۆری دیکە لە وڵاتەکەی راودەنرێت.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

## هیوا قادر..



جۆرێکی دیکە لە تەنهایی ناو مەنفادا هەیە کە دەستت دەگرێت‌و دەتداتە دەستی خۆت، وات لێدێت خۆت باشتر بناسیت‌و لە خۆت باشتر نزیکببیتەوە، من بۆ خۆم لە مەنفادا نزیکتر بوومەتەوە لە خۆم.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

من بە هیچ شێوەیەك پێموانییە كە بەشێكی گەورەی سەفەر، ونبوون بێت" بە پێچەوانەوە من پێموایە بەشێكی گەورەی سەفەر، دۆزینەوەیە. دیارە من لەو ترسە مێژووییەی ناو دونیای كوردی دەگەم كە بەرامبەر سەفەر هەیەتی، مرۆڤی كورد كائینێكە هەمیشە لە سەفەر دەترسێت، هەمیشە سەفەر دەیشڵەژێنێتو ئارامییە سادەدڵییەكەی تێكدەدات، چونكە لە یادەوەریی مرۆڤی كورددا سەفەر واتە نەگەڕانەوە، یاخود دۆڕاندنی بەشێكی گەورە لە خۆیو لەدەستدانی ئەو گرۆگەرمییە كۆمەڵایەتییەی كە لە ژیانە كۆگەلییەكەی خۆیدا هەیەتی.

مێژووی مرۆڤی كورد، زیاتر مێژووی بەجێهێشتنو ماڵئاواییكردنە، هێندەی ئەوەی مێژووی بەخێرهاتنو سەقامگیربوون بێت، مێژوویەكە پڕە لە كارەساتی لەدەستدانو زنجیرەیەكی یەكبەدواییەك لە دۆڕاندن، سەفەرو كۆچو رەوكردنو تاراوگەبوونیش بەشێكی گەورە لە كۆی ئەو لەدەستدانو دۆڕاندنانە پێكدەهێنن.

لە چەقی یادەوەریی مرۆڤی كورددا، سەفەر واتە بەجێهێشتن، بەجێهێشتنیش لە زۆرینەی كاتدا، واتە لەدەستدان یاخود نەبینینەوەی ئەوەی كە هەیبووە، نەك ئەوەی سەفەرو گەڕانەوە مانایەك بووبێتن بۆ دەوڵەمەندبوونو ناسینی دونیاو هێنانەوەی شتی نوێ لەگەڵ خۆیدا، ئەمە ئەو ترسە دێرینەیە كە وای لە مرۆڤی كورد كردووە، هەمیشە لە سەفەر بترسێتو سڵی لێبكاتەوە.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

هەموو هەوڵە بەردەوامەکانی مرۆڤی کورد بۆ مانەوەی خۆی، لە ڕێگەی پارێزگاریکردنییەوە بووە لە شوێن، چونکە شوێن هەمیشە فاکتەرێك بووە بۆ مانەوەی‌و پیشاندانی شوناسی خۆی لە بەرامبەر ئەو هێزانەی کە هەڕەشەبوون لەسەری. لە خوێندنەوەی ئێستاماندا بۆ رابردوو، تێدەگەین کە چەند شوێن یاریدەدەرێکی گرنگ بووە بۆ مانەوەی کوردو نەفەوتانی وەك میللەتێك، لە کاتێکدا زۆرینەی جار لە دەرەوەی سەنتەری دەسەڵاتیشدا ژیاوە، بۆیە سەفەرو کۆچ لە زۆر حاڵەتدا پێچەوانەی ئەو خۆناسین‌و شوناسەی کورد وەستاوەتەوە کە فاکتەرێکی گرنگی مانەوەی بوون.

بەڵام لەدوای ڕاپەڕینەوە، ئەم مانا گشتی‌و ترسە گشتییە لای مرۆڤی کورد بۆ سەفەر، بەدەم دۆڕاندنی بەشێکی لەو خەونە دێرینەی کە مانای مانەوەی ئەوی بەستبووەوە بە شوێنەوە، کەمێك گۆڕانی بەسەردا دێت، هەروەها لەگەڵ سەرهەڵدانی هۆشیارییەکی سادە بەرامبەر بە سەفەر وەك پەرچەکردارێك دژ بەو مانا کۆنانە، لەگەڵ ئاسانبوونی هەلی سەفەرو دروستبوونی کوێرییەکی کۆگەلییش بەوەی کە بەجێهێشتنی نیشتیمان، واتە دەستگەیشتن بە سەرزەمینی ئازادی‌و هەموو ئەو شتە مادی‌و مەعنەوییانەی کە مرۆڤی کورد لێی بێبەری بووە. ئەمە ئەو جۆرە تێڕوانینە مێژوویی‌و گشتییانەن کە لەپشتی مانای سەفەرو ترس لە سەفەرەوە وەستاون، کە بوونەتە هۆی ئەوەی چیتر شوێن تەنها مانای مانەوە نەگەیەنێت.

دیارە پێویستە ئێمە ماناکانی سەفەرو کۆچ‌و تاراوگە (مەنفا) تێکەڵنەکەین، بۆ ئەوەی بتوانین لەسەر هەموویان قسەبکەین.

من پێموایە سەفەر واتە بینینی شوێنێکی جیاوازتر لەوەی کە تۆی لێیت، واتە بینینی کولتووری جیاوازتر لەوەی کە تۆ هەتە، قسەکردن بە زمانێك کە زمانی تۆ نییەو پێی بیرناکەیتەوە، واتە بینینی وێنەی

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

خۆت لە چاوی کەسێکی دیکەدا کە ناتناسێت، یان زۆر ئاشنات نییە. لێرەوە ئیدی سەفەر کردەی بەراوردکردن دەهێنێتە پێش، بەراوردکردنیش واتە دۆزینەوەی جوانیو ناشیرینیی لە خۆتو لەوەی بەرامبەرتدا، دواتریش دروستبوونی پرسیار لەبەردەم جوانیو ناشیرینییەکانی خۆتدا، هەروەها گەڕان بەدوای هاویاریو هاوبەشیی یەکتریدا. ئەمانە هەمووی ئەو دۆزینەوە سەرەتاییانەن کە لە سەفەردا مرۆڤ فێریان دەبێت. من هیچ کام لەمانەی کە باسیان دەکەم بە دۆڕاندن نازانم، هێندەی بە سەرەتای دۆزینەوە نوێکان دایاندەنێم، بەلام درککردنیش بەو جوانیو ناشیرینییانەو بینینیان، بەندە بە هۆشیاریی مرۆڤ خۆیەوە، بۆ ماناکانی مرۆڤبوونو هەروەها خوێندنەوەمان بۆ ماناکانی شوناسو کولتوور کە هەمیشە روو لە گۆڕانن.

ئەمانە هەمووی ئەو هۆکارە ئالۆزو وردانەن کە مرۆڤ لە سەرەتای سەفەردا رووبەڕوویان دەبێتەوە، لەگەڵ لێشاوێکی زۆر لە هەناسەی غەریبیو هەستکردن بە تەنهاییو کەسنەناسی.

تا ئێستا سەفەر لە کۆمەڵگەی ئێمەدا نەبووەتە دیاردەیەکی کۆمەلایەتیو کولتووری، نەبووەتە هۆکارێك بۆ لەزەتبردنو سەرگەرمی، لەبیریشت نەچێت کە ترس هەمیشە ئەو حەزی کونبینییە لە مرۆڤدا دەکوژێت کە هەڵگری کەشفکردنو دۆزینەوەی شتی نوێیە، بەتایبەتی بۆ سەفەرو بینینی ئەو سەرزەمینانەی دیکە کە دوورن لە مرۆڤەوەو تەمەننای بینینیانی هەیە. ئەمەش سادەترین حەقی مرۆڤە کە دەکرێت مومارەسەی جۆرێك لەو ئازادیی گەڕانو بینینانە بکات کە لە رێگەی سەفەرکردنەوە پێیاندەگات.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

بەڵام گەر بێینە سەر باسی سەفەرو مەنفا بۆ نووسەرانو ڕۆشنبیران، ئەوا دەکەوینە بەردەم کۆمەڵێك مانای جیاوازەوە کە هەر تاکەو بە جۆرێکی جیاواز پراکتیکی دەکاتو مانای لێکنەچووی دەداتێ، بەدەر لەو هاوبەشییە کەمانەی مانای مەنفاش کە زۆرینەی نووسەران رەنگە لەسەری ڕێکبکەون.

سەفەر بۆ نووسەر، یەکێکە لە هەرە گرنگترین سەرچاوەکانی ناسینی مرۆڤو بینینی جیاوازیی کولتوورەکان، کەم نووسەری دونیا هەیە کە هەمیشە لە سەفەردا نەبێت، چونکە سەفەر بەو دیوە نادیارانەی مرۆڤت دەناسێنێت کە پێش سەفەر ناتوانیت لە مانا ڕۆتینو باوەکانیدا بیانبینیت. لەبیریشمان نەچێت، سەرەتای بەریەککەوتنی کولتوورەکانیش لە سەفەرو نزیکبوونەوە لە یەکترییەوە دەستپێدەکات، کە ئێستا یەکێکە لە پرسیارە گرنگەکانی جیهانگیریو هەروەها هونەری پێکەوەژیانی ئیتنییە جیاوازەکانە لەناو ئەو وڵاتانەی کە کۆچکردووان تێیدا نیشتەجێن.

بەڵام مەنفا بۆ نووسەرانو ڕۆشنبیران جۆرێکی دیکەی بەجێهێشتنە کە لە دەرەوەی هەموو ئەو مانایانەی دیکەوە دەوەستێت کە بۆ کۆچو سەفەر هەمانبوون.

من هەمیشە دەڵێم: "گەر تۆ جارێك مەنفی بوویت، ئەوا هەمیشە مەنفیت." مەنفیبوونیش لە سەرەتاوە یان مەنفیبوونێکی ئارەزوومەندانەیە، یاخود مەنفیبوونێکە کە بەسەرتدا سەپێنراوە، کە دواتر مانەوە لە مەنفاو ئەزموونکردنی ژیان لە مەنفادا، جیاوازییەکی بەرچاوو ئەوتۆی وا لەنێوان ئەم دوو جۆرە مەنفیبوونەدا ناهێڵێتەوە، چونکە تۆ کە جارێك مەنفی بوویت، ئەوا هەمیشە مەنفیت.

کاتێك تۆ دوای ساڵانێکی زۆر مانەوەت لە مەنفا، دەگەڕێیتەوە بۆ نیشتیمان، جارێکی دیکە ڕووبەڕووی مەنفایەکی دیکە دەبیتەوە کە

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

زێدی خۆتە، من پێموایە سەرەتای مەنفیبوونی راستەقینەی نووسەر، لەو ساتی بەریەککەوتنە تاڵەوە دەستپێدەکات کە ئیدی هەستدەکات نیشتیمانیش درێژبوونەوەیەکی دیکەی مەنفایە، ئەمە ئەو موسیبەتە گەورەیەیە کە زۆرینەی نووسەرانو رۆشنبیران تێیدەکەون، ئەم حاڵەتە جۆرێکی تایبەتە لە هەستکردن بە تەنهایی کە نووسەر هەستدەکات لە هەموو شوێنێك وندەبێت، لەناو خۆیدا نەبێت، بۆیە شوێنەکان مانای جارانیان نامێنێتو دەبنە جێی ونبوونی بەردەوام، هێندەی ئەوەی ببنە شوێنی مانەوەو شوناسو خۆناسین. هەرە نموونەی بەرچاوو دیاری ئەم حاڵەتەش لە ئەدەبی کوردیدا، ماناکانی ناو هەردوو قەسیدەکەی نالیو سالمە. من پێموانییە کە نالی هەرگیز بە هیچ شێوەیەك نەیتوانیبێت جارێکی دیکە سەربکاتەوە بە سلێمانیدا، بەڵکو ئەوە هۆی تێگەیشتنی نالی خۆی بووە لە ماناکانی مەنفاو شێواندنی پیرۆزیی شوێن، وایلێکردووە بڕیاربدات جارێکی دیکە سەر بە سلێمانیو دەشتی شارەزووردا نەکاتەوە.

تێڕوانینی نالی بۆ مەنفیبوونی خۆی، بەندە بە دوورکەوتنەوەو لەدەستدانی شوێنو ئەو هەستە ناسیۆنالیستییەیەوە کە لەدوای رووخانی دەسەڵاتی بابانییەکانەوە لەلای دروستبووە، چونکە نامە شیعرییەکەی نالی بۆ سالم هەمووی لێپرسینەوەیە لە شوێن، وەك (شیوەسوور، سەرچنار، بەکرەجۆ، خاكو خۆڵ، پردی سەرشەقام، داری پیرمەسوور، کانی با، سەیوان، کانی ئاسکان، خانەقا...)، پرسە شیعرییەکانی نالی هەمووی لێپرسینەوەیە لەو رۆژە جوانانەی ژیانی ئەو سەردەمەی کە بەسەرچوونو ناگەڕێنەوە، پڕە لە پرسیارو ئاهو ناڵە بۆ رابردوویەکی بێگەردو شیعری، بەڵام ئایا مەنفیبوونە سیاسیو شیعرییەکەی سالم-یش، لێرەدا چەندە لە ئاستی مەنفیبوونە سیاسیو

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

شـيعرييەكـەی نالیدایـە، بـەبـێ ئـەوەی نیـشتیمانی وەك شـوێن بـەجێهێشتبێت؟! ئایا ناكرێت بڵێین سالمیش لـە سلێمانیدا مـەنفی بووە؟! ئەمە ئەو پرسیارە پڕ لە پێچو پەنایانەن كە لەسەر ماناكانی مەنفیبوونی نووسەر كەڵەكە بوون، ئایا ئـەمـەش مانایـەكی دیكـەی مـەنفیبـوون نییـە بـەبـێ بـەسـتنەوەی بـە كـردەی بـەجێهێـشتنی نیشتیمانەوە؟!

زۆرجار مـەنفیبـوونی نووسـەران لـە دەرەوەی بـە پیرۆزڕاگرتنیـان، وەك مـەنفیبـوونی پێغـەمبـەران وایـە، چـونكە هـیچ پێغـەمبـەرێك نییـە لەسەر ئەم زەوییە سـەروەختێك مـەنفی نـەكرابێت لـە شـوێنی خـۆی، دیارە ئەم تێڕوانینە قسە زۆر هەڵدەگرێتو نامەوێت لەم پێچو پـەنایـەدا خۆم ونبكەمو فریای وەڵامی پرسیارەكەی تۆ نەكەوم لەم لاپەڕەیەدا.

ئـەو شـێوە تێڕوانینـە بـۆ مانـای مـەنفـاو بـەسـتنەوەی بـە كـردەی بەجێهێشتنی نیـشتیمانەوە، لـە ئـەدەبـی كوردیـدا تـا شـێركۆ بێكـەس درێژدەبێتەوە، كە بەرهەمهێنەری دەقی زیندوو بووە بـۆ گوزارشـتكردن لە مەنفیبوونی خۆیو دووریی لە شوێنەوە.

دوای ئەویش، هـەنـدێك شـاعیرمان هـەن كـە شـوێن بووەتـە چـەقـی بیركردنەوە شیعرییەكانیان، بەڵام هیچ كام لەو شیعرانە درێژبوونـەوەی ئەم ئەزموونە نین، بەڵكو چەند شیعرێكی تاكوتەرای چەنـد شـاعیرێكنو وەك ئەزموون درێژەیان پێنەدراوە.

ئێمە نموونەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی–یشمان هەیە، كە لـەبـەر زەبرو هەڕەشەی قادرییەكان سلێمانی بـەجێدەهێڵێتو دواتـر لـە شـام دەمرێت، بەڵام مەنفای مەولانا خالید، مەنفایەكە كە هەر لە سـەرەتـاوە شوێن چەقی بیركردنەوە نییە تێیدا، شوێن لـە قـەناعـەتـی سۆفییانەی ئـەودا هێنـدە پـیرۆز نییـە، كـە وەك لای نـالی پیرۆزبـووە، چـونكە

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

نزیکبوونەوەی مەولانا خالید لە خودا، پەیوەندیی بە نیشتیمانەوە نییە، بەڵام لای نالی شوێن‌و بەجیهێشتنی شوێن یەکێکە لە خاڵە هەرە گرنگەکانی هەستکردن بە مەنفیبوون.

ئەم نموونەیەش بۆیە دەهێنمەوە، تا بزانیت کە ماناکانی مەنفیبوون لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی دیکە، مانای جیاوازی هەیە بەپێی جیاوازیی دونیابینییان.

دەکرێت مەنفا ببێتە هۆی دۆڕاندنی شوێن، بەڵام دوای ژیانێکی دوورودرێژ لە مەنفا، ئەوکات شوێنیش مانای دیکە وەردەگرێت‌و هەمان ئەو مانا جوان‌و بێگەردانەی نامێنێت کە تەنها هەر لەناو یادەوەریدا سەوزو جوان‌و زیندوون. دەکرێت منداڵی، لای زۆر لە شاعیران تا باقی بوونی تەمەن هەمیشە زیندووبێت‌و شوێنێك بێت بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوەی دونیا، بەڵام نیشتیمان ناتوانێت ئاوا بە زیندوویێتی بمێنێتەوە، چونکە منداڵیی لە نادیاریدایەو نیشتیمان لە دیاریدا، کە پڕە لە گۆڕان‌و هەڵچوون‌و داچوون. منداڵی کەرەستەیەکی نەگۆڕە بۆ دروستکردنەوەی دونیاو جوانی، بەڵام نیشتیمان شوێنێکە کە جوانبوونی بەندە بە گۆڕانەکانی ڕۆژگارەوە. ئەمانە ئەو پرسیارە ئاڵۆزو ئەگەرانەن کە تا ئێستا ئێمە بەهۆی باسنەکردنی ئەدەبی مەنفاوە، خۆمان لێبواردووە.

من پێموایە سەفەرو بەجێهێشتنی نیشتیمان لای مرۆڤی کورد، سەفەرێکی گلگامێشی نەبووە بۆ گەڕان بەدوای حەقیقەتدا، یان سەفەرێکی دۆنکیشۆتییانەو خەیاڵی پاڵەوانبازی، بەڵکو سەفەری مرۆڤی کوردو بەجێهێشتنی نیشتیمان، یان بە زۆرەملێ‌و زۆرلێکردن بووە، یاخود هەڵاتووە بۆ ئەوەی بتوانێت شوێنێکی دیکە بدۆزێتەوە بۆ ژیان. بۆیە زیاتر سەفەری مرۆڤی کورد لەو بڕیاری دەرکردنەی

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

ئەفلاتوون دەچێت کە شاعیرانی لە مەملەکەتەکەی خۆی دەکاتە دەرەوە.

لە ئەزموونە جیاوازەکانی نووسینی مندا، مەنفا هەم دۆڕاندنەو هەم بردنەوەش، دووری لە شوێن زۆر جاران ماندووی کردووم، شوێن بۆ من دوای ئەم پانزە ساڵەم لە مەنفا، چیتر ماناکانی هێندە ناسیۆنالیستی نین، هێندەی شوێنێکە دەوڵەمەندە بە یادەوەرییەکانم، هەمیشە لە کاتی هەستکردنم بە شکستی لەناو مەنفادا، دەچمەوە ناو ئەو یادەوەرییانەی شوێن. شوێن مانایەکی شیعرییە کە بە زەمەنی ئاسایی ناپێورێت، جێگەیەکە بۆ تێڕامانو بیرکردنەوە، واتە جۆرێکە لە تەحنیتکردن هێندەی ئەوەی جۆرێك بێت لە گەشەکردنو گەورەبوون. لەم حاڵەتە رۆمانسییەتەشدا، هەمیشە ئەو بەریەککەوتنە بەزەبرە دروستدەکات لە کاتی گەڕانەوەدا بۆ نیشتیمان کە هەستدەکەیت چیتر ناتوانیت ئەو مەنەلۆگە لەگەڵ خۆتو نیشتیماندا درێژە پێبدەیت.

من لە مەنفادا تا مەزرۆی بینینی خوێنەرەکانم، لێرە لەنێوان منو خوێنەرەکانمدا سەرابێك هەیەو پێکناگەین، ناتوانم لەسەر شەقامەکان بیانبینمو قسەیان لەگەڵدا بکەم وەك لە نیشتیمان دەمتوانی، ئەم دابڕانەش زۆر جاران تاریکم دەکاتو هێزی باوەڕبوون بە خۆمم لەلا کزدەکات.

قسەکردنیش بە زمانێکی دیکە لە مەنفا، واتە خۆبەدەستەوەدان بە کۆمەڵێك حاڵەتی کۆمەڵایەتییەوە، واتە بیرکردنەوە بەو زمانە، کە جاری وا هەیە هەم بە جەستەو هەم بە خەیاڵ دەچمە دەرەوەی ئەو زمانەوەو بیرکردنەوەکانییەوە، چونکە زمان دەبێتە مەنفا لەناو مەنفادا، ئەم حاڵەتەش خۆخستنە ژێر هەرەسێکە لە تەنهایی.

بەڵام جۆرێکی دیکە لە تەنهایی ناو مەنفا هەیە کە دەستت دەگرێتو دەتداتە دەستی خۆت، وات لێدێت خۆت باشتر بناسیتو لە

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

خۆت باشتر نزیکببیتەوە، من بۆ خۆم لە مەنفادا نزیکتر بوومەتەوە لە خۆم، واتە نزیکتری کردوومەتەوە لە مرۆڤ، سروشت، ئاژەڵ، رووەك، میوەکان، زەوی‌و هەموو کەون. راستە مەنفا لە ئازیزانمی دوورخستمەوە، بەڵام نزیکی کردمەوە لە خۆم، بۆیە زۆرینەی جار بیرکردنەوە لە نەبوونی ئەو تەنهاییەی خۆت لەگەڵ خۆتدا لەلای نووسەرانی نیشتیمان، دەمترسێنێت.

من دەڵێم داهێنان هەمیشە هەڵگری مەنفایە بۆ کەسی داهێنەر، ئەگەر ئەو شوێنە نیشتیمانیش بێت. لەبیریشت نەچێت ترس لە سەفەر، ترسە لە ژیان خۆی، چونکە ژیان بۆ خۆی سەفەرە.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

## ئازاد حەمە ..



زۆربـــوونی نووســـەری کـــورد لـــە هەندەران بێت یـان لـە کوردسـتان، ئامـــاژە نییـــە لەســـەر هاتنـــەدونیای بزووتنەوەیـــەکی رۆشـــنبیریی تـــاكو بێوێنە، بەڵکو بۆ من ئاماژەیـە لەسـەر بڵاوبوونـــــــەوەی خوێنـــــــدەواری و لەکەمدانی رێژەی نەخوێندەواری.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

من لە ڕێگەی ئەم نووسینە کورتەوە، ناکارم تیۆرێکی کۆمەڵایەتیی تایبەت بە مەنفای تاکی نووسەری کورد، یان ڕۆشنبیری کورد، بهێنمە پێشەوە، چونکە نە ئەو شیاوییە لێرە لەبەردەمدایەو نە هەلومەرجی نووسینی ئەم باسە کورتەش، ئەوەی تێدا دەبێت. بەڵام لەبری ئەوە، هەوڵی خستنەڕووی هەندێك سەرنجی پوختو سەرەکی لەسەر هەندێك لایەنی وردو پەراوێزی تایبەت بە بابەتی مەنفاو نووسەری کورد دەدەم کە پێموابێت شایانی سەرنجدان دەبێت. گومانیشی ناوێت ئەم بابەتە، واتە پەیوەندیی نێوان مەنفاو نووسەری کورد، لە نێوەندی ڕۆشنبیریی کوردی خۆی وەك ناونیشانێکی نوێ ناخاتەڕوو. چونکە ئەم بابەتە هیچ نەبێت، لەم چەند ساڵانەی دوای تا ڕادەیەك بووە بە جێی گفتوگۆ، بۆیە ناکرێت وەك تێمایەکی تازەو نەناسراو تەماشابکرێت. بەڵام گرفتو ڕووداوە تازە سیاسیو ڕۆشنبیرییەکان، دەتوانن بەرگێکی تر بە بەر ئەندێشەی ئەم بابەتەدا بکەن. واتە دۆزی سیاسیی نوێی کوردی لە ماوەی ئەم (١٧) ساڵەی "پاش ڕاپەڕین"دا کە هەلومەرجی نوێی ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتیی خستەوە، دەکرێت وەك ڕووداوێك ببینرێت کە بارو ژینگەی "تر"ی لەگەڵ خۆیدا هێنا. بۆیە لێرەوە دەشێت باس لە چەند ڕوویەکی نوێ لە پەیوەندیی نێوان ئەو دوو وشەیەی تەوەرەی بابەتی مەنفاو نووسەر پێکدەهێنن، بکرێت. بۆیە بۆ ڕوونکردنەوەی پەیوەندیی نێوان ئەم دوو وشەیە، بەپێویستی دەزانم ئەم کورتە نووسینە، کە وەڵامێکە بۆ ڕوونکردنەوەی پرسیاری ڕۆژنامەوانێك

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

لەسەر پەیوەندیی نێوان نووسەرو مەنفا، بەسەر چەند بۆچوونێك شیتەڵبکەم. سەرەتا دەمەوێت بڵێم هۆی ئەم شیتەڵکردنە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، دۆزی نووسەری کورد لە مەنفا، بەتایبەت "پاش رووداوی راپەڕین"، وردە وردە ئاڕاستەی تری وەرگرت. بۆیە بۆ لەمەولا ئەوانەی بیانەوێت قسە لە مەنفای نووسەری کورد بکەن، پێویستە ئەو قسەکردنە بە قۆناغ بکەن. ئەمەش تەنیا لەبەرئەوەی "رووداوی راپەڕین" هەلومەرجی رۆشنبیریو کۆمەڵایەتیی نوێی هێنایە پێشەوە، یەکێك لەوانەش ئەوە بوو کە چوونە مەنفا، بوو بە هیواو خەونو هاتنەدییشی، بەرنامەی بۆ دارێژرا. واتە مەنفابوون بوو بە ویستو ئارەزوو کرا. بۆیە ئەوانەی بۆ لەمەولا بیانەوێت وتن لەسەر مەنفای تاکی نووسەری کورد بهێننە پێشەوە، دەتوانن شیاوی لەبەردەم وتن لە دوو جۆر لە ئاڕاستە دروستبکەن" یەکەمیان مەنفاو نووسەری کوردە پێش راپەڕینو دووەمیشیان، مەنفاو نووسەری کوردە پاش راپەڕین.

پێش ئەوەی بێشمە سەر ئەم کورتە نووسینە، پێمباشە ئاماژە بەوە بکەم کە من بەگشتی باس لە پەیوەندیی نێوان مەنفاو نووسەر ناکەم، بەڵکو من باس لە مەنفای (تاکی– کەسی)ی نووسەری کورد دەکەم. لەوبارەیەشەوەو هەرلەم سەرەتایەوە، دەمەوێت باس لەوە بکەم مەنفای نووسەری کورد تایبەتێتیی خۆی هەیەو یەك لەو تایبەتێتییەش ئەوەیە: مەنفای تاکی نووسەری کورد، چەندبارەییە (مولتیپل)ە. لێرە وشەی چەندبارە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم تاکە لەلایەك نووسەرەو لەلایەکی تریشەوە، کوردە. راستە بەنووسەربوونەکە ستاتۆسی مەنفابوونەکە سەرلەبەر دەگۆڕێت، بەڵام بەکوردبوونەکەش مانای دیاریکراوی خۆی هەیە، چونکە ئەم

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

بەکوردبوونـــە هەمیـــشە بیمـــاریو ئێـــشێك لـــە تـــاکی کـــورددا بەرجەستەدەکات کە پاشماوە لەناو نووسەرایەتییەکە جێدەهێڵێت. بۆیە تاکی نووسەر کە کورد دەبێتو ئەم کوردەش دەکەوێتە مەنفا (هەندەران)ەوە، ئەم لایەنە هاوکێشەی پەیوەندیی نێوان نووسەرو مەنفا ناسانا دەکات. جگە لەو دوو لایەنەش، نابێت ئەوەمان لەبیربچێت، تاکی کورد وەك گشت تاکێکی ئەم جیهانە ئاڵۆزو شەکەتەیە کە لەبەردەم چەندین پرسیارو ئەرکی سەیرسەیری کۆمەڵایەتیو رەوشتیو کولتووریدایە کە ئەمە کاری بەنووسەربوونو بەمەنفابوون ئاڵۆزو گومڕا دەکات. بۆیە دەمەوێت بڵێم مەنفای نووسەری کورد، لە مەنفای نووسەرێکی لاتین ئەمەریکای یان ئەفەریقایی جیایە، هۆی ئەمە زۆرەو لای خوارەوەو بەکورتی بەسەریاندەکەمەوە.

بۆ ئەو مەبەستەش لەوێوە دەستپێدەکەم کە مەنفا تا بڵێیت تامێکی تاڵی هەیە، ئەم تامەش بەپێی هەلومەرجی مەنفابوونەکە لە دەما تا دێت زیاد دەکات. بەڵام مەنفای نووسەری کورد بەتایبەتو ئەمجار گشت تاکی کوردیش، بەگشتی هەر ئەمە نییە، ئەمە کە ئاکامەهۆ لە پشتییەوەیەتی. یەك لەو هۆیانە کە ناکرێت گاڵتەی پێبکرێت، ناکاملێی ناسنامەی سیاسیی کەسی نووسەری کوردە، چونکە نووسەری کورد لە کەسی ئاسایی کورد زیاتر لە هەندەران بەدەست پرسیاری: "خەڵکی کوێیت؟" دەتلێتەوە. ئەم پرسیارە میتافیزیکییە کە تا بڵێیت ئازارهێنەرو رۆحشەکەتکەرە مێژووییە، پێ لە برینیشی لەپشتەوەیە کە بۆ تاکی نووسەری کورد لە مەنفا دەبێت بە پرسیاری وجوودی (ئێگزیستێنتیالیست)ی لەبیرەوەنەچوو. بەدڵنیاییەوە پرسیاری لەم شێوەیەش، واتە پرسیاری وجوودی، لەو

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

پرسیارانەن برین لە خوددا دروستدەکەن‌و هەستیش ماندوو دەکەن. هیچ دوور ناڕۆین گەر بەدەنگی بەرز لە شوێنێکی گشتی لە کەسێکی کورد بپرسرێت خەڵکی کوێیت؟ لە وەڵامیشدا، ئەم کەسە بڵێت کوردستانی عێراق یان لەدەمی بترازێت‌و بڵێت عێراق، ئەوا ئەم کەسە (جا نووسەر بێت، یان نووسەر نەبێت)، یەکسەر گشت ئەو وێنانەی ڕۆژانە میدیا لەسەر عێراق پەخشیدەکات، لە رووخساریدا دەنەخشێنرێت. چونکە لە ئێستادا ناوی عێراق لە رۆژئاوا بەچەندین ئاوەڵناوی سەیرسەیرەوە لکێنراوە: (تەقینەوە یان خۆتەقاندنەوە، خەڵك رفاندن، نەیار سەربڕین، تاڵانکردنو ...هتد) کە کەسێك ناسنامەی خۆی وەك عێراقی نیشاندا، لەو ئاوەڵناوانە دەربازی نابێت.

ئەمەش نموونەیەکی بچووکە لەسەرئەوەی نووسەری کورد لە مەنفا دووچاری کێشەی نوێ دەبێت، ئەم کێشانە کە فۆڕمی جیا وەردەگرن، تێگەیشتنیش لێیان لە نووسەرێکەوە بۆ ئەوی تر وەك یەك نییە، بەڵام هەندێك کێشەش هەن زۆر یونیڤێرساڵ‌و گشتین، بۆ نموونە: ئەو پرسیارە وجوودییانەی لە مەنفا بەرۆکی نووسەر دەگرن. کەسێتیی دووچاری پەرتی دەکەن، بەڵام ئەم پەرتییە لە کەسی نووسەری کوردا (زۆرجار مەبەستم لە نووسەری کورد، رۆشنبیری کوردیشە) چەندبارەو چەندجەمسەرە، چونکە ئەو پرسیارە وجوودییانە بە جۆرێکی ترو لە فۆڕمی تردا رووبەڕووی تاکی کورد بەگشتی‌و ئەمجار نووسەری کوردیش بەتایبەت دەبنەوە. بەڵام نە گشت تاکی کورد، ئاستی هۆشیاریی وەك یەك وایەو نە ئەوەش پێیدەڵێن نووسەرانی کورد. زۆریش بەلامەوە مەبەستە خوێنەری ئەم چەند دێڕە سەرنجی ئەوە بکات، ئاستو توانای هۆشیاریی نووسەرانی کورد لە مەنفا، تاك شێوەو چوست نییە. بەڵام ئەم ناهاوشێوەیی‌و ناچوستییە، ناکرێت

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

هەڵە لێکبدرێتەوە. چونکە ئاستو تواناى هۆشیاریى نووسەرانى کورد زێدە جۆراوجۆرو ناهاوشێوە نییە. نووسەرانى کورد لە هەندەران، هەر هەموویان چەند خەسڵەتێك کۆیاندەکاتەوە، کە لاى خوارەوە بەکورتى ئاماژەیان پێدەدەم. هەر ئەو خەسڵەتانە زۆرجار لەگەڵ نووسەرانى ناوەوەش یەکیاندەخاتەوە، هەڵبەتە یەك دوو خەسڵەت نەبێت، کە ئەوەش پەیوەندیى بە ئەتمۆسفێرى کولتووری‌و سیاسیى رۆژئاواوە هەیە، بۆ نموونە: مەسەلەى راسیزم (رەگەزپەستى) کە نووسەرانى ناوەوە نایژێن:

ئەوەى تێبینیم کردووە، زۆربەى نووسەرانى کورد لە مەنفا (هەڵبەتە نووسەرانى ناوەوەش) سەرقاڵى نووسینى ئەدەبین یان سیاسی‌و رۆژنامەوانی‌و زۆرجاریش دیوارێك لەنێوان ئەمانەش نابینرێت. مەبەستم نووسەرانى کورد لە مەنفا بژین یان لە کوردستان، بەبێ کێشەو بەئاسانى دەکارن، تێکستى ئەدەبى بنووسن، جا ئەوە هۆنراوە بێت یان پەخشانەچیرۆك، رەخنەى سیاسى بێت یان نووسینى رۆژنامەنەوانى. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە: بۆ ئەم شیاوییە لە گشت نووسەرانى کورد (چ هى مەنفاو چ هى ناوەوەى کوردستان) بەدیدەکرێت؟ ئەم پرسیارە پرسیارێکى تر بەرهەمدەهێنێت کە بەمشێوەیەیە: ئایا ئەمە (واتە ئەوەى کە گشت نووسەرانى کورد تواناى نووسینى ئەدەبی‌و سیاسیى شێوە رۆژنامەوانییان هەیە،) لایەنێکى پۆزەتیڤە؟ بۆ وەڵامدانەوەى پرسیارى یەکەم، دەڵێم نەریتى رۆشنبیریى کوردى وا هەڵکەوتووە، نووسەرانى کورد پێنووسەکانیان زێدە تێکەڵنووس‌و هەمەچەشننووس بێت. ئەم لایەنە ناشێت وا لێکبدرێتەوە کە بەهرەو زانینى بەشێکى زۆر لە نووسەرانى کورد، ئێنسکلۆپیدییانە هەڵکەوتووە، بەڵکو دەشێت وا لێکبدرێتەوە کە

هەمەچەشننووسین، نەریتی رۆشنبیری کوردییەو نووسینیش بەپێی ئەم نەریتە، بریتی نییە لە بەرهەمهێنان. بەڵام تایبەت بە پرسیاری دووەم، بۆ ئەوە دەچم کە زۆر نووسینو بەردەوامنووسین، شتی راستو پۆزەتیڤ نییە. باری رۆشنبیریی کوردی، موخابن ئەم لایەنە زۆر گەشاوەو پۆزەتیڤ نیشاندەدات، ئەمەش لە سەرێکی ترەوە، بەرهەمی تێنەگەیشتنی ئەم رۆشنبیرییە لە باری خۆی. بۆ نموونە: هۆی تەنیاییو بێکاریو دوورەوڵاتی، رەنگە مانای خۆی بۆ ئەم زۆر نووسینەی تاکی نووسەری کوردی جێنیشتووی مەنفا هەبێت، بەڵام ئەم خەسڵەتە لە نووسەرانی ناوەوەش دەبینرێت. ئەی ئەمەیان چۆن؟! کەواتە هەڵەم نەکرد وتم ئەم خەسڵەتە نەریتەو رۆشنبیرو نووسەرانی کوردیش لە هەر کوێ بژین، بەئاسانی لەم نەریتە نابنەوە. نووسینی کوردییش، لە ماوەی ئەو سەد ساڵەی رابردوودا کە بۆ خۆی سەد ساڵی گەشەی وتاری ناسیۆنالیزمی کوردی بووە، خۆی وەك بەشێکی بنەڕەتی لە کاری بەرخوردانو خەباتخوازی نیشانداوە، ئەمەش بەجۆرێکی تر وایکردووە کردەی نووسین ببێتە پارچەیەك لە داکۆکیی سیاسیو کۆمەڵایەتی. هەڵبەتە ئەدەبیش (وێژە) لەم رووەوە زۆرترین بەشی بەرکەوتووەو بۆ ئێمە ئەدەب لە ماوەی ئەو سەد ساڵەی تەمەنی وتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، بووە بە گشت رۆحی پۆلی رۆشنبیرییشمان. بۆیە تا ئێستا ئەدەب لە نووسینەکانی نووسەرانی دەرەوە بێت یان ناوەوەی کوردستان، زۆرترین بواری نووسین پێکدەهێنێت. ئەم لایەنەش (واتە بەئەدەبیبوونی رۆشنبیریی کوردی) وا لە من دەکات بەم تێزە بگەم: وتاری رۆشنبیریی نوێی کوردی، جیاوازییەکی گەورەی لەگەڵ وتاری رۆشنبیریی کلاسیکی کوردیدا نییە. چونکە هەردووکیان نووسینیان لە ئەدەبدا

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

بەرجەستەکردووە. چوونەدەرەوەی نووسەرانی کوردیش، یان رووکردنیان لە رۆژئاوا، شتێکی بەرچاوی لە بونیادی رۆشنبیریی کوردی نەگۆڕیوەو دیوارێکیشی نەخستووەتە نێوان نووسینی نووسەرانی ناوەوەو دەرەوە. لەمەش گرنگتر بەمەنفابوونی نووسەر، تێگەیشتنی بۆ نووسین نەگۆڕیوەو پرۆسەی نووسینی تا هەنووکەش تەنیا لە ئەدەب بریتی کراوە. ئەوی وەك شاعیر چووەتە دەرەوە، وەك شاعیر گەڕاوەتەوە، یان هەر وەك شاعیر لە مەنفا ماوەتەوەو ئەوەش وەك رۆژنامەوانو نووسەرێکی تێکەڵنووس رووی لە هەندەران کردووە، ئێستاش هەر ئەوەیە لە هەر کوێ بێت.

خەسڵەتێکی تری نووسەرانی کورد لە مەنفا، ئەوەیە نووسەرانی کورد لە رۆژئاوا، تاكو تەرا نەبێت، نە سەرقاڵی خوێندنی ئەکادیمینو نە ئەوەندەش حەوسەڵەی کارکردنیان هەیە. نووسەرانی ناوەوەش بەهەمان درمەوە دەتلێنەوە. بەشێکی زۆری نووسەرانی ناوەوە یان کارناکەنو بە یارمەتیی ئەم حیزبو ئەو برادەرو دۆست کە لە ئەورووپاوە یارمەتییان بۆ رەوانە دەکەن، دەژین. یاخود کاردەکەن، بەڵام زۆرجار لە کەرتێکی زۆر نابەرهەمهێنەرو بێپیت کاردەکەن. بۆ نموونە: بە هەر جۆرێك بێت خۆیان یان لە چاپخایەك یان سەنتەرێکی کولتووری یان هەفتەنامەیەك قایمدەکەنو بەهۆی جۆرە کارێکی گەندەڵاویو بێپیتەوە، شتێك بەدەستدەهێنن کە تەنیا بەشی ئەو ژیانە ناساغو نا–رۆشنبیرییەیان دەکات کە هەڵیانبژاردووە. بەڵام باری ژیان لەبەرئەوەی لە رۆژئاوا جیاو سەختە، نووسەرانی کورد دەبێت کاربکەن، بەڵام کارەکانیان هەمیشە لەتەك نووسینەکانیاندا، لەگەڵ زەوقو بایەخەکانیاندا یەکناگرێتەوە، بۆیە نووسەرانی کورد لە رۆژئاوا ئەوەندە لە کارەکانیاندا (لە ئیشەکانیاندا) زاڵو بەردەوام نینو ئەمەش

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

وادەکـات بەشـێکی زۆریـان کـاتێکی زۆریـان لەبەردەسـتدا بێـت بـۆ نووسـین. ئەمـەش لـە سـەرێکی تـرەوە، وادەکـات رۆژبـەرۆژ نووسـەری کورد لە مەنفا، هەڵبەتە لە ناوەوەی کوردستانیش، زیادبکات. بۆ خـۆی ئەم لایەنە (واتە زۆربوونی نووسەری کورد)، جا لە هەنـدەران بێت یـان لـە کوردسـتان، ئامـاژە نییـە لەسـەر هاتنـەدونیای بزووتنەوەیـەکی رۆشنبیریی تاكو بێوێنە، بەڵکو بـۆ مـن ئاماژەیـە لەسـەر بڵاوبوونـەوەی خوێنـدەواریو لەکەمـدانی رێـژەی نەخوێنـدەواری. لەبەرئـەوەی ئـەو هـەموو نووسـینانەی رۆژانـە لەسـەر ماڵپـەڕی رۆژنامـەو هەفتەنامـەکان بڵاودەکرێنەوە، لەلایەك لەیەك دەچنو لەلایەکی تریشەوە، پێوانـەکانی نووسینیان تێدا بـەدیناکرێت. چـونکە نووسـین لـەم حاڵەتـەدا ئامـانجی راڤـەکردنی دیاردەیـەکی رۆشـنبیری یـان سیاسـی- کۆمەڵایـەتی نییـە، بـەڵکو وتنــە بــە هــەر جۆرێــك بێـت. گـەر ئەمــەش ببێتــە مــەرجی بوونەنووسین، ئـەوا بەشـێکی زۆر لـەوەی رۆژانـە نووسـەرانی هەنـدەران (هەڵبەتــە هــی نــاوەوەش) دەینووســن، دەشــێت بــە نــا-نووســین ناوزەدبکرێت.

یەکێکی تر لەو لایەنانەی لـەم نووسـینە کورتـەدا شـایانی تێڕامانـە، کـە پەیوەنـدیی نێـوان نووسـەری کـوردو مـەنفا لـەپاش راپەڕینیـشەوە ڕووندەکاتەوە، ئەوەیە نووسەری کوردی پێش راپەڕین بەهۆی نـەبوونی ئازادییەوە رووی لە هەنـدەران دەکـرد، ئـەمڕۆ نووسـەری کـوردی پـاش راپەڕین لەبەرئەوە روو لە هەندەران ناکات.

خۆی راستە راپەڕین ئازادیی لەگـەڵ خۆیـدا هێنـا، بـەڵام بەدەگمـەن لەوەش گەیشتووە ئەم ئازادییـە بێسەروبەرەو گەنـدەڵکراوە. هـەروەها لەبەرئــەوەی ئــازادی لــەپاش راپــەڕین، پرســیارە گەورەکــە نییــە. هاتنەدەرەوە ویستی تری لەپـشتەوە بـووەو زۆربـەی ئـەو ویـستانەش،

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

بووناوین. بۆیە ئەمڕۆ نووسەری کورد گرفتی تری هەیە کە هەندێکیان پەیوەندیی بە گرفتی دەرامەتەوە هەیە، ئەمەو لەگەڵ چەند وردە گرفتییێکی تری وە بێسەروبەرەیی ئایندەی سیاسی، نەبوونی ژینگەیەکی دروست بۆ فێربوونو خۆگەورەدەکردن، ویستی دونیادیتن، فێربوونی زمانێکی بێگانەو...هتد. ئەمەش بەو مانایە دێت کە هاتنەدەرەوەی نووسەری کوردی پاش راپەڕین، هۆکاری تر لەپشتیەوەیەتی کە دەکرێت ناوبنرێت هۆکاری کەسیو تایبەتی. بەڵام گرفتەکە لێرە ناوەستێت، چونکە بەهاتنەدەرەوەکە ئەو نووسەرانە نە ئەو کێشانەیان لەکۆڵدەبێتەوەو نە بۆ لەوەولا، بەبێ کێشە دەژین. چونکە ئەم نووسەرانە بۆ خۆیان دەکەونە ناو فۆڕمێکی تر لە کێشەی ژیانەوە کە بەشێکی زۆری ئەو کێشانە، بێگومان بووناوینو بەشەکەی تری کێشە کۆنەکەی کۆمەڵگەی کوردیی جارانن. واتە کێشەکان وردە وردە دوو جەمسەری دەبن" خۆیان لەلایەك دەکەونە ناو کێشەی نوێوە، کە کەمتر سیاسیو ئابووریی راستەوخۆنو لەلایەکی تریشەوە، ئەو کێشانەی پێشتر لە ولات تێیدا ژیاون، کە رۆژانە گۆڕانیان دێتە سەرو وەك خۆیان نامێننەوە، تێگەیشتنیشیان وەك جاران نابێت بۆیان. ئەم دوو لایەنە کە تێکڕای تەمەنی نووسەرانی کورد لە مەنفا قۆرخدەکات، جەوهەری مانەوەکەشیان دیاردەکات. بۆیە بەشێکی زۆر لەو نووسەرانەی بەرگەی ئەو کێشە نوێیانەی لە هەندەران رووبەڕوویان دەبێتەوە، ناگرن. بەرەو کوردستان دەگەڕێنەوە. خۆی گەڕانەوەی نووسەری کورد (یان بەگشتی دەستەبژێری کورد) لە مەنفاوە بۆ کوردستان، هەڵە نییە، بەڵام رەفتارێکی فریشتانەش نییە. چونکە لەپاش راپەڕینەوە، گەلێك نووسەر (رۆشنبیر)ی کورد زۆرترین خەیاڵیان بەوەدا بگەنە ولاتێکی رۆژئاوایی، بەڵام پاش ئەوەی هەندێك لەوانە گەیشتن، یارمەتی دران بگەیەنرێنە ولاتێکی رۆژئاوایی، وردە

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

وردە مەیلی پەڕانەوەیان لەلا دروستبوو. بەڵام نە ئەمە کێشەکەیە (واتە پەڕینەوە)و نە ئەوانەشی پەڕینەوە، وێنەیەکی راستەقینەیان لەسەر دۆزی هەندەرانییەکانو ژیان لە هەندەرانو توانای خۆیان دروستکرد. چونکە ئەو وێنانەی ئەم نووسەرانە پێشتر لەسەر رۆژئاوا دروستیانکردبوو، پاش گەڕانەوەیان هەڵیانوەشاندەوە، بەڵام لەبری ئەوانە وێنەی دروستیان لەسەر ژیانی رۆژئاوا دروستنەکردو ئەوانەش کە جارێ نەگەڕاونەتەوە، بەوە لە قەڵەمدا لە خۆشیی ئەورووپا دەژین یان لە ئەورووپا گەنیونو فەوتاون.

هەروەك لەلای سەرەوەش وتم، لە گەڕانەوە بۆ زێدی خۆ نازدارترو هێژاتر نییە، بەڵام ئەو نووسەرە کوردانەی پاش راپەڕین، هاتنە دەرەوەو زۆریشی نەخایاند، پەڕینەوە، ئەوانە نە فریای ئەوە کەوتن لە رۆژئاوا بگەنو نە ئەو شوێنەی جێیانهێشتبوو، گۆڕانی بنەمایی بەسەردا هاتبوو. کەواتە دەکرێت بپرسین: باشە ئەم گەڕانەوەیە بۆ؟! بۆ خۆی وەڵامی ئەمە بەو کێشانەوە پەیوەندیدارە کە نووسەری کورد لە دەرەوەی زێدی خۆی (با بڵێین لە رۆژئاوا) دووچاری دەبێتەوە، کە دواتر لای خوارەوە بەکورتی دێمەوە سەری. بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارە بیردەخەمەوە کە بەم جۆرەیە: پاش ئەو گەڕانەوەیە نووسەر (رۆشنبیر)ی کورد لە کوردستان، لە کوێ خۆی دەبینێتەوە؟ بەدڵنیاییەوە ئەو شوێنانەی خۆی تێدا دەدۆزێتەوە، دیاریکراون. یان ئەوەتا بە کاسبییەکەوە خەریك دەبێت. ئەمە رێژەکەی تا بڵێیت کەمە، چونکە نووسەری کورد ئەوەندە حەوسەڵەی کەسابەتی نییەو زیاتر حەزی بەوەیە لە رۆژنامە، هەفتەنامە، گۆڤارێك، مەڵبەندێکی رۆشنبیری، سەنتەرێکی لاوان یان منداڵان یاخود ئافرەتان خۆی ببینێتەوە. یان دەگەڕێتەوە ناو رێکخستنەکەی جارانو لە مەڵبەندێك،

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

لــە لقێــك، لــە ســەندیکایەك خــۆی دەبینێتــەوە. ئەمــە هــەموو تەکنەلۆژیاکەی نووسەری کوردە کە پاش گەڕانەوەی دەیەوێت نیشانی بدات. دەلیلیشم لەسەر ئەوە، ئەوەیە کە زۆربەی ئەو نووسەرانە (یان رۆشنبیرو سیاسییانەی) لەم سالانەدا گەڕانەوە، خۆیان لە مەڵبەندی رۆشنبیری، راگەیاندن، واتە دەزگایەکی گەورەو سیاسیدا بینییەوە. زۆربەی هەرە زۆری ئەو کارانەش دەستگیری دەکەن، نە پەیوەندیی بە ئاستی خوێندنیانەوە هەیە، نە ئەو ئەزموونەی لە رۆژئاواوە لەگەڵ خۆیاندا هێناویانە. چونکە ئەوەی ئەوان لەو ماوەیەدا لە رۆژئاوا کردوویانە، پەیوەندیی بە کارە نوێکانیانەوە نییە کە ئێستا دەستیانکەوتووە. چونکە زۆربەی نووسەرو رۆشنبیرانی کورد (بە سیاسییەکانیشەوە) لەو ماوەیەی لە مەنفا بوون، نە فریای خوێندنێك کەوتوون‌و نە توانیویشیانە لە نزیکەوە رۆژئاوا بناسن. رۆژئاواناسین واتە ئەوەی مرۆڤ هاوڕێ‌و دۆستی جیاجیای رۆژئاوایی هەبێت‌و ئەمەش نابێت تا ئەم مرۆڤە زمانێکی باش نەزانێت‌و خوێندنێك مسۆگەر نەکات. چونکە تەنیا ئەو زمان‌و خوێندنە، ستاتۆس بە پەیوەندییەکان دەدات. پەیوەندییش لەگەڵ خەڵکی رۆژئاوایی، ناشێت هەر بەوە دروستبکرێت کە تۆ کوردی‌و لەدەست زوڵمی سەدام هەڵاتوویت، تۆ ئەنفالکراوی‌و بەگشت جۆرێك قەلاچۆ کراویت. رەنگە پەیوەندی لەگەڵ غەیرە کورد لە رۆژئاوا، سەرەتا ئاوا دەستپێبکات، بەڵام ئەم فاکتانە بەس نین بۆ دامەزراندنی یەکترناسینی قووڵ‌و بەپیت. چونکە ئەگەر پەیوەندیی نووسەرێکی کورد لەگەڵ رۆژئاواییەك، تەنیا لەسەر ئەم فاکتانە دروست ببێت، ئەوا ئەم پەیوەندییە شتی هزریی بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو تەنیا پەیوەندییە کی سۆزاوی (عاتیفی)و بەزەییهاتنەوەی لێ دروستدەبێت. ئەو پەیوەندییانەش کە رووی مرۆیی وەردەگرن، تا بڵێیت لە رۆژئاوا

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

زۆرن‌و زۆر ڕێکەوت دەکرێن. بێگومان ئەم رووە، ڕێگە بەوە نادات پەیوەندییەکە ئاڕاستەی تایبەتی لێبکەوێتەوە. واتە مرۆڤی نووسەر لە ڕێگەی ئەم جۆرە پەیوەندییانەوە ناتوانێت لەگەڵ کچێکی ڕۆژئاوایی خۆشەویستی بکات، یان کارێک بەدەستبهێنێت یان نووسینێك بڵاوبکاتەوەو پوبلێکی بۆ ئەم نووسینە پەیدابکات. بۆیە لە کۆتاییدا نووسەری کورد لە مەنفا، گەر زمان بەباشی نەزانێت‌و کارەکەی ستاتۆسێکی کۆمەڵایەتی نەبێت، خۆی لە پەراوێزدا دەبینێتەوەو ئەمەش وادەکات ڕۆژانە سەرقاڵی ئەو کارە بێت کە لە مەنفا دەستیکەوتووە، جا ئەوە هەر چییەك بێت، وەکی تر کاتەکانی تری لەبەردەم ئینتەرنێت‌و کەناڵە کوردی‌و عەرەبییەکان بەسەردەبات‌و کەمترین شت لە کوردستان ڕوودەدات، ئەم لێرەوە زۆرترین شتی لەبارەوە دەنووسێت. با لەم ڕوەشەوە بپرسین: بۆ؟! هۆی ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو ڕۆشنبیرییەی ئەم نووسەرە کوردەی مەنفا هەیەتی (هەڵبەتە ئەو توانایەش کە لە زمان هەیەتی) تەنیا بۆ دەموەردان لەو باسانە دەگونجێت کە لە زێدی خۆیدا ڕوودەدەن، جا ئەوە یەکگرتنەوەی دوو ئیدارە سیاسییەکە بێت، یان ڕەشەکوژیی ئافرەت، یاخو مادە (١٤٠) یان هەر باسێکی کولتووری‌و سیاسیی تری ڕۆژانە. دواتر دۆزی ژیانی ئەم کەسە لەناو ماڵ‌و خێزانی، دیسانەوە هەر ئەوەندەی لێ بەرهەمدێتێ کە ئەم ڕۆژانە بەو جۆرە تێگەیشتنی خۆی بەیانبکات. چونکە لە هەزاردا یەك لە نووسەر (ڕۆشنبیر)ی کورد لە مەنفا، لەگەڵ ئافرەتێك، خانمێك، ڕووناکبیرێك، بێگانەیەك ناژی. هەروەها لە هەزاردا یەك لە نووسەری کورد لە مەنفا، دۆزێکی وای بۆ هەڵنەکەوتووە لە هەفتەیەکدا دووجار هاوڕێیەکی ڕۆژئاوایی خۆی ببینێت. یان هەر نەشبووە بە نەریت، نووسەری کورد (تاك‌و تەرا

نەبێت،) رۆژئاواییەك بە قووڵی هاوڕێی بێت. ئەو رۆژئاوایەی من لێرە مەبەستمە، ئەو رۆژئاوایەیە کە کەسێتیی ستاتۆسێکی کۆمەڵایەتیی هەیە (جا ئەوە هونەرمەندێك بێت یان رۆژنامەوان،) نەك ئەو رۆژئاوایەی کەسێکی کورد دوکانێکی لەگەڵ دەبات بەڕێوە یان لە یەك کۆمپانیای تاکسی پێکەوە کاردەکەن. ئەمانەو گەلێك شتی تریش، وادەکەن مرۆڤ (کەسی نووسەری کوردم مەبەستە) لە ماڵەکەی خۆیدا سەرقاڵی ژیانی کوردەواری خۆی بێت. بۆیە نووسەری کوردی مەنفا کەمترین شت لە کوردستان روویدا (هەڕەشەی هێرشی تورك بۆ سەر کوردستان، هەڕەشەی هەیئەی عولەمای سوننە، ئەنفالچییەکان یان کوشتنی ئافرەت)، ئەم لێرەوە زۆرترین شتی لەبارەوە دەنووسێت. ئەمەش زۆرجار وادەکات ئەو کەسە لەبەرئەوەی بەزەبری زۆر نووسین‌و بەردەوام بڵاوکردنەوەوە، ناوی دروستکردووە، کاتێك بۆ یەکجارەکی دەگەڕێتەوە کوردستان، یان دەیکەن بە سەرنووسەری هەفتەنامەیەك یان بەرپرسی سەنتەرێك یان ..هتد. ئەمەش لەبەرئەوەی گوایە ئەم شارەزای کولتووری رۆژئاوایە، بیرفراوانە، زمانزان‌و کۆمەڵگەی مەدەنیناسە.

بەڵام ئایا وایە؟ ئایا راستە هەر کەسێك لە رۆژئاوا چەند ساڵێك ژیا، ئەوا زمانێك بەباشی فێربووەو لە کولتووری وڵاتانی رۆژئاواش بەچاکی بەئاگایە؟ بەڕاستی ئەم دیتنە، ئەوەندە رەها نییەو ئەوەی لە هەندران ژیا، زمانزان‌و رۆژئاواناس نییەو رووداوەکانی ئەم چەند ساڵەی دواییش، ئەوەی سەلماند کە ئەوە هێپۆتێزێکی (گریمانێکی) تا بڵێیت هەڵەو نادروستە. ئەمەی من لێرە دەیڵێم، گاڵتەکردن نییە بە نووسەری کورد، بەڵکو قسەکردنە لەبارەی ئەو داماوییەی نووسەری کوردەوە کە لە مەنفا دەیژێت‌و خوێنەری کورد لێی بەئاگا نییە. چونکە بەشێکی

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

زۆر لە نووسەرانی کورد لە مەنفا، بە کوردی دەنووسن، بەکوردیو ئەو زمانانە دەخوێننەوە کە پێش هاتنە مەنفا، فێری بوون. هەروەها نووسەرانی کورد لە مەنفا، هەر کارێکی کولتوورییش ئەنجامبدەن، هەر لەناو یەکداو پێکەوە دەیکەن، تاکو تەرا نەبێت یەك دوو بێگانە دەناسێت، وەکی تر زۆربەی هەرە زۆری نووسەرانی کورد، ساڵانێکە لە مەنفا لە کۆڕو کۆبوونەوەو تەعزیەو موناسەباتە سیاسیو نەتەوەییەکاندا دەردەکەونو چالاکی دەکەن. من لێرەوە دەمەوێت بەو دیتنە بگەم کە تا ئێستا ژیانێکی رۆشنبیریی تایبەتو جودا لەناو نووسەرانی کورد لە مەنفا، چەکەرەی نەکردووە، ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە" بەشێکی پەیوەندیی بەو نەریتە رۆشنبیرییەوە هەیە کە پەروەردەی رۆشنبیریی کوردی دەژێنێت. من لای خوارەوە نەختێك روونتر دەدوێم تا مەبەستەکەم بپێکم:

**یەکەم:** لای سەرەوە ئاماژەم بەوە کرد مەنفا رێگرە لەبەردەم یەکانگیریو یەکبوون، چونکە تامی تاڵیی ژیان لە مەنفا، کارێکی وادەکات کەسێتیی تاکی نووسەر پەرتو شەکەت ببێت. تاکی نووسەر لە مەنفا، نەك تەنیا لە ئەوی تر دووردەکەوێتەوە، بەڵکو رۆژئاوا کە رۆحی مەنفابوونەکەی تاکی نووسەرە، ئەم تاکە دەخاتە ناو ژینگەیەکی ئەوتۆوە، لەتەك خودی خۆیدا دەیخاتە ناو دووبەرەکایەتییەوەو کەسێتییشی لە ناوەڕاستەوە دەکات بە دوولەتەوە. لەتێکی رۆژئاواییانە بیردەکاتەوەو ئەوی تر رۆژهەڵاتییانە. جەنگی ئەم دووانەش، لەگەڵ زۆربوونی کێشەکانی کوردستانو ئاڵۆزیی باری دەروونیو ئەندێشەی ئەم تاکە، زیادو نالەبار دەبێت.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

**دووەم:** تاکی بێگانە (نووسەر بێت یان مرۆڤێکی ئاسایی،) هەمیشە لەژێر کاریگەریی ئەو گۆڕانە کولتوورییانەدا دەبێت کە شارستانیی رۆژئاوا دێتە سەری. بۆ نموونە: پەناهەندەیەك یان رۆشنبیرێکی کورد کە لەپاش هەرەسی (١٩٧٥)ەوە هاتووەتە ئەمەریکا یان نەمساو ئەڵمانیا، هەمان ئەو تاکەی جاران نییە. هەر ئەو ولاّتەش ئەو بۆ (٣٠) ساڵە لێی دەژی، هەمان ئەو ولاّتە نییە پێشتر رووی تێکردووە. بچکۆلەترین نموونەش لەسەر ئەوە، ئەو گەشەیەی تەکنیکە کە لەم بیست ساڵەی دواییدا، گۆڕانێکی ئەوەندە گەورەی کولتووریی‌و دەروونی‌و کۆمەلاّیەتیی دروستکردووە، نەك هەر نەیهێشتووە ئەو پەناهەندە یان رۆشنبیرە کوردە وەك جاران بمێنێتەوە، بەڵکو پێش هەموو شتێك خودی تاکی ئەو کۆمەڵگەیەش ئەم لێی دەژی، لەبنڕا گۆڕیوە. ئەمە وادەکات تاك لە شوێنی خۆی نەمێنێتەوەو ستاتۆسی تاکێتیی بکەوێتەوە گەرووی گۆڕانەوە، گۆڕانی هەمیشە بەردەوام.

**سێیەم:** تاکی بێگانە (نووسەر بێت یان نووسەر نەبێت،) هەمیشە لەژێر کاریگەریی دیاردەی راسیزم (رەگەزپەستی)دا دەبێت. ئەم دیاردەیە کە لەگەڵ گۆڕانی کولتووری رۆژئاواو لەژێر زەبری تەکنیکی نوێدا، وەك خۆی نەماوەتەوە، فۆڕمی عەجیب عەجیبیشی وەرگرتووە. ئەو فۆڕمانە کە ماندووکەرو زۆر دەروونین، مرۆڤ تا بڵێیت ناڕەحەت‌و بێئۆقرە دەکەن. چونکە راسیزمی سەردەمی جیهانیگیری‌و موڵتی کولتوورالیزم، لە راسیزمی سەردەمی کۆلۆنیالیزم

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

ترسناکترە. ئەوەش تەنیا لەبەرئـەوەی راسـیزمی سـەردەمی نـویێ، تـا بلێیـت نـاوەڕۆکێکی کولتـووریو سـایکلۆژییانەی هەیە. راسـیزمیش کـە ئەمـە ناوەڕۆکەکـەی بێـت، کەمکـەس بەرگەی دەگرێت یان لە کاریگەرییە دووانەییـەکانی دەربـازی دەبێت.

**چوارەم:** سیستمی ئابووریی رۆژئاوا بـە جۆرێـك نەشـونما دەکـات، مـرۆڤ دەکـات بـە بەشـێك لـە بـازاڕو گـشت ئـەوی بـازاڕیش پێـی مرۆییو رەوشتییە، دەبێت ئەم مرۆڤە پەسـەندیبکات. بـەڵام لەبەرئـەوەی ئـەم سیـستمە زانـستو لـۆژیکێکی رۆژئـاوایی لەگشتەوەیە، بە زەحمەت بە نووسەری کورد شـتەکانی ئـەم بازاڕە بێبەها دەکرێن. ئەمەش وادەکات نووسـەری کـورد لـە مـەنفا، تـەنیا بـە کێشەکانی کۆمەڵگـەی خۆیـەوە سـەرقاڵ ببێـت (کێـشەی کـەرکوك گەیـشتە کـویێ؟ بـۆ وەزارەتـەکان یەکناگرنـــەوە؟ بـــۆ..؟و بـــۆ...)و لـــەو بوارانەشـــدا خـــۆی ببینێتەوە کە لە نەریتی رۆشنبیریی کوردییەوە نزیکن.

**پێنجـــەم:** نووســـەرانی کـــورد لەبەرئـــەوەی بـــە زمـــانێکی ناجیهـــانی دەنووســـــنو نووسینەکانیـــشیان کێـــشە ناوخۆییـــە سیاسـییەکانیان گفتوگۆ دەکـات، ئـەم نووسـینانە تێکـستی جیهانییـــان لـــیێ دروســـت نابێـــت. بـــەڵام ئـــەوەی تێکـــستە ئـــەدەبیو رۆشـــنبیرییەکانی نووســـەرانی کـــورد نـــاتوانن پێـــشبڕکێی تێکـــستە رۆژئاواییـــەکان بکـــەن، ئەمـــە تـــەنیا پەیوەنـدیی بـەوەوە نییـە ئـەو تێکستانە بـە زمـانی لۆکـاڵی دەنووسرێن یان بە زمانێکی تر، بەڵکو گرفتـە جەوهەرییەکـە ئەوەیـە ئـــەو تێکـــستە کوردییـــە ئەدەبییانـــە، لـــە چـــێژو

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

ئەزموونی نووسینی رۆژئاواوە تا ئەوپەڕی دوورن‌و شێوازی نووسین‌و هزراندنی ئەدەبی‌و رووناکبیریی رۆژئاوایی، دەمێکە ئەو قۆناغەی تێپەڕاندووە. دواتر ئاوڕدانەوەی روناکبیرانی رۆژئاوا لە تێکستە رۆشنبیری یان ئەدەبییەکانی ئەزموونە رۆشنبیرییە غەیرە رۆژئاواییەکان، گەر لەسەر بنەمای بەزەیی‌و سۆز بن، ئەم لایەنە کەم بڕەکات، بەڵام گەر لەسەر بنەمای ئەوە بێت کە ئەو تێکستە چ ئەزموونێکی تازەی هزری‌و رۆشنبیریی خستووەتەوەو چەند تەکنیکێکی تازەی لە داڕشتن هێناوەتە کایەوە، رەنگە ئەمەیان زۆرتر ماندارتر بێت بۆ جیاکردنەوەی تێکستەکان لەیەکتری. بۆیە لە ئێستادا ئەوە بەدیناکەم کە چاپخانەکانی رۆژئاوا، پێشبڕکێ لەسەر وەرگێڕان‌و بڵاوکردنەوەی نووسینی نووسەرانی کورد (دانیشتووی مەنفا بێت یان کوردستان) بکەن.

بەڵام گرنگترین خاڵێك لە رێگەی ئەم نووسینە کورتەوە دەمەوێت پێیبگەم، ئەمانەن:

**یەکەم**: رووکردن لە مەنفا کە بۆ خۆی رووکردنە لە رۆژئاوا، دادی بەشێکی زۆر لە رۆشنبیرانی کورد نادەن‌و لەم روەشەوە بەڵگە زۆرن، کە بەرچاوترینیان ئەوەیە بەرهەمی نووسەرانی هەندەران‌و نووسەرانی ناوەوە، زۆر لە یەکتری جیاواز نین. واتە گۆڕانێك کە شایانی وتن بێت، لە رێگەی ئەو مەنفاژیانەوە لە نووسینی ئەو نووسەرانەی روویان لە مەنفا کردووە، دروستنەبووە.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

**دووەم:** گـۆڕانی بنــەمایی‌و ئــەنتۆلۆژی (کــەینوونی) لــە ڕۆشــنبیریی نوسەرانی کورددا کە روویـان لـە مـەنفا کـردووە، ڕوویـنـەداوەو لەم ڕووەشەوە بەڵگـە زۆرن. بـۆ نموونـە: ئـەوەی جنێـوفرۆش‌و بێبارو دۆگماو هزرداخراو بووە، ئێستاش هەروەك خۆی وایە.

**سێیەم:** ئەگەرچی کاری وەرگێڕان لە زمانی کوردییەوە بـۆ سـەر زمانـە گەورەکان بێئەندازە کەمە، بەڵام زۆربوونیشی هیچ لـە ئەسـڵی کێـشەکە ناگۆڕێـت، چـونکە مەسـەلەکە زمـان نییــە، بــەڵکو خودی ئەو ناوەڕۆك‌و تەکنیکەیـە تێکستەکانی لەسـەر بونیـاد نراوە کە توانای پێشبڕکێیان نییە.

**چــوارەم:** بەهەڵەبــەکاربردنی واتــای نووســین، لــە مــەنفاش لــەکۆڵی نووسەری کورد نابێتەوە. یان نووسـینی کـوردی لـە مـەنفا لـە ئێستادا ناسنامەیەکی ئەوتۆی ڕۆشنبیری نییە کـە هیوابـەخش بێـت. تێکستی کـوردی لـە مـەنفا کـە تـەنیا وەك تێکستێکی ئــەدەبی خــۆی نیــشاندەدات، بەئەدەبوونەکــەش نــەیتوانیوە بیباتە پێشەوە، چونکە تا ئێستا بێگانەکان کە لە ڕۆشـنبیریی کــوردی (بەئەدەبەکەشــییەوە) دەدوێــن، بەچــاوی ســۆزو بەزەییەوە لێی دەڕوانن. ئەمە بـە بـاوەڕی مـن هەنگاوێکـە بـۆ کوشــتنی نووســینی کــوردیی نــوێ. بــەڵام ئــەم لایەنــە ڕۆژئاواییـەکان لێـی بـەرپرس نـین، بـەڵکو خـودی نووسـەرانی کورد لێی بەرپرسن. چونکە نووسەرانی کورد تـا ئێـستاش بـە نەفەسێك لـە کڕوزانـەوەو هەیوەشـێرەوە دەنووسن‌و ئەمـەش نــەیتوانیوە نــاوێکی نێودەوڵــەتیی ڕۆشــنبیری بــۆ نوســینی کوردیی تازە دروستبکات. چونکە ئەم ناوە تـەنیاو تـەنیا ئـەو کاتە دروستدەبێت کـە نووسـینی کـوردی ئـەزموون بخاتـەوە، نەك خۆی بلێسێتەوە یان کاوێژبکات.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

بۆیە لەبەر ئەو هۆو بەڵگانە، لە ئێستادا هیوایەکی گەورە بە نووسینی نووسەرانی هەندەران یان رۆشنبیرانی هەندەران ناشێت بکرێت. هەڵبەتە تاكو تەرا لێرەو لەوێ نووسەر یان رۆشنبیری بەباكو پڕ لە ویست هەن کە پرۆژەی گەورە گەورەیان لەبنهەنگڵدایە، بەڵام پەرتیی سیاسیو کۆمەڵایەتی، ئەم لایەنە لاوازو ناکاریگەر دەکات. ئەمەو سەختیی ژیان لە هەندەرانو دۆزی گەندەڵاویی ئێستای سیاسیو ئابووریو هزریی کوردییش لە کوردستان، هۆیەکی ترە کە وادەکات ئەو چەند کەسەی تایبەتو جیان، ناکاریگەر بن.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

# ئارام کاکەی فەلاح..



سەفەرو نووسین زۆر لە یەکەوە نزیکن، لە هەناوی هەردووکیاندا دوودڵییەکی زۆر هەیە، حەزێکی زۆر، خەونێکی زۆر، شەڕێکی زۆر، غەم و شادی، گێڕانەوەو حیکایەت هەیە. لە هەردووکیاندا هەستی تەواو دەکەیت بە تەنیایی.. بە ماندوویێتی.. بە گەڕانێکی بەردەوام.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

گەر ونبوون بەشێکی گەورەی هەموو سەفەرێك بێت، ئەوا بۆ هەندێك نووسەران دۆزینەوە بەشێکی گەورەتری هەموو سەفەرێکیشە. سەفەر یەکێکە لە جوانترین ویستەکانی مرۆڤ، گرنگە مرۆڤ بزانێت لەودیو سنوورەکانی خۆیەوە، لەودیو شارو وڵاتەکەی خۆیەوە کێی لێیەو چیی لێیەو چ باسە؟ بەڵام دەبێت رۆحی خۆت بە هەندێك شت پڕچەك بکەیت، دەنا بە پەشیمانی دەگەڕێیتەوە. من لێرەدا دەمەوێت کەمێك باسی سەفەر بکەم، بەڵام هیوادارم ئەم نووسینەم بەوە نەدرێتە قەڵەم کە هانی گەنجەکان بدەم بۆ سەفەر، نا... من واناکەم، من تەنها وەك نووسەرێك باسی ئەزموونی خۆم دەکەم، سەفەر چیی بە من بەخشییو چی لێسەندمەوە؟ دوای بیست ساڵ غوربەتیو ژیانی تاراوگە، ئیدی سنووری ئەم بەخشینو لێسەندنەوەیە هێندە بە چڕی بەناو یەکدا دەچن، کە پرسیارێکی وا لە ئاستیاندا هێزێکی زۆرتری دەوێت تا ئەو دوو دونیا ئاڵۆزە لە یەکتری جیابکاتەوە.

بۆ تێگەیشتن لە سەفەرو ئەنجامەکانی، دەبێت ئێمە بزانین کێ سەفەردەکات؟ چونکە سەفەرو ژیانی مەنفا، لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت، بۆ نووسەران لەگەڵ ئەوانەی کە نووسەر نین، جیاوازە، لەنێوان نووسەران خۆشیاندا دیسانەوە جیاوازە، چونکە سەفەر کردەیەکی (تاك)ە، بۆ ئەو نووسەرانەی کە ناتوانن لەو وڵاتەی کە سەفەری بۆ دەکەن، بە باشی فێری زمانەکەیان بن، زۆر زەحمەت دەبێتو مەنفا لای ئەوان هەر تەواو دەبێتە ئەو دۆزەخەی کە رۆژ دوای

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

ڕۆژ ئاگرەکـــەی بەجۆشـــتر دەبێـــتو بـــەتینتر دەتـــسووتێنێت. بـــۆ نووسەرانێکیش کە رایان وابێت کە شارو وڵاتەکەیان بەهەشتێکی تاکەو لە هیچ شـوێنێکی ئـەم دونیایـەدا دووبـارەی نییـە، کـە هەسـت دەکـەن جوانترین شاریان هەیە، سـەوزترین وڵاتو پـاکترین هـەوا بـۆ هەڵمـژینو سازگارترین ئاوو بەتامترین خواردن، ئەم شـتانەش تـەنها لـە وڵاتەکـەی خۆیاندا دەستدەکەوێت، ئـەوا ئـەم جـۆرە بیرکردنەوەیـە، زەحمەتـە لـە هــیچ شــوێنێکی دیکــە بــژیو بنووســێت، گــەر واشــی کــرد، ئــەوا تێکستەکانی پڕدەبن لە فرمێسكو شیوەن، ئەو کەسـانە جـوانیی دیکـە کەمتر دەبینن. مرۆڤ دەتوانێت وڵاتەکـەی خـۆی بـە ناشـرینییەکانییەوە خۆشبوێتو هەوڵبدات بـۆ گـۆڕینی، نـەك وا هەسـتبکات ناشـیرینی تێدا نییــەو هــەموو شــتێکی جوانــە، ئــەم دیــدە ناتوانێــت ســەفەر بکــات، ســەفەریش بکـات زوو دەگەڕێتــەوە، نەشــتوانێت زوو بگەڕێتــەوە، ئــەوا هــەموو شــەوێك بــەو نیــازەوە ســەردەکاتە ســەر ســەرین کــە بــەیانی دەگەڕێتـەوە. ئـەم دیـدە ناسـیۆنالیزمە لـە مێـژووی ئێمـەدا لای حـاجی قـادری کـۆییو پیرەمێـردو شـێرکۆ بێکـەس—دا بـە تـەواوی بەرجەسـتە دەبێت.

ئـەم سـێ شـاعیرە گەورەیەیـەی ئێمـە مـەنفایان لێدەبێتـە دۆزەخو لـەوێوە گـۆرانیی خۆیـان دەڵـێنو فرمێـسك هەڵدەڕێـژن. لەمبارەیـەوە بێگومــان ونبــوون بەشــێکی هــەرە گــەورەی ســەفەرەو هــیچ شــتێك پڕیناکاتەوە.

بۆ کەسانێکی دیکە کە بتوانن لەو وڵاتانەدا کە سەفەری بۆ دەکـەن، فێری زمانێکی باش بنو خۆیان بگونجێننو بناسرێنو ئیـشبکەنو بێنـە سەر تەلەفزیۆنو رادیۆکـانو کتێبـەکانیان وەربگێڕێتـە سـەر زمانەکـەی ئــەو وڵاتــەو تێــڕوانینی خۆیــان بگــۆڕنو دەوڵەمەنــدی بکــەن، جــوانیی

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

ولاتـانی دیکـەو شـارانی دیکـە ببیـنن‌و سـوود لـەو زەخـیرە گەورەیـەی فیکـرو ئـەدەبی ئـەوان وەربگـرن، بێگومـان لـەمبارەدا خۆدۆزینـەوە، دەبێتـە بەشـێکی گـەورەی سـەفەر. ئـەو نووسـەرانە شـارو ولاتەکـەی خۆیان خۆشدەوێت، بەلام لە هەمانکاتـدا جـوانی‌و سـەوزایی‌و سـازگاری ولاتانی دیکە ببینن، بڕوایان پێدەبێت، تا بتوانن ئەزموونی خۆیانی پـێ دەوڵەمەند بکەن بۆ نووسین‌و ئەفراندن.

ئێستا ئیدی دونیا وەك جـاران نییـە، سـەفەری ئێمـە وەك سـەفەری حاجی قادرو نـالی‌و پیرەمێـرد نییـە. کـە ئەمانـە سـەفەریان کـرد، هـەر بەتەواوی لە دونیای کورد پچڕان‌و وەك نالی تـەنها شـنەبای پۆستەچـی دەتوانێـت نامەکـەی بهێنێتـەوە بـۆ سـلێمانی. ئێـستا ئیـدی ئێمـە پێویستمان بە سروەی شەماڵ نییە نامەو دەقەکانمان بگەڕێنێتـەوە بـۆ ولات، ئینتـەرنێت باشـترین‌و خێراتـرین پۆستەچـی سـەر ئـەم ئەستێرەیەیە، ئەمەش یەکێکە لەو هۆیانەی کـە نایـەڵێت ونبـوون ببێتـە بەشێکی گەورەی سەفەر.

ساڵانی یەکەم‌و دووەم‌و سێیەم، زەحمـەتترین سـاڵانی مەنفایـە کـە تێیدا نووسەران هەست دەکەن دەسـتیان بەسـتراوەتەوەو نـاتوانن وەك جاران بنووسن، بۆ ئەمەش کاتێك کەمێك فێری زمـانی ئـەو ولاتـە دەبـن کـە لێـی دەژیـن، یەکسەر دەست بـە کـاری وەرگێـڕان دەکـەن، بـەبێ ئەوەی زمانێکی تۆکمەو باش بزانن. دەسـتکردنیش بـە وەرگێـڕان، دژە کردارێکـە کـە نووسـەران پێیهەڵدەسـتن بـۆ سـەلماندنی ئـەوەی کـە ون نـەبوون. کـە نـەخنکاون (مـن کـاری وەرگێـڕان دەکـەم، کەواتـە هـەم)، کـاری وەرگێڕانێکـی کرچـوکاڵ، یـان دەرکردنـی گۆڤـارێکی خـراپ دەرگایەکی وەهمییەو نووسەری ئێمە دەیەوێت بەو هۆیـەوە بێتـەوە بـۆ ناو دونیای نووسینی کوردی، دونیایەك کە لێیکـەوتووەو نازانێـت چـۆن

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

بیدۆزێتەوە، رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەکانی وڵات کە بۆ ئەو رۆژێك لە رۆژان مەڵبەندی دڵنیایی بوون، ئێستا رۆژبەڕۆژ دوورتر دەکەونەوە، ئەو کاتەی من هاتمە دەرەوە، ناردنەوەی نووسینێك لە مەحاڵ دەچوو. زۆربەی بەرهەمەکانم بۆ گۆڤاری (یەکگرتن) دەنارد، ئەو گۆڤارە بۆ زۆربەمان یەکێك بوو لە گۆڤارە گرنگەکانو پەنجەرەیەك بوو بۆ هەناسەی پاك. لەدوای راپەڕینیشەوە، دونیا گۆڕاو سەردەمێکی دیکە هاتە پێشەوە، کە بەقووڵی ماناکانی سەفەرو مەنفای گۆڕی. من دەزانم کە مەنفاو مەنفیبوون کۆمەڵێك دەموچاویان هەیەو مەرج نییە هەر بە سەفەرو دوورەوڵاتییەوە ببەسترێتەوە، بەڵام پرسیارەکە وام لێدەکات کە تەنها باسی ئەو جۆرە مەنفایە بکەم کە لە سەفەرەوە دێت. دوای راپەڕین دەرگاکان لەسەر نووسەرانی دەرەوە کرانەوە، بە هەمانشێوەش لەسەر نووسەرانی ناوەوە، زۆربەی زۆری گۆڤارە کوردییەکانی دەرەوە وەستان، دوای یەکگرتنی هەردوو گۆڤاری یەکگرتنو ئازادی، رەهەند ئەو پەنجەرەیە بوو کە بەهۆیەوە هەناسەمان دەدا، ئەو گۆڤارە زۆر شتی جوانی بە ئێمە بەخشی. بێمەوە سەر ونبوون، سەفەر چەندێك دۆزینەوەیە بۆ نووسەران، ئەوەندەش ونبوونە، چونکە نووسین خۆی چەندێك دۆزینەوەیە، ئەوەندەش لەناو تێکستی جواندا سەفەرو ونبوونە. تێکستی جوان هەمیشە سەفەرێکی جوانە، هەمیشە ونبوونێکی جوانەو هەمیشەش دۆزینەوەیەکی جوانە. کەمن ئەو نووسەرە کوردانەی کە هەمیشە لەنێوان دۆزینەوەو ونبووندا، خوێنەران دەهێننو دەبەن، کەمن ئەوانەی کە هەمیشە پرسیار دەکەنو ناگەنە وەڵامەکانی خۆیان، چونکە هەر کە گەیشتیت بە وەڵامەکان، گەیشتیت بە یەقین، ئەوا ئیتر مەنفاو نووسینی تۆ سیمایەکی دیکە وەردەگرێت، سەفەری تۆ پێناسەیەکی دیکەی دەبێت.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

سەفەرو نووسین زۆر لە یەکەوە نزیکنو زۆر شتی هاوبەشیان تێدایە، لە هەناوی هەردووکیاندا دوودڵییەکی زۆر هەیە، حەزێکی زۆر، خەونێکی زۆر، شەڕێکی زۆر، غەم هەیەو شادی هەیە، گێڕانەوەو حیکایەت هەیە. لە هەردووکیاندا هەستی تەواو دەکەیت بە تەنیایی.. بە ماندوویێتی.. بە گەڕانێکی بەردەوام.. بە دۆزینەوەی شتە شاردراوەکان، بەوەی کە تۆ هەمیشە نەگەیشتوویت بە ئەنجام، ئەزموونی سەفەرو هەستی تاراوگەی من، دوای چەند ساڵێکی زۆر پێمدەڵێن کە من ئیتر کوڕی هەموو دونیام، هەموو شوێنێك ماڵی منەو کەچی لە هیچ شوێنێك ناحەوێمەوە، نە لە دەرەوەو نە لە وڵات، نە لە ستۆکهۆڵمو نە لە سلێمانی. ئەمە ئەو شتە نهێنییەیە کە سەفەر لێتی دەسەنێت، بەبێ ئەوەی بە خۆت بزانیت، وەك ئەوەی دەست بکات بە گیرفانتداو تۆش خەیاڵ بردبیتییەوە، بەبێ ئەوەی بزانیت کەی لێی بردیت؟! چۆن بردی؟! تەنانەت بەبێ ئەوەی بزانیت کە چی لێسەندوویتو چی پێداویتەوە. ئەمە ئەو گرەوەیە کە دەیدۆڕێنیت، نازانی چیت دۆڕاندووە، خەیاڵی دۆڕانێك کە هەمیشە لێت نابێتەوە، بەبێ ئەوەی بتەوێت لە نووسینەکانتدا ڕەنگدەداتەوە، دادەنیشیتو بە هێمنی بیر لە دۆڕاندنەکان دەکەیتەوە، دۆڕاندنەکان کۆمەڵێك دەموچاویان هەیە، وەك ئەمیبا شێوەیان دەگۆڕێتو نایانناسیتەوە، بەڵام لەولاوە تۆ ڕۆحت دەوڵەمەندترە، کۆمەڵێك زمان دەزانیتو هێمنترو جوانتر سەیری دونیاو شتەکانو پەیوەندییەکان دەکەیت، هەرچەندە دڵت ناسکتر بووەتەوە، بەڵام هەڵچوونەکەی جارانت نەماوە. کتێبخانەکەت پڕە لە کتێبی چاك، کتێبێك کە هەفتەیەکە لەوپەڕی دونیاوە کەوتووەتە بازاڕەوە، گەر توانای کڕینیشت نەبێت،

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

ئـەوا بـە تەلـەفۆنێك دەتوانیـت لـە كتێبخانـەی شـارەكانی دیكەشـەوە قـەرزی بكـەیت، وەك دەبینیـت هاوكێـشەی سـەفەر گـەر لـە تیۆریـدا جووڵانـدن بێـت لـە خاڵێكـەوە بـۆ خـاڵێكی دیكـە، ئـەوا لـە پراكتیكـدا چـوونبەیەكدای كۆمـەڵێك دونیایـە كـە تـەنها مانـدووبوونو پێگەیـشتنو زۆرخوێندنەوەی خۆت، ئەو پەنجەرانە دەكاتـەوەو دایانـدەخات. ئەگـەر هاوكێشەی سەفەر لە مانا سیاسییەكەیدا راكردن بێـت لـە سـنوورێكەوە بۆ سنوورێكی دیكە، ئەوا لە بارە ئەنتۆلۆژییەكەیدا تێڕامانێكی وردە لـە پێكهاتـەی ئاوێنـەكانی خـودو ئـیرادەی ئـەو خـودە، گـەر هاوكێـشەی سەفەر لە مانا دەروونییەكەیدا، راكردن بێت لـە تـەنیایی، ئـەوا لـە مانـا ئەزموونی ژیانەكەیدا كردنەوەی هەموو دەرگاكانە لەسەر ئەو خودە.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

## جەمال غەمبار..



**مەنفای نووسەر لە چەمکە فیکرییەکەیەوە مەرج نییە لە دەرەوەی سنوورەکانی نیشتیمانەوە دەستپێبکات، زۆر جاران نیشتیمانیش بۆ خۆی دەبێتە مەنفا بۆ نووسەر.**

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

بۆ ئەوەی وردتر قسە بکەین، با چەمکی سەفەرو ونبوون بەو شمولییەتە وەرنەگرین، مەبەستم ئەوەیە با وشەی (هەموو) لێرەدا لابەرین، چونکە مەرج نییە هەموو سەفەرێك ونبوونی لێبکەوێتەوە، لێرەوە دەکرێت پرسیارەکە وا لێبکەینو بپرسین: ئەوە کام سەفەرو سەرهەڵگرتنە کە ونبوون بۆ هەندێك کەس بەرهەمدەهێنێتو هاوزەمان بەرەڵڵابوونو خۆدۆزینەوەی زیاترو داهێنان لەلای هەندێکی دیکە بەرپادەکات؟ بە بۆچوونی من ئەوە سەفەرێکە ناچێتە خانەی ئەو حاڵەتەوە کە هیجرەتی سروشتی دەیخولقێنێتو ساڵانە بە ملیۆنان مرۆڤی سەر ئەم گۆی زەوییە بە ئیختیاری خۆیانو بە پلانی دیاریکراو ئەنجامیدەدەن، تەنانەت زۆر جار نووسەرە گەورەکان بە ئیختیاری خۆیان هیجرەت دەکەن. بۆیە پێموایە چەمکی سەفەرو جێهێشتن لە ناوەرۆکی ئەم پرسیارەی ئێوەی بەڕێزدا، ئەڵبەت سەفەرێکە کە لە ئەنجامی نامۆییو ناتەباییو نەبوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتیو لێکهەڵوەشانی رایەڵەکانی مانەوەو ئینتیما بۆ ستایلی ژیانەوە، لە شوێنێکی دیاریکراودا دێتەئاراوە.. کەواتە دەکرێت لێرەدا ئێمە قسە لەبارەی نووسەرێکەوە بکەین کە بۆ خۆی کائینێکە نەك هەر لە دەرەوەی سنوورەکانی نیشتیمان، بەڵکو لە ناوجەرگەی نیشتیمانیشداو زۆربەی جاران ئەو هەر نامۆو ناتەبایە بە شتە باوەکان، مەنفای نووسەر لە چەمکە فیکرییەکەیەوە مەرج نییە لە دەرەوەی سنوورەکانی نیشتیمانەوە دەستپێبکات، زۆر جاران

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

نیشتیمانیش بۆ خۆی دەبێتە مەنفا بۆ نووسەر. کەواتە ئەوە ناتەبایی‌و بەریەککەوتنەکانی دونیای نووسەرە بە دیوارەکانی دونیای دەرەوەی خۆی وادەکەن کە نووسەر بکەوێتە رووبەری مەنفاوەو دواتریش دەق بخولقێنێت‌و بەوەش هەولە جدییەکانی خۆی بۆ جوانکردنەوەی دونیایەك بدات کە ناشیرین کراوە... بەلام جیاوازیی نێوان مەنفای نیشتیمان‌و مەنفای دەرەوەی نیشتیمان لە دوو شتی سەرەکیدایە: یەکەمینی ئەو جیاوازییانە" مەنفای دەرەوە ئیتر ئەو دونیایە نییە کە نووسەر بە تەنیشت یان لەناوجەرگەی جوگرافیای منداڵی‌و یادەوەرییەکانیدا بژی‌و دواتریش ئەو موفرەداتەی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، هەمان ئەو موفرەداتەی مەنفای دەرەوەی نیشتیمان نین... هەر بە نموونە: لە مەنفای نیشتیماندا مەسەلەی نۆستالۆژیا (مەبەستم حاڵەتی گەڕانەوەو سۆزی بەردەوامە بۆ رابردوو) کەمتر رووبەڕووی نووسەر دەبێتەوە یان هەر تووشی نابێت. نموونەیەکی دیکە ئەوەیە لە مەنفای نیشتیماندا، نووسەر بەردەوام پەیوەندیی راستەوخۆی لەگەڵ وەرگرو خوێنەرەکانی خۆیدا هەیە کە دیارە هەردوو نووسەرو خوێنەر دوو جەمسەری ئەو هاوکێشەیەن کە یەکتری تەواودەکەن، خۆ ئەوەش راستە کە ئەمڕۆ لە رێگەی دونیای هەرە پێشکەوتووی تۆڕەکانی پەیوەندیی وەك نێت‌و ئەو شتانەوە دونیا بچووك بووەتەوەو پەیوەندییگرتن‌و دروستکردنی رایەڵەکانی نێوان نووسەرو وەرگر، کارێکی هێندە قورس نییە. بەلام بۆ ئێمەی خۆرهەلاتی، هیچی ناگاتە مامەڵەی راستەوخۆ لەگەلا وەرگردا. من نموونەیەکتان بۆ باسدەکەم" لە کۆڕێکی شیعرخوێندنەوەدا کە کۆمەڵەی نووسەرانی فرەکەڵچەری باشووری ئوستڕالیا بۆ ژمارەیەك نووسەرو شاعیرانی نەتەوەو ئیتنیکە جیاوازەکانی ئەم ویلایەتەی منی لێدەژیم، سازکردبوو، لە کاتی

خوێندنەوەی قەسیدەکەم (باخی بێدەنگی) من گریام.. دیارە نالێم ئەوانەی لەوێ بوون دووربوون لە ئیحساساتی ئێمەوە، بەڵام زۆربەیان لە نهێنیی ئەو گریانەی من نەدەگەیشتن، کەچی ئەو گریانە لای وەرگری خۆت و لە مەنفای نیشتیماندا، دەبێتە بەشێك لە تەقسی یان تەدارەکی خوێندنەوەی دەقەکە.

پاشان حاڵەتێکی دیکەی ناو مەنفای نیشتیمان، بریتییە لە تێداژیانی (موعایەشە) ئەو حاڵەتانەی کە دەبنە بەشێکی گرنگ لە پێکهاتەی ژیان و نووسینی دەق، بۆ نموونە: دیاردەی ژنکوشتن لە هەموو دونیادا لە دارفۆری سودان، لە ئەفغانستان و لەلای ئێمەش هەڵگری یەك ماناو چەمکە، بەڵام من کە دێم لە دەرەوەی نیشتیمان مامەڵەی لەگەڵدا دەکەم، رەنگە مامەڵەکردنەکە هەر لەسەر ئاستی دەق بێت، واتە دەقێك بنووسم و بڵاویبکەمەوەو ئیتر تەواو.. بەڵام ئەرکی منی نووسەر هەر ئەوە نییە لە دەقێکدا مامەڵەی لەگەڵدا بکەم، بەڵکو سەرەڕاش، ئەرکی منی نووسەرە کە لەسەر ئاستی مەیدانی مامەڵەی لەگەڵدا بکەم، بەشداریی کارام هەبێت لە جووڵاندنی مەدەنییانەی خەڵك، لە خولقاندنی رای گشتی، لە هاندانی دەزگاکانی پەرلەمان و قەزاو حکومەت بۆ هەڵوێستوەرگرتنی جدیو هەروەها زۆر شتی دیکەش..

لە مەنفای دەرەوەی نیشتیماندا، تەواوی ئەو شتانەی سەرەوە بوونیان نییە. ئەوەی هەیەو لای زۆربەی نووسەرانی ئێمە رەنگدەداتەوە، هەر وەبەرهێنانی هەمان ئەو موفرەداتەیە کە هیی ناو نیشتیمانە. لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا نووسەر لە رێگەی زاکیرەوە ئیشیان لەسەر دەکات. دیارە نۆستالۆژیا رووبەرێکی گەورە لە ژیانی نووسەر داگیردەکات و ئەوەش بۆ خۆی پێموایە نەك هەر لەلای کەسی

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

نووسەر، بەڵکو لەلای تاکێك کە پەیوەندیی بە دونیای نووسینەوە نییە، هەمان پرۆسە هەیە، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە نۆستالۆژیای نووسەر دەبێتە مایەی بەرهەمهێنانی دەق و زۆرجار دەقی گەورەو داهێنەرانە.

ئینجا با لێرەوە لەسەر گەوهەری پرسیارەکەت بوەستین" مەنفا بۆ نووسەرەکان چەندێك شوێنی خۆدۆزینەوەو چەندێکیش جێگای ونبوونە؟

بە بۆچوونی ئێمە کۆمەڵێك فاکتەر لەپشت ئەو بارودۆخەوەن، هەندێکیان بە کورتی ئەمانەن:

– کەسی نووسەر تا چەندێك لە خەمی داهێناندایە، واتە تا کوێ ئامادەیی تێدایە ئەزموونی خۆی بخاتە بەردەم لێپرسینەوەو چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو دونیایەدا دەکات کە مەنفای دوای سەفەرو جێهێشتن بۆی دەخولقێنێت؟ چونکە دونیای دوای سەفەرو جێهێشتن، کەلچەرو فەرهەنگو زۆربەی هەرە زۆری شتەکان ئیتر هەمان ئەوانە نین کە نووسەر لە ناوەوەی نیشتیمان تێیاندا ژیاوە، ئیتر لێرەوە نووسەر دەکەوێتە ململانێ لەگەڵ دونیا تازەکەداو هەوڵی ئەوە دەدات چۆن کۆنترۆڵی شتەکان تا ئەو ئاستە بکات کە لە خزمەت داهێنانەکەیدا بن.. دیارە ئەوە لە دەسەڵاتی هەموو نووسەرێکدا نییە کە ئەزموونی مەنفا بەو ئاراستەیەدا ئاراستەبکات کە بەردەوامی بدات بە داهێنان. بۆ ئێمەی کورد، نووسەری داهێنەرمان لە مەنفا هەیە، بەڵام لە باشترین حاڵەتدا ئەم داهێنانە هێشتا هەر لە سنووری موخاتەبەکردنی وەرگر یان خوێنەری کورددایەو نەبووەتە خیتابێکی دامەزراو بۆ موخاتەبەکردنی خوێنەری (خەڵك)ی ئەو وڵاتەی نووسەرەکەی لێدەژی. ئەمەشیان

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

بۆ خۆی ئیشکالییەتێکی دیکە دەهێنێتە کایەوەو رەنگە تەوەرێکی دیکە بێت بۆ قسەکردن، کە ئەمە دەڵێم مەبەستم ئەوە نییە بڵێم داهێنان لای نووسەرێکی کوردی مەنفانشین بە تەنها بریتییە لە موخاتەبەی خوێنەری ئەو وڵاتەی نووسەرەکەی لێدەژی. نەخێر، بەڵام ئەوەش بۆ خۆی زۆر گرنگە کە نووسەرێکی کوردی مەنفانشین، سەرەڕای زمانەکەی خۆی، بشتوانێت لە رێگەی زمانێکی دیکەوە موعاناتی مرۆڤی کورد بە دونیا بگەیەنێت، وەك لە خاڵی دوای ئێرەدا زیاتر روونیدەکەمەوە.

- گواستنەوەی ئەزموونی نووسەرێك کە لە مەنفا دەژی، لە ئاستی خولّقاندنی دەق لە رووبەرەکانی زمانی خۆیەوە بۆ رووبەرەکانی زمانی وڵاتی مەنفا، دەکەوێتە سەر ئەوەی کەسی نووسەر تا چەندێك توانای تێکەڵبوونی بە کەڵچەرو ئەتمۆسفیری فەرهەنگیی وڵاتی مەنفا هەیە، کە ئەمەیان رەنگە ماوەیەکی زۆری بوێتو بەر لە هەر شتێك کۆنترۆڵکردنی زمان وەك کلیلێکی زێڕین زۆربەی دەرگاکان دەخاتە سەرپشتو بواری زیاتر دەڕەخسێنێت بۆ بەرپاکردنی داهێنان.
- سروشتی ژیانو گوزەرانو رەخساندنی هەلومەرجی گونجاوی حاڵەتی کۆمەڵایەتیو توانای گونجاندن لەنێوان زەمەنی کارکردن بۆ بژێویی ژیان لەلایەکو زەمەنی خوێندنەوەو تێفکرینو نووسین لەلایەکی دیکەوە، هەموو ئەمانە دەورو کاریگەریی خۆیان لە پرۆسەی بەردەوامبوونی داهێناندا هەیە، چونکە بیرمان نەچێت سروشتی ژیانو سیستمی کارکردن لەم وڵاتانەی ئێمەومانانی لێدەژین، لە زۆر رووەوە جیاوازیی زۆری هەیە لەوەی لە وڵاتی خۆمان.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

- زۆرجار لەلای هەندێك نووسەر تەنیایی (بە هەموو رووە سایکۆلۆژیو جەستەییو فیکرییەکانییەوە) دەبێتە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند بۆ ئیشکردن لە بواری داهێناندا، کەچی بۆ هەندێك نووسەری دیکە، ئەم تەنیاییە دەبێتە رەشەباو مۆمی داهێنان دەکوژێنێتەوە. دیارە بۆ ئێمەی خۆرهەڵاتی زۆربەمان لە تەنیایی دەترسین، ناتوانین بە تەنیا بژین. ئەوەش هەر لە منداڵییەوە تیاماندا دەچێنرێت، بۆ نموونە: زۆربەی خێزانی کوردی هەمووی لە یەك ژووردا دەخەوێت، لە یەك ژووردا دادەنیشێت، منداڵ ژووری نووستنی تایبەت بە خۆی نییە.. ئیتر ئەو حاڵەتی کۆبوونە (بەجەماعییبوونە) تێماندا گەورە دەبێتو بەردەوام دەژی. دیارە ئێرە جێگەی ئەوە نییە بڵێم ئەو حاڵەتە چەندێك باشەو چەندێك خراپە.

بەهەرحاڵ ئەوەی باسمکرد، کورتەی وەڵامی منە بۆ پرسیارەکەتان.. بە هیوام لە داهاتوودا قسەو باسی زیاتر لەوبارەیەوە بکەین.. سوپاستان دەکەم.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

## یوسف عیزەدین..



**هەروەك چۆن زێدی پێشوو جێی رەخنەو خوێندنەوەیە، مەنفاش بەهەمانشێوە جێی باسەو هەرگیز نابێتە فیردەوس، تا وەك ئەڵتەرناتیڤێك شوێنی دۆزەخەکەی پێشوو بگرێتەوە.**

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

سەرەتا دەبێت راڤەی سەفەر بکەین و تا پێمانبکرێت لە بازنەی مانا باوەکەی بیهێنینە دەرەوەو جارێکی تر پرسیار لە خودی سەفەر خۆی بکەین، بەتایبەت بەدرێژایی زەمەنێك، تێڕوانین و تەسەورێك، تاریفێکی شلۆقی بۆ سەفەر کردووەو بووەتە مایەی جەنجاڵی و تێکەڵی.. کاتێك (ابن بطوطە)ی گەڕیدە بە دونیادا دەگەڕێت، نە موسافیرەو نە کۆچبەر، ناچارییەك لەدەستپێکی گەشتەکەیدا نابینرێتەوە، هێندەی ئەوەی ئارەزوومەندانە وەك تیۆریستێك حەزو ئارەزوویەکی شاراوەو پەنهان بۆ کەشفکردن و زانین، دەبنە پاڵنەری. گەرچی زۆرجار بە حوکمی بەرەوپێشچوونی رووداوەکان و هاتنەپێشی ئەو پێشهاتانەی کە حیسابی بۆ نەکردوون، لە گەڕیدەوە دەبێتە کەسێکی نیشتەجێ یان هاوڵاتیی شوێنێکی تر، یان موسافیری سەفەرێکی کورت.. تەنانەت لە زۆر کاتیشدا تەنها کەسێکی هەڵاتووە لە مەترسییەکان. هەرچەندە تا کۆتایی هەڵگری رۆحی گەڕیدەیەکی سەرشێتەو رانەوەستانی بەتەواوی لە شوێنێکداو هەڵپەی بەردەوامی بۆ بینینی نەبینراوەکان و کەشفکردنی نەزانراوەکان، ئەو پیاوە وەك گەڕیدە دەهێڵێتەوە.

بەڵام کاتێك دەڕوانیتە (هەزار شەوو یەك شەو)ەوەو حیکایەتی (سندباد) دەخوێنینەوە، سەیردەکەین باس لە سەفەرەکانی (سندباد) دەکات، چونکە (سندباد) تەنها وەك بازرگانێك و بە مەبەستی بازرگانیکردن و بەدەستهێنانی پارە، رێگەی سەفەر دەگرێتەبەر.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

گەرچـــی ڕێگـــەی حـــەوت ســـەفەری سەیروســـەمەرەش دەگرێتەبـــەرو تەمەنێکی زۆری خۆشی تێدا دەباتە سەر، بـەڵام بـەوە نابێتـە گەڕیـدەو کەسیش وەك تیۆریستێك تێی ناڕوانێت.

بۆیـــە لـــەو بەراوردکارییـــەدا دەبیـــنین، لایەنـــە زەینـــیو فیکـــریو مەبەستی ڕێگەبڕینی کەسێك، لـە موسـافیرەوە دەیکاتـە گەشـتیار یـان بەپێـچەوانەوە. ئەمـە جگـە لـە کـۆچو کۆچـبەری کـە ئـەویش بـۆ خـۆی دونیایەکی ترەو زۆر جیاوازە لە دووانەکەی تر. لە کاتێکدا قەرەجـەکان تووشی فۆبیای مانەوە بوون لە شوێنێکداو لـە ترسـی ئینتیمـاکردن بـۆ جێگەو پانتاییەکی جوگرافیی دیاریکراو، هەردەم بـەبێ گوێدانـە بـاشو خراپیی ئەو شوێنەی کە بـۆی دەچـن، لـە کۆچـکردنێکی بەردەوامـدانو کۆچکردنەکەشیان هیچ ئامانجێکی بەرچاوی ئـەوتۆ لـەخۆناگرێت، جگـە لـە هـەڵاتن لـە خـودی کۆمـەڵو خـەڵکانێك کـە لـە ماوەیـەکی زەمـەنی دیاریکراودا، لە دامێنی ژیانو ژیارییاندا ئیستێك دەکەن.

بـەڵام کۆچـکردنی ئـەو کۆچـەرییانەی کـە بەشـوێن ئـاوو لـەوەڕگاو شـوێنێکی لـەبارو گونجـاودا دەگـەڕێن، جیـاوازە لـە کۆچـکردنەکەی پێـشوو، واتـە ئـەوان بەناچـاری بوونەتـە کۆچـەریو گۆڕانکارییـەکانی کەشـــوهەواو بـــوونو نـــەبوونی ئـــەوەی کـــە مەبەســـتیانە، ناچـــاری کۆچـکردنیان دەکـات، ئـەگینا ئەگـەر بۆیـان بلوێـت، نیـشتەجێبوونیان مەتڵەبە.

لە کاتێکدا زۆرێك لـە دەوڵەتـەکانی دونیـا، ئێستاشی لەگەڵدا بێت بەدەســت نیــشتەجێکردنی قەرەجەکانــەوە زەلالەتیانــە، ئەمــە جگــە لەوەی کە زۆر بە ئەستەم بە کارکردن ڕادێنو تا پێیانبکرێت، لە هـەموو دیسپلینێك هەڵدێن.

یـەکێك لـە کۆچـکردنە زۆر باوەکـانی مێـژووی مرۆڤایـەتییش، ئـەو کۆچە زۆرەملێیانەیە کە گروپێکی ئتنیکی یان دەسـتەو تـاقمو تەنانـەت

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

زۆرجـار میللـەتێکی پـێ ناچـار دەکرێـت، تـا زێـدو شـوێنی خـۆی جێبهێڵێتو هەڵبێت.

بـەو پێیـەی کـە لێـرەدا تـەنها وەڵامـی پرسـیارێکی دیـاریکراو دەدەینـەوە، رەنگـە نـەکرێت بەتـەواوی راڤـەی هـەموو چـەمکەکانی دیکەش بکەینو وەك پێویست باسـی لێـوە بکـەین، ئەمـە جگـە لـەوەی پرسـیارەکە تایبەتـە بـە نووسـەران جـودا لـە خـەڵکی تـر، هەربۆیـە لـە وەڵامدا دەڵێم: کاتێك بەشوێن هۆکاری چوونە مەنفادا دەگـەڕێین، ئـەوە بێگومان ناچارییەك لەو چوونەدا دەبینینەوە، ئەگینا ئەگـەر ناچـارییەك لـە چـوونە مـەنفادا نـەبێت، ئـەوە مـەنفا مانـای راسـتەقینەی خـۆی لەدەستدەداتو دەبێتـە شـتێکی تـر. کاتێـك (سۆلژینیـستین) یـەکێتیی سـۆڤییەتی جـاران لــە زەمەنێکـدا جێـدەهێڵێت، وەك موسـافیرێك سـەفەرناکات، بـەڵکو نەفیـدەکرێتو بەناچـاری زێـدو شـوێنی خـۆی جێدەهێڵێت.

مـەنفاو دابـڕان بـۆ نووسـەرێکی وەك ئـەو، دەبێتـە مایـەی پێداچوونەوەو خوێندنەوەو گەڕانەوە بۆ ساتەوەختێکی مێژوویی، تا لـە دیدگایەکی جیاوازو نامۆوە، بڕوانێتە رووداوەکانو لـە دووتـوێی رۆمـانی (پێچکەی سوور)دا، دیوێکی نەزانراوی هەموو ئـەو شـتانە بخاتـەروو کـە لە زەمەنێکی دیاریکراوی وڵاتەکەیدا بەڕێوەچووە.

ئەمە لـە کاتێکـدا هـەر خـودی ئـەو نووسـەرە، بەرامبـەر بـە دونیـای دەرەوەی وڵاتەکـەیو چەشـنو شـێوەی سیستەمەکانیـشی، بێـدەنگ نییە. ئەو لە دیدگایـەکی راڤـەکاریی رەخنەییـەوە لـە سـاڵی (١٩٧٨)دا، لێکچەرێك پێشکەش بە زانکۆی هارڤەرد دەکاتو راشکاوانە رەخنـە لـە خاڵە سلبییەکانی کۆمەڵی ئەمریکی دەگرێت. ئەم تەرحەی بووە مایـەی ئەوەی کە بەئاشکرا زۆرێك لە نووسـەران لـە رۆژنامەکانـدا وتـار لـە دژی

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

بنووسن‌و داوا لە حکومەتی ئەمریکی بکەن کە مافی پەنابەرێتیی لێ بستێنێتەوە.

لێرەدا بەتەواوی ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە نووسەرێکی زەینبارگاوی بە رەخنەو خوێندنەوەی دونیا، لە هیچ جوگرافیاو شوێنێکدا پاسیڤ‌و دەستەوسان نابێت. واتە هەروەك چۆن زێدی پێشووی جێی رەخنەو خوێندنەوەیە، مەنفاش بەهەمانشێوە جێگەی باسەو هەرگیز نابێتە فیردەوس، تا وەك ئەلتەرناتیڤێك شوێنی دۆزەخەکەی پێشووی ئەو بگرێتەوە. مەنفا لەلای نووسەرێکی وەك (سۆلژینیستین)، ئامانج نییە، بەڵکو مەنزڵگاییەکە بۆ ئیدامەدان بە خوێندنەوەو نووسینەوەی راڤەکارییانەی ئەو دونیایەی کە بەناچاری جێیهێشتووە. بۆیە لە دیدگای نووسەرێکی دونیابین‌و راڤەکارەوە، مەنفا خەونێکی جوان‌و دونیاییەکی ترانسپارێنت نییە، دوا مەسکەن‌و مەنزڵگای ئەو نییە، شوێنی داسەکنینی رۆحی‌و سەقامگیربوونی بارو حاڵەتە دەروونییە شێواوەکانی ئەوێکی نەفیکراو نییە، بەڵکو شوێنپێگەیەکە بۆ تێڕامانێکی نوێ‌و خوێندنەوەیەکی جدی. ساتەوەختی بوونی ئەو لە مەنفادا، ساتەوەختی نامۆبوونێتی بە هەموو ئەو هەڵوێستانەی کە ئەوی لە زەمەنێکدا کردبێتە کەسێکی پاسیڤ‌و بێکردار.

جا ئیشکالەکە لەوەدایە، ناکرێت بەگشتی باس لە نووسەران بکەین، دەبێت پرسیارەکە چڕتر بکەینەوەو بە دیاریکراوی ئاماژە بە کۆمەڵێك لەو نووسەرانە بکەین کە لە دەرەوەی دونیای جەهل‌و گەمژەیەتییەوە، نووسینیان کردووەتە هۆکاری سەروژێرکردنی دونیایەك ناشیرینی‌و دزێوی کە کەسانێك بە پڕکردنەوەی رۆژنامەو گۆڤارو لاپەڕەی کتێب‌و ..هتد، پێیانوایە کردەی نووسینیان بەئەنجام گەیاندبێت. لە کاتێکدا خودی ئەوانە تەنها عەریزەنووسن‌و لە جێی

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

خوێندنـــەوەو تـــەئویلو راڤـــەکاری، تـــەنها غـــەریزە بابـــەتو وتـــارو چیرۆکەکانی خۆیان دەنووسنەوە.

واتە گـرنگ لەوەدایـە کێیـە ئـەو نووسـەرەی کـە لـە مـەنفادا دەژی؟ پێشتر خاوەنی چ خەمێکی مەعریفیو هەڵگری کامە دیدگای رەخنەییو راڤەکاری بووە؟ لە کوێوە خوێندنەوەی بۆ کۆمەڵەکەی خـۆی کـردووەو جێگەو شوێنی پێشووی چی بووە؟ تا لـە ئێـستادا بتـوانین پرسـیار لـە ونبوونی یان لە خۆدۆزینەوەی بکەین. ئەگـەر بـەناو نووسـەرێك هـەر لـە سەرەتاوە، بوونێکی جدی لە دونیـای نووسـیندا نـەبووبێتو لـە دونیـای درێودا ونبووبێت، کامە مەنفا دەبێتە هۆکاری خۆدۆزینەوەی. رەنگە بـۆ ئیدامەدان بەناوی خۆی، سایتێکی شـەڕەجوێن بکاتـەوەو پێیوابێـت بـە تۆمـــەتبارانکردنو تەشـــهیرکردنی کەســـانێك، ئیـــدی ئـــەو بووەتـــە قارەمـانێکی بێوێنـە، یـان رەخنـەگرو نووسـەرێکی نـاوازە، لـە کاتێکـدا هەموو ئەمانە جگە لە بێدەسەڵاتیو بێتوانایی ئـەو کەسـانە، هیـچی تـر نییـــە. یـــان رەنگـــە ئاســـاییترین شـــێوازێکی مانـــەوەو بـــەردەوامیی نووسەرانێکی چەقیو لە ئاستێکی فیکریو زەینیدا، سـەرباری ئـەوەی کـە لـە مەنفاشـدا ژیـان ببەنـە سـەر، جووینـەوەو دووبارەکردنـەوەی کاڵوکرچـیی نووسـینەکانی پێـشووی خۆیـان بێـت، هـەر بـە هـەوای (سەوزەڵێ خانم) نووسینە پێشووەکانی خۆیانمان بۆ دووبارەبکەنـەوە. ئەمە جگە لەوەی مەرجیش نییـە نووسـەرێکی جـدی، تـەنها بـە چـوونە مەنفا، توانای نووسینی جوانترین دەقـی خـۆی هـەبێت، یـان نووسـینی جوانترین وتارو ..هتد.

ناکرێت سەرپێی وەڵامی پرسـیارێکی وا ئـاڵۆز بدرێتـەوە، بەتایبـەت کە تایبەت بێت بە نووسەری کوردەوە.. ئەگەر نووسەرێك لـەنێو خـودی کۆمەڵەکەی خۆیدا، لە زەمەنێکدا کە تێیدا ژیاوە، هیچ خوێندنەوەیـەکی

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

بـۆی نـەبوویێتو بەڕۆشـنی لێـی حـاڵی نـەبوویێت، دەبێـت رۆشـتن‌و دوورکەوتنەوەو چوونەمەنفای چی لە مەسەلەکە بگۆڕێت؟!

شایەنی باسیشە، گاڵتەجاڕییە گەر بڵێین بەناو نووسەرێك کە پێشتر لـە دونیـا حـاڵی نییـەو خـاوەن مەعریفـەو فیکرێکـی رۆشـن نییـەو تـا بینەقاقای، نغرۆی تێڕوانینە درێوو ناشیرینەکانەو جگە لە رق‌و ئیرەیی، هیچی تـری دەرحـەق بـە دونیـا نییـە، بـە رێکـەوت لـە مـەنفادا فانۆسـە سـیحرییەکەی عـەلادینی چـنگبکەوێتو پـاش هاتنـەدەرەوەی عیفریتەکـەی، داوای بەدەسـتهێنانی باڵـەکانی مەعریفـەو چـاوی خوێندنـەوەو وەچـنگکەوتنی توانـستی راڤـەکردنی دونیـای لـێبکاتو ئەویش بێ سێ‌و دوو، هەموو ئەوەی پێبدات کە دەیـەوێت، لـە کاتێکدا کـە ناشـێتو نابێـت نووسـەرێکی لـەو چەشـنە، داواکارییەکـەی لـەو چەشنەی هەبێت.

ئەمە لە کاتێکدا نووسەرێکی زەینبارگاویی بەرپرسیار، پێویستی بـە فانۆسەکەی عەلادین‌و عیفریتەکەی نێویشی نییـەو هـەر خـودی بینینـی دونیایەکی جیاوازو نامۆبوونی‌و بردنەسەری ژیان لـە مـەنفادا، نـاکۆکی و دژایەتییـە نێوەکییـەکانی دەگاتـە ترۆپـك‌و هـەردەم لـەنێوان دوالیزمـی (ونبـوون‌و خۆدۆزینـەوە)دا، لـەنێوان جـەهلی خـۆیی‌و مەعریفـەی بەرامبەرەکـەی، هـەوڵی تەماشـاکردنی شـتەکان دەداتو دواجـار شوێنگۆڕکێ یان گۆڕانێکی فیکری‌و زەینـی لـەلا دروستدەکاتو دەبێتـە مایـەی هەڵوێستەیەکی نـوێ‌و جـودا، کـە بـۆ خـۆی قـسەو راڤـەی نـوێ لەخۆدەگرێت.

ئەگەر بڕوانینە بەرهەمی زۆرێك لەو نووسەرانەی کە لە ترسی نـازیزمی ئەڵمانی‌و جەنگ هەڵاتوون‌و مەنفایان کردووەتە شوێنجێگەی مانـەوەیان، دەبینین تەنها هەنـدێکیان توانیویانـە لـە دیدگایـەکی جیـاوازو جـوداو لـە

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

میـــانی ئیغتیرابیوونیانـــەوە، بـــە هـــەموو ئـــەوەی کـــە هـــەبووە، خوێندنەوەیەکی نویێ بخەنەڕوو و دەقێکی جیاواز بنووسنەوە.

لـە کاتێکـدا (گۆنتـەرکراس)ێکـی نـازی، تـا بەدیلگرتنیـشی لەلایـەن ئەمریکییەکانەوە، لەنێو گەرمەی رووداوەکانـدا بـووەو خـۆی وتـەنی "تـا کۆتایی پێموابـوو ئێمـە لـە جەنگەکەمانـدا لەسـەر حـەقین." بـەلام پـاش ئازادبوونی لە سالّی (١٩٤٦)دا، بە هەموو ئەو رابـردووەدا دەچێتەوە کـە لە زەینیدا جێی خۆی کردووەتەوەو پێشتر پێی ئاسایی بووە. ئیـدی ئـەو تێڕامـانو لێوردبوونـەوەی بـۆ هـەموو ئـەوەی کـە روویـداوە، سەرسـامو نامۆی دەکاتو دەبێتە مایەی خوێندنەوەو راڤەیەکی نویێ کـە لـە رۆمـانی (دەهۆلّی تەنەکە)دا بەتەواوی بەرجەستەدەبێتو بە شـێوەیەکی نـاوازە، کـار لەسـەر کەشـفکردنی نـەزانراوەکانی پـێش جـەنگو دوای جەنگـدا دەکـاتو کـەم نووسـەری تـری ئـەلّمانییش هەیـە، وەك ئـەو تـوانیبێتی تاووتوێی مێژوویەکی بەسەرچوو و ئایندەیەکی نەزانراوو بێ ئاسۆ بکات.

گۆنتەر گراس لە ساتەوەختێکدا دەستبەرداری جەهلی خۆی دەبێـتو بـە مەعریفـەی بەرامبەرەکـەی دەڕوانێتـە خـۆی، لـەنێوان دوالیزمـی (ونبـوونو خۆدۆزینـەوە)دا، لـە جێـی ونبـوون، خـۆی دەدۆزێتـەوە. لـە کاتێکدا ئەگەر گەمژەیەك بووایە، مەحالّ بوو هـەموو ئـەوەی کـە پێـشترو دواتـر دەیبینێـتو دەیبیـستێت، هیـچی تێـدا بگۆڕێـتو ببێتـە مایـەی پرسیارکردنی.

کەمن ئـەو نووسـەرانەی کـە دەتـوانن بوێرانـە لـەمیانی ئامادەباشـیی یادەوەرییانـەوە، خۆیـان لـە قـەرەی راڤـەکردنی رابـردوو بـدەنو جیـاواز لـەوەی مێژوونووسـانو رای ئـەوان وەك خۆیـان بیخوێننـەوەو لـەنێو قوولایی پەنهانو نهێنییەکانی هەموو ئەوەی کە روویـداوە، شـتێکی نـوێ هەلّبهێنجن.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

لێرەدا دەبێت ئەو راستییەش بخەینەڕوو، کە چۆن ناچاری نووسەرێك رەوانەی مەنفا دەکات، ئاواش نەمانی ئەو ناچارییە، دەبێت رێگەی هاتنەوەی پێ بگرێتە بەر. ئەمە لە کاتێکدا سەبارەت بە کۆچبەرێکی ئاسایی وانییە، چونکە ئەو بە مەبەستی باشکردنی ژیانی رووی کردووەتە شوێنێکی تری دونیاو جگە لە دەستکەوتی مادیو باشکردنی باری ئابووریی خۆی، هیچ تێڕوانینێکی تری نییە بۆ ئەو شوێنەی کە تێیدا دەژی.. واتە ئەو شوێنە بۆ ئەو مەنفا نییەو ئەویش نەفیکراوێك نییە، ئەوی کرێکار لە کوێدا هێزی بازووی پارەیەکی زیاتر بکات، لەوێدا هەولَی مانەوە دەداتو دونیا لەلای ئەو، کارگەیەکی بەرهەمهێنانە، شوێن یان رابردوو و یادەوەرییەکان، هیچ مانایەکی نییەو ئەگەر ناچاریش نەبێت، گەڕانەوەی بۆ شوێنی یەکەمجاری لە بەرنامەیدا نییە. بەلاَم کە باس دێتە سەر نووسەران، مەسەلەکە دەگۆڕێت، گەرچی بەناچاری دەبێتە کرێکاری یەکێك لە کارگەو شوێنەکان، بەلاَم لە ناخەوە هەر ئەو کائینەی پێشووەو هەموو پەلهاویشتنێکیشی بۆ بەدەستهێنانی بژێوی، هێندەی تر دڕدۆنگو نامۆی دەکاتو دەیان پرسیاری نوێی لەلا دروستدەکات، لە کاتێکدا ئەم حالَەتە لای کۆچبەرە ئاساییەکەی کە بووەتە کرێکار، جیاوازە.

لێرەدا نموونەیەکی سەیرم بیردەکەوێتەوە کەجێی پێکەنینە، کاتێك کەنالێکی (TV)ی ئەلَمانی، چاوپێکەوتنیان لەگەلَ کرێکارێکی تورکدا ئەنجامدا کە بۆ ماوەی بیست سالَ، شەقامێکی ئەلَمانیای پاکدەکردەوە، پاش ئەوەی حالَو ئەحوالَیان پرسیو زانییان زۆر بەختەوەرە بە کارەکەیو هیچ گرفتێکی نییەو لە سایەی ئەو پارەیەی کە لە ئەلَمانیا بەدەستیهێناوە، بووەتە خاوەنی زۆر شت لە ولاَتەکەیداو شەوو رۆژ دوعای خێر بۆ حکومەتی ئەلَمانی دەکات. سپیکەرەکە هەر سوور بوو

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

لەسەر ئەوەی شتێکی سەیر لەلای ئەو پیاوە بدۆزێتەوە، چونکە نەدەکرا ئەو پیاوە هیچ کێشەیەکی نەبێت. ئیدی پاش بگرەو بەردەیەکی زۆر، کابرای کرێکار دانی بەوەدا نا کە تەنها کێشەیەکی ئەو، ئەم هەموو ئەڵمانییەیە کە لەو شارەدا دەژین کە ئەم رۆژانە شەقامێکی پاکدەکاتەوە. تەسەورێکی سەیرە هەر دەڵێیت ئەو پیاوە لە وڵاتێکی تردا نییەو هێشتاکە لەنێو یەکێك لە شارەکانی تورکیادا شەقام گسك دەدات، هەربۆیە بە ژمارەی زۆری ئەڵمانییەکان نیگەرانە. ناکرێت نەدەیتە قاقای پێکەنین، سەرباری ئەو کێشە سەیرەی کە لە ئیدراکی ئەو کرێکارە سادەو ساکارەدا هەیە، ئەمە حیکایەتێکی پڕ حوزنو تراژیدیایی کرێکارێکی کۆچبەرە، کە هێشتاکە لە دونیای پێشووی خۆی نەهاتووەتە دەرێو تەنانەت بە چەشنێك لە چەشنەکان، پرسیاریشی هەیە. ئیدی بۆ دەبێت زۆرێك لە نووسەرانی نێو مەنفای ئێمە، تا ئێستا نەیانتوانیبێت پرسیارێکی لەو چەشنەش لە دەقەکانیاندا بخەنەڕوو.

تۆ بڵێیت سایکۆلۆژییەتی مرۆڤی کورد لە سەرجەم مرۆڤانی دیکە جیاواز بێت؟ یاخود مەنفا لەلای ئەو، تەنها قاوغی ئەو لوولپێچە بێت کە دەبێت کرمۆکەی هزرو فیکری بێپرسیاری خۆی، تێدا قەتیسبکاتو لەپشت پانتایی جوگرافیی مەنفاوە، خۆیمان لێبکاتە نووسەری مەنفا، دەبینین بەزۆر دەیەوێت هالەیەك بۆ خۆی دروستبکات. ونبوونی لە زێدی پێشینەی خۆی، بکاتە جوانی لەلامان، تا ناشیرینی بیرو هزرو پرسیارنەکردنی خۆیمان لەلا بسڕێتەوە.. ئیدی ئەمە مۆدێلێکەو زۆرێك لە نووسەرانی کورد، پەنایان بۆ بردووەو دەیانەوێت بە بێدەنگیو هیچ لەبارنەبوونیان، دەیان پرسیارمان لەلا دروستبکەنو ببنە بابەتی تەوەرو گفتوگۆو وتارە بێکۆتاکان.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

نووسەرێکی وەك شێرزاد حەسەن، پاش ئەوەی دەگاتە فینلەنداو دە مانگ تێیدا دەمێنێتەوە، سەربارى بارى ناهەموارى ئەوکاتەی کوردستان، گەڕانەوەی لەلا دەبێتە مەبەستو بێ دوودڵی، دەگەڕێتەوەو سەبارەت بەهەڵوێستەشی دەڵێت:

"پێتدەڵێم من دوو ژیان ناژیم، یەك ژیان دەژیم، ئەگەر دوو ژیان بژیامایە، یەکێکیان لە وڵاتدا دەژیامو یەکێکیان لە تاراوگە، لەبەرئەوەی قەدەری من ئەوەیە کە یەك جار دەژیمو دەمرم، پێویستە لە وڵات بم، بەهەموو جوانیو ناشیرینیی ئەو وڵاتە خۆیەوە."

بۆیە دەتوانین بڵێین ونبوونو خۆدۆزینەوەی نووسەرێك، کارێك نییە تەنها لە مەنفادا ئێخەی پێبگرێت، بەڵکو لە هەموو ئانو ساتێکدا نووسەر لە مابەینی ئەو دوو چەمکەدا، دەبێت لە بگرەو بەردەی بەردەوامدا بێت، ئەمە جگە لەوەی دونیای ئەنفۆرماتیكو میکرۆڤیزیۆنیی ئەمڕۆ، مەنفای لە مانا تەقلیدییەکەی خۆی بردووەتە دەرەوەو چەشنو شێوەی دابڕانەکەی گۆڕیوە.

ئیدی مەنفا بورجی قاف نییە کە بە ئەستەم نەیارانی کەسی نەفیکراو پێیبگەن، یان دونیایەکی داخراو نییە، تا خەڵکی وڵاتی پێشووی نووسەر، لە هەواڵەکانی بێئاگا بن، بەهەمانشێوەش نووسەری نێو مەنفاش، بێئاگا نییە لە هەموو کەینو بەینی وڵاتەکەی پێشووی خۆی. هەربۆیە پێش ئەوەی سەیروسەمەرەیی لە مەنفا یان لە وڵاتی پێشووی نووسەردا بێت، دونیا هەر هەمووی بووەتە شتێکی سەیرو ترسناك. ئەگەر ئەو لە ناشیرینییەکانی وڵاتەکەی خۆی هەڵاتبێت، ئەوە بە چەشنێکی تر مەنفا دەیان ناشیرینیی تری پێشکەشدەکات. ئەگەر پێیوابێت لە کۆمەڵێکی داخراوەوە، روویکردووەتە کۆمەڵێکی کراوە، ئەوە بە چاوی خۆی هەوڵی ئەو هێزانە دەبینێت کە مەبەستیانە

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

دەرگاكانی ئەوێش دابخەن. ئەگەر بۆ جارێك بێت بە خەیاڵیداو پێیوابێت تێكەڵ بە كولتوورو شارستانیی كۆمەڵێكی تر بووە، ئەوە دەیان جار دەگاتە ئەو راستییەی كە ئەو تەنها لە پەراوێزی دونیای ئەواندا هەڵدەسورێت.

نازانم بە چ عەقڵییەتێكەوە كەسانێك پێیانوایە كە بتوانن بەتەواوی ببنە ئەوان، لە كاتێكدا ژاك دریدا تەنها لەبەرئەوەی بە رەگەز جولەكەیە، نەیتوانیوە لەنێو كولتووری رۆژئاوادا بتوێتەوەو هەمیشە لەنێو مێژوو و رابردووی خۆیدا ماوەتەوەو راشكاوانە وتوویەتی: "ئێمە هەموومان مارانۆین." واتە هێشتا هەڵگری خەسڵەتەكانی خۆمانین‌و لەنێو كولتووری بەرامبەردا نەتواوینەتەوە، چونكە دیارە هەر خودی رۆژئاوا هەموو ئەو جوولەكانەی بە مارانۆ ناودێركردووە، كە لە رووكەشدا بوونەتە مەسیحی‌و لە نێوەوەڕا هەر جولەكە بەرازنەخۆرەكان بوون.

لە كۆتاییشدا، جەخت دەكەمەوە سەر ئەوەی كە وەڵامدانەوەی پرسیاری (ونبوون‌و خۆدۆزینەوە)ی نووسەران لە مەنفادا، پانتاییی‌و مەودایەكی فراوانتری راشەكاری پێویستەو ناكرێت لەم دەرفەتەدا، بەتەواوی تاووتوێمان كردبێت. ئەوەی كە وتوومانە، تەنها هەوڵدانێكە بۆ وروژاندنی هەندێك نەوتراوە.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

# ئەنوەری ڕەشی عەولاّ..



**مەنفا بە گوڵی خاشخاش دەچـێت،**
**تا لێی بگیرێتەوە، کاریگەرتر دەبێت.**

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

نیـشتیمانو مـەنفا لـە مـەودای جیاجیـادا، لـەپێش چـاوی کەسـی مەنفانـشیندا، یـەك ئـەوی تـر جـوانترو ناشـیرینتر دەکـات. کەچـی هـەردووکیان بـۆ ژیاندنـەوەی چـیرۆکەکانی یەکـدی، وەکـو ئاسمـانو باڵنـدەش وەهـان. یـان دەکـارن هـەردووکیان دڵو ئـەقڵی یەکـدی بـن، چـونکە لـە قووڵاییانـدا مـەنفاو نیـشتیمان لـە گەوهەریانـدا بێگانـە نـین بەیەکدی.

مـــەنفاو نیـــشتیمان دەتـــوانن دوو بـــاڵی دەردگـــەلێکیش بـــن، لـــە هەڵفڕینیانـدا فێـڵ لـە چـاوو دەروونـی مەنفانشینیـشی پێبکـەن، وەلێ جیاوازییەکـەیان لەوەدایـە: دەردێــك شــلڕەوە، دەردێــك تونــدڕەوە. دەردێك سەرکزکردووە، یەکێك سەربەرزکردووە.یـەکێك لاسـارە، یـەکێك دەستەمۆ بووە.

بەڵێ تەنیا جیاوازییەکەیان لەوەدایە: لە نیشتیمان مەنفانشین زیـاتر دەردی (ئەوی تـر) ئـەزموون دەکـات، واتـە بـە خەمـە کۆلێکتیڤییـەکان رووبـەڕووەو گیریکـردووە. لـە مـەنفادا زیـاتر دەردی (خـۆی) ئـەزموون دەکـات، واتـە بـە خەمـە ئیندیڤیدواڵییـەکان رووبـەڕووە. لـە نیـشتیمان مەنفانـشین، زیـاتر ئیفـرازی دەردی رابـردووە. لـە مـەنفادا مەنفانـشین زیاتر ئیفرازی دەردی ئێستایە.

پوختە: بۆ من مەنفا گەمەو فریوێکە، جارێك لـە هەقیقەتـەوە وەهـم بۆ داستانەکانی خۆی دەگوێزێتەوە. جارێك لـە وەهمـەوە هەقیقـەت بـۆ خـــۆی دەگوێزێتـــەوە. خـــەڵاتو سزایەکیـــشە. نیـــشتیمان لـــە دووری

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

دوورەوە دەیبەخشێتە ئەو فرزەندانەی، لە ئاستێکدا بوێرییان نواندووەو یاخی بوون. تیکەتیکەکردنی ئەو فرزەندانەشییەتی بە دانەچڕەوەکانی بەرزەخێك کە لەنێوان شەویلاگەی نیشتیمانو مەنفادا دەیانجنێت.

لەو مەحشەرەدایە.. مەرزی نێوان گوناهباریو بێگوناهی.. چاکەو خراپە.. کرانەوەو داخران هێند بەیەکدا دەچنو وەها لێکهەڵدەپێکرێن، لێت تێکدەچێت لەم سیانە: نیشتیمانو مەنفاو مەنفانشین، کێیان گوناهبارو خراپو داخراون.

دەشێت سەفەرو ریسکەکان بۆ هەموو مرۆڤێك مافێکی پێویست بێت، تەنانەت ئەگەر بۆ تاقیکردنەوەیەکی سەرچڵانەش بێت. بەڵام کێشەکە لەوەدایە مەنفانشین هەمیشە هەموو پارچەپارچەبوونەکانی خۆی لەنێو رووداوە جیاوازەکاندا بۆ کۆناکرێتەوە. بۆیە ئەگەر لە جێیەکیاندا گوێکانی ببوژێنەوە، لە کاتێکدایە ئاوی چاوی وشکایی داهاتووە.

دەشێت پەنجەو پێیەکانی (ئیرادە) هەستیار بووبن بە خۆیان، لە کاتێکدا رێگەو (هێز)ی ئەو تاسەبارییەی رێگەکان لێی دەخوازن، بۆ سەفەرێکی بەردەوامو گەیشتن بە دوورگەی بەختەوەرییەکەی، تەوژمەکانی دامرکابێتنەوەو کاتی ناکاتو هەلگری کۆڵی ئەو بارە نەبێت.

پێدەچێت لەگەڵ ئارەزووە چەپێنراوەکانیدا، بە دیداری یەکدی شادببنەوە، لە کاتێکدا تامو چێژەکانی بن زمان بەبێ خواستی خۆت، لێت تۆرێنراون. چونکە ئەو زەمەنو شوێنەی کە حەزەکەی تیا سەرکۆنە کراوە لە نیشتیماندا، لە مەنفادا ئیدی درەنگە قەرەبووی خۆی بە دڵی خۆی بکاتەوە، لە فەنتازیادا نەبێت.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

لەبەرئەوەی تەنێ لە فەنتازیادایە، دەتوانیت زنجیرەکانی کاتو شوێن، لە چاوەکانو پێیەکانو باڵەکانی خەیاڵت دابماڵیت. گوناهی مەنفاش نییە قەرەبووی ئەو یادگارییە تاڵو شیرینانەی بۆ ناکرێتەوە، کە پڕ بوون لە راستگۆیی دلڕەقانەو دڵنەرمانەی رۆژگارێك کە دوور لە خواستی ئێمە هەنگاوەکانیان ناوە.

بەڵێ مەنفا دەتوانێت هەر نزرگەیەکی تری ئاوابوونو هەڵاتنی رازو تامەزرۆییە تازەو دێرینەکان بێت، کە بارگرانن بە تابووتەکانی یادەوەریمان.

ئایا لە مەنفادا زەمەن پێودانگەکانی خۆی وەلادەنێتو دەکەوێتە پاشەکشە لە لۆژیکەکانیو رێبازەکانی کە لەگەڵ عومریدا گرتوویێتییە بەر، بەئاسانی دەقڵەشێن لە پێش خواستو ئاواتی مەنفانشیندا بۆ هاتنەپێشی هەڵکەوتی تر، کە بە زمانی بوێرییو جەربەزەییەکانی هیچ ئاشنا نییە؟!

ئایا دەنگە ناڕوونو دوورەدەستەکانی رابردوو، بە پێدزکەش بێت، تێکەڵ بە دەنگی ئەمێستا بێشوناسەکەی مەنفانشین نابنەوە؟! راستە لە تەڵەزگەکانی ئازارگەلێك دەرباز دەبین، وەلێ بە نهێنیی وەهمێکی تاقینەکراوەی ترەوە ئالودە دەبینو دەگەوزێینەوە.

بۆ مەنفانشین سنووری نێوان جەستەو دەروونی دووریو نزیکییەکان، هێند چاودێریی هەنگاوی تەمەنناکانی یەکدی دەکەن، لە سەرهەڵبڕینیاندا دەبینن، بوون بە یەکێك. ئەبەدییەتو هەنووکەییبوون دەبنە مامانو گۆڕهەڵکەنی مەحاڵەکانی یەکتر.

مەنفاش وەك هەر نومایشێکی تری (بوون)، لەنێو تارمایی ئەمدیوو ئەودیوی دەروازەکانیدا، بە دەستێکی زەندەقمان دەباتو بە دەستەکەی تریشی زەنگی زیندەگییش دەزرنگێنێتەوە. لەوێدایە بەو

زمانەی ئارسەر رامبۆی موسافیر زیاتر ئاشنا دەبینەوە کە دەیوت: "ژیان شەڕەشەقێکە، لە هەر جێیەك بێت دەبێت بیکەین."

مەنفا بە گوڵی خاشخاش دەچێت، تا لێی بگیرێتەوە، کاریگەرتر دەبێت. ئەلکترۆنێکە تا وردتر بکرێتەوە، تەقاندنەوەی ئەتۆمەکانی کاریگەرتر دەبن.

ئەم گیرۆدەبوونانەش بە دەرهێنانەوەی مانا شاراوەکانی هەناوی مەنفا، بەو کەسە دەچێت لە چاڵێکدا تا ژێر خۆی هەڵیبکۆڵیت، قووڵتر دادەچێت. لەم هەڵگەڕان و داگەڕانەدایە، مەنفا ئاوێتە بە مەجازی ژیان دەبێت.

تەقەللاکردنیش بۆ پێناسەکردن و چوارچێوەدانێك بۆ بزێوییەکانی ئەو مەجازە سرکانەش، بێهودەییەکی تره" تەنها دەبێتە خۆراکدەرو ناندێنی بیرکردنەوەو فەنتازیای نووسەرو بەس. راستە لەبن تاوێرو زنارەکانیدا، گوێبیستی هاژەوهوژی هەڵقووڵانێك دەبین، بەڵام بەو ئیحایانەشی کە دەیبەخشێت، نەك بەتاڵ نابێتەوەو بە پایانی خۆی ناگات، بەڵکو بە بەخششەکانی هەراوترو پڕتر دەبن بە نادیاری و نەناسراویی تر. نووسەران ئەوەیان بۆ دەمێنێتەوە "لە دژوارترین رێگەی خۆی سەربکەوێت و تەنیاترین ئاوارەیی خۆی دەستپێبکات — نیچە—" کە نەترسان و بە مەترسینەگرتنی ئەو وێنە نەزانراو نەناسراوانەی مەنفان. لەبەرئەوەی مەنفا لە هەناسەکانمان و لە هاموشۆی خوێنی بەدەنمان نزیکترە بۆمان، ئەرێ لەدایکبوون یەکەم هەنگاو نییە بۆ مەنفایەکی نەناسراو (کە ناوی ژیانە؟!).

دەشێت مەرگیش مەنفایەکی تر بێت؟! پێدەچێت کاری نووسەران تەنها گۆڕینەوەی قەڵای مەنفایەك بێت بە داڵانی مەنفایەکی تر.

مەنفا وەکو ئاوو ئاگرو با هەستیان پێدەکەیت، بەڵام چنگێکت بۆ نابرێت.. ناتوانیت چەپکیان بکەیت، تەنها ئەوە نەبێت لەنێو ئەو مەنفا

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

ڕەنگاوڕەنگانەی بووندا، سروشتی زمانیـان فێـرببین‌و بیانهێنینـە قسە. ئایـا نووسـین بـۆ خـۆی مەنفایـەکی تـری نووسـەران نییـە؟! کـە نیـچە پێیوایە: "مانادان بە چـوار وشـەی بێمانـا.. وەکـو سـافکردنی شـاخێك وەهایە بە سمارتە."

نووسـەران لـەم چـوونەناوەوەو هاتنەدەرەوانەیانـدا، لـەم گەیـشتن‌و نەگەیـشتنانەیاندا، دەگێـژەوە دەچـن. مەگـەر بـە تەلیـسمێکی تـری تێکـستەکان خۆڕاگرییـەك وەدەسـتبهێنێت‌و ئـەو مانـا نوێیانـەی کـە دەیدات بە مەنفاکەی، لەنگەری پێبگرێتەوە.

ئەزموونەکان نیـشانیان داویـن: بەرزاییـەکانی مـەنفا چـەند بـەرزیش بن، بەرزیی خۆت نین، بەلاَم نزمییـەکانی نیـشتیمان چـەند نـزمیش بـن، هی خۆتن.

پێدەچێت مـەنفاش لـە دواجـاردا بـە نووسـەران بلێـت: مـن دەتـوانم هـەموو شـتێك بم‌و هیـچیش نـەبم، ئـەوە خۆتـان‌و بیـنین‌و لێکدانـەوەو تەئەمولاتـــەکانی خۆتانـــە، ئـــەم هاوســـەنگییە ڕادەگرێـــت، یـــان تێکیدەداتەوە. ئەوە هەیە "ئەم کۆلاَنە درێژەی کـە بـۆ دواوە دەچێت‌و تا ئەبـەد دەخایـەنێت‌و ئـەو کۆلاَنـە درێـژەی کـە بـۆ پێشەوە دەچێت، ئەبەدییەتێکی دیکەیە –نیـچە–" نووسـەران قەدەریانـە، دەبێـت لـەنێو ئەو ساتانەدا هەر غەریبانە بێن‌و بچن.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

# تەوەری دووەم ..
# نووسین و خوێندنەوە

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

ئەمڕۆ نێوەندی رووناکبیریی کوردی لە کۆمیدیایەکدا ژیان دەکات، بەدەست دەردێکەوە دەناڵێنێت کە دەتوانین بە پەتای نەخوێندنەوە ناوزەدی بکەین. دەیان رۆژنامەی زەردو سەدان کتێبی هیچ لە بازاڕدا بەرچاو دەکەون، دەزگاگەلێکی چاپو پەخش لەم هەرێمە بچووکەی ئێمەدا دەبینرێن کە بەزەحمەت لە بیۆگرافیاکانیاندا کتێبێك (تەنها یەك کتێبی چاك) دەدۆزیتەوە، ئەگەر بەختت هەبێت.

رۆژنامەی هەرزان، نووسەرانی سادەگۆو پیشەیی، رۆشنبیری موزەیەفو بەناو رووناکبیری بێئاگا لە دونیا، دەسەڵاتێکی سیاسیی بێخەمو خەبەر، لە زەمینەسازییەکانی ئەم نەخۆشییەن... ئەمڕۆ لەلای ئێمە تا ئەندازەیەك هاوکێشەی نووسەرو خوێنەر لە پێچەوانەبوونەوەدان، خوێنەرانێکمان لە ئاستێکدا هەن کە لێناگەڕێن هەموو شتێك بەسەریاندا تێبپەڕێت، لە حاڵێکی وادا دەبێت نووسەری ئێمە حسابێکی جدیتر لە دەیەکانی پێشووتر بۆ خوێنەر بکات.

ئێمە لێرەدا لەبارەی گرنگیی خوێندنەوەو ئاشنابوون بە کتێبو کولتوورەوە، وەك دەروازەیەك بۆ دۆزینەوەی پێگەی خۆمان، جارێك وەك مرۆڤ و جارێك وەك نەتەوە، لەمەڕ بەهەندوەرگرتنی مەعریفە وەك مەرجی یەکەم لە پرۆسەی نووسیندا، ئیشی ئیلهامو رۆڵی مەعریفە لە بەرهەمهێنانی دەقدا، لەمەڕ ئەو پاشاگەردانییەی رۆژنامەوانیو

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

ڕۆشـنبیریی کـوردی، دەسـتەیەك ڕوونـاکبیرو نووسـەری جـدیمان لـەم تەوەرەدا کۆکردەوەو لەم پرسیارەدا پەیامی خۆمان کورتکردەوە:

**لە کاتێکدا تێکستە گەورەکانی دونیا زادەی مەعریفەن نـەك ئیلـهام، کەچی نووسەری ئێمە کەم دەخوێنێتەوەو زۆر دەنووسێت، نووسـینی دوای ئەم هەموو نەخوێندنەوەیە، ڕۆشنبیریی کـوردیو بەتایـەتییش ئـەدەبیات، بەرەو سادەگۆییو هیچنەوتن نابات؟**

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

## شێرکۆ بێکەس..



مــن لــە ئــەزموونی خۆمــەوە بــۆم دەرکــەوتووە تــا زۆر نەخوێنینــەوە، نــازانین کــە ئێمــە لــە دونیــای ڕووناکبیری‌و ئەدەبدا، چەند بچووک‌و بستەبالآین.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

١١٠- توانا ئەمین

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

گومـــان لـــەوەدا نییـــە، تێکـــستە گـــەورەکان ئـــەو دەقانـــەی پەیوەندییـەکی راسـتەوخۆیان بـە کایـەکانی مەعریفـەو فیکـرو میتـۆدی رەخنـــەیی‌و لێکۆڵینـــەوەو گەنجینـــەی مێـــژوو و زانیـــاریی رابـــردوو و هـــەروەها ئێـــستای رووناکبیری جیهانـــەوە هەیـــە، زادەی زانـــین‌و مەعریفـەن. مـن لای خۆمـەوە ئەوەشـی بـۆ زیـاد دەکـەم کـە زادەی ئەزموونی ژیان‌و گەڕان‌و بینین‌و هەروەها بـەهرەی داهێنەرانـەی خـودی نووســـەرەکان خۆشـــیانن. لـــەم مەعریفـــەو زانیـــاری‌و پاشـــخانی رووناکبیرییەدا، مەرج نییە تەنانەت چیرۆکنووسـێکی گـەورە ئەوەنـدەی رەخنـەگری گـەورە بزانێـت. نـە چـیخۆف ئەوەنـدەی سانسلافـسکی زانیوەو لـەنزیکی خۆیشمانەوە نـە سـەیاب ئەوەنـدەی جـوبرا ئیـبراهیم جـوبرا–ی رووناکبیر بـووەو نـە نـەجیب مـەحفوز–یـش ئەوەنـدەی د.ئیحـسان عـەباس دیـارە. مـن مەبەسـتم لـەم مەعریفـەو زانینـە، فەرهەنگێکی زانیاری‌و زانستی گەورەی هەمەلایەنـەو فراوانـە، بەهـەموو بەشـەکانییەوە. هەڵبـەت ئـەم زەخـیرەی مەعریفەیـەش، لـە ئـەنجامی خوێندنـەوەو دیراسـەکردن‌و یـان خوێنـدنی ئـەکادیمی‌و زانکۆییـەوە هاتووەو بەتایبەتی بۆ ئەو قەڵەمانەی کە لە رووبەرێکی گـەورەی فیکـرو فەلـسەفەو رەخنـەدا کاردەکـەن. هـەروەکو وتراویـشە هـیچ کـارێکی گەورەی ئەدەبی نییـە لـەبواری تـەنکی عـەقڵ‌و کەمزانینـەوە سەرچـاوە بگرێت. لە راستیدا ئەوەندەی من بزانم، شیعرو ئەدەبیات بەگشتی بـەر

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

لە مەعریفەی زۆریش لەپێشدا، لە زەمینەی (بەهرە)وە دەرپسکێت، لەخۆشەویستیەکەوە کە رەنگو لەپێشدا جۆرێك لە"عەفەوی"یەوە بێت. هەڵبەت ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو شاعیرە یان ئەو ئەدیبە دەبێت ئاگای لە بزووتنەوەکانی مەعریفەو ئیبداعو رووناکبیری نەبێت، بەردەوام بە خوێندنەوە لەگەڵ ئەزموونی خۆیدا بژیو دەوڵەمەندیان نەکات. ئێمەی نووسەران هەریەکێکمان بۆ خۆی حەوزێکی هەیە، وەختێك دەنووسین، ئاوی ئەم حەوزە وردە وردە لەبەری دەرواتو کەمدەبێتەوە. جا ئەگەر بەردەوام جۆگەی (خوێندنەوە)ی نەرژێتە ناو، وشکدەبێتەوە. جیاوازی بۆ نموونە شاعیرێك لەگەڵ رەخنەگرێکدا، ئەوەیە پێویستە رەخنەگرەکە گەنجینەی مەعریفەی، فەرهەنگی زانینی زۆری دەوڵەمەندترو بەبرشتتر بێت. چونکە ئەم دەچێتە ئەو قووڵاییو شوێنە نهێنییانەوە کە رەنگە شاعیرەکە خۆشی پەییان پێنەباتو نەیاندۆزیتەوە. هەروەها من رام وایە پێویستە رۆماننووسێکیش بەهەمانشێوە خاوەن مەعریفەو زانیارییەکی زۆری ژیانو زانستە جۆربەجۆرکان بێت. وەك دەزانین شاعیر زیاتر لەگەڵ هەستو نەستەکاندا هەڵسوکەوت دەکات، بەلام رۆماننووس جگە لەباڵەکانی شیعر، پێویستی بە لۆجیکی عەقڵیو مەنتیقیش هەیە. هەروەها ئەو شاعیرو نووسەرانەی کە لەیەك کاتدا هەم رووناکبیرێکی گەورەنو هەم شاعیرو نووسەری موبدیعن، رەنگە لانی ئێمە بەپەنجەی یەك دەست بژمێردرێن. بۆ نموونە: لە نموونەی ئەدۆنیس کەمو دەگمەنە. بۆ شاعیر حاڵەتێکی تایبەتی هەیە کە دەشێت "روناکبیرێکی زۆر گەورە" نەبێتو بەلام شاعیرێکی گەورەیش بێت. من پێموایە ئەم

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

حاڵەتــە یەکــەمجار لــە بەهرەیــەکی تــا رادەیــەك خۆڕســکییەوە سەرهەڵدەدات. دیارە نە بەهرەو نەئیلهام بەتەنها شاعیر دروستناکەن. ئەگــەر سەرچاوەی رووناکبیریو خوێندنــەوەو ئــەزموون نــەبێت. بــەڵام لێرەیــشدا پێویــستە بپرســین: خوێندنــەوە چــییە؟! ئەمــەیش لــە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی تر جیایەو پەیوەندی بەحەزو ئارەزووی هەریەکێکیانەوە هەیە. تا ئەم رۆژگارەیش ئەدۆنیس لە هەموو ژیانی خۆیدا سێ رۆمانی نەخوێندووەتەوە. لەمەش گرنگتر بەلای منەوە ئەوەیــە: بــا خوێندنــەوەیش هــەبێت، بــەڵام رووناکبیری کــورد چ پرســیارێکی تــازەی هەیــە؟ رۆشــنبیری کــوردی تازەبــەتازە خەریکــە هەندێك پەنجەرەی تازەی دونیا لەسەر خۆی بکاتەوە، ئــەگینا بەگشتی رۆشــنبیریی کــوردی کۆپییــەکی رۆشــنبیریی عــەرەبو تــورکو فارســە. رووناکبیری لە وڵاتی ئێمەدا، لە رووەکێکی سیس دەچێت، یان لە ژوورێك بەحاڵ رووناکیی تێکەوتبێت. مــن بــۆ خــۆم ئەوەنــدەی چیرۆكو رۆمــان دەخوێنمــەوە. نــە شــیعر ئەوەنــدە دەخوێنمــەوەو نــە مەســەلە فیکریو فەلسەفییەکان. بەڵام من ناتوانم ئەو کتێبانە بخوێنمەوە کە لــە زمانی شیعرو ئەدەبەوە دوورن. دیارە ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێت کە ئــەو خوێندنەوانەم هەر نەبێت، بەڵام کە مــن هەڵبــەت مەســەلەی ئاگــالێبوون لــەفیکرو مەعریفــەی دونیــا، هــەر تــەواو گرێــدراوی فێربــوونی زمانــە زیندووەکانی جیهانە. ئاخر منێك کە تەنها زمانی عــەرەبی بــزانم، دیــارە هــەرگیز پاشــخانی روونــاکبیریم قــەت نییــە، بــە قــەدەر نووســەرێك یــان شــاعیرێك دەوڵەمەنــد نابیــت کــە ئینگلیــزیو فەرەنــسی یــان ئیــسپانی بزانێــت. ئەمــە نوقــسانییەکی گەورەیــە لــە منــدا. بــەر لــە ماوەیــەك لــە

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

شـوێنێکدا ئـەوەم خوێنـدەوە کـە لـە سـەردەمی مـەئموون-ەوە چـی تەرجەمە کراوە بۆ سەر زمانی عەرەبی، تا ئێستا بەقـەدەر تەرجومـەی یەك ساڵی ئەو کتێبانەیە کە کراون بە ئیسپانی.

پیـاو لێـرەوە دەتوانێـت تێبینیـی ئـەوە بکـات کـە رووناکبیری‌و مەعریفە لە ئیسپانیادا لە چ ئاستێکدایەو لەناو زمانی عەرەبییشدا لـە چ ئاستێکدا؟!

لەلایـەکی تریـشەوە، ئێمـەی کـورد خـاوەنی تێکستی گـەورە نـین، رەنگـە لـە هـەموو سـەدەی بیـستدا دە تێکـستی گـەورەی ئـەدەبیمان نەبێت. لە راستیدا نەبوونی ئەمەش، هەر بۆ کەمخوێندنـەوەو نووسـینی زۆر ناگەڕێتەوە، بەڵکو کێشە هەرە گەورەکە لەوەدایە کە کـوردو زمـانی کـوردی ئـاوا سـەربەخۆو خـاوەن کیـانی نەتـەوەیی خۆیـان نـەبوون، پارێزراو نەبوون. ئەگەر لە ساڵێکدا هەناسەیەکیان دابێت، بـەڵام دەیـان ساڵ لەژێر چەپۆکدا بوون، میللەتێکیش کە تا ئێستا لە نیـوەی زیـاتری نەخوێندەوار بن، چاوەڕوانی ئەوەی لێناکرێت کـە ئـەدیبی زۆر گـەورەو تێکستی زۆر گەورەی بە رێژەیەکی باش تێدا دەربکەوێت، مەگـەر تـاك‌و تـەراو دەگمـەن بێـت. کەواتـە گیروگرفتەکـە لەسـەر ئاسـتی سیاسـی‌و فەرهـەنگی‌و زمـانی کـوردی گـەورەترە لـە کێـشەی زۆر نووسـین‌و کەمخوێندنەوە. لەم رۆژگارەی ئێمەیشدا جگە لە "دەستەیەك" شـاعیرو نووسەرو ئەدیب‌و باسکار کە بەشی زۆریـان لـە دەرەوەی وڵاتـن‌و لـەوێ خوێندوویانـەو زمانـە زینـدووەکانی دونیـا سەرچاوەی زانیـاری‌و ئـەوان بـووەو توانیویانــە لــەو ئەزموونــە تازانــەی مەعریفــە ســوودی بــاش وەربگـرن‌و لـە نـاوەوەی وڵاتـیش، جگـە لـە هەنـدێك شـاعیرو نووسـەر بەولاوە، ئەوانی ترمان ئاساین. ئەمە جگە لـەوەی لـەناو نـەوەی تـازە

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

پێگەیشتوودا، شاعیرو نووسەر هەن کە جگە لە زمانی کوردی، هیچ زمانێکی تر نازانێت، ئەمەش بۆ خۆی جێی پرسیارە. بەکورتی راستە کە دیاردەی (نەخوێندنەوە) بەزەقی بەم ناوەندەوە دیارەو ژمارەیەکی زۆر لە نووسەران وەختی زۆری خۆیان داوە بە چایخانەکان نەك کتێبخانەکان، هەروەکو لە پرسیارەکەتاندا هاتووە ئەویش ئەدەبیات بەرەو سادەگۆییو هیچنەوتن دەبات. بەلام ئەگەر من پرسیارەکەم بکردایە. دەموت بەرەو "ساکاریی" دەبات، چونکە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان "سادە"و "ساکار"دا هەیە. هەر لەم سیاقەدا من بۆچوونێکی خۆم هەیە، پێموایە ئەگەر لەناو شیعردا، رێژەی مەعریفەو فەلسەفە زۆر بوو، بە ئەندازەیەکی دیاریکراو نەبوو، شیعر تووشی جۆرێك لە وشکبوونەوە دەبێت کە ئەمەش لە دەسەلاتی عەقڵو مەنتیقەوەیە کە بەسەر هەستو نەستو خەیاڵی شاعیرانەدا زاڵدەبێت. بەکورتی رۆشنبیری کوردی هێشتا لە سەرەتای رێگەدایە. بۆیە دیاردەی زۆر نووسینو کەمخوێندنەوە، خەسڵەتێکی دیاری ئەم قۆناغەیەتی. هەر بەم پێیە ئێمە زۆر کەم ئاگامان لە تێکستە گەورەکانی دونیایە، بۆیە کە شتێك دەنووسین، پێمانوایە زۆر گەورەیە. من لە ئەزموونی خۆمەوە بۆم دەرکەوتووە -بەلام زۆر درەنگ- تا زۆر نەخوێنینەوە، نازانینو تێناگەین کە ئێمە لە دونیای رووناکبیریو ئەدەبدا، چەند بچووكو بستەبالاین.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

## ئازاد عەبدولواحید..



**ئـــەوەی توانـــای خـــەوبینین و خەیاڵکردنی نەبێت، ناتوانێـت زەفـەر بە واقیع بات.**

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

١١٨- توانا ئەمین

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

لەپێشەوە پێویستە بڵێم ئەوە مایەی نیگەرانییە کە تا بە ڕۆژی ئەمڕۆکەش دەگات، زۆر کێشەو گرفتی جۆراوجۆر لەناو ئەدەبیاتو ڕۆشنبیریی کوردیدا دەبینرێن کە دەستیان بۆ نەبراوەو دەقو مۆریان نەشکاوە، یان هەندێك جار بە هەڵواسراوی ماونەتەوە، یان ئەو کێشەو گرفتە مەعریفیو ئەدەبییانە پێویستیان بەوەیە زۆر کونوقوژبنو سووچی تاریکیان زیاتر ڕووناکییان بخرێتە سەرو تێر قسەو باسو بیروڕاو بۆچوونی جۆراوجۆر بکرێن. بەلای منەوە، هۆی یەکەمی بوونی ئەو دیاردەیەو هەبوونی ئەم کەمتەرخەمییە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کتێبخانەی کوردی کەلەپوورێکی ڕەخنەیی ئەوتۆی تێدا نەبووە کە لە ڕابردووەوە بۆمان بەجێمابێو ئەمڕۆکە ئۆخژنێك بخاتە دڵەوە تا نەوەی ئەمڕۆکەو نەوەکانی داهاتوو هەوڵی زیاتر بدەن بۆ ئەوەی ئەو کەلەپوورە ڕەخنەییە بەجێماوە پتر دەوڵەمەند بکەنو بەرهەمی ڕەخنەیی زیاتر بخەنە سەر خەرمانی ئەو کەلەپوورە.

لێرەدا من نامەوێتو مەبەستم نییە پەل بۆ هۆیەکانی دواکەوتنو کەمتەرخەمیی ڕەخنە بهاوێم، بەڵام مانەوەی ئەو گرفتو کێشانە وەك خۆیانو خۆتەریکگرتن لە یەکلایی کردنەوەیان لەم قۆناغو سەردەمانەدا، بەتەنها خەتایەکەی لە ئەستۆی (ڕەخنە)دا نییە وەك هەندێك کەس دەیەوێ بەم قسانە خۆی لە بەرپرسیارێتی بپەڕێنێتەوە.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

چونکە من باوەڕم وایە، ئەدیبی داهێنەرو ڕۆشنبیری کورد ئەمڕۆکە لە ئەدیبو ڕۆشنبیرێکی دوێنێ بەرپرسیارترە، کەلەپووری ڕەخنەیی گەلانی تریش هەر بەم جۆرە دروستبووەو دواتر دەوڵەمەند کراوە، تۆ شاعیرێکی گەورەو داهێنەری وەك (تی. ئێس. ئیلیەت) وەربگرە، دەبینین سەرەڕای ئەوەی نوێخوازێکی بەرچاوی شیعری ئینگلیزییە، لە هەمانکاتیشدا ڕەخنەگرێکی بەتوانای بواری ڕەخنەییشە کە نەك هەر ڕەخنەی ڕاگوزارو سەرپێی نەنووسیوە، بگرە لە بواری ڕەخنەسازییشدا بەشداریی کردووەو خاوەنی تیۆری (هاوکێشەی مەوزوعیەی– المعادل الموضوعي)یە لە ڕەخنەداو جێدەستی دیارە. لای ئێمە وەك ڕەخنە دەستی کورتە لە بەسەرکردنەوەی گرفتو کێشە ئەدەبییەکانو ناساندنو بەسەرکردنەوەی کاری داهێنەرانە، لە هەمانکاتیشدا نووسەرە داهێنەرو بەتواناکانیشمان لاتەریکن لەو هەموو باسوخواسانەی پێویستە بیروڕایان لەبارەیانەوە هەبێت. لەلای ئێمە، وێنەی کەسانی وەك (بەختیار عەلی، حسێن عارف، کەریم دەشتی، هاشم سەراج، دڵشاد عەبدوڵڵا، فەرهاد پیربال، هیوا قادر...تاد) زۆر دەگمەنو دانسقەن کە سەرەڕای بەرهەمو داهێنانی خۆیان، لە بزاڤی ڕەخنەییو فیکرییشدا، چالاکانە کاردەکەنو بیروڕاو بەرهەمیان هەیە.

ناکرێت ئەم نەوەیەش بێ ڕەخنە سەربنێتەوەو هەر لە چاوەڕوانی گۆدۆی ڕەخنەدا بمێنێتەوە، تا بێت ئەو کێشەو گرفتە هەڵواسراوانەمان بۆ بخاتە بەر باسو لێکۆڵینەوەوە. لەمڕۆکەدا دەستبردن بۆ نووسین سەبارەت بەو کێشەو گرفتە ئەدەبیو ڕەخنەییانە ئەگەر بە نیوەناچڵییش بێت، باشترە لە بێدەنگی، هەر هیچ نەبێت ئەو سەرەتایانە لە داهاتوودا دەبنە بەردی بناغە بۆ ڕەخنەیەکی تۆکمەتر.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

ڕەخنەی ڕاستەقینەو خاوەن میتۆدیش، هەر بەو جۆرە دروست بووەو گەشەی کردووە، بەتایبەتییش کە دەبینین هەندێك کێشەو گرفتی کولتووریو مەعریفی هەن، ئاو زۆر دەکێشنو پێویستیان بە زیاتر لە خوێندنەوەو بیروڕاو بۆچوونو هەوڵێکە بۆ هەڵخستنو ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاو تێڕوانینی زیاتر، بەمەش دەتوانین بە شێوەیەکی هەرەوەزانەو بە هەوڵو تەقەللای هەموو لایەك وێنەیەکی تەواوو ڕاستیی دیمەنەکانی ئەو گرفتو کێشە ئەدەبیو کولتوورییانە بکێشینو لەلای خوێنەران ڕوونیان بکەینەوە. سەرەڕای ئەوەش ئاڵوگۆڕکردنی ئەو بیروڕایانە سەبارەت بەو گرفتو کێشە ئەدەبیو مەعریفییانە بۆ خۆیان دەبنە مایەی شڵەقاندنی گۆمی مەنگی ئەدەبیو ڕۆشنبیریمانو ڕزگارکردنی لەو خامۆشییەی تێیکەوتووەو تەمی ئەو تەنگژەیەی بەسەریدا کشاوە بڕەوێنینەوەو هەر بەم جۆرەش دەتوانین کولتووری مرۆڤایەتی بکەینە بەشێك لە کولتووری نەتەوەیی خۆمانو بەشداریش بین لە تاووتووکردنو لێ زیادکردونیان.

() () ()

کردەی نووسینو داهێنان بۆ خۆی پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، لە هیچ قۆناغێك لە قۆناغەکانی پێشڤەچوونی مرۆڤایەتیدا، بەتەنیا بە حەزو ئارەزوو و بەهرەی ڕووت بەڕێوەنەچووەو نەدرەوشاوەتەوە، با واز لە نووسەرە بلیمەتەکان بهێنین کە ئەوانە (ناخواسایی– خارق العادة)نو وێنەیان کەمەو لە مێژووی داهێناندا لەسەر ئاستی هەموو دنیا دەگمەنو دانسقەنو ئەو بەهرە تایبەتو مەزنانە کەم دووبارەدەبنەوە، لەوانەش کەسێکی وەك دیستۆیڤسکی کە توانیویەتی داهێنانێکی زۆر دەگمەن بەرهەمبهێنێ بەبێ ڕەشنووس پاکردنەوە، نووسینەکانی تەنیا

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

جارێك بنووسێتەوەو دواتر یەكسەر بیاننێرێتە چاپخانەوە یان كەسێكی وەك شەكسپیر كە وێڕای زۆری بەرهەمە شانۆییەكانی، كەچی تێپەڕبوونی ڕۆژگار نەیتوانیوە ئەو بەرهەمانە كۆن بكات، لە هەمانكاتیشدا ئەو كارانە هێندە ساختومانەكەیان قایمە، كە ناكرێت وشەیەكیان لێ لابرێن. كەسانی تریش هەن وەك (ئێرنست هەمەنگوای) ناكرێ بەداهێنەر دانەنرێن كە ڕۆمانێكی خۆی شەستو چوار جار پاكنووس كردووەتەوە. مارسل پرۆست كە بەدەست نەخۆشیی رەبووەوە دەینالاند، بەڵام هەموو تەمەنی خۆی تەرخانكرد بۆ كۆكردنەوەی كەرەستەی ڕۆمانە گرنگەكەی: (گەڕان بەدوای كاتێكی ون بوودا)، بۆیە پێموایە لە دەرەوەی بلیمەتی، پێویستە (بەهرە) پەروەردەو مشتومالْ بكرێ، تا لە لاساییكردنەوەو جوینەوەی بەرهەمی كەسانی پێشترو دووبارە بوونەوەو لەیەكتر چوون دووربخرێتەوە، لێرەدا هەرگیز ناكرێت (بەهرە) بەبێ ئەزموونو مەشقكردنی بەردەوام لەسەر نووسینو خۆڕۆشنبیركردنی گەورەو بەرفراوان، ببێتە مایەی نووسینی بەرهەمی داهێنەرانەو مومكین نییە جیهانبینیو گۆشەنیگای تایبەت بۆ بینینی دنیا بخولقێ. ژیانی نووسەرێك، داهێنەرێك، هونەرمەندێك وەك ژیانی پاڵەوانێكی وەرزشوان وایە كە پێویستە هەمیشە مەشقو ڕاهێنان ئەنجامبداتو هەرگیز نابێ چاوەڕوانی ئیلهام بێو تەنیا بە بوونی بەهرەكەی خۆی، قەناعەت بكات.

بوونی ئەو بەهرەو عیشقە بۆ نووسینو داهێنان پێویستییەكی حەتمییە، چونكە مەرج نییە ئەوانەی زۆر دەخوێننەوە، ئەو زۆر خوێندنەوەیە بیانكاتە ڕۆشنبیری گەورە، یان ببنە داهێنەرو نووسەری

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

چاكو سەرنجڕاكێش. مەرجی "رۆشنبیر بوون" بۆ داهێنەرێك ئەوە نییە بە تەنها كتێب بخوێنێتەوەو ئاگای لە تیۆرو فەلسەفەو بیروبۆچوونی زاناو فەیلەسوفو سیاسەتمەدارو هونەرمەندو داهێنەرە گەورەكان بێتو هەندێكیان لێ ئەزبەربكات تا وەك تووتی قسەو بیروڕاو بۆچوونی ئەوانە بڵێتەوە، چونكە چەندی پێویستە داهێنەر ئاگای لە سەرجەم كایەكانی فیكرو مەعریفەو رۆشنبیریی هەموو بوارەكان بێت، ئەوەندەش پێویستی بە گەشەپێدانی (خەیاڵ)ی خۆی هەیە، مەزنترین شتێك كە مرۆڤ هەیبێت، (خەیاڵ)ە. ئەو خەیاڵەی وەك بۆرخیس دەڵێت: "واقیع ئامادە دەكات بۆ ئەوەی ببێتە هونەر" هەروەها داهێنەر پێویستی بە (رامان)و قووڵ بوونەوەیە لە پرسیارە وجوودییەكان، پێویستی بەوەیە لە نهێنیی نووسینو لە شێوازو ستایلی نووسینی داهێنەرانەی هەموو داهێنەرەكان ورد ببێتەوەو هەوڵ بدات بۆ دروستكردنی شێوازو جیهانبینیی تایبەتمەندو تایبەتی خۆیو لە سایەی ئەو كەسایەتییە رۆشنبیرییەی پێكی وەدەنێ، لێكدانەوەو بۆچوونی تایبەت بە خۆی لەبارەی سەرجەم دیاردەكانی ناو ژیانو كۆمەڵو كایەكانی رۆشنبیریدا هەبێ.

() () ()

من رەشبین نیم بە زۆری ژمارەی ئەوانەی دەنووسن، كاتێك بەوە رەشبین دەبم ئەگەر بە زۆربوونی ژمارەی ئەو كەسانە رەشبین بووم كە بەسەر زەویدا دەڕۆن، لەبەرئەوەی لە هەموو كاتو سەردەمو شوێنێكدا، ژمارەی داهێنەرەكان كەمن، نووسەری ئاساییو رەوتەنی ژمارەیان زۆرترە. هەركەسێك كە سەرەتا قەڵەم بەدەستەوە دەگرێ، خۆی پێ داهێنەرە، هەندێك جار خۆی پێ بلیمەتیشە، یان وادەزانێ

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

گەیشتووەتە لوتکەی بەخششو داهێنان. ئەو جۆرە بیرکردنەوەو هەستە لەوانەیە لە سەرەتای نووسینەوە پێویست بێ، چونکە زۆرجار دەبێتە هاندەرێك بۆ بەردەوام بوونو كۆڵنەدان، بەڵام مەترسییەكە لەوەدایە ئەو هەستكردنو بیركردنەوەیە تا سەر بەردەوام ببێو گەورە بكرێ، لە هەمانكاتیشدا بەخششە خاكەڕایەكە رووەو پووكانەوەو سادەییو سادەگۆیی بڕوات.

كە دەڵێین نابێ رۆشنبیر وەك تووتی لێبێتو تەنها ئەركی وتنەوەی قسەی ئەمو ئەو بێت، ئەوە بە واتای ئەوەیە كە "رۆشنبیر" بەرمیلێك نییە قسەی كەسانی دی لە خۆیدا كۆبكاتەوەو لە كاتی پێویستدا هەڵیانبڕێژێ، بەڵكو پێویستە پێش هەر شتێك، "رۆشنبیر"، رۆشنبیرییەكەی بەدەستی دەهێنێت، ببێتە مایەی گۆڕینی چێژو كەسایەتیو تێڕوانینو نەریتە باوەكانی لای خۆیو قەوارەو دیدو تێڕوانینی خۆی پێبگۆڕێو هەڵبتەكێنێ، پاشان مشووری دەوروبەری خۆی بخوات. هەر عەقڵێكیش ئەوەندە جێگەی بایەخو گرنگیپێدانە، كە لەگەڵ عەقڵەكانی دیكەو شێوازەكانی دیكەی بیركردنەوە جوداواز بێ، كەسانی وەك حەللاجو سەهرەوەردی لەپێناوی جیاوازییەكانی خۆیان بوو خۆیان بەكوشت دا، بۆیە ئەوەی جێگەی بایەخی ئێمە نییە، ناكرێت بخرێتە ناو بازنەی قسەلێوەكردنو بایەخدانەوە. لەناو دنیای رۆژنامەگەریو چاپەمەنیی كوردیدا كە بەلێشاو بەرهەمو چاپكراوی ئەدەبی دەكەونە بازاڕەوە، ئەمەش لەبەرئەوەیە كە لەپاش راپەڕین دەرفەتێكی لەبار بۆ چاپكردنی هەموو جۆرە بەرهەمێك وازو والا كراوەو رەخساوە، قەڵایەك بەرهەمی ئاست نزمو بێنموودو بێسەروبەر دەبینرێن، كە هیچیان جێگەی قسەو باسو سەرنجدان

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

نین، چونکە خوێنەر لە بینینی ستوونیدا هەمیشە لە چییەتی بەرهەمەکان دەپرسێو لەبەر رەگەزی کتوپڕی (مفاجأة)، پرسیاری بەردەوامی لەلا دەورووژێ. لەو جۆرە خوێندنەوانەشدا زیاتر پێویست دەکات خوێنەرەکە نەچێتە پێستی هیچ نووسەرێك، یان دانەرێکەوە، چونکە تواناى بەسەر شیکردنەوەدا نامێنێ. ئەم تێکەڵبوونە حسییە، زیانی خۆی هەیە، لەبەرئەوەی چالاکییەکانی عەقڵ دەکوژێت، هەرچەندە لەم قسەیەمدا لەگەڵ کوشتنی هەستدا نیم، بەڵکو تێکەڵکردنی هەستو عەقڵ بە پێویست دەزانم.

() () ()

زۆر رێکەوتووە ئەوە بخوێنینەوە کە هەندێك بەهرە لە زۆر شوێنی ئەو دنیایە، یان لەلای ئێمەدا لە بواری شیعر نووسین، موزیك ژەنین، شێوەکاری، بەهرەو سەلیقەی کەسەکە خۆی بەفریای کەوتووە، زیاتر لەوەی بە رۆشنبیرییەکەی خۆی شاعیرێکی گەورە بێتو شیعری جوانی وتبێ، یان موزیکژەنێکی زۆرباشی لێ دەرچووەو بە تەکنیکێکی زۆر بەرز ئامێرێکی ژەنیوە، یان بلیمەتێکی بواری شێوەکاری بووە، کەچی لە هەمانکاتیشدا رۆشنبیرییەکەی زۆر کورتو کوێرو کۆڵەوار بووە، واتە تەنها بە فلچەوەشاندن ئیکتیفای کردووەو هەستو نەستی خۆی گوێزاوەتەوە سەر تابلۆکانی. هونەرمەندی شێوەکارو پەیکەرسازی زۆر گەورەم دیوە کە لە ئاستێکی جیهانیدا ناسراوە، کاتێك لە پیشانگاکەی خۆیدا قسەی بۆ بینەرانی کارە هونەرییەکانی خۆی کردووە، من تەمەننام کردووە گوێم لە قسەکانی نەبێت، چونکە رۆشنبیرییە سادەکەی بەپێچەوانەی تابلۆو کارە

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

هونەرییەکانی جوانیو داهێنانی ناو تابلۆیەکانی کاڵ کردووەتەوەو کوشتووە، یان شاعیر هەبووە لە هەموو تەمەنیدا پرۆژەی خوێندنەوەیەکی جدیو قووڵ نەبووە، بێجگە لە خوێندنەوەیەکی راگوزراو سەرپێیو پچڕپچڕو بە هەندێ لە ئەزموونو بینینەکانی خۆی وازیهێناوەو قەناعەتی کردووە، کەچی شیعری زۆر جوانو درەوشاوەو سەرنجڕاکێشی نووسیوەو داهێنەر بووە، بۆ نموونە: شاعیرێکی گەورەی وەك (رامبۆ) کە شیعری نەمرو درەوشاوەی هەیەو تا ئەمڕۆکەش شیعرەکانی دەقی نەمرو زیندوون، ئەم شاعیرە لە تەمەنی (١٦ تا ١٩) ساڵ، واتە لە ماوەی سێ ساڵدا هەموو ئەزموونە شیعرییەکەی خۆی بەدەستەوە داوە، ئەوە هەر ئەو شاعیرەیە کە گوێچکەی شیعری هەموو دونیای گرتووەو رایتەکاندووە، هەر ئەو شاعیرەیشە کە نوێخوازی هەموو سەردەمەکانە. ئەو شاعیرە لەتەمەنی مێردمنداڵیدا کەوتە شیعرنووسینو تەمەنی شیعر نووسینەکەشی زۆر کورت بووە، بەڵام شیعری زۆر سەرسوڕهاوەرو جوانی نووسیوە، بگرە وەك بلیمەتێکی گەورە شیعری نووسیوە، ئەگەر هەندێك حاڵەتی دەگمەنو دانسقەو تایبەتی لەو جۆرە هەبن، ئەوە مەرج نییە لە هەموو کاتو سەردەمو حاڵەتەکاندا هەموو شاعیرەکانو هونەرمەندانی بواری شێوەکاریو موزیك ئەو حاڵەتەیان بەسەردا بچەسپێ کە بەبێ رۆشنبیریی گەورەو فراوان، بتوانن داهێنەری گەورە بن، هەروەك چۆن شاعیری زۆر رۆشنبیریشمان هەن کە بەدرێژایی ژیانیان شیعرێکی جوانیان نەنووسیوە گرنگو سەرنجڕاکێش بێت. چونکە ئەگەر شاعیرایەتیو پرۆسەی خولقاندنو داهێنان بەزۆریو فراوانیی

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

رۆشنبیری بووایە، ئەوە دەبوو بەدرێژایی مێـژوو رۆشـنبیرە گـەورەکانی دنیـا، هـەر هـەموویان شـاعیری گـەورەو باڵادەسـتو داهێنـەر بوونایـە، لەوانەیە ئەو رۆشنبیرانە بتوانن شیعرێك بنووسن لە (فیکر) بدات، بـەڵام هەرگیز ناتوانن شیعرێك بنووسن لە (دڵ) بدات پاشان لـە (فیـکر) بـدات وەك ئیلیەت دەڵێ. ئیلیەت خۆشی نموونەی شـاعیرێکی بـەهرەدارە کـە بە (رۆشنبیری) بەهرەکەی خـۆی پـەروەردەو گۆشـکردووە، چـامەیەکی گـەورەی وەك (خـاکی وشـکەڵان)، (١٣٦) تێهەڵکێـشی تێدایـە کـە لـە تەوراتو شانۆو رۆمانو داهێنانی پێش خۆی وەك ئاماژە هاتوونەتە نـاو چامەکەیەوە، کەسێك ئەگەر بیەوێ لـەو شـیعرە تێبگـا، دەبێـت پێـشتر ئەو سەرچاوەو ئامازانـە بخوێنێتـەوەو بەتـەواوی خـۆی بـۆ ئامادەبکـات ئەوجا دەتوانێت لە کەناری تێگەیشتنی شیعرەکە نزیك ببێتەوە.

هــەر لەبەرئــەوەی شارســتانییەتی ئەمرۆکــەمان، شارســتانییەتێکی عەقڵانییە، شاعیر زۆر پێویستی بە عەقڵانییەت نییـە، چـونکە ئەمرۆکـە عەقڵانییــەت لــەناو ئــەو شارســتانییەتەدا بووەتــە مایــەی دروســتبوونی تەنگژە بۆ ئینسانی ئەو سەردەمە.

سووربوونو پێداگرتن لەسـەر عەقڵانییـەت لـەلای شـاعیر، بـۆ خـۆی دەبێتە هۆی جوداکردنەوەی ئینسان لە جەستەو لە دڵـی. لـە ئـەمریکاو لە ئەوروپا، تەنگـژەو قەیرانەکـە هێنـدەی دی گـەورەترە، لەبەرئـەوەی کەوتوونەتە ناو گەمەی عەقڵانییەتەوە تـا ئـەو سـنوورەی ئینـسانەکەی لە هەستو سۆزو عاتیفەی خـۆی دامـاڵیوە، بۆیـە بـەدوای زۆر شـێوازی جیاجیادا دەگەڕێن بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشـاییەی دروسـت بـووە، یـان بۆ گوزارشتکردن لەو بۆشاییە عاتیفییە، هەوڵـدانی بـەردەوامیان هەیـە. بۆیە شاعیر ئەوەندەی پێویستی بە فڕین هەیـە لەسـەر بـاڵی سـیمورغی

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

(خەیاڵ)، یان ئەوەندەی پێویستی بە جۆرێك لە (بیدائییەت) هەیە، ئەوەندە پێویستی بە عەقڵانییەت نییە. من لە شیعرنووسیندا پتر باوەڕم بە قسەکەی ئەفلاتوون هەیە لە بارەی بوونی (خواوەندی هونەر)، دواتر هۆکارەکانی دیکە دێن، نەك بیروڕاو بۆچوونەکی ئیدگار ئالان پۆ کە پێی وابوو نووسینی شیعرێك بەرهەمو کاری زیرەکییە کە بە پرۆسەیەکی ماتماتیکیی چواندووە. بۆیە عەقڵانیەت لە سنورێکی ماقووڵو دیاریکراودا بۆ شاعیر پێویستە، تا بەسەر هەموو لایەنەکانی دیکەید زاڵ نەبێ.

ئەم بیروڕایانەی من دەریان دەبڕم سەبارەت بە شاکاری گەورەو داهێنەرانە، چەند نموونەیەکن لەوەی لە هەندێك حاڵەتدا مەرج نییە رۆشنبیری، (داهێنان) لە هەندێ بواردا دروستبکات، بەڵام ئەو قسەیەی من مانای ئەوەش ناگەیەنێ ئەو حاڵەتە دەگمەنو دانسقانەی داهێنان ببنە بیانوویەك بۆ کەسانێك کە خۆرۆشنبیرکردن بەلاوە بنێن، چونکە دەکرێت (رۆشنبیری) بەهرە بچووکەکانیش بەگەورەیی بناسێنێو دەقی گەورە بەرهەمبهێنێ، بە مەرجێك بزانرێت چۆن چۆنی ئەو رۆشنبیرییە لەناو کاری داهێنەرانەدا تەوزیف بکرێ.

ئەمڕۆکە دەگوترێ، (دەق) نووسین، ئەوە لە خۆیدا ئەو دەقە زادەی مەعریفەیەکی بەرفراوانو هەمەچەشنەیە کە تێهەڵکێشێکە لە هەموو هونەرەکانی وەك (سینەما، شانۆ، مۆسیقاو شێوەکاری)و سەرجەم دەستاوێژەکانی بواری فیکرو فەلسەفەو دەروونزانیو کۆمەڵناسیو ئاوێزانبوونی سەرجەمی ژانرەکانی ئەدەب لەگەڵ یەکتردا، ئەوە لە سەردەمێکدا کە دیوارەکانی نێوان هونەرەکانی نووسین رووخاونو هەموویان دەست لەملانی یەکتر بوونە. ئەگەر

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

هونەر بە شێوەیەکی گشتی وەك (کرۆچێ) دەڵێت: "رێگەیەك بێت لە رێگایەکانی دەستگرتن بەسەر جیهاندا." ئەوە بۆ ئەوەی دەست بەسەر ئەو جیهانەدا بگرێت، دەبێت ئەو مەبەستە دزێوی‌و ناشیرینی‌و کەموکورپییەکانی دنیا ببینێ، نهێنی‌و جوانییەکانی ژیان ببینێ. ئەمەش بەبێ بوونی خەیاڵێکی گەرموگوڕو بزێو، بەبێ بوونی چاوێکی هونەرمەندانەو ئەفسوونگەرانەو بەبێ بوونی باکگراوندێکی رووناکبیریی قووڵ‌و هەمەلایەن نایەتە دی، چونکە بینینی شارەکانی خەون‌و نووسین بە زمانی ئایندە، پێویستی بەو چاوو خەیاڵە تیژو بڕندەیە هەیە، کەسێ توانای خەوبینینی نەبێ، یان (خەیاڵ)ی نەبێ، پێموانییە بتوانێت زەفەر بە واقیع ببات، بۆیە ناتوانێ‌و لە توانستیدا نابێ وەڵامی پرسیارە وجودی‌و ئەزەلی‌و ئینسانییەکانیش بداتەوەو لەناو (نادیار)و (بێکۆتاییدا) شتهایەکی نوێ بنووسێ، نەمرو قووڵ‌و ئینسانی بێ. نەمرییش لە دنیای نووسیندا، لە دەرەوەی کات‌و مێژووەوە دێت، چونکە (مێژوو) مردووەو وەستاوە، بەڵام داهێنەر بەدوای ئەوەدا وێڵ‌و عەوداڵە، کە لێی ونبووەو هەوڵ دەدات بۆشایی‌و کەلەبەرەکان پڕبکاتەوە.

وتمان تەوزیفکردنی (رۆشنبیری) لەناو داهێنان‌و تواندنەوەی ئەو رۆشنبیرییە لەناو جیهانبینیدا، ئەویش بۆ خۆی کارێکی سەختە، هەموو جۆرە کەسانێك ناتوانن وەك (ئیزرا پاوەند)و (ئیلیەت)، رۆشنبیرییە فراوانەکەیان لەناو دیدگاو ئەزموونی خۆیاندا بتوێننەوەو شاکاری گەورەو نەمری لێوە هەڵێنجن، بۆیە زۆرجار رۆشنبیریی گەورەو بەربڵاو دەست دەنێتە ناو بینەقاقای نووسەرەوەو بەهرەی داهێنەرانەی لێدەکوژێ، ئەگەر لەو هاوکێشەو هونەری تەزیفکردنە

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

تێنـەگات. ئـەم رەنگدانـەوە نێگەتیڤـە گەلـێ جـار بووەتـە هۆکـاری رەخنەگرتن، تەنانەت لـە داهێنـەرێکی گـەورەی (جـەلیل قـەیسی)، کـە یەکێکە لە چیرۆکنووسە گەورەو داهێنەرەکانی عێـراقو بـەوە تۆمـەتبار کراوە کە لە (گێڕانەوەکانی)دا زیاتر هـەوڵی داوە رۆشـنبیرییە فـراوانو ئینسیکلۆپیدییاییەکەی خۆی بەدەربخات، بۆیە رەخنەگران پێیان وایـە ئەو چیرۆکنووسە رێگەی نـەداوە زۆر لـە کەسـەکانی نێـو چـیرۆکەکانی، خۆیان بە شـێوەیەکی سـەربەخۆو ئاسـایی نەشـونمابکەنو دەربکـەون، ئەوەنـدەی قـسەو بـیروڕاو فەلـسەفەی کەسـانێ لـەناو چـیرۆکەکانیدا رەنگیانداوەتەوە کە خۆی بایەخی پێداونو جێگەی بایەخی ئـەو بـوون، هەرچەندەش توانیویەتی زۆر بـەجوانی چیرۆکەکانی بباتـە نـاو دونیـای شـیعرو ئەفـسانەو فـەنتازیاوە. ئـەویش پێیوابـوو "ئـەو نووسـەرەی خەیاڵێکی سستی هەبێ، تەنانەت ناتوانێت واقیعی ئاساییش بـە جـوانی ببینێ." چـونکە بـەلای ئـەوەوە وایـە کـە بـەبێ خـەیاڵێکی درەوشـاوەو گەش، هیچ داهێنانێك لە گۆڕێدا نامێنێت.

() () ()

بوونی ئەو رەهەندە قووڵو فیکریو فەلسەفییەش کـە هەنـدێك جـار لـەناو داهێنـانو نووسـینی کوردیـدا لێـرەو لـەوێ هەسـتی پێـدەکرێت، زۆرجـار لــەلای خوێنــەران بــە شــێوەیەکی نێگــەتیڤ دەکەونــەوەو راڤەدەکرێن، چـونکە زۆربـەی ئـەو نووسـینو داهێنانـە قووڵانـە، لەگـەڵ ئەوەشـەوە کـە ژمارەیـان کەمـە، کەچـی بـە زمـانێکی وشـكو بـرنگ لێکدەدرێنەوەو تۆمەتبار دەکرێن. لـە کاتێکدا بـوونی ئـەو رۆشـنبیریو مەعریفە قووڵو فیکرییـە دەبنـە هـۆی چـڕکردنەوەی زمـانو دنیـابینیی نووسـەرو لــە سـادەگۆییو لـە درێـژدادڕی رزگـاری دەکـەن، ئـەو

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

(چـڕبوونەوەی زمـان)ە کـە ئـەنجامو بەرهـەمی خوێندنـەوەی زۆرو قووڵبوونـەوەی جیهـانبینیی نووسـەری داهێنـەرە، دەبێتـە هـۆی گوماندروسـتکردن لەسـەر زمـانی نووسـینەکەو مـەنتیقی نـاو دنیـای خولقانـدنو یاسـاکانی داهێنانەکـەوە، تەنانـەت زۆرجـار دەبێتـە هـۆی تۆمـەتبارکردنی نووسـەرەکە بـە نـەزانینی زمـانی نەتـەوەییش. بۆیـە نووسینی سادەو ساکارو پووچـەڵو بۆش کـە لـە ئاسـتی تێگەیشتنی گـشتیو چـێژی باودایـە، دەبنـە جێگـەی سـەرنج، زیـاتر لـە زمـانی شـاعیرێکی گـەورەو قـووڵ کـە خـەیاڵێکی گەشو گـەرموگوڕ بەرهـەمی دەهێنێ.

() () ()

لـە ئێـستادا کەڵەکـەبوونی بەرهـەمێکی زۆری شـیعرو چـیرۆكو شانۆنامەو رۆمانو نووسین بەرچاو دەکەون کە رۆژانەو مانگانەو ساڵانە دەکەونە نـاو کتێبخانـەی کوردییـەوە، بـەڵام ئـەو بەرهەمانـە بەداخـەوە جێگەی سەرنج نینو لە یادەوەریی کەسیشدا نامێننەوە. لەوانەیە لـەناو نووسەری ئەو بوارانـەی نووسـیندا، کەسـانی بـەهرەدارو بـەتوانا هـەبن، بـەڵام ئەوانـە، یـان بـەهرەی گـەورەو تایبەتمەنـد نـینو هـەر زوو دەپووکێنەوە، یان بـەهرەو توانایـەکی جوانیـان هەیـەو هـەوڵنادەن بـە جـوانیو ماندوونەناسـانەوە پـەروەردەیان بکـەن، بۆیـە دەکەونـە نـاو دونیـای فریـو خـواردنی بێبنەمایانـەی ناووناوبـانگی خێـراو هەڵپـەی زوودەرکەوتنو هەندێك جار ئیرتیـزاقو خـۆڕەپێش کـردنو دەرکـەوتنو سنگ کوتان بۆ پێشەوە، لەبەر هەوڵنەدانیش بـۆ خۆپێگەیانـدنو لەبـەر نەبوونی رۆشنبیریو پاشخانێکی قـایمو پتـەوو پەروەردەنـەکردنی ئـەو بەهرەیـە بـەخۆراکی رۆشـنبیرییەکی سـەردەمیانەی پێویـستو

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

گەشـەنەدان بـە (خـەیاڵ)و (هەسـتەکان)، دەبیـنین ئـەو بەهرەیـە بـە سنوردارکراوی دەمێنێتـەوەو ناتوانێـت ببێتـە بەهرەیـەکی درەوشـاوەی تایبەتمەنـدو هـەر زوو سـیس دەبـێ، لەبەرئەوەیـشە کـە نـاتوانرێ لـە دەرەوەی مێـژوو، دەقێکـی جـوان بنووسـرێ کـە تەمـەنی درێـژ بـێو بمێنێتەوەو کاتو شوێن دوو بەدەر (اختراق) بکـاتو ناشـتوانێ بـەپێوە بمێنێتەوەو سـیحری خـۆی بپـارێزێ. بۆیـە دەبیـنین شیعرەکان لەیـەك دەچـنو وادەزانـرێ یـەك کـەس ئـەو شـیعرانەی نووسـیوە. ڕۆمـانێکی گـەورە دەخوێنێتـەوە، لـەپاش تـەواوکردنی خوێندنـەوەی ڕۆمانەکـە ڕستەیەکت لەلای بـەجێنامێنێت، دیالۆگـەکان ساردوسـڕن، زمانەکـەیان سادەو میللینو بەهۆی چڕبوونەوەی زمانەوە، بارگاوی نـەکراون تـا ئـەو زمانە ببێتە (ڕەمـز)، ئنجـا ڕەمزەکـانی لـەناو ژیـان هەڵبـژێردرابن، یـان ڕەمزەکانی خودی خـۆی بـن کـە ئـەوانیش دیسانەوە پەیوەنـدییان بـە ژیانەوە هەیە. مۆنۆلۆگەکان قووڵ نینو هـیچ ڕووناکییـەك ناخەنـە سـەر تاریکـــستانی ڕۆحو قـــووڵایی نـــاخی پاڵەوانەکـــەو کەســـایەتیو کارەکتـەرەکانی دیکـەوەو پەڵەیـەك چییە لـە نـاخو دەروونیـان ڕوونـاك ناکاتـەوە. وەزعـی کورتەچـیرۆکیش هەنـدێك هەوڵـدانی لاوەکـانو نـاوە نوێیەکانی لـێ دەربکەیت، دەنا قـەیرانی کورتەچیرۆکەو زۆربـەی هـەرە زۆری ئـەو چیرۆکنووسـانە، یـان دەسـتیان لـە نووسـینی هـەڵگرتووەو نایننووسن، یان زۆر لاوازو ساکار دەینووسن.

O O O

بەشی هەرە زۆری نووسەرانی بواری کورتەچیرۆكو ڕۆمانو نۆڤلێت، نووسەکانی لای ئێمە لە عەریزەنووس دەچن زیاتر لەوەی داهێنـەر بـن، ئەوانە زیاد لە پێویست گرفتو کێشە ئینـسانییەکان سـاکاردەکەنەوەو

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

بەرەو هەڵدێری سادەگۆییان دەبەن، هیچ پرسیارێکی وجودییانەو نوێیان پێنییە، بۆیە بەرهەمی زۆر ساردوسڕ دەنووسن، هۆیەکەشی هەر ئەوەیە کە ئەو دوو هونەرە کە دوو هونەری سەردەمییانەن بە پشتبەستن بە بەهرەی رووت نانووسرێن، ئەوەندەی پێویستیان بە رۆشنبیریی‌و رامان‌و فەنتازیا هەیە تا بگەیەنرێنە ئاستی شیعرو ئەفسانەوە. ئەم زمانی شیعرەش، زمانی چڕبوونەوەو ئیحا گەیاندن‌و رەمزە، هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی (نەزانراو) نەك (زانراو)، هەر ئەوەش پێویستی بە هۆشیارییەکی بەرفراوان‌و تێڕامانی قووڵ هەیە بۆ هەستکردن بە هەموو رەهەندو لایەنەکانی، ئەوسا قەڵای ئەو سیحرو نهێنی‌و جوانییانە سووك‌و ئاسان خۆیان بەدەستەوە نادەن، چونکە بەرەو ئاستی شیعر هەڵکشاوە، نەك بۆ ئاستی تەقریرییەت دابەزیبێ. کاری ئەدەبیی داهێنەرانەو جوانیش، بۆ خۆی لێڵ‌و تەماوییەو زوو خۆی بەدەستەوە نادا.

لەو سەردەمەدا، هەموو ژانرو هونەرەکانی دەربڕین یەکدەنگییان تێپەڕاندووەو بەرەو فرەدەنگی (پۆلیفۆنییەت) پەلیان هاویشتووە، داهێنەر لەمرۆکەدا دەقی سەمفۆنیایی فرەدەنگو ژێ دەنووسێ، تا لە دەنگی (من)ی سادەوە بچێتە ناو هەموو دەنگەکانەوەو ئاوێتەیان بێ، ئەوەش پێویستی بە رۆشنبیریی سەردەمیانەی فراوان‌و هەمەچەشن هەیە بۆ گەیاندنی دونیابینیی شارستانییانەو مرۆڤانەو هاوچەرخانەی خۆی، بە مەبەستی شکاندنی فۆرمی تەقلیدییانەو دیدو تێڕوانینی سەلەفییانەی بەرتەسك‌و کۆڵەوارو کورتبین‌و دەستخستنە سەر فۆرم‌و ناوەڕۆکێکی نوێوە، بۆ ئەوەی بە تێڕوانین‌و چەمکێکی نوێوە توانایەکانی ئینسانی کوردو ئازارو مەینەتییەکانی بەرجەستەبکرێن‌و

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

دواکەوتوویی تێپەڕێنێ، هەموو ئەمانە بە چەکی هۆشیاریو رۆشنبیری دەکرێن، نەك بە (بەهرە)ی بچووكو سادەو ئاسایی دوور لە رۆشنبیریو خەیاڵو جیهانبینیی نوێ. لێرەشدا کورد دەبێت وەك داهێنەر خۆی بنوێنێ، چونکە ناکرێت کورد تا ماوە خڵتەی کۆمەڵی مرۆڤایەتی بێ، یان بەرماوەی هزری مرۆڤ بێ، بۆیە مەرج نییە هەموو رۆشنبیرێك نووسەر بێ، بەڵام ناکرێ نووسەری ئەم سەردەمە، رۆشنبیر نەبێ.

0 0 0

لە دنیای رەخنەو لێکۆڵینەوە نووسینیشدا، بەر لە هەموو شتێك دەبێت ئەو نووسینە دەست بۆ بابەتێکی نوێو بیرۆکەیەکی تازە ببات کە دەقو مۆری نەشکابێت، یان ئیزافەیەك بێت بۆ سەر ئەو کارانەی پێشتر کراون. ئەم نووسینە نوێو تازەیەش، پێویستی بە وردبوونەوەو خوێندنەوەو بەدواداچوونو رۆشنبیری هەیە، لە نووسیندا حیکمەت لە زۆرنووسینو زۆر لەچاپدانی کتێبی قەبارە گەورەدا نییە، ئەوەندەی گرنگییەکە لە تازەیی باسو بابەتەکەو قووڵیی بیروڕاو بۆچوونو جوانی شێوازو شێوەی چارەسازکردنی ئەو باسو بابەتانەیە کە کۆمەڵگە پێویستی پێیانەو کێشەو گرفتەکانی پێ چارەسەردەکرێت، یان پەیوەندیی راستەوخۆی بە مێژوو و زمانو ئەدەبیاتو کەلەپوورەکەیەوە هەیە، یان بریتین لەو بابەتانەن کە رۆشنبیرانو باسکارانو لێتوێژەرەوەکان پێویستیان پێیان هەیە. بۆ ئەو ئیشکردنو ئەو ئامانجەش، خۆڕۆشنبیرکردنو شەونخونیو ماندووبون پێویستە، دەنا ناتوانین لە بواری نووسینو لێکۆڵینەوەدا زانیاریی نوێ بدەینە خوێنەرانو کارێکی نوێو بەسوودیان پێشکەشبکەین. نووسین

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

لەمرۆکەدا بە ئیلهامو بەهرە نانووسرێ، چونکە نووسین کە بەرهەمی مەنتیقێکی راستەوخۆیە، لەگەڵ خوێنەراندا رووبەڕوودەبێتەوە. بەرهەمی بێتاقەتی نییە، ئەوەندەی بەرهەمی جدییەتە، بۆیە دەبێت لە کەشوهەوایەکدا بنووسرێت کە نووسەرەکەی بە زیهنێکی سافو هەلومەرجێکی لەبارو گونجاوی نەفسیو بە کەرەستەی رۆشنبیرییەکی پڕ لە دیقەتو هەمەلایەنەوە، بۆی بێتە مەیدانەوە.

() () ()

یەکێك لە هۆیەکانی ئەو زۆرو بۆری نووسینە، بێجگە لەوەی لێشاوی دەرچوونی چاپەمەنیو بڵاوکراوەو گۆڤارو رۆژنامەکان دروستیانکردووە، لایەنێکی دیکەی بریتییە لە ونبوونی رەخنەیەکی چالاكو گورجوگۆڵ تا شوێنپێی ئەو بەرهەمانە بکەوێت کە بەرهەمی ناوازەو دەگمەنو داهێنەرانەن، تا هیچ نەبێت پشکۆو تروسکەی ئەو بەهرە رووناکانە لەناو ئەو قەلآی خۆڵەمێشە دەربهێنێو لێیانی جودابکاتەوە. هەر نەبوونی ئەو رەخنەیەشە، بووەتە هۆی ئەوەی لەلایەك هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی نووسین لاواز ببێتو هەر کەسە بێتو قەڵەم بەدەستەوە بگرێتو خۆی بە نووسەرو داهێنەر دابنێ. لەلایەکی ترەوە، خوێنەرانیش لەناو ئەو سەفسەتەو هەراوزەناو پاشاگەردانییەدا، سەریان لێ بشێوێتو پێوەرێکی رەخنەیی راستو دروستیان لەلا دروستنەبێ، تا بەرهەمی باشو خراپی پێ لەیەکتر جیابکەنەوە. پێشموایە ئەو زۆریو بۆریو سادەگۆییەی ئەمڕۆ کە کەوتووەتە ناو دونیای نووسینەوە، هەر بە تەنها بەرۆکی نووسینی کوردیی نەگرتووە، بگرە دیاردەیەکە لەناو ئەدەبیاتی گەلانی دونیاش هەستیپێدەکرێ، بەلآم ئەوان بەرنامەیەکیان هەیە بۆ

ڕووبەڕووبوونەوەیان تا کاریگەریی نێگەتیڤانەی بەسەر چێژی گشتیی خوێنەرانەوە نەبێ، بۆیە بەهۆی ڕەخنەیەکی چالاکو ئامادەو زیندووەوە داکۆکی لە چێژی گشتی دەکەن. لێرەدا دەپرسین: چۆن کەسێك لەلای ئێمە دەبێتە ڕەخنەگرو ڕێنیشاندەری خوێنەرانو داهێنەرانو وەك پردی نێوانیان دێتە پێشەوە، لە کاتێکدا ئەو (ڕەخنەگر)و (نووسەر)ە لە خوێنەران کەمتر بخوێنێتەوە؟! ئایا ئاستی ڕۆشنبیریو چێژو خەیاڵو هەستی ئەو نووسەرە چیی لە ڕۆشنبیریو چێژو خەیاڵو هەستی خوێنەری ئاسایی زیاترە تا ڕێنوێنییان بکاتو پێشیانبکەوێ؟! ئەی چۆن دەتوانێت بەرەو گۆڕانکاریو نوێبوونەوەو هۆشیارکردنەوە پێشڕەوایەتیی کۆمەڵ بکات؟! من پێموانییە کەسێك خۆی پێ نووسەر بێ، لە خوێندنەوەکانی خۆی زیاتر بنووسێ، لەو کاتەدا دەبێت لە خۆی بپرسێت: بەو ڕۆشنبیرییە رووکەشەوە، چۆن دەتوانێت بەردەوامی بە داهێنانی خۆی بداتو چۆن وەك داهێنەرێك دەتوانێت لەگەڵ کۆمەڵو دامودەزگاکاندا بکەوێتە جەنگی باوەکانەوە، لەکاتێکدا ئەوەی دەیاننووسێت، هەموو شتێکە نووسینی چاك نەبێ. لە کۆتاییدا بە دێڕە شیعرێکی حاجی قادری کۆیی کۆتایی بە وتەکانم دەهێنم کە دەڵێت:

**ئەوەی بێ بەهرەیە لە کەسبو کەماڵ**

**ئەبێتە دەروێشو مارگرو حەماڵ**

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

## مەریوان وریا قانع..



لـــەناو هـــەموو نووســـەرێکی راســـتەقینەدا، رەقیبێکـــی فیکـــری‌و ئیـــستاتیکی‌و ئـــەخلاقی هەیـــە، ئـــەو سادەنووســـییەی لـــە کوردســـتاندا ئامادەیە، بەرهەمی نەبوون‌و مردنـی ئەم رەقیبە ناوەکییەیە.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

سادەگۆیی لە ئەدەبیاتی کوردیدا، تەنها وابەستەی بێدەربەستیو کەمخوێندنەوەو خەمساردی نووسەرانی کورد نییە، تەنها لەوێوە نەهاتووە کە ژمارەیەکی زۆریان پشت بەو شتە دەبەستن کە پێیدەڵێن "ئیلهام"و واز لە دەوڵەمەندکردنی عەقڵو خەیاڵیان دەهێنن لە رێگەی خوێندنەوەی تێکستە گرنگەکانی دونیاوە. راستە نەخوێندنەوە یان کەمخوێندنەوە زیانی گەورە بە توانای کرانەوەی خەیاڵو توانای بەرخوردو بیرکردنەوەی نووسەر دەگەیەنێت، ئەگەری خۆتازەکردنەوەو هێنانەپێشەوەی پرسیاری نوێو دۆزینەوەی گۆشەنیگای تازەو بینینی پەیوەندیی پێشتر نەبینراو لەنێوان دیاردەکانو شتەکانو ئینسانەکاندا، لاوازدەکات .دەڵێم لەگەڵ ئەم راستییانەدا ناکرێت سادەگۆیی تەنها بۆ ئەم نوقسانییە تاکەکەسییە لە کەسایەتیی نووسەراندا بگەڕێنینەوە، ئەگەرچی ئەم نوقسانییە رۆڵێکی گرنگ لە سادەگۆییو سادەنووسیدا دەگێڕێت. دۆخی سادەنووسی لە ئەدەبیاتی ئێمەدا، پەیوەندیی بە ئامادەگیی پارادایمێکی ئەدەبییەوە هەیە کە شێوازی ئیشکردنی ئەم پارادایمە لەنێو تێکستە ئەدەبییەکاندا، بەردەوام سادەگۆیی بەرهەمدەهێنێت. واتە لە پشتی سادەگۆیی ئەدەبیاتو نووسینی کوردییەوە شتێك ئامادەیە گەورەترە لە خوێندنەوەو نەخوێندنەوەی تاکەکەسیی نووسەران خۆیان .ئەم شتەش ئەو پارادایمە ئەدەبییەیە کە لە سەردەمی حاجی قادری کۆیی–ەوە لە نووسینو ئەدەبیاتی کوردیدا باڵادەستە.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

بەلاّم بۆ ئەوەی لـەم حوکمـە رەخنەییـە تێبگـەین، دەبێـت سـەرەتا بزانین "پارادیم" چییە، بەبێ تێگەیشتن لە چەمکی "پارادیم"، ئاشـکرا نییـە مـن چـیم مەبەسـتە کـە دەلّـێم سـادەگۆیی لـە ئـەدەبی ئێمـەدا بەرهـەمی پـارادایمێکی ئەدەبییـە . پـارادایم بـە سـەرجەمی ئـەو تیـۆرو وێنـەو گریمـانو مـۆدێلی بیرکردنەوانـە دەوترێـت کـە بەسـەریەکەوە چوارچـێوەیەکی گشتی بـۆ بیرکردنـەوە دروسـتدەکەن، چوارچـێوەیەك بەهۆیـــەوە واقیعێکـــی دیـــاریکراو وەســـفدەکرێتو لێکدەدرێتـــەوەو راڤـــەدەکرێت. پـــارادیم ســـەرجەمی مۆدێلـــەکانی بیرکردنەوەیـــە لـــە سەردەمێکی مێژوویی‌و مەعریفیی تایبەتـدا، ئـەو چوارچـێوە گشتییەی بیرکردنەوەیـە کـە پێمانـدەلّێت واقیـع چـییە، چـۆن تێیبگـەینو بـە چ شێوەیەك وێنایبکەین. واتە پـارادیم بونیـادی قـوولّیی بیرکردنەوەیـە لـە قۆنـــاغێکی مـــەعریفیی‌و مێـــژوویی دیـــاریکراودا. یـــەکێك لـــە ســـیفەتە ســـەرەکییەکانی ئـەم چوارچـێوە گشتییەی بیرکردنـەوە، ئەوەیـە کـە بەئاسـانی ناگۆرێـتو بـۆ ماوەیـەکی درێـژ دەمێنێتـەوەو پێناسـەکانو وێنەکانو تێگەیشتنەکانی بۆ واقیع دەکاتە پێناسو وێنـەو تێگەیـشتنی بەلّگەنەویستانە، بەجۆرێك دەرچـوون لێیـان، کـارێکی زەحمـەتو گـران بێـت. بێگومـان هـەموو پارادیمێـك پـارێزەرانو بەرگریلێکـەرانی خـۆی هەیـە، کەسـانێکی هەیـە کـە بـەردەوام وێنـەو پێنـاسو شـێوازەکانی روانـینی بەرهەمدەهێننـەوەو نـاهێلّن پـارادایمی نـوێ دروسـتببێت. لـە کوێدا پارادیمی نـوێ خـەریکی سـەرهەلّدان بێـت، لەوێـدا ئـەو پارادایمـە نوێییـە دەکەوێتـە ژێـر فـشارو پـەلاماری ئەوانـەوە کـە پاردایمـە کـۆنو بالاّدەسـتەکە دەپـارێزێن. قـسەکردن لەسـەر ئـەم لایەنـەی پـارادیم، باسێکە دەکەوێتە دەرەوەی سنووری ئەم چاوپێکەوتنەوەوە.

بـــەکورتی پـــارادیم بـــەو مۆدێلـــە بالاّدەســـتە دەوترێـــت کـــە لـــە ســـەردەمانێکی دیـــاریکراودا، وەکـو چوارچـێوەی گـشتیی بیرکردنـەوە

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

ئامادەیەو کاردەکات. بەم مانایە سادەگۆیی لە ئەدەبیاتی کوردیدا، وابەستەی ئەو چوارچێوە باڵادەستەی بیرکردنەوەیە کە رۆژگارێکی درێژە لە واقیعی ئەدەبیو فیکریی ئێمەدا، باڵادەستە. وابەستەی ئەو پارادیمە ئەدەبیو فیکرییەیە کە لە ناوەوە جووڵەی ئەدەبیاتی ئێمە سنووردار دەکاتو بە ئاراستەیەکی دیاریکراودا دەیبات کە ئاراستەی سادەگۆییو سادەکارییە لە نووسیندا. کە دەڵێم سادەگۆیی لە ئەدەبیاتی ئێمەدا پارادیمێکی لەپشتە، مەبەستم ئەوەیە لە پشتی ئەم سادەگۆییەوە، چوارچێوەی گشتیی بیرکردنەوەوە ئامادەیە.

بەم مانایە سادەگۆیی لە ئەدەبیاتی کوردیدا لەدایکبووی ئەمڕۆ نییە، بەتەنها دیاردەی دونیای دوای راپەڕینو دوای لەدایکبوونی ئەو ئیمپراتۆرییەتە ئیعلامییە گەورەیەی پارتە سیاسییەکان نییە کە دونیای کوردییان پڕکردووە لە نووسەری ئینشانووسو خراپنووسو بێڕۆحنووس. وەك چۆن تەنها دیاردەی سەردەمی پەیدابوونی تۆڕەکانی ئینتەرنێتو دروستبوونو کردنەوەی ئەو ژمارە گەورەیە لە ماڵپەڕی بێفیکرو بێقووڵاییو بێلەزەتیش نییە. بێگومان ئەم دیاردەی خراپنووسیو ئینشانووسییە، لەمڕۆدا رووبەرێکی ئێجگار فراوانی نووسینی کوردیی داگیرکردووەو لە رێگەی میدیای حیزبیو تەکنۆلۆژیای نوێی پەیوەندییشەوە گەشتۆتە ژمارەیەکی زۆرتر لە خوێنەران بەبەراورد بە قۆناغەکانی پێشتری نووسینو بڵاوکردنەوەی کوردی. هەر خودی ئەم بەرفراوانییەش لە نووسینو بڵاوکردنەوەدا، کارێکی کردووە نووسین لەمڕۆدا ببێتە پیشەیەکی بێبەهاو بێنرخو بێڕۆڵو ئەو قورساییە رەمزییە لەدەستبدات کە لە قۆناغەکانی پێشتردا هەیبوو.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

دیاردەی سادەنووسی لە ئەدەبیاتی کوردیدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وەرچەرخانە ئەدەبییەی حاجی قادری کۆیی لە ئەدەبیاتی کوردیدا دروستیکرد. حاجی قادر یەکەمین نووسەری کوردە کە نووسین بە رادەیەکی ترسناك سادە دەکاتەوە تا ئەو ئاستەی جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان زمانی نووسینو لەنێوان زمانی قسەو باسو ئاخاوتنی ژیانی رۆژانەدا نەمێنێتەوە. بێگومان حاجی قادر بە هۆشیارییەکی تەواوەوە ئەم کاردەکاتو مەبەستێکی تایبەتییشی لە ئەنجامدانی ئەم کارە هەبووەو لە هەندێك تێکستیشیدا بەئاشکرا ئەم مەبەستە رووندەکاتەوە. ئەم مەبەستەش خەونو هەوڵدانە بۆ دروستکردنی "نەتەوە" لە ئەدەبدا .ئەو پارادیمەی لەگەڵ حاجی قادردا دروستدەبێت، پارادیمی "بونیادنانی نەتەوەیە لە رێگەی نووسینو زمانەوە" ئەمەش لە یەك کاتدا پرۆژەی تازەکردنەوەی سیاسیو تازەکردنەوەی کۆمەڵایەتیو تازەکردنەوەی ئەخلاقیاتی کۆمەڵایەتییە. نەتەوە لەدوا دەرئەنجامدا بریتییە لەو پێکهاتە گشتییەی کە دەرئەنجامی دروستکردنو بەرهەمهێنانی چەندان "یەکەی گشتی"و "لێکچوو"ە کە وادەکات کۆمەڵێك ئینسان خۆیان وەك بوونەوەری لێکچوو و هاوشێوەو هاوزمان وێنابکەنو ئەم وێناکردنەشیان لە فۆڕمێکی سیاسیی تایبەتدا بەرجەستەبکەن کە فۆڕمی سەربەخۆیی سیاسییە.

کەواتە لەپشتی هەوڵدانی حاجی قادرەوە بۆ سادەنووسی، خەونێکی سیاسیو پەیامێکی ئەخلاقیو پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتیی نوێ پەنهانە کە نووسین نەك تەنها رۆڵی ئەوە دەبینێت تەعبیریان لێبکاتو بیانناسێنێت، بەڵکو رۆڵی سەرەکی لە دروستبوونو بەرهەمهێنانیشیاندا دەگێڕێت. نووسین لای حاجی قادر دەبێتە

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

خولقێنـەرو پیادەکـەرو بڵاوکـەرەوەی ئـەو پرۆژەیـە. کەواتـە خـودی سـادەکردنەوەی زمـانو سـادەکردنەوەی نووسـین لای حـاجی قـادر، بەشێکە لە پرۆسەیەکی تازەبوونەوەی گەورەتر کە تیایدا لەیەك کاتدا وێنەکانی خود خۆیو وێنەکانی ئەویدیو تێڕوانین بۆ ئـەدەبو بـۆ رۆڵـی زمانو بۆ خـەیاڵی سیاسـیو بـۆ رۆڵـی دین، دەکەونـە نـاو پرۆسـەیەکی بـــەرفراوانی ســـەرلەنوێ دەستنیـــشانکردنو پێناســـەکردنەوە. سـادەکردنەوەی زمـانو سـادەکردنەوەی نووسـین لای ئـەم شـاعیرە، بەشێکە لەم پرۆژە گەورەیەی گۆڕانو تازەبوونـەوە. بـەڵام هـەر خـودی ئەم تازەکردنەوە تایبەتە، وادەکات بەشی هەرە زۆری ئەدەبی ئێمـە لـە سەردەمی حاجی قادرەوە ئەو قووڵاییانە لەدەستبدات کە دەرئـەنجامی ئیـشکردنی ئەدەبـە لەسـەر ئینـسانو ئالۆزییـە ناوەکییـەکانی" لەسـەر ژیـانو ماناکـانی" لەسـەر دونیـا وەك چوارچـێوەی بـوونو چوارچـێوەی زینـدەگیی ئینـسان. لـەباتی ئەمانـە یـەك چـەمك لەئـەدەبیاتی ئێمـەدا سەروەر دەبێت کە چەمکی "نەتەوە"یـە. وردتـر بـدوێم ئـەوەی دەبێتـە بابەتی هەرە سەرەکی، ئەگەر نەڵێم تاقە بابەتی، ئەدەبیاتی کوردی لـە سەردەمی حاجی قادرەوە "پـڕۆژەو ئـەرکو کۆشـشە بـۆ دروسـتکردنو بونیادنانی نەتەوە لە ئەدەبدا."

ئەم پرۆژەیە دەبێتە ئەو پارادایمەی ئەدەبییە، لە سەردەمی حـاجی قادرەوە چوارچـێوەی سـەرەکیی بیرکردنـەوە لـە ئـەدەبو تێگەیشتنو پێناسـەکانمان بـۆ زمـانو بـۆ نووسـین دەستنیـشاندەکات. بەدرێـژایی سەدەی بیستەم ئەدەبی ئێمە لە دەوری چەمکی نەتـەوە سوڕاوەتەوە، بـەجۆرێك دەکرێـت بڵـێم بەشـی هـەرەزۆری ئـەدەبی ئێمـە، ئەدەبێکـە دەکرێت نـاوی "ئـەدەبی دروسـتکردنی نەتـەوە"ی لێبنـێین. لـە حـاجی قــادری کۆییــەوە تــا ســەر شــێرکۆ بێکــەس، بــە دەگمــەن نــەبێت،

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

نووسەرێکی کورد نادۆزینەوە کە تەوەرە سەرەکییەکانی نووسینو ئەدەبیاتی، پڕۆژەی دروستکردنی نەتەوە نەبێت. ئەو سادەگییە ترسناکەی لە نووسینو ئەدەبیاتی ئێمەدا سەروەرە، پەیوەندیی بەم دۆخە تایبەتەی ئەدەبی کوردییەوە هەیە، لەم پارادایمە ئەدەبییەوە دێتو بەبێ گۆڕینی ئەم پارادایمەش، زەحمەتە بگۆڕێت.

بێگومان بەر لە حاجی قادری کۆیی، رەگوڕیشەیەکی بچووکی ئەم دیاردە ئەدەبییە، واتە دیاردەی دروستکردنی نەتەوە بە ئەدەبو بەتایبەتی بەشیعر، لای نالی هەیە. بەرگریکردنی نالی لەوەی کە بە کوردی دەنووسێت، بە زمانێك کە دواتر لای حاجی قادر وەك زمانێکی نەتەوەیی مامەڵەدەکرێت، سەرەتای ئەم پڕۆسەی دروستکردنی نەتەوەیە پێکدەهێنێت لە ئەدەبی ئێمەدا. دەڵێم سەرەتای ئەم پڕۆسەیە، چونکە لای نالی زمان هێشتا مانای نەتەوەیی وەرنەگرتووەو هێشتا لە جوغزی زادگاو دیالێکتێکی دیاریکراوو رۆحی ئیمارەتێکی کوردیو سەلیقەیەکی شیعری دەرنەچووە. زمان لای نالی، زمانی زاتێکی شیعرییە بەبێ زاتێکی نەتەوەیی، زمانی هەستێکە بە زادگا بەبێ هەستکردن بە نیشتیمانی نەتەوەیی، زمانی پێداگرتنە لەسەر نرخێکی تایبەت بەبێ ئەوەی ئەم نرخە بووبێت بە نرخێکی نەتەوەیی. بەکورتی زمانێکی پیاوێکی دینییە، بەبێ ئەوەی دین بووبێت بە ئامرازێك لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی نەتەوە. بەڵام هەموو ئەم شتانە لای حاجی قادر، گۆڕانێکی گەورەیان بەسەردا دێتو هەموو بەهاو نرخە ئەخلاقییەکان، دینو زمان دەبنە ئامرازی دروستکردنی نەتەوە. من لێرەدا تەنها لەسەر گۆڕانی ماناکانی زمان لای حاجی قادر دەوەستم. لای حاجی قادر زمان دەبێتە بناغەی شوناسی تاکەکەسیو شوناسی نەتەوەیی، دەبێتە ئەو سەرزەمینەی نەتەوەی تێدا

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

دروستدەبێتو نەتەوەی تێدا دێتە قسەو نەتەوە تێیدا خەونە سیاسییەکانی دەبینێت. لای ئەم شاعیرە، پرۆسەی دروستکردنی نەتەوەو پرۆسەی بونیادنانەوەو سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی زمان، لەیەکدی جیاناکرێنەوە. بە مانایەك لە ماناکان، ئەم شاعیرە زمان یەکساندەکات بە نەتەوەو نەتەوەش بە زمان. دەرەوەی زمان، دەرەوەی نەتەوەیەو ناو زمانیش، ناو نەتەوە خۆیەتی. راستییەکەی لەلای حاجی قادر، زمان هەنگاوێك زیاتر دەڕواتو دەبێتە مەقولەیەکی ئەخلاقیو لەوە دەردەچێت بەشێك بێت لە کردەی بەرهەمهێنانی ئەدەبو کردەی نووسین، یان ئامرازێك بێت بۆ تێگەیشتن لە دونیاو لە ئینسانو لە دیاردەکان. زمان لەلای حاجی قادر، دەبێتە پێوەرێك بۆ ئەوەی ئینسانی راستەقینە، واتە کوردی راستەقینە، لە ئینسانی ناڕاست، واتە کوردی ناپاك، جیابکاتەوە. دەبێت بە ئامرازێك بۆ ناسینەوەو جیاکردنەوەی ئینسانەکانو نرخاندنیان. زمان دەبێت بە پێوەری جیاکردنەوەی ئەخلاقی راست لە بەدئەخلاقی، نیشتیمانپەروەر لە خائین. لە هەردوو دۆخەکەدشدا، هەر یەکێك لەم لایەنانە، تەعبیر لە دۆخێکی دەستەجەمعیی نەتەوەییو نانەتەوەیی دەکەن. لەلای حاجی قادر، کەسێك زمانی خۆی نەزانێت، بێشك دایکی سۆزانییەو باوکیشی شەڕواڵپیسە.

حاجی قادر ئەندامانی نەتەوە وەك میرو پادشاو رۆستەمی زاڵمو حاتەمی تائی وێنادەکاتو شوێنێك بۆ ئافرەتی سۆزانیو شەڕواڵپیس لەناو نەتەوەدا ناهێڵێتەوە. هەموو ئەمانەش لە رێگەی سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی زمانو سادەکردنەوەیەوە ئەنجامدەدات. بەکورتی حاجی قادر دوو شت ئەنجامدەدات کە کاریگەریی گەورە لەسەر سەرجەمی ئەدەبیاتی دوای خۆی بەجێدەهێڵێت" یەکەمیان: کردنی

زمانە بە بنەمای شوناسی تاکەکەسیو شوناسی نەتەوەییو لەوێشەوە بە سیاسیکردنو بە بەئەخلاقیکردنێکی بەرفراوانی زمان، بەجۆرێك وادەکات زمان کورت ببێتەوە بۆ هێمایەکی سیاسیو هەڵوێستێکی ئەخلاقی بەتەنها. دووەمیان: سادەکردنەوەی زمانی نووسینو دابەزاندنێکی ترسناکی بۆ ئاستی زمانی قسەکردنی رۆژانەو داماڵینی لە هەموو ئاڵۆزییەك کە لە ئاڵۆزییەکانی ئینسانو ئاڵۆزییەکانی ژیانو ئاڵۆزییەکانی دونیاوە هاتبن. بە مانایەکی دیکە لە کاتێکدا حاجی قادر زمان دەکاتە سێنتەری ئەدەبیاتو سێنتەری شوناسی نەتەوەیی، لە هەمانکاتدا بە شێوەیەك سادەی دەکاتەوە کە لەوە دەکەوێت زمانی ئەدەبیاتو زمانی فیکرو زمانی هەر تێڕامانێکی جدیو راستەقینە بێت لە ئینسانو لە دونیاو لە ژیان. وەك وتم ئەم سادەکردنەوەیەی زمان لە ئەدەبی حاجی قادردا، وابەستەی خەونی گۆڕینی زمانی کوردییە لە زمانی نوخبەیەکی خوێندەواری بچووکەوە بۆ زمانی نەتەوەیی، واتە پرۆژەیەکی سیاسیی نەتەوەیی گرنگی لەپشتەوەیەو مانا سیاسییەکانی ئەم کارەی حاجی قادر بۆ دروستبوونو گەڵاڵەکردنی شوناسی نەتەوەیی کوردی، ئێجگار گرنگن. بەڵام هەر خودی ئەم کارە، زیانێکی کوشندە لە سەرجەمی توانا تەعبیرییەکانی زمانی کوردیو ئیشکردنی فیکریو ئیستاتیکیی ئەم زمانە لەناو تێکستە ئەدەبییەکاندا دەدات.

حاجی قادر لە رێگەی کردنی زمانەوە بە بنەمای شوناسی تاکەکەسیو شوناسی دەستەجەمعیو لە رێگەی سادەکردنەوەو بەخشینی ئەو شەحنە ئەخلاقییە گەورەیەوە بە زمان، ئەرکی زمان لە ئەدەبدا کورتدەکاتەوە بۆ ئەرکی دروستکردنی ئەخلاقو شوناسی

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

نەتەوەیی. زمان لەم پارادایمەدا، یەك ئامانجو یەك هۆكار ئاڕاستەی دەكات" دروستكردنی نەتەوە.

زمانی نەتەوەش، زمانی زاتێكی تاقانەی پڕ پرسیارو پڕ دڵەڕاوكێو پڕ نائارامی نییە كە بۆ دەربڕینو باسكردنی خۆی پێویستی بە زیاد لە زمانێك بێت لەناو هەمان زماندا، یان وەك دۆلۆز دەڵێت پێویستی بە "بوونی زمانێك بێت لەناو زمان خۆیدا." زمانی دروستكردنی نەتەوە، زمانی زاتێكی دەستەجەمعییە، ئەو زمانە سادەیەیە كە لانیكەمی پەیوەندی لەنێوان هەموو بەشە جیاوازەكانی نەتەوەیەكدا مەیسەردەكاتو وادەكات خەڵكی ئەم سوچی نیشتیمان لەگەڵ خەڵكی ئەو سوچی نیشتیماندا، لەیەكتری تێبگەن. هەموویان بەیەك زمان بدوێنو یەك شت بڵێن. ئاشكرایە زمانێكی لەم بابەتە، ناتوانێت ببێتە زمانی ئەدەبیاتێكی قووڵو بارگاوی بە پرسیاری رۆحیو فیكریو فەلسەفیی قووڵ، ناتوانێت ببێتە زمانی زاتێك كە دونیا تەنها لە دیدی خۆیەوە ببینێتو لەو دیدە تاكەكەسییەشەوە تەعبیری لێبكات، زمان لەناو زماندا دروستبكاتو زمان دابەشبكات بۆ چەندان زمانی جیاوازو تایبەتی. بۆ ئەوەی ئەم خاڵە زیاتر روونبكەمەوە، با ئەم زمانەی سادەیەی حاجی قادر بە زمانی مەحوی بەراورد بكەین.

حاجی قادرو مەحوی لە یەك رۆژگاردا ژیاون، زمانی مەحوی زمانی ئەدەبیاتی كلاسیكییە لە چڵەپۆپەی داگیرسانو بارگاوییبوونیدا بە دەلالەتی فەلسەفیو دینیو رۆحیی تاكەكەسی، بەڵام چونكە زمانێكە ناتوانێت ببێتە زمانی دروستكردنی نەتەوە، چونكە ناتوانێت ببێتە زمانی زۆربەی خەڵك، چونكە ناكرێت كورتبكرێتەوە بۆ ئەو زمانە سیاسییەی كە پرۆسەی دروستكردنی نەتەوە لە كوردستاندا پێویستی

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

پێیـەتی، چـونکە ناکرێتـە زمـانێکی دەسـتەجەمعی، دەبیـنین هـەر لـە دەیەی یەکەمی دوای مردنی مەحویدا، لەناو شیعرو ئەدەبیاتی کوردیدا بزردەبێـتو زمـانی حـاجی قـادر جێگـەی دەگرێتـەوەو دەبێتـە زمـانی باڵادەستی ئەدەبیاتو سیاسەت لـە دونیـای ئێمـەدا. ئـەم وەرچـەرخانە ریـشەییە، ئـەم پارادایمـە، وادەکـات زمـانی ئـەدەبیاتی ئێمـەو زمـانی ئاخاوتنی رۆژانەو زمانی داواکارییە سیاسییەکانی میللەتی ئێمـە، ببێتـە یـەك زمـانو سـنوورێکی راسـتەقینە نـەبێت ئـەمیان لـەوی دییـان جیابکاتـەوە. ئەمـەش وایکـردووە ئـەم زمانـە نـەتوانێت ئـەدەبیاتێکی بەرزو قـووڵو فرەئاراسـتەو فرەمانـا بەرهـەمبهێنێتو لـەپاڵ نەتـەوەدا، تاکەکەسێکی پڕ پرسیارو پـڕ گومـانو پـڕ لێکدانـەوەو پـڕ خـەیاڵو پـڕ ئاسـتو پـڕ نـاکۆکی لـە ئـەدەبی ئێمـەدا دروسـت ببێـت. ئـەوەمان لەبیرنەچێت، رۆژگارێکی درێژ لەژێر سایەی ئەو هەموو فـشارو هەڕەشـە ترسناکانەدا کە لەسەر زمانو ئەدەبیاتو ژیانی میللەتی ئێمـە هـەبووە، دۆخێکی دروست ببوو تەنانەت خودی نووسین بە زمانی کـوردی، خـۆی یەکێك بوو لە نیشانەکانی بوونو زیندوویی نەتـەوە خـۆی. بـەکارهێنانی زمانەکە خۆی هێمایەك بووە بۆ بوونو ئامادەگیی نەتەوە خـۆی، ئیـدی زۆر گرنگ نەبووە بەو زمانە چـی دەنووسـرێتو چـی دەوترێـت. ئـەوەی گرنگ بووە، بوونو ئامادەگیی زمانەکە خۆی بووە وەك رەمـزی بـوونو ئامادەگیی نەتەوە خۆی.

ئـەم دۆخـەش وایکـردووە مانـا سیاسـییەکانی زمـان لـە ئـەدەبیاتی ئێمەدا لە هەموو ماناکانی تری گرنگتر بێتو لـەزۆر دۆخیـشدا ئـەم مانـا سیاسیانە سـەرجەمی ماناکـانی تـری زمـان بکوژێـت. بـەڵام بـۆ ئـەوەی نەتەوە دروستبکەیت، پێویستت بە چییە؟ یان وردتـر بپرسـین: دەبێـت

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

زمـــانی دروســـتکردنی نەتـــەوە لەســـەر چ بابـــەتێك ئیـــشبکاتو چـــی دروســـتبکاتو چ مانایـــەکی هـــەبێت؟ وەڵامدانـــەوەی ئـــەم پرســـیارە زەحمەتەو دەکەوێتـە دەرەوەی سنووری ئـەم چاوپێکەوتنەوە، بـەڵام ئەوەی لێرەدا دەکرێت زۆر بەخێرایی هێمای پێبکرێـت، ئـەو راسـتییەیە کـە زمـانی دروسـتکردنی نەتـەوە، زمـانی پێداگرتنـە لەسـەر یـەکبوونو وێکـچوونو هاوبەشـبوونو سـەرجەمی ئـەو شـتانەی کـە کاراکتـەرێکی دەستەجەمعیی یەکگرتوو بە نەتەوە دەبەخشن. ئـەدەبی دروسـتکردنی نەتـەوە، ئـەدەبی دروسـتکردنی ئـەو ئینـسانانەیە کـە لەیەکدەچـن، کـە جیاوازییـەکانیان لەبیردەکـەن، کـە بـەدوای یـەك ئامـانجو یـەك هیـوادا دەڕۆن، یـەك جـۆر خۆشەویـستیو یـەك جـۆر رقو یـەك جـۆر خیانـەت دەناسن، یەك دوژمنیان هەیە، یەك جۆر دۆست دەبینن‌و لـە هەمووشـی گرنگتر، بە یەك زمان قسەدەکەن. واتە ئـەدەبی دروسـتکردنی نەتـەوە، ئەدەبێکــە بــەدوای شــتە جەمعییەکانــدا دەگــەڕێت، بــەدوای ئــەو هاوبەشانەدا دەگـەڕێت کـە کۆمەڵـە خـەڵکێك دەکـات بـە ئەنـدامی یـەك نەتـەوەو هەرچـی شـتێکیش ئـەم یـەکبوونو وێکـچوونو هاوشـێوەییە زەحمەتبکاتو رێگر بێت لەبەردەمیدا، لابرێت. لەپێش هەموانیـشەوە بەکارهێنانــە فــەردیو نادەســتەجەمعییەکانی زمــان خــۆی. ئەمەیــە وادەکات لەدوای حاجی قادرەوە، زمانی شاعیرانی کورد ببێتە زمـانێکی وێکچوو هاوشێوەو زۆر لەیەك نزیك، بەجۆرێك ئینسان هەستدەکات ئـەم شــاعیرانە هــەموویان بەیــەك زمــان دەدوێــنو زۆربەشــیان یــەك شــیعر دەنووسن. ئـەو جیاوازییـەی لـە ئـەدەبیاتی کلاسـیکیدا لـەنێوان زمـانی نــالیو زمــانی ســالمو زمــانی مــەحویو جیهانــە شــیعرییەکەی هەریەکێکیاندا هەیە، لە ئەدەبیاتی دوای حاجی قادردا نایدۆزینەوە.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

زمانی زێوەرو بێکەس‌و شێخ سەلام‌و قانع‌و زۆرانێکی دیکە، بە رادەیەکی گەورە لێکدەچن، زۆربەی بابەتە شیعرییەکانیان یەکن، گۆشەنیگاکانیان جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە ..هتد. بەکورتی زمان لە ئەزموونی ئەم شاعیرانەدا، کەمتر زمانی ئەدەب‌و زیاتر زمانی دروستکردن‌و بونیادنانی نەتەوەیە. هەر ئەمەشە نیشانمان دەدات بۆ لە ئەدەبی کوردیدا ئەو هەموو شیعرە پڕ موبالەغەیە بەسەر کرێنی مەکینەی چاپ‌و دەرچوونی رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکاندا وتراوە، بۆ ئەو هەموو شیعرە بەسەر دامەزراندنی یانە ئەدەبی‌و سیاسی‌و رۆشنبیرییەکاندا وتراوە، بۆ ئەو هەموو شیعرە بەسەر کردنەوەی قوتابخانەیەکدا، کردنەوەی سەندیکایەکی مامۆستایان‌و یەکێتییەکی خوێندکاراندا وتراوە. هەریەکێك لەم شتانە، ئامرازی دروستکردنی نەتەوەو مۆدێلی بەرهەمهێنانی نەتەوە بوون، بۆیە هەموویان بوونەتە بابەتی ئەدەب‌و دەیان تێکستیان دەربارە نووسراوە. لە ئاستی ویژدانی‌و رۆحیی دروستکردنی نەتەوەشدا، ئەم ئەدەبیاتە بە شێوەیەکی گشتی وێنەی ئینسانێکمان بۆ دەکێشێت کە شتێکی دیکە لە ژیانیدا نییە، جگە لە خۆشەویستی بۆ نیشتیمان‌و ئامادەگیی بەردەوام بۆ قوربانیدان، بەبێ ئەوەی ئەم ئامادەگییە بووبێتە هۆیەك بۆ بیرکردنەوە لە عەشق‌و لە قوربانی‌و لە نیشتیمان وەك بابەتی ئەبستراکت یان موجەرەد. راستییەکەشی ئەوەی نەتەوە دەیەوێت دروستبوونی هەستێکی سادەو بەهێزە بە ئینتیما، نەك شیکردنەوەو راڤەکردنی ئاڵۆزییەکانی ئەو چەمکانەی لەپشتی ماناکانی ئینتیما یان بێئینتیماییەوە هەن.

ئینسانی ناو ئەدەبیاتی کوردیی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، ئینسانێکە عاشقی نیشتیمانەو وەك "بەرخی نێر" ئامادەگیی

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

سـەربڕینە، وەك قـانع دەڵێـت. واتــە کەسێکە لـە فـۆڕمی پرۆژەیـەکی بەردەوامی خۆفیداکردنو بـوون بـە پێشمەرگەدا ئامادەیـە. لـە نیـوەی دووەمیــدا کــە یەکــەمین فیــشەکی شۆڕشــی چــەکداری دەتــەقێتو گیانفیـدایی راسـتەقینە لـە پانتاییـەکی زۆر فـراوانتردا دەسـتپێدەکات، ئیدی وێنەی ئەم ئینسانە لە ئەدەبیاتی ئێمەدا دەبێـت بـە پێشمەرگەی راستەقینە، بە کەسێك کە لەبەردەم مردنێکی واقیعیو راسـتەقینەدایە نەك لەبەردەم مردنێکی رەمزیدا. ئامـادەگیی ئـەم مردنـە بـە رادەیـەك نزیكو حـازرەو شۆڕشـیش بـە شـێوەیەك لـە دۆخـی بەرەنگاربوونـەوەی ئەم مردنەو بەرهەمهێنانی مردن خۆیدایە، مەودایەك بۆ ئەوە ناهێڵنـەوە مردن ببێتە بابەتێکی فەلسەفیو فیکریـی قـووڵ، بـەڵکو وەك شـتێك کـە نابێـت لێـی بترسـێتو وەك شـتێك کـە بارگاوییـە بـە مانـای سیاسـی، ئامادەیە. ئەزموونی مردن کە تاکەکەسـیترین رووداوی ژیـانی ئینـسانە، لـــەم ئەدەبیاتـــەدا وەك بابـــەتێکی سیاســـیو وەك رووداوێکـــی دەستەجەمعیو رەمزی مامەڵەی لەگەڵدا کـراوە. بـەکورتی ئینـسان لـە ئەدەبیاتی نیوەی یەکەمو نیوەی دووەمـی سـەدەی بیستەمی ئـەدەبی ئێمـەدا، جگـە لـە هـەڵگری خۆشەویـستییەکی سروشـتیو غـەریزی بـۆ نیشتیمان، هەڵگری قووڵاییەکی دیکەی شایانی باسکردن نییە.

قۆناغی شۆڕشو خەباتی چەکداری، ئـەدەبیاتی ئێمـە بـە رادەیـەکی ئێجگار ترسناك سادەدەکاتەوە، خولقاندنی حەماسـەتو کۆکردنـەوەی خــەڵك لــە دەوری شــۆڕش، دەبێتــە خــەمی هــەرە ســەرەکیی ئــەم ئەدەبیاتە. ئەمەش لەژێر رەحمی ئەو دەسەڵاتە داگیرکـەرو سـتەمگەرو تورانــەدا کــە ئــەم ئەدەبیاتــەیان لــە ســایەدا نووســراوە، دۆخێکــی دروســتکردووە نووسـین ببێتــە گەمــەکردنێکی راسـتەقینە بــە ژیــانی نووسەرەکە خۆی. ئازاردانو راونانو گرتنو کوشتنی نووسـەران لەسـەر

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

تێسکتەکانیان، ئەو ریسکە بووە کە ئەدەبیاتی قۆناغی شۆڕش تێیدەکەوێت. ئەمەش وادەکات وێنەیەك بۆ کەسایەتیی نووسەر دروست ببێت، تەریب بە کەسایەتیی پێشمەرگەو هەڵگری هەمان مانا بێت. ئەوەشی دەنووسرێت، لەباتی ئەوەی وەك تێکستێکی ئەدەبی ببینرێتو وێنابکرێت، وەك چەکێك لە کاروانی ئەو شۆڕشو خەباتەدا وێنابکرێت. ئەم دۆخە وایکردووە پێوەری نووسەربوونو نووسەرنەبوون، بەها ئەدەبیو فیکریو رۆحییەکانی ناو تێکستەکان نەبێت، بەڵکو شێوازی هەڵوێستو بڕی ئازایەتیو رادەی ئامادەگیی نووسەرەکە بۆ قوربانیدان بێت. ئەمەش وایکرد بڕێکی زۆری ئینسانی ئازا ببن بە نووسەرو بڕێکی زۆی نووسەرانیش بەدوای ئەو جۆرە ئازایەتیدا بگەڕێن. هەموو ئەم شتانە چەندە لە رووی سیاسییەوە گرنگ بووبنو چەند دڵسۆزیو قارەمانێتیی گەورەی نووسەرانی نیشاندابێتو چەند پێداویستییەکی گەورەو گرنگی دروستکردنو پەرەپێدانو پاراستنی شوناسی نەتەوەیی ئاراستەی کردبێت، لەوە دەرباز نابێت هۆکارێکی گەورەی هەژارکردنێکی ترسناکی ئەدەبیاتی ئێمە بووە. چونکە هەمیشە مانا ساتەوەختەییەکانی ئەم ئەدەبە، لە مانا ستراتیژییەکانی گرنگتر بوون. خولقاندنی دەستەبەجێو خێرای حەماسەتو رۆحی بەرگریی چەکداری لە ئینساندا، لە خولقاندنی رۆحێکی پرسیارگەرو قەلەقو نائارام گرنگتر بووە. ئەمەش وایکردووە بەهای مێژوویی ئەم ئەدەبیاتە لە دروستکردنی نەتەوەدا، تەواو ناکۆك بێت بە بەها ئەدەبیو فیکریو رۆحییەکانی دروستکردنی ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەند. ئەگەر بمەوێت ئەو وتە بەناوبانگەی مارکس کە دەڵێت: "کاری فەیلەسوفان لێکدانەوەی دونیا نییە، بەڵکو گۆڕانیەتی." ببەستمەوە بە ئەدەبی ئێمەوە، دەکرێت بڵێم: ئەدەبی ئێمە ئەدەبی هەوڵدان نییە بۆ تێگەیشتن لە دونیا، بەڵکو ئەدەبی هەوڵدانە بۆ

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

گـۆڕینی. گۆڕانیـشی نـەك بـە شـێوەیەکی ڕەگوڕیـشەیی کـە تێییـدا ئینسانو بوونو ژیان وەك گشتێك بگۆڕێنو سەرلەنوێ دروست ببنـەوە، نــەك بــە مانــای گــۆڕانی زمــانو لەوێــشەوە گــۆڕانی دیــدەکانو چــاوەڕوانییەکانو خەونــەکان، بــەڵکو گــۆڕان بــە مانــا سیاســییە بەرتەسکەکەکەی. واتە یەکێك لە کێشە هەرە گەورەکانی ئـەو پارادیمـە ئەدەبییــەی لــە ئــەدەبیاتی ئێمــەدا کــاریکردووە، ئەوەیــە هــەموو ئاڵۆزییەکانی ژیانو هەموو کێشەکانی بوونی ئینسانی کورتکردووەتەوە بۆ هێنانەکایەی گۆڕانێکی سیاسی. ئەدەبیاتی کوردی بـەم مانایـە ڕێك وەك داواکارییــە سیاســییەکانی میللــەتی ئێمــە بــەدوای ئیعترافێکــی سیاسیدا گەڕاوە. لـەم گەڕانەشـیدا سـەرجەمی چالاکییەکانی ئینـسانی ئێمەی کورتکردووەتەوە بـۆ گـەڕان بـەدوای ئـەم ئیعترافـە سیاسـییەدا. بەکورتی ئەوەی لەپشتی لاوازیـی ئـەدەبیاتی ئێمەوەیـە، ئـەم پارادیمـە ئــەدەبیو سیاســییە، نــەك مەســەلەی خوێندنــەوەو نەخوێندنــەوەی نووســەران. مـن گومـانم لـەوە نییـە کـە بڕێکـی زۆری نووسـەرانی کـورد تێکستە ئەدەبییە گەورەو گرنگـەکانی دونیایـان خوێندووەتـەوە، بـەڵام نــەبوونی ئــەم تێکــستانە بــە بەبەشــێك لــە خــەیاڵی ئــەدەبیمانو ڕەنگنەدانەوەیان لەناو ئـەدەبیاتی کوردیدا، ئـەم پارادیمـە ئەدەبییـەی لێ بەرپرسیارە کە باسمکرد. ئەو پارادیمە لێی بەرپرسـیارە کـە هـەموو کرانەوەیەك بەسەر ئـەدەبیاتی دەرەوەدا، جـارێکی تـر لەناوخۆیـدا بـەو کێــشە ســەرەکییەوە گرێــدەدات کــە ئــەم ئەدەبــە پێیــەوە دەرگــیرەو بونیـادی قـووڵیی تێکستەکان، یـان خـەیاڵی ئـەدەبی، ئاڕاسـتەدەکات، کێشەی دروستکردنی نەتەوە لە ئەدەبدا.

وەك وتیــشم چــونکە نووســەربوون لــەژێر دەســەڵاتی ڕژێمــە داگیرکەرەکاندا، ئـەو هـەموو ئەگـەرە ترسـناکانەی بـەدواوەوە بـوو کـە بــاسمکرد، لــە گــرتنو ڕاوەدوونانــەوە بــۆ کوشــتن، بۆیــە ژمــارەی

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

نووسەرانی کورد لە شەستەکانو حەفتاکانو هەشتاکاندا ئێجگار کەمو سنووردار بوو. راستە بەشی هەرەزۆری ئەوەی دەنووسرا، قووڵاییەکی فیکریو ئەدەبیی گەورەی نەبوو، بەڵام پێویستی بە ئازایەتییەکی زۆرو ئامادەگییەکی بەردەوام هەبوو بۆ گەمەکردن بە ژیان. لەو رۆژگارەدا بەشی هەرەزۆری نووسینی کوردی گرێدراوی مەسەلەی کورد بوو، داواکاریی مەسەلەی کوردیش لە ئینسانی کورد لەو رۆژگارەدا، لە ئامادەگیی بۆ مردن کەمتر نەبوو. ئەمە یەکێکە لەو هۆکارە گرنگانەی کە نەبوونی ئەو ژمارە زۆرەی نووسەران کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە، لێکدەداتەوە. بێگومان ئەمە تاقە هۆکارێك نییە، زۆر هۆکاری دیکە هەن کە باسکردنیان دەکەوێتە دەرەوەی سنووری ئەم باسەوە.

تا قۆناغی راپەڕین، نووسینی کوردی لە چوارچێوەی ئەم پارادیمەدا مایەوە کە باسمانکرد، بەڵام دونیای دوای راپەڕین دەرگا لەسەر قۆناغێکی نوێ دەکاتەوەو دۆخێکی نوێی نووسینو ئەدەبیات دەهێنێتە پێشەوە، بەڵام ئەم دۆخە ناتوانێت ئەو پارادایمە باڵادەستەی ناو ئەدەبیاتی کوردی بگۆڕێت. راستە قۆناغی دوای راپەڕین، قۆناغی دروستبوونی دونیایەکی نوێو هێزی نوێو کێشەی نوێیە، نووسین لەم قۆناغەدا دەکەوێتە ناو فەزاو دۆخێکی تازەوەو باس لە کۆمەڵێك کێشەی نوێ دەکات، بەڵام ناتوانێت لەو سادەگۆییەی رزگاری ببێت کە بەشێکی دانەبڕاوە لەو پارادایمە ئەدەبییە باڵادەستەی کە هەیە. لە دونیای دوای راپەڕیندا، نووسینی کوردی بە شێوەیەکی دیکە سادە دەبێتەوەو ئامرازی دیکەی بۆ سادەبوونەوە لەبەردەستدایە، جیاواز لەوانەی لە قۆناغی بەر لە راپەڕیندا هەبوون. بەرلەوەی وێنەیەکی گشتی ئەو دیمەنە بکێشم کە لەدوای راپەڕینەوە دروستبووە، دەمەوێت سەرەتا لەو گریمانەوە دەستپێبکەم کە سادەگۆیی نووسینو ئەدەبیاتی دوای راپەڕین، سادەگۆییەکە لە دەرەوەی مەسەلەیەکدا بەو شێوەیەی بۆ نموونە لای

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

حــاجی قــادر ئامــادەبوو، ســادەگۆییەکە بــەبێ پــڕۆژە، بــەبێ چاوەڕوانییەکی سیاسیی و فەرهـەنگی لـە جـۆری ئـەوەی لای بێکـەس و قانع و ئەحمەد موختار هەبوو. چیدی پـارادیمی دونیـای دوای راپـەڕین، پـارادیمی دروسـتکردن و پاراسـتنی نەتـەوە نییـە لـە نووسـیندا، بـەڵکو پـارادیمی پاراسـتن و گـەورەکردنی حیزبـە لەسـەر حـسابی نەتـەوە، پارادیمی جێگرتنەوەی نەتەوەیە بە حیـزب، پـارادایمی بـەحیزبیکردنی زمـــان و بـــەحیزبیکرنی نووســـین و بـــە حیزبیکردنـــی نووســـەرانە. یادکردنەوەی نووسەری حیزبی و رێکخستنی فێستیڤاڵ و بۆنەی حیزبـی، بەشـێکن لـە رووە رێکخراوەییەکـەی ئـەم پارادایمـە ئەدەبییـە. بەشـی هـەرە زۆری نووسـینی کـوردیی دوای راپـەڕین، نووسـینێکی حیزبییـە. ئیدی لـە دەنگوباسـی حیـزب و سـەرکردەکانییەوە بیگـرە بـۆ داهێنـانی زمانی تایبەت بۆ شەڕی ناوخۆ و بۆ خۆشـکردن و قووڵکردنـەوەی ئـاگری ململانێ و ناکۆییەکان. لە قۆناغی دوای شەڕیـشدا، ئیـدی ئـەم نووسـینە حیزبییـە لـە خۆشـکردنی ئـاگری شـەڕەوە دەپەڕێتـەوە بـۆ باسـکردنی پرۆژەکانی ئاشتی و دروستکردنی رێگەوبان و چاندنی نەمامـەکان. دوای ئەمانەش دەپەڕێتەوە بۆ هەوڵی بەگشتیکردنی خەونـە نوخبەوییـەکانی حیزب لە خەونی بـە دوبـەیکردنی کوردسـتانەوە، بـۆ خـەونی ملیـۆنێرە سیساسییەکان. هەموو ئەمانە وادەکەن بەشی زۆری نووسـینی کـوردیی قۆناغی دوای راپەڕین، کورت ببێتەوە بۆ پڕوپاگەندە و لـە چوارچـێوەی ئەو ململانێ حیزبییەدا بـژی کـە لـەدوای راپـەڕینـەوە تـا ئـەمڕۆ بووەتـە شێوازی سەرەکیی ململانێ لە کوردستاندا.

بـە دیـوی ئـەودیودا، دونیـای دوای راپـەڕین دەبێتـە دونیـای دەیـان رۆژنامـە و گۆڤـار و بڵاوکـراوەی جۆربـەجۆر، دەیـان رادیـۆ و تەلـەفزیۆن و ناوەندی رۆشنبیری و ئەدەبی، دەیان قەڵەمبەدەست و کـادری ئیعلامیـی خـراپ و بێخـەیاڵ، کـە سـەرجەمیان (چ بەشـێوەیەکی راسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ) بـەو چـەرخوفەلەکە گەورەیـەی حیزبـە سیاسـییەکانەوە

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

گرێدراون کە لە کوردستاندا دەسوڕێتەوەو نووسینی بێناوەڕۆکو بێقووڵاییو بێفیکر بەرهەمدەهێنێت. کەم ئەندام سەرکردایەتیی ئەم یان ئەو حیزبی سیاسی هەیە کە گۆڤارو ڕۆژنامەو نووسەری تایبەت بە خۆی نەبێت، کەم باڵی حیزب هەیە، درێژکراوەیەکی ئیعلامیو ڕۆشنبیریی نەبێتو بە دەیانو سەدان کەس لەو بوارانەدا کاریان نووسینو بڵاوکردنەوە نەبێت. کەم حیزب هەیە، خاوەنی ئیمپراتۆرییەتێکی بچووک یان گەورەی ڕاگەیاندن نەبێتو بە دەیانو سەدان نووسەری نەکڕیبێتو لەناو چەرخوفەلەکە تایبەتەکەیدا داینەنابێت. ئەم دەریایە لە ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەی حیزبی، پێویستیان بە لەشکرێك نووسەر هەیە کە بتوانن هەموو ڕۆژو هەموو هەفتەو هەموو مانگێك پڕیانبکەنەوە لە نووسین. نووسینی بێقووڵاییو بێناوەڕۆکو بێخەیاڵو بێفیکر.

پێدەچێت ژمارەی نووسەرانی کورد لەمڕۆدا لە ژمارەی وەرزشکارانی کورد کەمتر نەبن، ئەگەر وەرزش پێویستی بە خۆماندووکردنو مەشقو ڕاهێنانی زۆر هەبێت، ئەوا بەشێکی زۆری ئەوەی ئەمڕۆ دەنووسرێتو بڵاودەبێتەوە، پێویستی بەو ماندووبونە نییە. ئەم دۆخە بۆ بڕێکی زۆری ئەو نووسینانەش ڕاستە کە خۆیان وەك دیوی ئەودیوی ئەو نووسینە حیزبیو ئینشائییە نیشاندەدەن. بەشی زۆری ئەوانەی گوایە لە دۆخی ئۆپۆزیسیۆن دەنووسن، لەناو هەمان دونیای بێفیکرو بێقووڵاییو بێزانیارییەوە دێنو دەنووسن، بە جۆرێك نووسینەکانیان سێبەرێك لە سێبەرەکانی ئەو نووسینە حیزبییە ئیعلامییەیە کە لەدوای ڕاپەڕینەوە بووەتە شێوەنووسینی باڵادەست لە کوردستاندا.

ئەو سەدان هەزار لاپەڕەیەی مانگانە لە کوردستاندا دەنووسرێن، لەشکرێك نووسەری بێبەهرەو بێفیکرو بێزانیاریو بێخەیاڵی

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

دروستکردووە کە ئیمتیازی هەرە سەرەکییان ئەوەیە دەتوانن ئینشایەکی مامناوەندی بنووسن. لەشکرێك لە نیوەنووسەرو نیوەخوێندەواری کاسبکار کە حیزب فرێیداونەتە ناو بازاڕی نووسینی کوردییەوە. بێگومان ئەم زۆرنووسینە بێقووڵاییە، دۆخێکی بێگوناهو خۆبەخۆ نییە، بەڵکو دەرئەنجامی ستراتیژییەتی کارکردنی دەسەڵاتە لە کوردستاندا. زۆرکردنی بەرفراوانی پانتایی نووسین لە کوردستاندا بەو شێوەیەی لەمڕۆدا دەیبینن، ستراتیژییەتێکی تایبەت بۆ بێنرخکردنی نووسین بەڕێوەیدەبات. ئەمڕۆ سیستمی سانسۆرکردنی حیزبی ناتوانێت رێگە بە نووسینە رەخنەییەکان بگرێت، لەبەر پەیدابوونی ئینتەرنێتو لەبەر پاراستنی وێنەی دیموکراسییەت لە کوردستاندا لە بەرچاوی دونیادا، بۆیە لەباتی رێگرتن لە نووسین، هەوڵدەدات نووسین بێنرخ بکات.

گواستنەوە لە بێدەنگکردنەوە بۆ بێنرخکردن، یەکێکە لەو کەناڵە سەرەکییەکانەی کە پرۆسەی هیچنەوتنو سادەگۆیی نووسین لە کوردستاندا بەناویاندا تێدەپەڕن. زۆرکردنی نووسین، بەشێکە لە پلان بۆ شاردنەوەی ئەو کەمە نووسینەی کە شتێك دەڵێن، زۆرکردنی رۆژنامە بۆ شاردنەوەی ئەو کەمە رۆژنامانەیە کە شتگەلێکی جیاواز دەڵێن لە میدیای کۆنترۆڵکراوی پارتە سیاسییەکان، زۆرکردنی کتێبی بەتاڵ بۆ شاردنەوەی ئەو کتێبانەیە کە بەتاڵ نین.

بەکورتی رەگە راستەقینەکانی لاوازیی نووسینی کوردیی دوای راپەڕین، لەناو ئەم دۆخەوە تایبەتەوە هاتووە. ئەم نەوەیە لە نیوەنووسەرانو نیوەخوێندەوارانی کورد، کێشەیەکی راستەقینەیان نییە کاری بۆ بکەنو بۆی بنووسن، ئەمانە وەك زۆربەی هەرە زۆری

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

فەرمانبــەرانی دونیــا، فەرمانبــەرنو نووســین ئیــشێکە لــە ڕێگەیــەوە دەژینو لە ڕێگەیەوە بە پلە حیزبییەکاندا سـەردەکەون. ئەگـەر زۆربـەی نووســینو نووســەرانی کــوردی بــەر لــە ڕاپــەڕین، لــەپاڵ کێــشەی دروسـتکردنی نەتـەوەدا، نووسـیبێتیانو بیریانکردبێتـەوە، ئـەوا ئـەمڕۆ بڕێکـی زۆری ئـەو نووسـەرانە پێداویـستییەکانی سیاسـەتو ململانێـی حیزبیو لۆژیکی فەرمانبەربوون لە کوردستاندا، کردوونـی بـە نووسـەرو هەر ئەمانەش نووسینەکانیان دەکات بە نووسین. ئەوەشـی ئـەم دۆخـە وێرانیدەکاتو وێرانیکردووە، ئەو سڵەمینەوە مەعریفییەیە کـە لەپـشتی ئـەخلاقیاتی نووسـینەوە هەیـە. وەك چـۆن حیزبـە سیاسـییەکان بـەبێ هــیچ ســڵەمینەوەیەکی سیاســی دەســتیاندایە جــەنگو ململانێیــەکی وێرانکــار، وەك چــۆن بــەبێ هــیچ هەســتکردنێك بــە بەرپرســیارێتی، سیاسـەتکردنو گەنـدەڵی بەیەکدی تێکـەڵبوون، بەهەمانـشێوە بڕێکـی زۆری نووسینی ئەم ناوەنـدە، نووسـینێکە بـەبێ هـیچ سـڵەمینەوەیەکی مەعریفی.

لــەناو هــەموو نووســەرێکی ڕاســتەقینەدا، ڕەقیبێکــی فیکــریو ئیـستاتیکیو ئـەخلاقی هەیـە. ئـەو سادەنووسـییەی لـە کوردسـتاندا ئامادەیە، بەرهەمی نەبوونو مردنـی ئـەم ڕەقیبـە ناوەکییەیـە.. مردنـی ئەم ڕەقیبە ناوەکییە لە نووسیندا هەمان پرۆسەی مردنـی ئـەو ڕەقیبـە ئەخلاقییە بەڕێوەیدەبات کە چاودێریی کاری سیاسـی دەکـات. نـەمانی ئەم ڕەقیبە ناوەکییـە، نووسـینی کردووەتـە یـەکێك لـە ئاسـانترین ئـەو کارانـەی ئـەمڕۆ لـە کوردسـتاندا ئەنجامبـدرێت. مەبەسـتم لـە ڕەقیـب لێرەدا، مەسـەلەی بـەناوەکیکردنی سیـستمی سانـسۆرە دەرەکییـەکان نییـە، مەبەسـتم لـەو ترسـە مـەعریفیو ئیـستاتیکیو ئەخلاقییەیـە کـە

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

لەپشتی هەموو تێکستێکی راستەقینەوەیەو بەشێکی ئێجگار گرنگی ئەخلاقیاتی نووسینو بڵاوکردنەوەش دەستنیشاندەکات.

مەسەلەکە بەتەنها ئەوە نییە لەمرۆدا ئینتەرنێتو رۆژنامەو بڵاوکراوەی زۆر هەنو ئینسان بەئاسانی دەتوانێت ئەوەی دەینووسێت، بڵاوییکاتەوە. ئەم دیدە بۆ لێکدانەوەی سادەنووسی، دیدێکی نوقسانو سادەیە، مەسەلەکە لەوەدایە ئاساننووسی بووەتە شێوازی باڵادەستیی نووسین لە کوردستاندا. نەمانی رەقیبی ناوەکیی نووسین وایکردووە کێ چیی بە خەیاڵدا دێت، بینووسێتو بڵاویشیبکاتەوە. کێشەکەش لەوەدایە، ئەمرۆ ئەوەندە گۆڤارو رۆژنامەو سایتی ئینتەرنێتی بێناوەرۆك هەن، ئامادەن بۆ پڕکردنەوەی لاپەڕە سپییەکانیان، هەموو ئەو شتانە بڵاوبکەنەوە.

دوایەمین خاڵێك بمەوێت لێرەدا زۆر بەکورتی قسەی لێبکەم، مەسەلەی نووسین خۆیەتی وەك چالاکییەکی ئینسانی. بە بۆچوونی من، نووسین دروستکردنی پەیوەندییەکی دوو جەمسەرە لەنێوان نووسەرو دونیاو نووسەرو ناوەوەی خۆی. لە رێگەی نووسینەوە، نووسەر دەیەوێت هەم خۆی وەك ئینسانێك بناسێتو خۆی دروستو تازەبکاتەوە، هەم لەو دونیاش تێبگات کە ژیانی دەکەوێتە ناویەوەو رووی بە دیاردەو دەرکەوتەکانیدا دەتەقێتەوە. هەردوو دیوی ئەم پەیوەندییەش، واتە پەیوەندیی ئینسان بە خۆیو بە دونیاوە، پێویستیی بە برێکی زۆری زانینو فیکرو خەیاڵو توانای لێکدانەوەو راڤەکردن هەیە. ناسینی ئینسانو ناسینی کۆمەڵگا شتێك نییە ئینسان لە خۆیەوە فێریان ببێتو پێیانبگات، ئیلهامێك بەم یان بەویدی نابەخشێت. بەپێچەوانەوە هەریەکێکیان پێویستی بە گەڕانەوە بۆ

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

چـەندان زانستو بـۆ چـەندان قوتابخانـەی فیکـریو ئـەدەبیو هونـەری هەیـە. ئـەوەی پێیوایـە تـەنها لـە ڕێگـەی تەماشـاکردنەوە دەتوانێـت ئینـــسان بناســـێتو قـــووڵاییو گومـــانو وەسوەســـە ناوەکییـــەکانی بخوێنێتەوە، بەهەڵە لە ئینسان گەیشتووە. ئەوەشـی پێیوایـە ناسـینی دونیا، ناسینێکی خۆڕسکەو پێویستی بە فیکرو زانست نییـە، بـە هەڵـە لە دونیا گەیشتووە.

نووســـەری ڕاســـتەقینە کێـشەیەکی لەگـەڵ خـۆیو لەگـەڵ دونیـادا هەیەو نووسین دێت بـۆ ئـەوەی بتوانێـت چارەسـەرێك بـۆ ئـەو کێشەیە بدۆزێتـەوە. سـەرەڕای ئەمـە، نووسـین لـە حـەزی گـەورەو بێئـۆقرەیی ئینسانەوە دێت بـۆ ناسـینی خـۆیو ناسـینی دونیـا. بـەبێ ئـەم حـەزە، زەحمەتـە نووسـینێك لـەدایك ببێـت، بەهایـەکی ئیـستاتیکیو فیکـریو ئەخلاقیی هەبێت.

بەڵام بۆ ئـەوەی ئـەدەبیاتی ئێمـە، بەتایبـەتی لـەدوای ڕاپەڕینـەوە، بەتەنها کورتنەکەینەوە بۆ ئەو ژمارە زۆرەی تێکست کـە هیـچی ئـەوتۆ ناڵێن، یان بۆ ئەو تێکستانەی کە پڕن لە بێدەنگییـەك کـە لـە بێزمـانیو بێفیکریو دووبارەکردنەوەیەکی بێزارکـەری پێدراوەکانی ئـەو پارادیمـە کۆنەوە دێن کە باسمانکرد، پێویستە هەڵوێستەیەکی خێرا لەسەر کـارە ئەدەبییـەکانی بـەختیار عـەلی بکـەین. دونیـای دوای ڕاپـەڕین، دونیـای پەیدابوونی تێکستە ئەدەبییـەکانی ئـەم نووسەرەشـە. لەگـەڵ تێکستە ئەدەبییەکانی ئـەم پیـاوەدا، ئێمـە لەبـەردەم لـەدایکبوونی پـارادیمێکی ئـەدەبیی نوێـداین. واتـە لەبـەردەم وەرچـەرخانو گـۆڕانێکی ئـەدەبیی هەمەلایەنو ڕیشەییدان کە سـەرەتایەکی تـازەو مـەرجی تـازەو بـەهای تازەو مۆدێلی تازەی بۆ ئەدەبیات لە دونیای ئێمەدا دەهێنێتە کایـەوە.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

ئەگەر پارادایمی باڵادەست لە حاجی قادری كۆییەوە تا سەر شێركۆ بێكەس، پارادایمی بەرهەمهێنانی نەتەوە بێت لە تێكستە ئەدەبییەكاندا، ئەوا ئەم پارادیمە نوێیە لەسەر بەرهەمهێنانی تاكەكەسێكی دەگمەن و هۆشیار بە تاكەكەسبوونی خۆی كاردەكات. ئەدیبێك دێتە كایەوە، لەباتی دروستكردنی نەتەوە وەك دیاردەیەكی دەستەجەمعی، خەریكی دروستكردنی ئینسانە وەك تاكەكەسێكی هۆشیار بە خۆی و هۆشیار بە دونیاو هۆشیار بە توانا گەورەكانی زمان لە تەعبیركردنێكی فەردییانەدا. ئەم گۆڕانە، گۆڕانێكە جگە لەوەی پابەندی لەدایكبوونی ئەزموونێكی حەیاتی و مێژوویی تایبەتە، لە هەمانكاتیشدا پابەندی لەدایكبوونی هۆشیارییەكی نوێ و رۆشنبیرییەكی نوێ و حەساسیەتێكی ئەدەبیی نوێ و تێگەیشتنێكی نوێیە بۆ ئەدەب. لەم دۆخەدا ئێمە لەبەردەم ئەو گۆڕانانەداین كە تۆماس كون ناویدەنێت "وەچەرخان لە پارادیم"دا. لە هیچ شوێنێكدا ئەم پارادایمە نوێیە بەئاشكرا نابینرێت، هێندەی ئەوەی لە زماندا. لە كۆتایی هەشتاكەنەوە بەگشتی و لەدوای راپەرینەوە بەتایبەتی، نەوەیەك لە نووسەران و رۆشنبیران لە كوردستاندا دێنە كایەوە كە دەستكارییەكی رادیكاڵی زمانی نووسین دەكەن، بەم دەستكارییەشیان دەستكاریی وێنەكانی ئینسان و وێنەكانی كۆمەڵگەو وێنەكانی دونیا دەكەن. لەم ئاستەدا، دونیا دوای راپەڕین دونیای دروستبوونی پارادایمێكی ترە كە تەواو پێچەوانەی ئەو پارادیمە باڵادەستەیە كە بەرپرسیاری ئەو سادەگۆیی و بەتاڵییەیە كە ئەدەبیاتی ئێمە لە سەدەی بیستەمدا دەكەوێتە ناویەوە. ئەم پارادایمە دابڕاو نییە لە پرۆسەی دروستكردنی نەتەوە، بەڵام ئەم دروستكردنە لەم پارادایمەدا

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

بــەناو دروســتکردنی زمــانێکی گــشتیو کەســانی لێکــچوو و خــەونی لێکچوودا تێناپەڕێت، بەڵکو بـەناو دروسـتکردنی ئینـسانێکی هۆشـیاردا تێدەپەڕێت بە جیاوازییەکانی خۆیو بە لەکەسنەچوونی خۆی. ئەمـەش ئـەو دیـوە تاکەکەسـییە گرنگەیـە کـە هـیچ دروسـتبوونێکی نەتـەوەیی ناتوانێت وازی لێبهێنێت.

ئەمەیــە وادەکـات دونیــاو ئینــسانو کۆمەڵگــە لــە نووســینی ئــەم نەوەیـــەدا، لـــە نووســـەرانو رۆشـــنبیرانی کـــورددا تـــەواو جیـــاواز دەردەکــەوێت لەوانــەی بــەر لــە خۆیــان. لــەم پارادیمــە تازەیــەوە، چ مێژووی کورد، چ ئـەدەبیاتی کـوردی، چ واقیعـی کوردسـتانو چ کێشە سەرەکییەکانیان، بە شێوەیەکی تەواو جیاواز دەردەکـەون لـەوەی کـە تا ئەوکاتە ئامادە بوون.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

## شیرین.ك..



**رۆشنبیرییەك كـە خوێنـەری سـادەو پرسـیارنەكەر دروسـتبكات، ئەنجامەكەشی كۆمەڵگەو عەقڵییـەتی مێگەل بەرهەمدەهێنێت.**

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

لـە خـودی پرسـیارەکەوە دەسـتپێدەکەم کـە دەڵێـت: "تێکـستە گەورەکانی دونیا زادەی مەعریفەن نەك ئیلهام..." بە رای مـن نـاتوانین وا بەدڵنیاییەوەو وەکو شتێکی بەدیهی ئـەم رایـە بـدەین، چـونکە هـەتا ئـەم سـاتەوەختەش گفتوگـۆو مـشتومڕ بەردەوامـە لەسـەر ئـەوەی کـە ئـاخۆ داهێنـانی هونـەر–ئـەدەب–ی بەتـەنیا زادەی مەعریفەیـە یـان بەتـەنیا زادەی ئیلهامـە، واتـە بەهرەیـە. دیـارە ئـەم دیالۆگـەی لەمبارەیەشەوە دەکرێت، بـەپێی زەمـانو زەمینـە دەگۆڕێتو لـە هـەر قۆناغو سەردەمێکی مێژووییـدا چـەندان تیـۆرو میتـۆد دێنـە ئـاراوە کـە لایـەنگرانو نـەیارانیان سـەرقاڵ دەکـەن. بـەڵام لـە ئێـستاداو دوای سەرهەڵدانو ئاوابوونی ئەو فەلسەفانەی دونیایـان هەژانـد، بـە رای مـن مەسەلەکە یەکلایەنـەو یەکـدیوی نییـە، بـەڵکو دوو دیـوی جیـای هەیـە" هونەرمەند مرۆڤێکـە خۆڕسـکانە ئامـادەبوونێکی پێشوەختی هەیـە بـۆ ئەوەی ببێت بە ئەدیب–هونەرمەند، شتێکی نائاسایی تێدایـە ئـیتر ئـەو شتە چی ناولێدەنرێت گرنگ نییە، (بەهرە، بلیمەتی، حەز، ئـارەزوو...) گرنگ ئەوەیە ناتوانرێت مرۆڤێك ئەگـەر ئـەو تروسـکاییەی تێـدا نـەبێت، تـەنیا لـە رێـی راهێنـانو دەرسـدادانو فێرکردنـەوە ببێـت بـە ئـەدیب– هونەرمەند.. من لەگەڵ ئەو میتۆدو تیۆرانـەدا نـیم کـە پێیوایـە بەتـەنیا پـەروەردەو ژینگـە کەسـێتیی مـرۆڤ دروسـتدەکاتو دەتوانیـت بـە ئارەزووی خۆت لە رێی پەروەردەوە منداڵێك بکەیت، بەوەی دەتـەوێت. مرۆڤ بوونەوەرێکی ئاڵۆزەو هەموو شـتێکی بـە ئـامێر ناپێورێـت، راسـتە

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

دەتوانرێت رادەی زیرەکیی مرۆڤ بپێورێت، بەلام ئەفراندن لەوە ئالۆزترە بە میتۆدێك یان چەند تیۆرێك یەکلاییبکەیتەوە، چونکە مرۆڤ کە خاوەنی ئەفراندنە هیچ تیۆرێكو میتۆدێك سەدلەسەد ناتوانێت راڤەیبکات، بۆ نموونە: مەرج نییە ئەو مرۆڤەی دونیایەك رۆمان بخوێنێتەوەو دونیایەك کتێب لەبارەی چۆنێتیی رۆماننووسینەوە، بخوێنێتەوە ببێتە رۆماننووس. بەدیویێکی تریشدا، ئەگەر مرۆڤێك بەهرەی گێڕانەوەو حیکایەتدروستکردنی هەبێت، بەلام هیچ رۆمانو چیرۆکێکی نەخوێندبێتەوەو ئاگاداری تەکنیکی گێڕانەوەو رۆماننووسین نەبێت، ئەگەر هاتو هەر لەخۆڕا رۆمانێك یان چەند چیرۆکێکی باشیشی نووسی، ئەوا بەبێ خوێندنەوەو خۆفێرکردنو خۆپێگەیاندن، ناتوانێت بەردەوام بێتو سەرکەوتوو نابێت. کەواتە خوێندنەوە بۆ کەسی نووسەرو ئەدیبو هونەرمەندیش، ئەو وزەیەیە کە ئەفراندن بەرهەمدەهێنێت. کەسی ئەدیب، هونەرمەندو رۆژنامەنووسیش فەرزە لەسەری بخوێنێتەوە، هەروەکو ئەو دیندارەی فەرزەکانی دینەکەی پەیڕەودەکات، ئا بەو جۆرە نووسەریش بۆ ئەوەی لاپەڕەیەك بنووسێت، دەبێت لە بەرامبەردا سەد لاپەڕە بخوێنێتەوە، ئا لێرەدا بۆ ئێمەی کورد ئەرکێکی تر دێتە پێشێ، ئەویش فێربوونی زمانێکی ترە جگە لە زمانی دایك، نووسەرو ئەدیبی کورد کە وەکو هەموو نووسەری دونیا خوێندنەوە ئەرکی سەرشانیانە، تووشی گرفتێکی تر دەبن" ئەویش هەژاریی کتێبخانەی کوردییە. زمانی کوردی خزمەت نەکراوە، ئەو سەرچاوە مەعریفییانەی بە کوردی نووسراون، لەوە کەمترن بتوانن نووسەرێکی باش بەرهەمبهێنن، کەواتە ئەرکی سەر شانی نووسەری کورد قورسترە وەك لە نووسەرێك کە سەر بە کولتوورێکی دەوڵەمەندو زمانێکی زیندوو و کۆمەڵگەیەکی خوێندەوارە، بەلام ئەوەی تێبینی

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

دەکرێت، ئەوەیە: توێژێك لە نووسەران هەیە کە جگە لـەزمانی کـوردی، هیچ زمانێکی تر نازانن‌و ئەو برە کتێبەی بە کـوردییش نووسـراون، یـان لـە زمانـەکانی تـرەوە بـۆ سـەر زمـانی کـوردی وەرگێـڕدراون، ئـەوەش ناخوێننــەوەو بــەردەوامیش دەنووســن. دەنووســن‌و هــیچ نــاڵێن، دەنووسـن‌و قـسەی یـەکتری دەڵێنـەوەو قـسەی نووسـەرە گـەورەکان بەسـەقەتی دەجوونـەوە. دیـارە هۆکارەکـانی ئـەم حاڵەتـە زۆرن کـە لەپێش هەموویانەوە بوونی ئەو هەموو بڵاوکراوەیەیـە کـە ژمارەیـان لـە ژمـارەی نووسـەران زیـاترە، ئەمـە وادەکـات لەلایـەك کەسـانی بێتوانـاو نەشــارەزا ئــەو بڵاوکراوانــە بەڕێوەبــەرن. لەلایــەکی تــرەوە، لەبــەر کەمبابـەتی هـەموو جـۆرە نووسـینێك بڵاوبکەنـەوە تـا بڵاوکراوەکانیـان پڕبکەنەوە، ئەو کەسە نا–نووسەرو نا–ئەدیب–و نا–رۆژنامەنووسـەش، کـە نازانێـت هـەواڵێك دابڕێـژێت یـان داڕشـتنێکیش بنووسـێت. تووشـی وەهـم دەبێـت‌و خـۆی لێدەبێتـە نووسـەرو دەکەوێتـە ئـەو هەڵەیـەوە وا دەزانێـت کـە ئـیتر ئـەو پێگەیـشتووەو پێویـستی بـە خوێندنـەوە نییـە، تووشی نەخۆشـیی (شـوهرەت) دەبێـت، ئـەو نەخۆشـییەی هەنـدێك لـە ئــــەدیب‌و نووســــەرە باشــــەکانیش تووشــــی بــــوون‌و زیــــانی زۆری پێگەیاندوون‌و لە جێی خۆیاندا وەسـتاون‌و خۆیـان دەجوونـەوەو ئەگـەر بە خۆیان، نەزانن ئەوانیش دەچنە نێو کـاروانی (واهیمەچییەکان)ەوە. هـەر زۆریـی ئـەو بڵاوکراوانـە نـەریتێکی ترسـناکی تـری دروسـتکردووە، ئـەویش دووبارەبوونــەوەی نــاو کــە خوێنــەرانی بەهەڵــەدا بــردووەو وایلێکـردوون بکەونـە ئـەو بـاوەڕەوە ئەگـەر ناوێـك لەسـەر لاپــەڕەی بڵاوکراوەکـان زۆر دووبـارەبووەوە، ئـەوە نووسـەرێکی باشـە, بۆیـە دەبینین نووسەرانێك پەیدا بوون لەبارەی هـەموو شـتێکەوە دەنووسـن، ناوەکەیان لە زەیـنی خوێنـەری سـادەدا دەچەسـپێت (ئـەو خوێنـەرەی

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

سەرچاوە مەعریفییەکەی ئەو بڵاوکراوانەیە.) بە رای من، زۆریی ئەو بڵاوکراوانە هاندەرە بۆ ئەو زۆروبۆرنووسینە، هاندەرە بۆ ئەو جۆرە نووسەرانە کە کەمترو کەمتر بخوێننەوەو زۆرترو زۆرتر بنووسن. ئەنجامەکەشی، بەرهەمهێنانی رۆشنبیرییەکەی بەکاربراوو خوێنەرێکی سادەو سەرزارەکیو نووسەری لە بابەتی مەقاویلی پلەدووە کە هەموو جۆرە کارێك دەکات، ئەم جۆرە نووسەرەش هەموو شتێك دەکات جگە لە بیرکردنەوە، چەند زانیارییەکی کەمو چەند دەستەواژەو وتەو وتەزاو ناوی چەند نووسەرو فەیلەسوفێکی جیهانیو کۆمەڵێك نووسینی سەقەت بە زمانێکی سەقەت بەرهەمدەهێنێتو زۆرێك لەمانە نووسینیان کردووەتە پیشەو کاسبییەکی حەرام. چونکە ئەو شمەکەی بە خوێنەرانی دەفرۆشن، ئێکسپایەرەو نەك سوودی نییە، بەڵکو زیانیشی هەیە.

کەواتە بەکورتی نووسەری ئێمە (بەهەردوو نەوەی کۆنو نوێوە،) کەم دەخوێننەوە یان هەر ناخوێننەوە، لەبەر:

- خۆی سەر بە میللەتو کۆمەڵگەیەکە کە خوێندنەوە بەشێك نییە لە کولتوورەکەی.
- زۆریان جگە لە کوردی، زمانی تر نازانن، ئەو کتێبانەی کە بە کوردییش هەن، نایانکاتە نووسەرێك لە ئاستێکی باڵادا.
- هەڵپەی بڵاوکردنەوەو موکافەئەو شوهرەت وایانلێدەکات بواری خوێندنەوەیان کەمتربێتەوە.
- سەردەمەکەی کە تێیدا دەژین، سەردەمی وێنەو شاشەیە نەك سەردەمی وشەو پەڕەی کاغەز.
- زۆریی بڵاوکراوەکان.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

- دەوری خراپــی میــدیاکان کــە دەیانــەوێت ئــەدیب- نووســەرو هونەرمەنــدیش بکەنــە شمــەکێك بــۆ ریکــلامو بەهەڵەیانــدا دەبــەن. ســەریان لــێ تێکدەچــێت، ئــیتر لــەبری ئــەوەی بــەدوای مەعریفــەدا بگەڕێن، بەدوای شوهرەتدا رادەکەن، لەبری ئەوەی ببن بـەوەی کـە خۆیــان دەیانــەوێت، دەبــن بــەوەی خــەڵك دەیــەوێتو خۆیــان لــێ بزردەبێــت.. لــەبری ئــەوەی مەعریفــە بەرهــەمبهێنن، نووســینی ریکلامئاسا بەرهەمدەهێننو ئەنجامەکەشـی رۆشـنبیرییەکی سـادەو بەکاربراوو هەروەك مۆدێلی جلوبەرگ کە بەهەفتەو مـانگ دەگۆڕێن، رۆشــنبیرییەك کــە خوێنــەری ســادەو پرســیارنەکەر دروســتدەکات، ئەنجامەکەشی کۆمەڵگەو عەقڵییەتی مێگەل بەرهەمدەهێنێت.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

**١٧٠- توانا ئەمین**

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

## سەردار عەزیز..



هەبوونی توانای خوێندنەوە گەرەنتی نییە کە ئەم پرۆسەی خوێندەوەو گەڕان و تێگەشتنە روودات، ئەوەی پێویستە بۆ ئەوەی ئەمە رووبدات، تینیوێتییەکە بۆ مەعریفە.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

١٧٢- توانا ئەمین

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

بۆ تێگەیشتن لەم دیاردەیە، چەند رەهەندێکی جیاواز پێویستە قسەی لەسەر بکرێت، لەوانە: رەهەندی تەکنەلۆژی، رەهەندی خوێندن، رەهەندی رامیاری، رەهەندی کۆمەڵایەتی، رەهەندی ستاتۆو رەهەندی دیموکراسی. لێرەدا من هەوڵدەدەم بەکورتی لەسەر هەر یەك لەم رەهەندانە ئیستێك بکەمو پاشان بەکورتی قسە لەسەر دەرئەنجامی ئەم دیاردەیە بکەم.

رەهەندی تەکنەلۆژی

تەکنەلۆژیا بەرهەمی مۆدێرنەیە. ئەم بەرهەمە داهێنانێکی سادە نییە، بەڵکو دەتوانرێت بوترێت تەکنەلۆژیا ئەو چەکەیە کە مۆدێرنە پشتی پێدەبەستو هیوایەکی زۆری پێبوو کە زۆربەی زۆری کێشە کۆمەڵایەتیو مرۆییەکان چارەسەربکات. بێگومان تەکنەلۆژیا بەو شێوە پێشکەوتووەی کە لە وڵاتانی رۆژئاواو هەندێك وڵاتی رۆژهەڵاتی دوور هەیە، نەگەیشتووەتە کوردستان. بەڵام سەرەڕای ئەوە ئەمڕۆ ئامادەیی تەکنەلۆژیا لە کۆمەڵگەی کوردیدا، لە بەرزترین ئاستیدایە لە مێژووی کورددا. ئەم ئامادەییەی تەکنەلۆژیا بە جۆرێکی بێوێنە توانای چاپو نووسینی داوەتە بەشێکی بەرچاووی خەڵك لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

لە لایەکی ترەوە هەر هەمان ئامادەیی تەکنەلۆژیایە کە وادەکات کە هەموو گروپو لایەنو پارتو رێکخراوەکان بتوانن بڵاوکراوەی خۆیان هەبێت، پڕوپاگەندە بۆخۆیان بکەن، بیروڕاو دیدی خۆیان بە

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

کۆمەڵگەو تاکەکانی بگەیەنن. ئەمڕۆ ئەم تەکنەلۆژیایە تا دێت هەرزان‌و بەرفراوان دەبێت. ئەمە بەتایبەت ئەگەر بێت‌و بێین باس لە رەوەندی کورد بکەین لە رۆژئاوا یان لە دەرەوەی کوردستان. ئەم رەوەندە نەك هەر تەکنەلۆژیای لەبەردەستدایە، بەڵکو تەکنیك‌و زمان‌و زۆری تر لە تواناکانی مۆدێرنەی لەبەردەستدایە.

تەکنەلۆژیا هەر نووسینی ئاسان نەکردووە، بەڵکو لە هەمانکاتدا پەیوەندیکردنیشی ئاسانکردووە. ئیتر بۆ پیاوێکی تەنها لە ژوورەکەیدا لە هەر کونجێکی دونیا، هەر ئەوەندەی دەوێت" کۆمپیوتەرێکی لاپتۆپ‌و بەشداریکرنی لە تۆڕی ئینتەرنێت، ئیتر دەتوانێت هەر چییەکی بە خەیاڵدا بێت، بینووسێت‌و بەئاسانی بۆ هەر رۆژنامەیەکی بوێت لە کوردستان، بینێرێت. یان بۆ هەر ماڵپەڕێك لەسەر ئینتەرنێت، یان چەند ماڵپەڕێك، کە زۆربەی ئەو نووسەرانە وادەکەن.

ئەم دیاردەیە دەقە بەناوبانگەکەی واڵتەر بنیامین–مان دەهێنێتەوە یاد. بنیامین لەو دەقەی کە ناوی هونەر لە سەردەمی میکانیکدا–یە، باس لەوە دەکات چۆن لە سەردەمی میکانیکدا یان تەکنەلۆژیادا، هونەر تەلیسمی، ئەورای (بە زمانی ئینگلیزی) خۆی لەدەستداوە. زوو بەرهەمدێت‌و هەر زوو ژمارەیەکی زۆری لێ کۆپی دەکرێت. دەکرێت چەمکی ئەورا یان هالە بە زمانی عەرەبی، جۆرێك بێت لە پیرۆزی، لە تایبەت، لە دەگمەنی. ئەو سیفەتانەی کە کەسێك لە بەرهەمێکی هونەریدا بۆی دەگەڕێت. دەتوانرێت ئەم تێزەی بنیامین کاری نووسین‌و داهێنان‌و مەعریفەشی پێبخوێنرێتەوە، وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، ئەمڕۆ بەئاسانی دەتوانرێت بنووسرێت‌و بەئاسانی بگەیەنرێت، بەئاسانییش لە چاپ بدرێت. ئەم هەموو ئاسانییە، کاری نووسینی ئاسانکردووەو کردوویەتییە کارێکی میللی یان گشتی.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

ئـەم تـەکنـەلۆژیایـە جۆرێـك لـە دەسـەڵاتـی بـە تـاك بـەخـشیوە، دەسەڵاتێك کە لەوەو پێش لێـی بێبـەری بـووە. ئـەوەی شـایانی باسـە، ئەم دیاردەیە تەنها بواری نووسینی نەگرتـووەتـەوە، بـەڵکـو سـەرجـەم بوارەکانی ژیانی گرتووەتەوە. ئـەوەی جێـی تێڕامانـە ئەوەیـە کـە ئـەم دیاردەیە وەك فینۆمینەیەکی نێگەتیڤ تەماشادەکرێت. دیارە بێگومان بەتاڵ نییە لە نێگەتیفێتی، بـەڵام پڕاوپـڕ نێگـەتـیڤ نییـە. بـۆ ئـەوەی دیـدێکی قووڵترمـان هـەبێـتو لـە هـەمانکاتـدا تێگـەیشتنێکی باشمـان هەبێت، پێویستە باسێك لەو ناوەندو هێزانە بکەین کە ئەم دیاردەیەیـان بەرهەمهێناوە.

دوو هێـزی هاوتـەبـا پێکـەوە دەسـتلەناودەسـت بـەرپرسـیارن لـە بـەرهـەمهێنـانی ئـەم دیـاردەیـە (کـە دەڵـێین دیـاردە، مـەبـەستمان لـە دیـاردەی سـادەبـوون یـان رووکـەشبوونی دەقـەکانـە.) ئـەم دوو هێـزە جمگە کاپیتاڵیزمو گلۆباڵیزمە. کاپیتالیزم چـونکە سیـستمێکە وەك لـە ناوەکەیدا دیارە لەسەر کەپیتاڵ یان سـەرمایـە وەسـتاوە، سـەرمایـەش پـێش هـەمـوو شـتێك شمـەکـە. شمـەك وەبـەرهـەم دێـتو پاشـان ساغدەکرێتەوە. ئەم پرۆسەی بەرهەمهێنـانو سـاغکردنەوەی شمـەکـە، پرۆسەیەکە سەرتاپا پێکهاتەکانی کۆمـەڵگـە دەتوێنێتـەوە، ئـەگـەر بـۆ ساتێك مارکسییانە بیرکـەینـەوە. کاپیتـاڵیزم دەیـەوێـت زۆرتـرین کـاڵاو شمەك بەرهەمبێهنێتو بیفرۆشێت. کـەواتـە بـۆ ئـەوەی ئـەمـە مـەیسەر بێـت، دەبێـت بـە هـەمـوان بگـات، بۆیـە کاپیتـاڵیزم لـە ساتەوەخـتی جوقانیەوە، پرۆسەیەکی گلۆباڵ بووە.

ئـەم پرۆسـەیـە بـۆ ئـەوەی مـەیسەر بێـت، پێویـستە بـەهاکـان، تێگـەیشتنەکـان، دیـدەکـان، زانستەکـان، هونـەرەکـانو ئـەدەبـەکـان

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

سادەبکاتەوە. بیکاتە رووکەش تەنها بۆ ئەوەی کەس سڵی لێنەکاتەوە، کەس هەست بەنامۆیی نەکات بەرامبەری‌و لە دەرئەنجامدا هەموو کەسێك بیکڕێت.

## رەهەندی خوێندن:

ئەمڕۆ لە کوردستاندا لە هەموو ساتێك زیاتر خەڵك خوێندەوارەو دەچێتە بەر خوێندن، دەیەوێت بخوێنێت. دیارە خوێندن وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی جودایە لە خوێندن وەك دیاردەیەکی تاکەکەسی. خوێندنەوە واتە هەبوونی توانا بۆ کردنەوەی کۆدەکانی دونیا، چونکە ئەمڕۆ دونیا سەرتاپا لە تویێی دەقەکاندا بەکۆد کراوە. خوێندنەوە وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی واتە خوێندن وەك سەرمایەیەك، وەك بەهرەیەك بۆ کارکردن بۆ بژێوپەیداکردن، بۆ دامەزراندن لە دەزگایەکی حکومی یان ناحکومیدا. لە هەمانکاتدا واتە هەبوونی بوار بۆ گواستنەوە لە چینێکەوە بۆ چینێکی تر. ئەمە زیاتر بڵاوە لەنێو چینی هەژاران یان کرێکاراندا، لە گواستنەوەیان بۆ چینی ناوەند.

خوێندن ئەگەر ئەمڕۆ پڕۆسەیەکە کە زۆربەی کۆمەڵگە دەتوانێت وەدەستیبهێنێت، ئەوا بۆ مێژوویەکی زۆر دەستەو تاقمێکی زۆر کەم لە کۆمەڵگە، بەختی ئەوەیان هەبوو کە بتوانن فێری خوێندەواری ببن. بەڵام خوێندنەوە وەك پڕۆسەیەکی تاکەکەسی، تا هێندێك لە پڕۆسە کۆمەڵایەتییەکەی جودایە، لە پڕۆسەی تاکەکەسیدا کەسەکە دەتوانێت خوێندن‌و خوێندنەوە بەکاربهێنێت بۆ تێگەیشتن لە دونیا، بۆ تێگەشتن لە وەڵامی پرسیارەکان، بۆ ئاشنابوون بە دیدە جیاوازەکانی مرۆڤ لە شوێن‌و ساتە جیاوازەکاندا. بەڵام بە هەبوونی توانای خوێندنەوە،

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

گـەرەنـتی نییـە کـە ئـەم پرۆسـەی خوێندنـەوەو گـەڕان‌و تێگەیـشتنە ڕوودەدات. ئەوەی پێویستە بۆ ئەوەی ئەمە ڕووبدات، تینوێتییـەکـە بـۆ مـەعریفـە. ئـەم تینوێتییـە بـۆ مـەعریفـە دەبێـت لـە ڕێگـەی هێزێکـی دەرەکییەوە لە ناخی مرۆڤدا بکرێتەوە.

لێرەوە بـۆ وەڵامـی ئـەم پرسـیارە، دەبێـت بگـەڕێینـەوە بـۆ بـەشـە کۆمەڵایەتییەکە. کۆمەڵگەو دەسەڵاتەکانی نێو کۆمەڵگـە، هـەمیـشە لـە هەوڵی ئەوەدان کە جۆرێکی تایبەت لە مەعریفە لـە تاکـەکانـدا بـڕوێنن‌و لە هەمانکاتدا بیکەنە تـەنها مـەعریفـەی ڕاست یـان تـەنها مـەعریفـەی شایستە یـان بـەسـوود. کـەواتـە دەسـەڵات‌و هێـزە کۆمـەڵایـەتییـەکـان سنوورو ئەندازەی مەعریفە لای تاکەکان دیاردەکـەن، بـۆ نموونـە: ئـاین هەمیشە بە باوەڕدارانی دەڵێت کە چی بخوێننەوەو چـی نـەخوێننـەوە، مارکـسیزم بـە هـەمانـشێوە، یـەکـێتی‌و پـارتییش بـە هـەمانـشێوە، پەکەکـەش بەهـەمانشێوە. هـەمـوو هێزێکـی کۆمـەڵایـەتـی‌و سیاسـی‌و ئـایینی هـەمیـشە لـە خـەمـی ئـەوەدایـە چـۆن ئـەندامـەکـانی سـنوورە دیاریکراوەکانی مەعریفە نەبەزێنن.

زۆربەی زۆری کۆمەڵگـەی کـوردی بـە ڕاسـتەوخـۆو بـە ناڕاسـتەوخـۆ لەژێر تـەوژم‌و کاریگـەریـی یـەکێك لـەو هێـزە کۆمـەڵایـەتـی‌و سیاسـی‌و ئاینییانەیە. بۆیە سنوورەکانی مـەعریفـە لای تـاکی کـورد لـە دەرەوەی خۆی بۆی دیاریکراوە. ئەوانەی کە دێـن سـنوورەکـان دەبـەزێـنن، ئـەوا دەبنە یاخی‌و نەگبەت.

کاریگـەریـی ئـەم دیـاردەیـە لـەسـەر بـەرهـەمهێنـانی مـەعریفـەی ڕاستەقینەو مەعریفەی ڕووکەش لەوەدایە کە تاکەکان دەیانەوێت لەنێـو ئـەو سـنوورە تـەسـك‌و کێشراوەدا، تایبـەتمـەنـدیی خۆیـان دەربخـەن‌و جۆرێك لە جیاوازبوون لە خۆیاندا بنوێنن.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

**رەهەندی رامیاری:**

نووسین‌و خوێندەوەو بەرهەمهێنانی مەعریفە، هەمیشەو هەمیشە کارێکی سیاسییە، بۆیە بۆ قسەکردن لەسەر ئەم رەهەندە، قسەکردنە لەسەر سیاسەت‌و چۆنێتیی سیاسەتکردن لە کوردستاندا. سیاسەت هونەری گەیشتنە دەسەڵات‌و بەڕێوەبردنی دەسەڵاتە (دیارە ئەمە تەنها یەك دیدی تەسکە بۆ سیاسەت لەنێو کۆمەڵێك دیدی زۆردا.) دەسەڵاتیش بۆ ئەوەی پێیبگەیت، پێویستە پەیام‌و دیدو تێڕوانینی خۆت بە ئەوانی تر بگەیەنیت، بۆ ئەوەی نەك هەر لێت تێبگەن‌و پێت ئاشنا بن، بەڵکو بۆ ئەوەی بزانن چییان لەسەرەو مافیان چەندەو چۆن هەڵسوکەوت بکەن.

دەسەڵات هەروەها پێویستی بە مەعریفەیە بۆ ئەوەی بزانێت چۆن دەزگاکان بەڕێوەببات، کۆمەڵگە رێکبخات، هێزەکانی تری ناو کۆمەڵگە دابمرکێنێتەوە. کەواتە (بمانەوێت‌و نەمانەوێت) بەشێکی زۆری کاری حکومەت، سەرکوتکردنە. بەپێی پێناسە بەناوبانگەکەی ماکس ڤێبەر، دەوڵەت ئەو دەزگایەیە کە خاوەن شەرعییەتە لە بەکارهێنانی توندوتیژیدا. دەسەڵات‌و حکومەت‌و حیزب بۆئەوەی بەم کارانە هەستن، پێویستیان بە پاساوهێنانەوەیە بۆ کارەکانی.

بۆیە دەسەڵات هەمیشە پێویستی بە بڕێکی زۆر لە نووسەرە، بەشێکیان بۆ ئەوەی مەعریفەیان لێوە وەربگرێت‌و بەشێکی تریان بۆ ئەوەی بەکاریانبهێنێت بۆ پاساوهێنانەوە. لە کوردستاندا کاتێك حیزب پێویستی بە کەمترین بڕی مەعریفەیە، چونکە زیاتر پشت بە هێزێکی بێخیتاب دەبەستێت، ئەوا تەنها رۆڵی نووسەران لای دەسەڵات،

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

پاساوهێنانەوەیە. پاساوهێنانەوە بۆ کارەکانی سەرۆك، بۆ کارەکانی حیزبو بۆ کارەکانی ئەندامانی حیزب.

لێرەوە نووسەری سەر بە دەسەڵات، نووسەرێکە لەسەری نییە دابهێنێت، یان مەعریفە بەرهەمبهێنێت، بەڵکو زمانێکی پێویستە بۆ ئەوەی بە ئەندامانی حیزب بڵێت ئەوەی روودەدات، جوانترینو راستترین شتە. دیارە ئەم کەسە لەسەری نییە مەعریفە دابهێنێت، کەسیش داوای لێناکات، بەڵام لەگەڵ ناسنامەی خۆیدا، لە قەیراندایە. ئەو نایەوێت کەسێکی پاساوهێنەرەوە بێت، بەڵکو دەخوازێت کەسێك بێت کە رووناکبیر بێت. رووناکبیر یان رۆشنبیر بە مانای ئەوەی ئەو دەینووسێت، هەوڵدانە بۆ روونکردنەوەی راستییەکان. بۆیە ئەم بوونەوەرە خۆی لە قەرەی مەعریفە فەلسەفییەکان نادات، هەرگیز خۆی ناخاتە دۆخی دیالۆگەوە، هەرگیز نایەوێت بەیانییەك لە خەو هەستێتو لە خۆی بپرسێت: ئەرێ بەڕاست ئەمەی من دەیڵێم وایە؟!

دیارە ئەمە بە پێچەوانەشیەوە، راستە. زۆرێك لە رووناکبیرانی کورد، کاری خۆیان تەنها لەوەدا دەبیننەوە کە رەخنە بگرن. ئەم دیدە لەبەر چەند هۆیەکە، یەکەم: ئیدوارد سەعید دەڵێت: "کاری رووناکبیر ئەوەیە کە راستی وەبیر دەسەڵات بهێنێتەوە." دیارە ئەمە پێناسەیەکی زۆر ناڕاستو ترسناکە، چونکە رووناکبیر دەکاتە کەسێکی خاوەن راستی، رووناکبیر دەبێتە کەسێکی وەك شێخو یان مەلا یان قەشە (دیارە من ئەو کەسانە بە خاوەن راستی نازانم، بەڵکو ئەوان خۆیان خۆیان بە خاوەنی راستی دەزانن.) دووەم: جارێکیان بەختیار عەلی وتی کاری ئەو تەنها رەخنەگرتنە لە دەسەڵات. ئەم دوو هۆیە وایکردووە ئەوەی کە دەنووسێت، وادەزانێت بۆ ئەوەی ببێتە رۆشنبیر، دەبێت بە شێوازێکی رەخنەییانە بنووسێت. هەمیشە

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

رەخنەو هەمیشە پاساوهێنانەوە دوو دیوی یەك دراون، ئەویش ئەوەیە کە کەسی نووسەر، راستی یان مەعریفە رابەری نییە، بەڵکو دیدێکی چەسپی رابەریێتی کە جۆرێکە لە ئایدۆلۆژیا.

## رەهەندی کۆمەڵایەتی:

لە دەرئەنجامی مۆدێرنەوە، کۆمەڵگە بووەتە دوو بوارەوە، بواری تایبەت، کە ئەو پانتاییانە دەگرێتەوە کە تاك تێیدا هەڵسوکەت دەکات بەبێ ئەوەی ئەوانی تر تێیدا ئامادەبن، جگە لە بازنەیەکی تەسکی خێزان نەبێت. دیارە هەر کۆمەڵگەیەو شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە لە دیاریکردنی جۆری ئەو دیاردانەی کە دەبێت لە بواری تایبەتدا پیادەبکرێن. هەروەها بەهۆی مۆدێرنەو تەکنەلۆژیاوە، ئەم بوارە هەتا بێت، تەسکدەبێتەوە. ئەمڕۆ زۆرێك لە خەڵك هەن سەرتاپا ژیانیان بە بەرچاوی کۆمەڵگەوە بەسەردەبەن. ئەم دیاردەیە بەتایبەت لە ئەمریکا بڵاوە کە بەزۆری خوێندکاران کامێرا لە ژوورەکەیاندا دادەنێن‌و لە وێبسایت یان بلۆگەکەیان دەبەستن. دیارە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا سنوورەکانی بواری تایبەت دیارینەکراوە، بۆ نموونە: نەبوونی ئەم سنوورەیە وایکردووە کە پرۆسەی عەلمانیبوون لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، پرۆسەیەکی بێمانا بێت.

بواری گشتی ئەو بوارەیە کە تاك تێیدا بەشێك لە ژیانی لە گەڵ ئەوانی تردا بەشدەکات. بواری گشتی دەزگاو ناوەندو پێکهاتەی خۆی هەیە. مزگەوت کۆنترین‌و دیارترین دەزگای ناوەندی گشتییە. تاك زۆر بەلایەوە گرنگە کە لە بواری گشتیدا تاکێکی دیارو ناسراو بێت. ئەمڕۆ لە کوردستان نووسین‌و بڵاوکردنەوە، یەکێکە لەو بوارە دیارو ئاسانانەی کە رێگە بە تاك دەدات بوونێك بۆ خۆی مسۆگەربکات لە

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

بواری گشتیدا. هەتا ئەوانی تر بیروڕاکانی ببینن، توانای نووسینو بەکارهێنانی زمانی ببینن، ئاستە مەعریفیەکانی ئەو ببینن و لە زۆرجاردا وێنەکەی ئەو ببینن. ئەم ئامادەبوونە لە بواری گشتیدا، تاك لە تەنهاییو پەراوێزیو گۆشەگیری رزگاردەکات.

ئەم دیاردەیە تەنها لە کۆمەڵگەی کوردیدا نییە، لە سەردەمی تاکایەتیو کەپیتاڵیزمدا مرۆڤ لە هەموو ساتەوەختێکی تر زیاتر خەمی ئەوەیەتی کە چۆن بەناوبانگ بێت، چۆن بناسرێت، چۆن ببێتە سەلێبریتی. ئەمە بۆ خۆی جۆرێکە لە شیزۆفرینیا، ئەم دۆخەیە کە وایکردووە رەخنەگرانی مۆدێرنە لە رۆژئاوا، لە نەفیکردنو رەخنەگرتن لە مۆدێرنە، هەمان زمانی سەید قوتبیان هەبێت.

ئەمرۆ نووسین لە کۆمەڵگەی کوردیدا، رۆڵی داهێنانو مەعریفەی نییە، بەڵکو وەك پاسەپۆرتێك بەکاردێت بۆ گەیشتنە نێو پانتاییەکانی ناوەندی گشتی، نووسین جۆرێك لە دڵنیابوون لە بوونی خود دەبەخشێت، لە میانەی پیشاندانی خود بە ئەوانی تر، خود لەلای خۆی دەبێتە کەسێکی شایستە بە بوون. دیارە ئەم نارسیزمە سەرتاپا خراپ نییە، بەڵکو تا رادەیەکی زۆریش پێویستە.

### رەهەندی ستاتۆ:

مرۆڤ لە کۆمەڵگەیەکدا کە ئاین تێیدا لاواز دەبێت، ئیتر مشوری ئەوە دەخوات چۆن لە رێگەی سیکۆلاریزمەوە مانایەك بۆ بوونی خۆی بدۆزێتەوە. ئاین بە زۆری لای ئەو چینە لاوازە کە ناوی خۆیان ناوە روناکبیر یان رۆشنبیر، ئەم رۆشنبیرانە لە کاتێکدا عەودالی دیدی نوێن، لەبری دیدی ئاینی بۆ لێکدانەوەی دونیا، لە هەمانکاتدا بەدوای هەوارگەیەکی تردا دەگەڕێن تا تێیدا بحەسێنەوە. نووسین وەك

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

تقوسێك ئەو مانایە دەبەخشێت، نووسین لەم روانگەیەوە ریچواڵێکی ئاینە نەك فەلسەفی. ئێمە هەتا ئێستا تاکە دەقێکی فەلسەفی چییە، نیمانە. دەقێکی ریچواڵی پێویستی بە مەعریفە نییەو خەمی داهێنانی مەعریفی نییە، بەڵکو وەك نوێژو رۆژوو و کردارو هەڵسوکەوتێکە بۆ هەستکردن بە جۆرێك لە ستاتۆ. بۆ هەستکردن بەوەی کە کەسێکی رۆشنبیریت، چەمکی رۆشنبیر کە چەمکێکە لە دوای راپەرینەوە هاتووەتە نێو ئەدەبیاتی ئێمەوە، لە هەمان ساتەوەختدا کە چەمکی رۆژنامەنووس گەیشتوەتە نێو ئەدەبیاتی ئێمە. بۆ نموونە: هەرگیز ناتوانیت بە کەسێك بڵێیت کە جەناب تۆ رۆشنبیر نیت. لە دەربەندیخان ئەوەندە بەسە کە شەراب یان ئەلکهول بخۆیتەوە بۆ ئەوەی ببیتە رۆشنبیر، کەواتە رۆشنبیر لە ئەدەبیاتی کوردیدا کاری مەعریفە نییە، کاری بیرکردنەوەو پرسیارکردن نییە، بەڵکو کاری کرداری هەیە. رۆشنبیر نازناوە، پیشەیە، ستاتۆیە. بۆیە دەبینین خەڵکانێك دێن وەك گۆرانیبێژان، ماوەیەك لەوێ دەبنو هەر زوو وندەبن، هەندێك لەوێ دەمێننەوە لە دەزگاو رێکخراوە حیزبیو حکومییەکانداو پلەو پیشە بەدەستدەهێنن. هەمیشە هەر شتێکی نوێ بێت، ئەوانیش لێی بەئاگان (بەبێ ئەوەی لە راستیدا لێی بەئاگا بن،) هەرگیز دان بە داهێنانی کەسی تردا نانێن، زیاتر بە رووکەشی دەقەکانەوە خەریکن، بۆینباخو چاکەتو قژی پڕ لە رۆنیان هەیە، هەمیشە لە بۆنە گشتییەکاندا ئامادەنو هەتا دەمرن پرسیارێك ناکەن. هەر کە نووسەرێکی جدی دێت، ئیتر دەکەونە هانای ئەوەی چۆن دەربارەی کەسایەتیو هەڵسوکەوتو درێژیی قژیو باڵاو پێڵاوەکانی قسەبکەن. ئەمە تەنها کێشەی ئەدەبیاتی کوردی نییە، نووسەری

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

گـەورەی تـورك ئۆرهـان پـامۆك لـە سـاڵی (١٩٨٤)ەوە لـە توركیـا خەڵاتنامەیەكی وەرنەگرتووە، هـەتـا ئێستا زۆربـەی نووسینەكانی لـە توركیـا دەربـارەی ئـەو، نووسـین نییـە دەربـارەی دەقـەكـانی، بـەڵكـو نووسینە دەربارەی ریكلامو هەڵسوكەوتو سـەفـەرو دزیو ئـیرەییـبردن بە سەركەوتنی ئەو (ئەگـەر بـوارم هـەبێـت نوسـینێكی درێـژ دەربـارەی پامۆك لەمبارەیەوە دەنووسم.)

وەك وتم زۆریو بۆریی نووسین كارێكی گەردوونییە، وە ئەمـە بـەلای منەوە تا ئەوپەڕی پۆزەتیڤە، بەڵام زۆربەی نووسینەكان ئاستی خۆیـان دەزانن، چونكە رۆشنبیری گەلەكان بە بـەراورد بـە رۆشـنبیری كـوردی، دەوڵەمەندن. لە كاتێكدا كە ئەم دەقە هاكەزاییانەی ئامادەن، ئەوەنـدە كارناكەنە سـەر ئاسـتی رۆشـنبیریی گشتی. هـەرچـەنـدە دونیـاش وەك كۆمەڵگەی خۆمان لەبەر مـەترسـیی ئـەوەدایـە كـە ئـەدەبـی جـدی وەك دەیناسۆر تووشی پووكانەوە بێت. ئەمڕۆ لە سەرتاپای رۆژئاوادا، هـەتـا دەقێكی جـدی دێتـە ئـاراوە، سـەد دەقـی كـاڵوكرچو بێمانـا دەكـەوێتـە بازاڕەوە. ئەم دەقانە لە وڵاتانی تری دونیای سێ، دەبنە دەقـی مـەزن، بۆ نموونە: نووسەری بەڕازیلی پاولۆ كۆیلـۆ، هـەتـا بڵێیـت نووسـەرێكـی پوچو كاڵوكرچو بێمانایە، بەڵام دەقەكانی دەخوێنرێنەوە.

## رەهەندی دیموكراسی:

لـەم چـەنـد رۆژەی رابـردوودا، كـچێكی ئایرلـەنـدی كـە خوێنـدكاری دكتۆرایە لە بواری مێژووی مۆسیقادا، لـە كۆڕێكـدا چـیرۆكێكی سـەیـری گێڕایـەوە" ئـەو وتـی: لـە ئیتالیـا، تێـزی دكتۆراكـەی ئـەو دەربـارەی دەستنووسـە مۆسـیقییەكـانی سـەدەی شـانزەن. لـە ئیتالیـا زۆر گرانـە بزانیـت خـەڵكـی سـادە لـە سـەدەی شـانزەدا چـییان وتـووە، چـونكە

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

لەبەرئەوەی ئیتالیا لە زەمانەدا لەژێر سیستمی دەوڵەتی شاردا ژیاوە، هەمیشە خەڵکێکی کەم، خوێندەوار بوون. بەڵام بۆ ئەوەی بزانیت خەڵکی ئەو لە سەردەمەدا چییان وتووە، دەبێت بۆ نووسینی نێو دادگاکان بگەڕێیتەوە.

ئەم نموونەیە، ئەوەمان پیشاندەدات چۆن تەکنەلۆژیا بواری داوە بە خەڵکی سادە بۆ ئەوەی دەنگیان هەبێت، بۆ ئەوەی دونیابینیی خۆیان بنووسن. لە کاتێکدا نووسین بۆ خۆی کردارێکە هەمیشە پەیوەیستە بە دەسەڵاتەوە. دەقی نووسراو واتە دەقێك بۆ هەتاهەتایی، کاتێك کەسێك ماف ئەوە بە خۆی دەدات کە بیرو ئایدیاو وردەکارییەکانی ژیانی ببێتە دەقێکی هەتاهەتایی، ئەوا ئەو کەسە خۆی لە ناوەندێکی دەسەڵاتیی گەورەدا دادەنێت.

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، هەمیشە سەردەستەکان مافو دەسەڵاتو توانای ئەوەیان هەبووە کە بنووسن. ئەمڕۆ تەکنەلۆژیا ئەو مافە بە هەمووان دەدات تا بنووسن، ئیتر نووسین دیموکراتیزە دەبێت. ئێمە بەهۆی ئەو بوارەوە کە رەخساوە، ئەمڕۆ زیاتر لە هەموو رۆژانی تر، لە مێژووی کورددا ئاگامان لەوەیە چی دەگوزەرێت.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

**دەرئەنجام:**

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ وەڵامی پرسیارەکە، ئەوا دەڵێین ئەگەر ئەدەبیاتی کوردی بەرەو سادەیی بڕوات، ئەوا تاوانی ئەو نووسەرانە نییە کە دەیانەوێت ببنە نووسەر بەبێ ئەوەی نووسەر بن، بەڵکو خەتا لە ئەدەبیاتی کوردی خۆیدایە کە بوونێکی هێندە لاوازی هەیە، هەر زوو دەکەوێتە ژێر مەترسییەوە. ئەو نەوەیە کە دەیەوێت بنووسێت، بەبێ ئەوەی بخوێنێتەوە، خەمی داهێنانی نییە، خەمی گەورەی ئامادەبوونە، ئەو خەمی کێشەو خەمە مرۆڤایەتییەکانی نییە، بەڵکو خەمی، خەمێکی تاکەکەسیی هاکەزایی رۆژانەیە. بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە دەبێت ئێمە بەشێکی زۆری نووسینی ئەمڕۆ، بخەینە خانەی بێبایەخییەوە، ئەگەر خوێندنەوە چەمکت پێدەبەخشێت، ئەوا ئەو نووسینە سادانە کە خەڵکی دەربارەی خەمو ژیانە سادەکەیان دەینووسن، کەرەستەی خاون بۆ کارکردنی جدی. بەڵام وەك رەهەندە جیاوازەکان ئاشکرایانکرد، هەرگیز وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاسان نییە.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

## دلاوەر قەرەداغی..



**خوێندنـــەوە وەك هـــەناســـەدان و گـــوێڕادێران لـــە مۆســـیقا و پیاســـەی دارستان، پێداویستییە و خاڵێکـە کـە تێیدا جەستە و ڕۆح دەگەنە ئـەوپـەڕی هارمۆنییەت و لێکحاڵیبوون.**

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

۱۸۸- توانا ئەمین

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

بەڕاست خوێندنەوە چییە؟ چی هانمان دەدا بخوێنینەوە؟ ئایا کە ئێمە نووسینگەلێکی داهێنەرانەمان کەمە، هۆکەی ئەوەیە نووسەری ئێمە کەم دەخوێنێتەوە؟ ئێمە هەر لە منداڵیو خێزانو قوتابخانەوە چۆن لەسەر خوێندنەوە راهێنراوینو بۆ دەمانەوێت بخوێنینەوە؟ ئاخۆ خوێندنەوەی کتێب کولتوورەو ئەگەر کولتوورە، ئایا ئێمە خاوەن ئەو کولتوورەین؟ ئایا ئێمە دەبێت زۆر بخوێنینەوە بۆ ئەوەی دەقی جوان بنووسین؟

ئەمانەو چەندین وردە پرسیاری تر لە پێوەند بە پرسیارە سەرەکییەکەی ئێوەوە، دەوروژێنو هەریەکەیان بۆ خۆی لەسەروەستانو قسەکردنی زۆر هەڵدەگرێت. راستییەکەی گومانکردنیش لە خودی کتێبو جێهێشتنی کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر فیترییەتو چەمکی چاکەخوازی لای نووسەری ئێمە (وەك ئینسان)، بۆ خۆی باسێکی ترەو دەکرێت لە بوارێکی تردا قسەی لێبکرێت.

نووسەرگەلێك کە لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان پێداون بەوەی کەم دەخوێننەوەو زۆرو بۆر دەنووسن، بەڵام ئاخۆ گەر ئەو هاوڕێیانە زۆر بخوێننەوە، ئیدی جوان دەنووسن؟ من پێموایە ئەوە ئیشکالییەتێکەو لە بناغەوە پەیوەندیی بە بڕی کەمخوێندنەوەو زۆرنووسینەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە بەکوردی نووسینو ئەو دونیاو کولتوورە پڕ لە ژاوەژاوەی ئێمەوە هەیە کە هەر دوای نووسینی دوو سێ ستوون لە

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

ڕۆژنامەیەكو سازدانی دوو سێ چاوپێكەوتنو مسۆگەركردنی هەندێك پیاهەڵدانو پێبەخشینی بڕێك شاباشو ئیمتیاز، ئیدی بەسەر دونیای نووسینو داهێناندا ساغدەبینەوەو هەتا دەمرین، هەر دەنووسین. بڕوام وایە ئەو هاوڕێیانە گەر بشخوێننەوە، لە باشترین حاڵەتدا بۆ ئەوە دەخوێننەوە تا لە كاروان جێنەمێنن، بۆ ئەوە دەخوێننەوە تا لە موجادەلەیەكدا دوو سێ دێڕیان پێبێت كە بیڵێنو وەك خەڵكانی مۆدێرنو خوێندەوار، خۆیانی پێ نمایشبكەن. هەڵبەت من لێرەدا تەنها باس لە جەوهەری خوێندنەوە لای ئەو تەرزە نووسەرە زۆرو بۆر نووسانە دەكەم نەك خوێنەرێكی ئاسایيو جدی كە ڕوانگەی بۆ خوێندنەوەی كتێب تەواو جیاوازەو بە ئاڕاستەیەكی تردا گەشتی خۆی لەگەڵ كتێبدا دەستپێكردووەو كتێبخوێندنەوە لەلای بووەتە جۆرێك لە پێداویستی. ڕوانگەی ئەو خوێنەرانە بۆ خوێندنەوەی كتێب، لە خاڵێكی زۆر گرنگدا هاوبەشە لەگەڵ ڕوانگەی نووسەرێكی جدیی خاوەن دەقی داهێنەرانەدا، بەوەی كە خوێندنەوەی كتێب لەلایان تەواو لە جێهێشتنی وڵات دەچێت. پێموایە مرۆڤ هەر بەتەنها لەبەر هۆیەكی سیاسی یان كۆمەڵایەتی یاخود سەفەركردنو هەواگۆڕین، وڵات جێناهێڵێت، بەڵكو هۆیەكی شاراوەو جەوهەریتر لە پشت سەفەركردنەوەیە كە ئەویش ونبوونی شتێكەو كەسی موسافیر (خوێنەر) پەرۆشی دۆزینەوەیەتی. شتێك كە هەمیشە وندەبێتو كاتێكیش دەدۆزرێتەوە، تەماحی دۆزینەوەی شتێكی لەو گرنگتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت. كتێبەكان كۆمەڵێك فەزاو وڵاتو ڕێگای باریكو پێچاوپێچن كە دەچنەوە سەر فەزاو وڵاتو ڕێگاگەلی باریكو پێچاوپێچی تر... موسافیری ئەو وڵاتو ڕێگایانە هەمیشە خەڵكانی زاهیدو ساكارو خانەگومانو ماندوون، هەرگیز لە دووی ئەوە نین خوێندنەوەی كتێب بكەنە دەستمایە بۆ كاسبیی نووسین. خوێندنەوە

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

واتە هەبوونی پرسیارو گومانو شوێنپێهەڵگرتن. کە ئێمە خاوەن هیچ گومانێك نەبینو هیچ پرسیارێك نەبێت بەدوای وەڵامەکەیدا بگەڕێینو هیچ شتێکمان لێ بزرنەبوبێت کە پەرۆشی دۆزینەوەی بین، ئیدی تەنها وەك مۆدو بۆ کاتبەسەربردنو خۆدەربازکردن لە بێزاری، کتێب دەخوێنینەوە، کەچی خوێندنەوە خۆی وەك هەناسەدانو گوێڕادێران لە مۆسیقاو پیاسەی دارستان پێداویستییەو خاڵێکە کە تێیدا جەستەو رۆح دەگەنە ئەوپەڕی هارمۆنییەتو لێکحاڵیبوون. هەر لە پەیوەند بەم تەوەرەیەوەو هاوشان لەگەڵ وروژاندنی ئەو پرسیارەی ئێوەدا، دەکرێت ئاماژە بە لایەنێکی تر لە مەسەلەی نووسینو بەرهەمهێنانی دەقی داهێنەرانەدا لە دەرەوەی کتێبو خوێندنەوەوە بدرێت، ئەویش پێکهاتەی کەسێتیو ئەزموونی شەخسیی نووسەری ئێمەیە، هەر لە ژیانی رۆژانەی خۆیەوە تا دەگاتە ئەزموونی بینینو سەفەرو بەرکەوتنی بە رووبەری ترو جوگرافیای ترەوە. راستییەکەی ئەوە تەنها کتێبەکان نین کە هزرو ئەندێشەی نووسەر ئاودەدەنو لە رۆحداهێزران دەیپارێزنو پڕیدەکەن لە ئامادەگی بۆ وەبەرهەمهێنانی دەقی جوان، بەڵکو سەفەرو جێگۆڕکێو بینینی وڵاتانی ترو ئەزموونکردنی هەناسەدان لە پانتاییگەلی کولتووری تردا، نەك هەر بە تەنها بۆ ئەزموونی نووسین پێویستە، بەڵکو ئەو بەرکەوتنە، کەسی نووسەر تا ئاستێکی بڵند بەرامبەر نووسەربوونی خۆی دەخاتە گومانەوە. پێموایە دروستبوونی ئەو گومانە سەرەتایەکی گرنگە بۆ سەرلەنوێ خۆدۆزینەوەو دەستپێکردنەوە بە رۆحێکی ترەوە. لەخۆڕا نییە هەندێك لە ئێمەمانان لە میانەی بینینی ئەو ئەزموونەدا، ئازایانە بەیەکجاری واز لە نووسین دەهێنینو هەندێکی تریشمان بەهەمان خەیاڵو و لۆژیکی بەکوردی نووسینەوە، بەڵام ئەم جارەیان بە کۆمەڵێك پۆزی حەکیمانەو لافوگەزافی بلیمەتفیکرانەوە، لەسەر

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

بەرهەمهێنانی شیعرو چیرۆکی خۆمان بەردەوام دەبینو لەسەر هەموو شتێك دەنووسینو قسەدەکەینو ساڵانە هەزار دیدارو چاوپێکەوتن لەگەڵ رۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردستاندا سازدەدەین.

هەر سەبارەت بە کێشەی کتێبخوێندنەوەو کولتووری خوێندنەوە، حەزدەکەم لەو رووەوە ئاماژە بە لایەنێکی تر بدرێت، ئەویش هەنگاونانە بۆ خولقاندنی پەروەردەی خوێندنەوەو کولتووری خوێندنەوە. ئەم لایەنە تەواوێك تێهەڵکێشی پەروەردەو کولتووری خوێندنە، کە بەداخەوە لای ئێمە خوێندنو سیستمی خوێندن رێك بە ئاراستەی دژایەتیکردنی پەروەردەی خوێندنەوەو کولتووری خوێندنەوەدا کاریکردووەو ئێمەش زۆربەی زۆرمان دەرچووی ئەو قوتابخانەو زانکۆیانەین. قوتابخانەو زانکۆکانی ئێمە، لەبری ئەوەی حەزی گەڕانو خوێندنەوەی جدی لە قوتابیدا پەرەپێبدەن، ئەو حەزەی تێدا دەکوژنو رێگەکانی گەڕانو هەڵگۆزانی پرسیاری لەبەردەمدا دادەخەن. سیستمی خوێندنی ئێمە، هەمیشە لەگەڵ کتێبەکانی دەرەوەی قوتابخانەدا دوژمنایەتیی هەبووەو کەم نین ئەو ساتانەی کە مامۆستا ئاگاداری کردووینەتەوە کە نابێت لە وەڵامی پرسیارەکانیاندا لەو کتێبەی کە بۆمان دیاری کراوە، لابدەینو دەربچین. باخچەی ساوایان کە خۆی دەبێت بناغەو جێگەیەکی پڕ جووڵەو مانادارو دەلالەتی گەورە بێت بۆ پێکهێنانی کەسێتیی منداڵو برەودان بە چێژو ئەندێشەو دروستکردنی گیانی گەڕانو خۆشویستنی کتێب تێیدا، کەچی بە چەند گۆرانیو ئۆپەرێتێکی ناخۆش ئەو تەمەنە پڕ لە جووڵەو ئامادەگییەی منداڵی ئێمە بەڕێدەکرێت. دیارە ناکرێت ئەو هەوڵە تاکوتەرایانە لەبەرچاو نەگیرێن کە ئەمڕۆ لە کوردستان لەو رووەوە لەلایەن خەڵکانێکی دڵسۆزو خەمخۆرەوە دەدرێن، بەڵام ئەو

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

هەوڵانە تەنها باڵو کورتمەوداو تاکەکەسین‌و ناتوانن شتێکی ئەوتۆ لە کۆی وێنە گشتییەکە بگۆڕن. مەبەستمە بڵێم کە ئێمە دەبێت لە بناغەوەو هەر لەمیانەی خودی سیستمی پەروەردەو خوێندنەوە، روانین‌و گۆشەنیگای کۆمەڵگە بۆ خوێندنەوەو بۆ کتێب بگۆڕین، دیارە ئەم ئەرکە لە زەمەنێکدا قورسترە کە تۆڕەکانی پەیوەندی لەوپەڕی خێراییی‌و کاریگەریدان‌و لە کۆمەڵگەیەکدا کە خوێندنەوە نەبووبێتە پێداویستی‌و کولتوور، ئیدی کتێب دەشێت بەسانایی ببێت بەژێر هورووژمی وەسوەسەو ئیغرائاتەکانی جیهانگیرییەوە.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

١٩٤- توانا ئەمین

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

## د. موحسین ئەحمەد عومەر..



مــەرج نییــە هــەموو تێکــستێکی گەورەی دونیا زادەی مەعریفە بێـت، مـەرج نییـە خوێندنـەوە مـرۆڤ بکاتـە ئەدیبێکی مەزن.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

١٩٦- توانا ئەمین

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

له روانگەی منـەوە، بـەپێی تێگەیـشتنی تیـۆریی خـۆم لـە ئـەدەبو بەرهــەمهێنانی ئــەدەبیو کێــشەی نووســینو خوێندنــەوە، هــەروەها کەمخوێندنــەوەو زۆرنووســین، پرســیارەکەت کۆمــەڵێك دەرگــاو کێــشە دەکاتــەوە، لەمــەش دەبێــت لــە روانگەیەیــەکی تیــۆریی رووتــەوە لێکیبدەینەوە. ئـەو کێشانەی پرسـیارەکەت دەیوروژێنێـت، کۆمـەڵێکن هەر هەمووشیان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە. ئەمانەش بریتین لە:

١– کێشەی مەعریفەو ئیلهام کە کێشەو پرسیارێکە لـە تیـۆری ئەدەبدا کۆنــەو دەتــوانم بڵــێم لــە ســەرەتاکانی مێــژووی گەشەســەندنو سەرهەڵدانی تیۆری ئەدەبی زۆری لەسەر نووسراوە.

٢– مەسەلەی کەمخوێندنەوەو زۆرنووسینو بەرهـەمهێنانی کرچـوکاڵیی ئــەدەبی، کــە بــە رای مــن پەیوەندییــەکی راســتەوخۆی بــە سۆسیۆلۆژیای ئـەدەبو سۆسـیۆلۆژیای رەخنـەوە هەیـە. دەشـێت لـەم روانگەیـەوە بـەجوانی وەڵامـی بدەینـەوە، چـونکە ئەمـە لـە بنچینەدا پەیوەندیی بـە کێـشەیەکی شارسـتانیی ئـاڵۆزەوە هەیـە. دەتـوانین بڵـێین پەیوەنـدیی راسـتەوخۆی بـە لایـەنێکی وردتـرەوە هەیــە، لــەم بــوارەوە، ئەمــەش فراژووبــوونی شارســتانی یــان فراژووبوونی کۆمەڵایەتی، یـان بـەمادیبوونو مانـەوە لـەناو مۆدێلـە کۆمەڵایەتییە کۆنەکاندا دەوروژێنێت.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

دوای ئەم سەرەتایە، لێرەوە بە ریزو بە دێڕی کورت کورت، هەندێك وەڵامی تیۆری بۆ پرسیارەکەت دەخەمەڕوو کە دەشێت لەوێوە دواتر بچینە ناو لێکدانەوەیەکی ئاڵۆزترەوە کە وەك خوێندنەوەیەکی گشتییە بۆ پرسیارەکەت:

١- مەرج نییە هەموو تێکستێکی گەورەی دونیا زادەی مەعریفە بێت.
٢- مەرج نییە ئیلهام تێکستی گەورە بخولقێنێت.
٣- دەشێت تێکستێکی گەورە زادەی مەعریفە بێت.
٤- دەشێت ئیلهام زادەی لەدایکبوونی تێکستێکی مەزن بێت.
٥- مەرج نییە خوێندنەوە مرۆڤ بکاتە ئەدیبێکی مەزن.
٦- مەرج نییە زۆرنووسین تێکستی نایابی لێبکەوێتەوە.
٧- خۆڕۆشنبیرکردنو خۆبەهونەرمەندکردن، دەشێت مرۆڤ بگەیەنێتە رادەیەکی بەرزی هەستیاری، سەرئەنجام تێکستی نایاب لەدایك ببێت.
٨- مەرج نییە زۆرخوێندنەوە ببێتە زادەی داهێنانی گەورە.

سەرئەنجام دەتوانین دەیان پرسیاری دیکەی تیۆری بکەین، هەر پرسیارێك کێشەیەك دەوروژێنێت، ئەمەش پێویستی بە چارەسەرو وەڵامی تیۆریی دروست هەیە.

کەواتە ئەو بیرەی کە بەهانامانەوە دێتو رزگارمان دەکات لەتەڵەو فاقەکانی تیۆری، بابەتێکی زۆر هەستیارە کە لە لۆژیكو لۆژیکی زانستیو عەقڵی یارمەتیمان دەدات، نەکەوینە ناو تەونی جاڵجاڵۆکەی تیۆریو ئاڵۆزییەکانییەوە، دواجار سادەگۆییو هیچنەوتن، مەسەلەی رێژەییە (النسبیە)، مەسەلەی رێژەیی جێگەیەکی زۆر گرنگ لە رەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، دواجار لە تیۆری ئەدەبی بەگشتی داگیردەکات،

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

ئەمــە وامانلێـدەکا نەکەوینــە نــاو "زۆروتنــی هیــچنەوتن"ەوە، یــان سادەگۆییو سەفسەتە، بەڵکو مەبەسـتمان بینـاکردنی شـتێکی جوانـە، سوودی هەبێت، ئەم سوودەش لە جوانییەکەیەوە بێت نـەك سـوودێکی مادی.

سوودەکەی لە شێوەی ئەو چەشەو خەیاڵە بێت کە شیعرێکی نایـاب بە مرۆڤی دەبەخشێت، واتە کەوتنـە نـاو جیهـانێکی دیکـەی پـۆزەتیڤی ئاگاییەوە کە لەگەڵ زەوقو چەشەی مرۆڤـدا دەگونجێـت. ئەمـەش وەك ئاودانی گوڵێکی سیسە کـە دواتـر دەگەشـێتەوەو جـوانیو بـۆنی خـۆی بڵاودەکاتەوە.

مەسەلەی رێـژەیی، یـان پاراسـتنی رێـژەیی لـە واقیعێکـی ئـەدەبیی دیـاریکراودا، بنـچینەی ئـەو عەقڵانییەتـە رەخنەییـە دادەمـەزرێنێت کـە پێویستە بۆ تێگەیشتن لە دەیان هەڵکەوتو واقیعو دیاردەی ئەدەبی.

ئەم رێژەییە راستەوخۆ لە ریزکردنی ئەم وەڵامانەی سەرەوەی منـدا هەیـە. ئێـوە دەڵـێن: (لـە کاتێکـدا تێکسـتە گـەورەکانی دونیـا زادەی مەعریفەن، نەك ئیلهام..) لێرەوە ئەم رستەیە وەك پێشەکییەك وایە بـۆ کۆتایی پرسیارەکەت کە لە کۆمەڵی ئێمە زۆر خوێندنـەوە نییـە، بـەڵکو زۆر نووسین هەیە.

ئەمـە راسـتە، بـەڵام ئەمـەش لێکدانـەوەی وردی سۆسـیۆلۆژی یـان باشتر سایکۆسۆسیۆلۆژیی دەوێت. دەبێت ئێمە سەرەتا لـەم هەڵکەوتـە بگەین کە ئەمڕۆ مرۆڤی کـورد تێیـدا دەژیو دواتـر وەڵامـەی راسـتەکان راستەوخۆ خۆیان رەپێشدەکەن.

بـەڵام پـێش ئـەوەی ئێمـە دەسـت بـۆ ئـەم لێکدانەوەیـە ببـەین، پێشەکیی پرسیارەکەت دەرگایەکی تیۆری دەکەنەوە، ئـەم دەرگایـەش

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

راستەوخۆ بەرەو چەمکی ڕێژەیی لە ڕوانینی ڕەخنەییو لێکدانەوەی ئەدەبیمان دەبات. من دەمێك بەرامبەر بەم پرسیارە درێژە دووچاری رامان بووم، دواتر کلیلەکانیم وردە وردە دەهاتە ناو دەست. ئەمەش لە بنچینەدا وەك کێشەی خوێندنەوەیە لە ڕوانگەیەکی تیۆری ڕووتەوە.

هەندێك تێکست هەن، لەگەڵ خوێندنەوەی یەکەمو دووەم هیچت پێنالێن، بەڵام لەگەڵ کۆمەڵێك خوێندنەوەی دواترو ڕاهاتن لەگەڵ ڕەمزو وێنەو خوازەو پارادۆکسو میتافۆرەکانی ناوەوەی جوانترو ڕوونتر دێنە بەرچاو. چونکە لە بنچینەدا تێکستێکی لەم جۆرە، پشتئەستوورە بە پاشخانێکی مەعریفیو هونەری، نووسەرەکەی زۆر کاری تێداکردووە، بەڵام بەگشتی تێکستی نایاب، چ شیعر، چ ڕۆمانو چیرۆك، هەتا گوتاری ڕەخنەییو لێکۆڵینەوەش، ئەگەر بە چەشنەو پاشخانێکی مەعریفیو هونەری بەرزەوە نووسرابێت، لەگەڵ یەکەم دێردا مرۆڤ یان خوێنەر دەستەمۆ دەکاتو دەیگرێت، بەڵام تێکستی خراپ لەو چرکەیەی هێشتا ڕۆژیشی نەبینیوە، هەر مردووە یان بەمردوویی لەدایك بووە. بەمردوویی لەدایکبوونی ئەدەبی، دەمانگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنێکی ناهەستیارو نەشارەزا، دواتر بێ زەوقو سەلیقە.

لەبارەی مەعریفەو ئیلهامەوە، ڕەخنەو تیۆرە ڕەخنەییەکان، ڕوانینی تریان هەیە، لە بنچینەدا کێشەی شارەزابوونو بلیمەتی هەیە کە لە ڕەخنەی کلاسیکی لە ئەرستۆو ئەفلاتوونو هۆراسەوە بگرە گرنگییان پێداوە تا دەگاتە فرۆیدو یۆنگو ڕەخنەگرە هاوچەرخەکان.

شارەزاییو بلیمەتی، وەك دوو دیاردەی دەستکردو خۆڕسك، یان تەجرەبیو سروشتی دێنە بەرچاو. دۆستۆیفسکی، یەسەنین، گۆران، لۆرکا، مایکۆفسکیو ڤان کوخ، هەر هەموویان ئەم دووانەیان تێدا

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

بووە. ئەمەش لە شێوەی ئازارێکی دەروونیدا دێتە بەرچاو کە شـێوەی ناسنامەیەکی تایبەتی بۆ ئەو کەسە دروستدەکات، ئەمەش لە روانگـەی لێکدانەوەی رێژەییەوە، دەمانگەیەنێتە ئەو خاڵەی بڵێین تـەنیا لایـەنێك لەپشت داهێنانە ئەدەبییەکانەوە نییە، بەڵکو بارستاییەکی دیکەیـە کـە ناوەندێکی کۆمەڵایەتیو زاتیـی سروشـتیو ناسروشـتی تێدا بەشـدارن. لێرەوە کۆتایی بەم لێکدانەوە دەهێـنین، بـەرەو ئـەو حاڵـە دەچـین کـە وەك کێشەیەکی گەورە لە کۆتایی پرسیارەکەتدا دەردەکەوێن" ئـەویش بریتییـە لـە نەخوێندنـەوە وەك کێـشەیەکی شارسـتانی لـەناو کـورددا، زۆرنووسین کە سادەگۆییو هیچنەوتنی لـێدەکەوێتەوە.

من دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ بنـچینەو زەمینـەکان، دەشـێت هەنـدێك وەڵامـمــان دەســتبکەوێت، کــە بــە رای مــن پەیوەنــدیی تــەواوی بــە مەســەلەی فراژووبوونــە کۆمەڵایــەتی یــان شارســتانییەکانەوە، لــەناو کــورددا هەیـــە. دەشـــێت پەیوەنـــدیی بـــەو وەرچـــەرخانە مـــادیو مەعنەوییانەوە هەبێت کـە ئێمـە ئێـستا تێیـدا دەژیـن کـە لـەناکاو ئێمـە لەمۆدێلێکی ژیانی تەقلیدییەوە کەوتینە ناو مۆدێلێکی دیکـەی تـازەوە، یان مۆدێلی کۆن بەجێدەهێڵین بـەرەو مـۆدێلێکی دیکـەی تـازە دەچـین کە هەتا ئێستا ئەم مۆدێلە نوێیە بچمو روخـسارو هەڵکـەوتنی نـاوەوەی خۆیمان بۆ والاناکاتەوە. یان بە شێوەیەکی تر، ئێمـە ئازارمـان زۆرە لـە بەجێهێشتنی مـۆدێلی شارسـتانیی کـۆنی خۆمـان کـە بێگومـان لایـەنی پۆزەتیڤو نێگەتیڤی خـۆی هەیـە. بـەکورتی دەشـێ بڵـێین: روانینێکـی روونمان بۆ ئایندە نییـە، نـازانین ئـەم ئایندەیـە چـیی لـە سـکی خۆیـدا هەڵگرتووە، ئەمەش پێماندەڵێت کە ئێمە زۆرباش لە (ئێـستادا) نـاژین، پەرشــوبڵاوین، نــازانین چــی دەکــەین، زۆر دەڵــێین، زۆر دەنووســین، کێـشەی دەربڕینمـان هەیـە، کـەم دەخوێنینـەوە، واتـە کـەم خۆمـان

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

ڕۆشنبیر دەکەینو کەم خۆمان بە هونەرمەند دەکەین. زۆر دەنووسین، بەڵام نازانین چی دەنووسین. واقیعی کۆمەڵایەتی ئێمە پێماندەڵێت کە ئێمە لەناو وەچەرخانێکی مادیی زۆر سەرنجڕاکێشدا دەژین، بەرەو کۆمەڵێك دەچین لە ئازارێکی زۆری نوێبوونەوەداین، ئەم ئازاری نوێبوونەوەیە لە سەرتاپای کۆمەڵی ئێمەوە دیارە یان دەردەکەوێت، لە نووسینی شیعرێکی کرچوکاڵەوە بگرە تا دەگاتە کوشتنی ژنێك، یان خۆسووتاندنی کچێك، بوونی تەتەڕوفی ئایینیو فیکریو ئەدەبیو سیاسیو کۆمەڵایەتی. لەولاتریشەوە شتە جوانەکان کەمن، چونکە شتە جوانەکانو شتە پۆزەتیڤەکان وەك ناوکێکی بچکۆلەن لە ئێستادا هەنو چرۆو گەڵاکانیان لە ئایندەدا دەردەکەوێت، چونکە بە سوپایەکی زەبەلاحی ئەفسانەو پرووپووچی ئایینیو کۆمەڵایەتیو ژیاریو سیاسی دەورە دراون، لێناگەڕێن دەربکەونو ڕۆڵی پۆزەتیڤی خۆیان بگێڕن، بێگومان ئەمە ڕاستە، ئێمە هەر ئەمڕۆ کۆمەڵێکین، کۆمەڵی تەقلیدی (**Traditionelle**) بەجێدەهێڵین، کۆمەڵێك چەمكو بەهاو نرخ هەن کە سەر بەم کۆمەڵە تەقلیدییەن. ناوەندی کۆمەڵایەتیی تەقلیدی یان کۆن لێناگەڕێت بەئاسانی دەستبەرداریان ببین. هەڵبەت ئەم گۆڕانە قوربانیی خۆی دەوێت، ئەم قوربانییەش هەمووی خۆی لەو توندوتیژییەدا وێنادەکات کە لە ژیانی سەرتاپای ئێمەدا هەیە. تێکستی نایابو خوێندنەوەی نایاب، لەناو کۆمەڵێکی لەم جۆرەدا بەزەحمەت لەدایك دەبێت. دواتر بە گەڕانەوە بۆ مەسەلەی ڕێژەییەکە، دەبینین لەسەر ئاستێکی زاتی (نەك مەوزوعیو گشتی)، واتە لەسەر ئاستێکی بچووك (poserivisme) تێکستی نایاب دەستدەکەوێت، ئەمەش ئەو تێکستەیە کە لەپاڵ ڕاستگۆییو ڕاست ژیانی لەدایك بووە، زادەی کەفوکوڵو سووتانێکی زاتییەو هیچ پەیوەندیی بە کۆمەڵەوە نییە.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

هەڵبـەت ئەمــەش جۆرێـك ئەنانییــەتی لەپاڵـە، بـەڵام ئـەم ئەنانییەتـە شتێکی خەتەر نییە لەسەر کۆمەڵو کەسانی دیکە.

لەلایەکی دیکەوە، وەك دیاردەیەك مـن لێکدانەوەیـەکی دیکەشـم بـۆ ئەو زۆرنووسـینەو کەمخوێندنەوەیـە هەیـە، نـەبوونی داهێنـانی گـەورە. ئەگەرچی ئەمەش هەر پەیوەندیی بـە وەرچـەرخانە مادییەکـەوە هەیـە، بەڵام وردبوونەوەیـەکی تایبـەتیی دەوێـت، دەبیـنین لـەم چـوون بـەرەو کۆمەڵێکی تری دەوڵەمەندترو ئاوەدانتر، لەم نوێبوونەوەیـەدا، رۆژبـەرۆژ کۆمەڵی ئێمە پێویستیی بە زیـاتر نووسـین هەیـە، زۆربـوونی بوارەکـانی دیکـەی نووسـین، بازرگـانی، وەرزشـی، کۆمەڵایـەتی، مـۆدو پزیـشکیو کۆمەڵایــەتیو ئــایینی، دەشــێت ئــەدەبیات رێژەیــەکی کــەم لــەم بەرهەمهێنانە بگرێت. مەبەسـتم ئەوەیـە بڵـێم: نووسـینو بەرهـەمهێنانی رۆشــنبیری وەك کردەیــەکی شارســتانیی تــازە، بووەتــە کاڵایــەکی بازرگـانی، یـان شـێوەی کاڵایـەکی بازرگـانی وەرگرتـووەو سـەرمایە بەرهەمـدەهێنێت. ئەمـە بزووتنەوەیـەکی کۆمەڵایـەتیو شارسـتانییەو پێداویـستیی مـادیی کۆمـەڵ فەرزیـدەکات. لـە بنچینەشدا دیاردەیـەکی پۆزەتیڤـە، ئەگەرچـی لایـەنی نێگـەتیڤی خـۆی هەیـە. دە سـاڵ پـێش ئێــستا، ئێمــە ئــەو دەوڵەمەندییــە میدیاییــەمان نــەبوو، ئــەمڕۆ وەك پێداویـستییەکی نـوێی مـادی ئـەم بەبەبازرگانیبوونـە میدیاییـە هەیـە، بەتایبــەتی لــە بــواری میــدیای خوێنــدراوەدا. ســەرئەنجام نووســینو خوێندنــەوەی ئــەدەبیو فیکــریو هونــەری، ئــەویش وەرچــەرخانو بـەمادیبوونو بـەبازرگانیبوونی تێکـەوتووە، ئەمـەش وەك دیاردەیـەك بچمێکی ئاوەدانیو دەوڵەمەندی پیـشاندەدات، بـەڵام بـچمێکی دیکـەش پیشاندەدات کە پاشەکشە بە بەرهەمهێنانی ئەدەبیو فیکریو هونـەری

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

پوختو نایاب دەکات. لێرەش جارێکی دیکە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ مەسەلەی رێژەییەکە، کە لەناو ئەم پێکهاتە ئالۆزە تازەییەدا، مانای ئەوە نییە بەرهەمی ناوێزە لەسەر ئاستێکی زاتی نییە" نەخێر، وێڕای بوونی زۆرێکی خراپ، کەمێکی نایابمان هەیە، دواجار هەر ئەم کەمەیە کە وەك ناوکێکی نایاب دێتە بەرچاوو درێژە بە خۆی دەداتو لقو پۆپی لە ئایندە لێدەبێتەوەو نامرێتو ئەوانی دیش هەموو دەچنە زبڵدانی رۆشنبیرییەوە.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

## مەنسور تەیفوری..



بیرکردنەوە ئەو توخمە بزرەیە هەتا ئێستاش لەلای ئێمە پرس نییە، تا ئێستا لە رۆشنبیریی کوردیدا نەمانپرسیوە "بیرکردنەوە چییە؟"و "چییە بیرکردنەوەیەك حەقیقی دەکات؟".

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

وەك سەرەتا، بێ ویستی خۆمو بە ناچار دەبێت نەك بەوەڵامدانەوە، بەڵكو بە داڕشتنی پرسیارەكەوە خەریك ببم، چونكە لەباتی پرسیار حوكمێكم لە بەردەستدایە كە تەنیا بە نیشانەی (؟) پرسیار دەیەوێت ببێتە پرسیار، حوكمێك كە خۆی پێش وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێك پێویستی بە توێكردنەوەو هەڵوەشاندنەوە هەیە، بۆ ئەوەی بانگێك بۆ وتووێژو درێژەدانی ئاخافتن لە ناخیدا دەربكەوێت.

یەكەم: لەنێوان مەعریفەو ئیلهامدا، ناتەباییەكی بنچینەیی وێنا كراوە كە چما ئەمانە دوو جیهانی بە تەواوی لێكجودانو چ كاریگەرییان لەسەر یەكتر نییە. بەڵام راستییەكەی چ جیاكارییەكی لەم چەشنە لەنێوان مەعریفەو ئیلهامدا لە كاردا نییە. لانیكەم بە نیسبەت ئەدەبەوە، كە پرسیارەكە لە دواییدا خۆی لەسەر چڕدەكاتەوە. ئەوەی دەبێت بەرامبەر مەعریفە دابنرێت، وەهمە نەك ئیلهام. بە پێوستی دەزانم وەهم زیاتر روونبكەمەوە. وەهم بەپێی دابەشكارییەكی سوننەتی بۆ پلەكانی مەعریفە، ئەوكاتەیە كە خەیاڵ بەتەواوی لە واقیع دادەبڕێتو هیچ پەیوەندییەكی لەگەڵ واقیع نامێنێت. ئەو كاتەیە كە چیدی واقیعو گرفتو ناكۆكییەكانی، سەرچاوەو دەستپێكی بیراندن نین، بەڵكو تەنیا ئارەزووی چەپێنراوی تاكەكەسیو گروپەكانن كە لە شێوەی شیزۆفێرنیایەكی فەردی یان بە كۆمەڵدا دەردەكەونو یەكەم شت كە نەفی دەكەنەوە، عەقڵو ئەو چەمكانەیە كە تەنیا كەرەستەی گۆڕانن. وەهم وازهێنانە لە واقیعو ئەو چەمكانەی واقیعیان پێ

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

پێناسـەدەکرێت، وازهێنانـە لـە زمـانی چـەمکیو مێـژووی بیرکردنـەوە، زیندووکردنـــەوەی عـــەزیای پـــێش مێژووییـــە لـــە شـــێوەی قـــەیرانی ناهاوچەرخدا، گەڕانە بۆ زمانی ئێستاو چارەی قەیرانـەکانی ئێستا لـە سەردەمانێکدا کە لە بواری کۆمەڵایەتیو ئابوورییەوە جودان لە ئێستا، دابڕانە لـە سەرچـاوەی راسـتەقینەی بیرکردنەوەکـەی هـەمان کۆمەڵگـە بەهەموو ناکۆکیو ململانێکانییەوە. وەهەم بەرگەنەگرتنی ئـەم نـاکۆکیو ناتەواوییانەیـە، بەرگەنـەگرتنی بیرکردنەوەیـە، ترسـە لـەو بێـدەنگیو سەرسـامی کـە هانـدەری یەکـەمی بیرکردنـەوەن، دەرچـوونە لـەو پرسـیارانەی واقیـع بـە بـەردەوامو رۆژانـە رووبـەڕووی بیرکردنـەوەی دەکاتەوەو گەڕانە بۆ دڵنیایی. لە کاتێکدا بیرکردنەوە بەردەوام دەبێت نادڵنیـا بێـتو کـەی وەك فاوسـت بڵێـت "گەشـتمو تـەواوە"و بەجیهانـە دەسـتکردەکەی خـۆی خـەنی بێـتو وازبیهێنێـت، رووخـانو هەرەسـی دەسـتپێدەکات، هـەر ئـەم نادڵنیاییەشـە کـە یەکـەمجار مەعریفـەی پـێ شـێوەڕێژ کـراوە، واتـە هـەمان گـوزارە بەناوبانگـە بنـچینەییەکەی ئەرەستۆ کە رایگەیاند "زانین زادەی حەیرەتە." پەنابردنـە بـەر وەهـم، دامـاڵینی بیرکردنەوەیـە لـە هانـدەری یەکـەمو بنـچینەیی خـۆیو دووپاتکردنەوەی ئاواتێکی کەونیو ئاینییە، گەڕانە بۆ بەهەشـتێکی بـێ ناکۆکی. لە کاتێکدا جیهانی مۆدێرن، جیهانی ناکۆکیی رۆژانەو جیهـانی مەتەڵـــە هـــەر رۆژەکـــانو خـــەباتی بـــەردەوامو بێوچـــان بـــۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم ناکۆکیو مەتەڵانە. مەعریفەش لـەم هاوکێشەیە بـەدەر نییـەو بیرکردنـەوەش دەبێتـە خـەباتێکی رۆژانـەو بـەردەوامو بەخۆداچوونەوەیەکی هەمیشەیی. ئەمەش ئـەو داینەمۆیـەمانو نـەمانی بیرکردنـەوەی پێـوە دەبەسـترێت، بەرامبـەر وەهـم کـە بـەنیازە یـەك شوێنی هەمیشەیی بۆ حەسانەوەی خۆی بدۆزێتەوەو بۆ هەمیشە تێیدا

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

دابمەزرێت. بەڵام ئیلهام بە پێچەوانەی وەهمەوە، دژی مەعریفە نییە، جەنگێك، ناكۆكییەك، رووداوێك، دەتوانێت ببێتە ئیلهام بۆ بیركردنەوەو نووسینی بابەتێكی فیكری یان خوڵقاندنێكی هونەری، خاپووركردنی گوندێك دەكرێت ببێتە ئیلهامی خوڵقاندنی "گیۆڤێرنیكا" لای پیكاسۆو ئاشویتس دەتوانێت ببێتە ئیلهامی راگەیاندنی بێماناكەوتنەوەی هەمووشتێك لای ئادۆرنۆ. ئیلهام نەك مانای پەنابردنە بەر جیهانی ترو گەڕان بۆ سەرچاوەی بیرو ئایدیا لە جیهانێكی دیكەوە، جیهانێك كە تەنها لە وەهمدا هەیە، بەڵكو ئەو خاڵەیە بیركردنەوە لێیەوە دەستپێدەكاتو بۆ ئەو بونیادە لێكترازاوە دەگەڕێت كە بەم خاڵە گەیشتووە. بۆ ئەوە دەگەڕێت كە چۆنە مێژووی ژیار لە كارەساتدا چڕدەبێتەوەو كام میكانیزمو هاوكێشە، كۆمەڵكوژیو ستەمی كۆمەڵایەتی لێدەكەوێتەوەو كامە سیستمی ئابوورییە دەتوانێت لەگەڵ هەموو شەڕێكدا هەڵبكاتو لە پشتەوەی دیكتاتۆرییەتەوە، كامە سیستمی ئابووری خۆی شاردووەتەوە؟ ئیلهام چركەی دەستپێكردنو گەڕانە بۆ شتێكی گشتیتر لە پشتەوەی ئەم چركەیەوە. لێرەشەوە مەعریفە درێژكراوەی ئەم چركەیە دەبێت كە هەوڵ بۆ دۆزینەوەی بونیادو هۆكارە نادیارەكانی دراوە. بەڵام هاتنە ئارای ئەم پرسیارە ناتوانێت لەخۆڕا بێت. راستە لای ئێمە ئیلهامو وەهم جێگەیان گۆڕاوەو چاوخشاندنێك بەسەر ئەدەبی هاوچەرخداو هەڵدانەوەی لاپەڕەی چەند نۆڤلێتێك، دەتوانێت پێمانبسەلمێنێت كە ئارەزووی چەند گەورە بۆ راكردن لە واقیعو پەنابردنە بەر وەهم هەیە. ئەمە ریالیزمی جادوویی نییە، بەڵكو وەهمە. ریالیزمی جادوویی هێشتا ریالیستەو هێشتا پشتی بە مێژوو بەستووەو خۆی لە مەتەڵەكان دەدات، كەچی خەیاڵەكانی ئەم نۆڤلێتانە بەرهەمدەهێنن، وەهمی

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

رووتـــن‌و بەرهـــەمی ناتوانـــایی ئـــەقڵ‌و بیرکردنـــەوەن بەرامبـــەر واقیـــع، تەنانـــەت ئەوەنـــدەش راســـتگۆ نـــین کـــە (بیکێـــت)ئاســـا ئـــەم ناتواناییـــە ئاشـــکرابکەن‌و بـــۆ نـــاخی زمـــان‌و بیرکردنـــەوەی شـــۆڕبکەنەوە. هەڵبـــەت ئەمە تەنیا بواری ئـــەدەب ناگرێتـــەوەو لـــە ئاســـتی بەرهـــەمی فیکرییـــشدا ڕوودەدات، هـــەوڵ بـــۆ وەڵامدانـــەوەی پرســـیارەکانی هەنووکـــە بـــە ئەفلاتوون‌و سارتەرو هایدگەرو ئەم نۆڤلێتانە، وەکو یـەکن. راکـردن لـە دەسـتی واقیـع‌و پەنابردنـە بـەر ئەسـتێرەدۆزیی (حـسێن نەسـر)یانـەو وجودپەرستیی (سارتەر- هایدگەر)ی‌و پێناسـەکردنی بـوون وەك بـوون بـــەرەو مـــەرگ‌و وەهـــم، یـــەك شـــتن. شـــەرعییەتدانی راســـتەوخۆو ناڕاســـتەوخۆن بـــە فەنـــدەمێنتالیزم‌و جـــۆرە جیاوازەکـــانی گوتـــاری ناعـــەقڵانی‌و زیندووبوونـــەوەی عـــەزیای پـــێش مێـــژوویی. ئەمانـــە وەهماندنن، ئەگینا گەر وەهم نەبن، چۆن بانگەشـە بـۆ بیرکردنەوەیـەك دەکرێـت کـە جیهـان پێـشترو لـەپاڵ دەسـتی کوردستانیـشدا، ئێـران خەریکی ئەزموونکردنی تەرجەمەی بابەتیی ئەوە. مەبەستیشم ڕێك ئـەو تێکەڵەیـە لـە ئـەفلاتوون‌و نەسـرو هایدگـەرو فەردیـد، کـە ئێـستا مەهدەوییـەتی لـێ هاتووەتـە دەرەوەو حـوکمی ئێـران دەکـات‌و لـە کوردسـتاندا بـەنـاوی حیکمـەت‌و بوونخـوازی‌و ئەفلاتوونیزمـەوە لـە ئـاو هەڵکێشراوەو کەچی تەرجەمە سیاسییەکەی هیچ کات ئازادبی نییە.

دووەم: ســـادەگۆیی‌و هیـــچنەوتن.. رەنگـــە یەکـــەم هـــەوڵ بـــۆ فۆرمڕێـژکردنی هیـچنەوتن لـە ئەدەبدا، بـۆ نووسـەی مـادام بۆڤـاری (گۆسـتاڤ فلـۆبێر) بگەڕێتـەوە کـە یەکـەم نووسـینی بـێ خاڵبەنـدی لـە پەخشانی فەڕەنسیدا تاقیکردەوە. ئـەو لـە یاداشـتەکانیدا دەڵێـت "بـە نیازم کتێب بنووسم سەبارەت بـە هـیچ، واتـە کتێبێك بابەتەکـەی هـیچ بێت." بەڵام ئەو هەر لە تـوێی ئـەم کتێبەشـەوە، تـوانیی دەسـت بداتـە

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

تۆێکارییـەکی چـینی بـۆرژوازیو مامناوەنـدیی ئـەو کـاتی ئـەورووپا، بەتایبـەت فەرەنـساو هــەر لەوێـشەوە پــەل بـۆ شـیکاریی خــزیو نــاجێگیرییو ســەیالییەتی پەیوەندییــە مرۆییــەکان بهاوێــتو لــە خوێندنــەوەی مێــژووی هاوچــەرخی خۆیــەوە، بتوانێــت گــشتییەك بدۆزێتـەوە کـە بـۆ سـەردەمانی دیکـەش تـازەو وەڵامـدەرەوە دەبێـت. ئەمــە دیـالێکتیکێکی سـەیرە کـە چـۆن ئـەو بەرهەمـەی بەتـەواوی دەسـتەویەخەی مێـژووی هاوچـەرخی خۆیـەتی، دەتوانێـت شـتێك لـە گشتێتیو گشتیبوون هـەڵبگرێتو بـۆ سـەردەمانی دیکـەش بـەکاربێت. ئەمــە ئــەو جــۆرە دیالێکتیکەیــە کــە بەرهــەمی هونــەری توانــاترین دەرکەوتەیەتی. بەڵام هەر شێوەنووسینی ئـەم بەرهەمـە، خـۆی دیسان گرانو ئاسانە (سهل ممتنع)، ئەو سادەییەیە کە بەرهـەمی چڕبوونەوەو تێپەڕینی بیرکردنەوەیە بە ئاڵۆزییەکاندا، هەر ئەو بریسکەیەی کە دواتـر لای نیچە لە شێوەی پەخشانی شاعیرانەدا دەردەکـەوێت. ئەمـە چیدی سـادەگۆییەك نییـە وەك قـسەی سـەرزارەکی، پارچـە فەلـسەفییەکانی ئــادۆرنۆ هــەموو توانــاکی زمــان بــەکاردەهێنێت، بــەڵام بــۆ بەگژداچوونەوەی زمان خۆیو ئەمە لە "دیـالێکتیکی ڕۆشـنگەری"یـشدا بەرجەستەیەو هەندێك جار هەست دەکەیت لۆژیکی شـیعرت ئاگـا لێیـە، کەچی بەهیچ شـێوەیەك ئـەوەی کـە دەوترێـت، سـادە نییـە. بەرهـەمی ســاناو ســادەکردنەوەی جیهــان نییــە، ئەمەشــە دیــسان ســادەگۆیی هیچنەوتنیش بە جۆری دیکە لەلای بیرمەندان ئـەزموون کـراون، جیـاواز لە ئەزموونی ئێمەو پێناسـەی ئێمـە بۆیـان. ئـێ خـۆ ئـەو سادەگۆییەی لای ئێمــە هەیــە، وەك ئــەو ســادەگۆییەیە کــە بنیــامین لــە "شــەقامی یەکلایەنە"دا کردوویەتی: "رازق خودایەو نوێنەریشی دەوڵـەت." بـەڵام

هـەموو مێـژووی گـۆڕانی ئـەم دوو چـەمکەی بـۆ یـەکترو ئامـادەیی پرۆســـەیەکی ئـــابووریی لـــەم نـــاوەدا ئاشـــکراکردووە، ئەمـــە ئـــەو سادەگۆییەیە کە لە دڵی ئاڵۆزییەوە دەزێت. سـەبارەت بـە هیـچنەوتن، دەتوانین ئاماژە بۆ سیمایەکی دیکـە بکـەین، سـامویل بیکێـت بـە سـێ ڕۆمانەکـەی خـۆیو شـانۆنامەکانی هـەوڵی دا بـە گـژ زمـانو توانـای نواندنـــەوەی (representation) زمانـــدا بـــچێتەوەو فـــۆڕمی ڕۆمـــانو شانۆنامە تا دوایین ڕادەی خۆی کورتبکاتـەوەو بیسەلمێنێت کـە زمـان بەشی نواندنـەوە ناکـات، کـە نواندنـەوەی تـەواوەتیی واقیـع بـە زمـان، وەهمە. کە ئەدەبیش، ڕۆمانو شانۆنامەو تەنانەت زمـانو وشەکانیـشی ناتوان کەوتوونەوەو بەگـژ ئـەم ناتوانکەوتنـەوەدا چـوو و ڕایگەیانـد لـە دواییدا هەوڵی ئێمە شکست دەهێنێـتو وتـی: «هونەرمەنـدبوون مانـای شکست هێنانـە.» ئەمەیـە ئـەو ئەزموونکردنـەی هـیچ کـە مۆدێرنیـستە گەورەکان ئەزموونیان کردووە، کە زۆر جیـاوازە لـەو هیـچنەوتنەی لـەم پرسیارەدا نراوەتەوەو گـەر وریـا نـەبین، بـە تەنیـشتیدا ڕەتـدەبینو بـە سانـاو ئاسایی وەریدەگرین.

بەم پێشەکییانەوە، لەم حوکمە پرسـیارێك دێـت کـە دەکرێـت وەڵام بدرێتەوە: "چۆنە تێکستەکانی ئێمە سادەنو بەرهەمی مەعریفە نـین؟" یان هەر داڕشتەیەکی دیکەی ئەم ناوەڕۆکە.

بۆ مـن وەڵامـی پرسـیارە بەنـدە بـە پرسـیار لـە بیرکردنـەوە خـۆی، بیرکردنەوە ئەو توخمە بزرەیە ئا ئێستاش لەلای ئێمە پرس نییە، هـەتا ئێـستا لـە ڕۆشـنبیریی کوردیـدا نەمانپرسـیوە "بیرکردنـەوە چـییە؟"و "چـییە بیرکردنەوەیـەك حـەقیقی دەکـات؟". ئـەو هـەموو ئێگزیـستەی ئێمە، نە هایدگەرو نە سارتەریان وەك کەسانێك کە بیریان لـە چـییەتیی بیرکردنەوە کردبێتەوە، نەناساندووە. کلیلەکە بیرکردنەوەیـە. وەڵامێـك

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

لێرەدا بۆ ئەم پرسیارە هەمبێت، ئەوەیە: بیرکردنەوە لە دوایین پلەی خۆیدا، بیرکردنەوەیە لە گشتی (the universal). ئەمەش مانایەکی میتافیزیکیی نییە، بەڵکو مانای توانای بەستنەوەی بابەتی هەندەکی (Particular)یە بە گشتییەوە، واتە تۆ چۆن دەتوانیت شتە بە رواڵەت دابڕاوەکان پێکەوە پەیوەندی بدەیتو بونیادو هێزی نادیاری پشتەوەیان، بەبێ تووشبوون بە وەهم، ئاشکرابکەیت. چۆن بتوانیت بیسەلمێنیت بونیادگەریی ئایینی توێژێکی ئابوورییە کە مەبەستی گۆڕینی زیاد لە (٩٠٪)ی تلیاکی جیهانە لە ئەفغانستان بۆ یۆرۆو دۆلار. واتە تۆ چۆن بتوانیت رووداوە خۆماڵیو هەندەکییەکان لە دڵی مێژووی مرۆڤایەتیو لە ناوکۆییەکی جیهانیدا بخوێنیتەوەو لێرەشەوە خۆت بە جیهانەوە ببەستیتەوەو چیدی دوورگەیەکی داخراو نەبیت. نەبوونی ئەم روانینە بۆ بیرکردنەوە، یان روونەدانی بیرکردنەوە، وایکردووە لەلای ئێمە زمان لە کەرەستەی بیرکردنەوەو بیراندنی جیهانەوە، ببێتە کەرەستەی کورتکردنەوەی جیهان بۆ زمانو زمانیش بۆ دوورگەیەك بۆ خۆشاردنەوە، ئەویش شاردنەوەی نەتوانین.

دەربازبوون لەم دوورگە تەریکەو خۆدانان لە زەمینەیەکی گەورەتردا کە زەمینەی جیهانو مێژووی بیرکردنەوەیە، توانــاو بوێرییەکی پێویستە کە رەنگە ئێمە هێشتا نەمانبێت، پێویستی بە توانایەکە بۆ بەخۆداچوونەوە (self–reflection) کە لای ئێمە بزرەو کەچی بوێریی بۆ ئەم بەخۆداچوونەوەیە، دەستەویەخەبوون لەگەڵ گشتیو خۆدانان لەم ناوکۆییەدا، مەرجی سەرەکیی هەر چەشنە بیرکردنەوەیەکە. لێرەوە ئەدەبیش بە بیرکردنەوەوە گرێدەدرێتو دەتوانێت وەك بیرکردنەوە ناوەڕۆکێکی کەشفکاری بەبەردا بێتەوە. خۆدانان لەم ناوکۆییەدا، مانای بەراوردکردنی خۆتە بە جیهان، مانای

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

تــۆ دەبێــت بــەپێی جیهــان، نــەك شــارێكو ناوچــەیەك، بخولّقێنیــتو بیربكەیتەوەو بەرهەمبهێنیت. مانای مێژووی مرۆڤایـەتیو بیركردنـەوەو ئـەدەب، هــەمووی مێــژووی تــۆنو تــۆ لــەم ناوكۆییــەدا دەخولّقێنیــت. هەڵبەت ئەمەش دیسان لـە روانگەیەكـەوە نایـەت كـە خـۆی لـە واقیعـی ئێرەو ئێستا دەدزێتەوە، بەڵكو جۆرێك لـە دیالێكتیـك لـەنێوان گشتیو هەندەكیدا دروستدەكاتو خوێندنەوەی جیهان لە رێگـەی خوێندنـەوەی نیشانەیەكەوە كە هەموو مێژووی تێدا چڕبووەتەوە، چۆن مرواریـیـەكی ژێر دەریا، دەتوانێت چاوی مەلەوانێك بێت.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

## ئەحمەدی مەلا..



گەورە نووسەرانی کورد لە مزگەوت و حوجرەکاندا زمانیان پژاوە و دەبێت ئەو راستییە تاڵەش بزانین کە مەعریفەی حوجرە، پاشماوەی مەعریفەی چاخەکانی ناوەندە.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

٢١٦- توانا ئەمین

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

خوێنــدن‌و نووســین، دوو دەســتەخوشــکی یــەکگرتــوون‌و پێکــڕا چەمکێک لـە بـواری دیـداکتیک، واتـە لـە بـواری فێربـوون‌و پێداگۆژێدا، وەکـو چـالاکییەکـی گـرنگ دەناسـرێنەوە. پـێش ئـەوەی پرسـیارەکـە ئاڕاستەی نووسەرانی لای ئێمە بکرێت، بە پێویست دەزانرێت، هـەمـان پرسیار بـە بـەجۆرێکی دیکـە، ئاڕاسـتەی وەزارەتـە پـەیوەنـدارەکـان بکرێت‌و هەڵوێستەیەکی گـرنگ لـە سـەرجـەم ئـەو بابـەتانـە بکرێـت کـە پەیوەندییان بە خوێندن‌و نووسینەوە هـەیـە، بـەڵکـو بـە شـێوەیـەکـی فراوانتر، پەیوەندییان بە سیستەمی پەروەردەوە هەیە.

خوێندنەوە چالاکییەکی فیکرییە دەکەوێتە پـێش نووسـینەوە، واتـە ئینـسان زووتـر فێـری خوێندنـەوە دەبێـت تـا نووسـین، زووتـر فێـری تێگەیشتن دەبێت تا قسەکردن. ئـەم راسـتییە بـۆ زمـانی دایک‌و زمـانی بیانییش دەشێت.

کاتێـک جـەوهـەری گرفتـەکـە دەگـەڕێنینـەوە سـەرەتاکـانی‌و لـە پێکهاتــەکــانی ورد دەبینــەوە، ئــەوکــات دەکرێــت بــەدوای رێگەچارەسەرەکاندا بگەڕێین. قوتابیی کورد لـە قۆنـاغی سـەرەتـایی چ دەخوێنێتــەوەو چــۆن دەیخوێنێتــەوە؟ خوێندنــەوە تــەنهــا گواستنەوەیەکی میکانیکیی وشەکان نییەو لە سەرجەمـی تێگـەیشتنی وشەکاندا، لە رستە تێبگەین‌و پاشـانیش لـە تێکستێک، بـەڵکـو هـەموو

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

نووسـینێك لـەنێـو تـەونێكـی دیـاریكراودا، ماناكـانی دەخـەملێنو ئـەو تــەونــەش پــەیــوەنــدیی بــە مێــژووی‌و ســیاقەكــانی كولتــووری‌و كۆمەڵایەتییەوە هەیە.

رستەی : "دارا دوو داری دی" چـی بـە منـداڵ دەڵێت زیـاتر لـەوەی كە دانەری ئەم رستەیە، مەبەستی دووبارەكردنەوە پیتی "دال"ە. واتـە رستەیەك لە خزمەتی پیتێكدا دروست بووە، بەبێ ئـەوەی زانیارییـەكـی دیی بۆ منداڵ پێببێت. رستە دەبێت دەوڵەمەند بێت. سـەرەڕای ئـەوەی كتـێبی پـۆلی یـەكـەمـی سـەرەتـایی تـەمـەنـی پـەنجـا سـاڵە، هـیچ گۆڕانكارییەكی بنەڕەتی لە فێركردنی منداڵ نەهاتووەتە دی.

لــەم قۆناغــەدا، منــداڵ دەبێــت فێــری خوێندنــەوەو نووســینی راستەقینە بكرێت، واتـە فێـری ئـەوە بكرێت كـە بیربكاتـەوە. بـیر لـەو شتانە بكاتەوە كە دەیخوێنێتەوە.

هەموو دەقێك مێژووی خۆی هەیە، چ لە دارشتندا، چ لـە سـەرجـەم ئـەو زانیارییانـەی كـە هـەڵیگرتـووەو ئـەم ئاسـتەش لـەپـاڵ تـەمـەنو قۆناغـەكـانی پـەروەردەیـی قوتابیـدا دەبێـت بخوێنرێتـەوە. ئێمـە هەموومان دەیان دەقمان لەبەركرد، بـەبێ ئـەوەی واتـای ئـەو دەقانـە فێركرابێتین، دەیان بیردۆزەیـان كردینـە مێشكەوە بـەبێ ئـەوەی هـیچ پـەیـوەندییـەك لـەنێـوان ئـەو بیردۆزانـەو ژیـان بـە مانـا فراوانـەكـەیدا هەبووبێت، یان دروستكرابێت. بۆ نموونە: وانـەكـانی مێـژوو لـە قۆنـاغی سەرەتایی، لە چاخەكانی بەردو مرۆڤی نیاندەرتاڵ دەستیپێدەكرد، لـە كاتێكدا ئەم زانیارییانە دەبێت درەنگتر فێری قوتابی بكـرێنو پێویستە بخرێنـە دوا قۆناغـەكـانی ئامـادەییـەوە. بـە پێویـست دەزانرێـت لـە گەشەكردنی مێشكی‌و حەزو تواناكانی منـداڵ ئاگـادار بـینو لـەژێـر ئـەو رۆشـناییانەدا، كتێـی پـەروەردە دابڕێـژرێت. هـەتا نووسـەرانـی كتـێبی

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

منـدالآنیش ئاگـاداری ئـەم کـەلێنانـە نـین، ئـەوانـی تـەنها لـە سـۆزو خۆشـەویـستییانەوە ئـەم کـارە ئـەنجامـدەدەن. پـەروەردە لـەپـاڵ خۆشەویستیدا، پێویستی بە کاری زانستییش هەیە.

با بێینەوە سەر پرسیارەکە، زۆر قوتـابی هـەن قۆنـاغی ئامـادەیـی تـەواو دەکـەن بـەبێ ئـەوەی هێـشتا لـە خاڵبـەنـدیو دروسـتکردنی پەرەگراف تێگەیشتبێتن، بەبێ ئەوەی بە شێوەیەکی لۆژیك رسـتەکـان پێکەوە گرێبداتو خاڵ لەدوای رستەکان دابنێت. قوتابی تایبەتمەنـدیی دەق ناناسێت، جیاوازی لەنێوان دەقێکی کـە کـاری وەسـفیی هـەبێـتو دەقێکی دی زانیاریی رووت بگوازێتەوە، نادۆزێتەوە.

ئـەم گرفتانـە تـەنها پـەیـوەنـدیی بـە مامۆسـتاوە نییـە، بـەڵکـو پەیوەندیی بەو کەسانەشەوە هـەیـە کـە دەقـی کتێبـەکـان دەنووسـنو ئامادەدەکەن، پەیوەندیی بەسەرجەم ئەو زانستە نوێیانـەوە هـەیـە کـە لە بواری پەروەردەدا پەیدادەبن. باڵەخانەی پـەروەردە لـە وڵاتـی ئێمـە دەبێت دەستکاری بناغەو تەمەڵەکـەی بکرێـت. بـەبێ دەسـتکارییەکـی تەواو، کۆمەڵگەی ئێمە مومکین نییە بتوانێت بکەوێتە سەر پێـی خـۆی. جگە لەوەی کە بە پێویست دەزانرێت زمانانی ئینگلیـزی یـا فـەرەنـسی لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە بوترێنەوە. لە رووی زانستییەوە، منـداڵ ئەو قودرەتە شکدەبات کە سێ زمان یان زیاتر فێرببێت.

کەواتە نووسەری کورد بەرهەمی ئەم سیستمە سەقەتەیـە. جگـە لـە سەرجەم ئەو گۆڤارو رۆژنامانەی کە دەردێـن، ئـەوەنـدەی لـە بـاوەشـی سیاسەتو حیزبەوە دێنە خوارێ، ئەوەندە بەرهەمی کەسـانێك نـین کـە خـەمـی دەرکردنـی گۆڤاریـان هـەبێـتو شـتێکی تایبـەتیـان هـەبێـتو بیانەوێت لە رێگەی گۆڤارێکەوە بیگەیەننە خوێنەر. دامەزراوی سیاسـی

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

بە مانا فراوانەکەی، گۆڤاری ئەدەبی دەردەکات. لە کۆتاییدا دەبێتە جۆرە رزقپەیداکردنێك..

ئێمە لە نێو گەرداوێکی تەواودا دەست بە خوێندنو نووسین دەکەین. کەواتە ئەگەر رۆشنبیرێکی کوردی ئەمرۆ تەنها هەر کوردی بزانێت، لە توانایدا نابێت بەرهەمێکی تەندروست بەرهەمبهێنێت، لە توانایدا نابێت جگە لە دەربڕینی هەندێك هەستو هەندێك دڵەڕاوکێ، بتوانێت بەرهەمێکی مەعریفیی کۆك پەیدابکات. چونکە بە رای من، ئەم راستییە بۆ بەشێکی هەرە زۆری نووسەرانی عەرەبیش راستە، بۆ کۆکردنی زمانی ئەدەبی، بۆ خەملاندنی زمانێکی زانستی، ئەمرۆ پێویستمان بە زمانە زیندووەکانی جیهان هەیە تا لە رێگەی ئەو زمانانەوە فێری خوێندنەوەو نووسین بین. چونکە بیرکردنەوەو لێکۆڵینەوەی زانستی بەو زمانانە دەکرێن. وەك چۆن زمانی عەرەبی لە سەدەی دەوە بۆ سەدەی سیانزە، زمانی بیرکردنەوەو داهێنان بوو بۆ نەك تەنها بۆ عەرەبان، بەڵکو بۆ فارسو کوردو جولەکەو مەسیحییەکانی رۆژهەڵات. وەکو زمانی لاتینی بۆ ئەورووپای سەدەکانی ناوەند بوو.

بەڵام ئەمرۆ پێوەرەکان تووشی گۆڕان هاتوونو دەبێت لەنێو ئەم گۆڕانکارییانەدا، پێناسەی کولتوورو شارستانیو زمانمان بکەین. ئەمە بۆ کەموکوڕیی زمان وەکو پێکهاتەیەکی مادی ناگەڕێتەوە، خەتا لە زمانەکان نین، بەڵکو لە چەمكو بۆچوونەکانن" لە پێناسەو زاراوەکانن" لە سەرجەم ئەو تێگەیشتنانەن لە هاوتەریب لەگەڵ زماندا لە رەوتدایە. گرفتێکی ئاڵۆزەو پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاترو قسەی زیاتر هەیە.

با گریمانی ئەوە بکەین کە قۆناغی ئەمرۆمان (بۆ کوردستانی باشوور) بە قۆناغی راپەڕین ناوزەدبکەین، ئەوە دەبێت لەشکرێك

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

پێکبهێنین کاری تەرجەمەکردن بێت، هەر تەرجەمەیەك وەك دەستپێك زمانی کوردی دەدۆزێتەوەو لەسەر پێی خۆی رایدەگرێت.

جاران زمانی عەرەبی بۆ نووسەرانی کورد، بەتایبەت تا ناوەندی پەنجای سەدەی رابردوو، وەکو باکگراوند سەیر دەکرا. چونکە گەورە نووسەرانی کورد لە مزگەوتو حوجرەکاندا زمانیان پژاوەو دەبێت ئەو راستییە تاڵەش بزانین کە مەعریفەی حوجرە پاشماوەی مەعریفەی چاخەکانی ناوەندە. زۆربەی هەرە زۆری ئەو زانیارییانە لە ساتەوەختێکی مێژوویدا هاتنە بەرهەم، بەرهەمی شارستانییەتێکی گرنگ بوون، بەڵام تووشی مەنگبوونو لەقسەکەوتن هاتوون. هەروەکو بیریاری جەزائیری (ئەرکون) دەڵێت: "زمانی عەرەبی لەدوای سەدەی سیانزەوە، تووشی لەگۆچوون هاتووە." بۆیە ئەو زانیارییانە مەگەر بەشێکی ئێجگار کەمی نەبێت، ئەگینا وەکو ئەرشیف دەبێت سەیربکرێن.

خاڵێکی دیکەیە هەیە ك دەدەبێت بە جەختەوە ئاوڕی لێبدرێتەوە، ئەویش ئەمەی لای خوارەوە:

کاتێك بە تەواوی فێری خوێندنەوە نابین، واتە خوێندنەوەکانمان بە نیوەچڵی دەمێننەوە. ئەم نیوەچڵییە پەیوەندیی بە چەندایەتییەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە چلۆنایەتییەوە هەیە. مەرج نییە هەموو کتێبەکانی دونیات خوێندبێتەوە هەتا بەرهەمی چاك پێشکەشبکەیت، بەڵکو چۆن ئەو کتێبانەت خوێندووەتەوە.

ئێمە شاعیرو نووسەری وامان هەیە زۆریان خوێندووەتەوە، بەڵام سەرجەم ئەو خوێندنەوانە فریای نەکەوتوون هەتا دەقێکی زۆر جوان بنووسێت. کەواتە مەسەلەی نووسین تەنها پەیوەندیی بە سەرجەم ئەو

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

کتێبانەوە نییە کە خوێندوومانەتەوە، بەڵکو پەیوەندی بەو گۆڕەپانەشەوە هەیە کە تێیدا ژیاوین.

کۆمەڵگەی کوردی، تەقلیدییە. گۆڕانکاری لە مێنتالیێتی (واتە لە عەقڵییەتدا) زۆر سستە، پەیوەندیمان بە شارەوە نییە، کوردستان لە تەکەتولاتی گوندی پێکهاتووە، گوندی گەورە گەورە دروستدەبن. سەرجەم پەیوەندییەکان لەسەر ئاستی خزمایەتیو خێڵایەتیو هاوشاریو حیزبایەتی بەرقەرار بوون، چەمكو تێگەیشتنمان بۆ ژیانی شارستانی، هێشتا نەخەمڵاوە. کولتوور ئەمڕۆ بە بەشێکی نەبڕاوەی دونیای شار دەناسرێتەوە (هەرچەندە بۆچوونی شاری نوێش دەکرێت رەخنەی ئاڕاستەبکرێت، بەڵام ئەم خوێندنەوەیە بابەتێکی دییە. هەروەکو ئەدگار مۆران سۆسیۆلۆژی فەرەنسا لەم رووەوە کتێبێکی نوێی نووسیوەو باس لە دامەزراندنەوەیەکی دیکە لەمەڕ پەیوەندییەکانی نێوان شارو گوند دەکات.)

لەلایەکی دیکەشەوە، لە کۆمەڵگەی کوردیدا، تاك عاجباتییەکە دەبێت گوندبەدەر بکرێت تا گروپو کۆمەڵ بە کەمالی ئیسراحەت پاڵبدەنەوە. دروستنەبوونی چەمکی تاكو پاراستنی تاك لەلایەن کۆمەڵەوە، لەلایەن یاساوە، یەکێکە لە هۆکارە بنەڕەتییەکان کە بەرهەمی ئەدەبیو بەرهەمی زانستیو بەرهەمەکانی دیی بەتەواوی پەکخستووە.

لە کۆتاییدا، ئێمە موراجەعەو پێداچوونەوەیەکی سەرتاپەگەریو هەمەلایەنیمان گەرەکە، هەتا هەنگاوی دروست بۆ کۆمەڵگەیەکی تەندروست بهاوێژین کە تێیدا خوێندنەوەو نووسین ببنەوە بە دوو چالاکی هەتا تەندروستیی زیهنیمان بۆ بگەڕێننەوە.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

## عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی..



سادەگۆیی ئەوەندەی ئیلهامی گەرەکە، ئەوەندە مەعریفەی گەرەك نییە. دیدو رۆئیای گەرەك نییە، نووسینی وەها زادەی ساتێکە نە ئاوڕ لە دواوە دەداتەوەو نە ئاوڕ لە ئایندەو لەگەڵ حازریشدا قووڵنابێتەوە.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

دەتوانین ئەم تەوەرەیە دابەشبکەینو بیکەین بەچەند لقێکەوە، هەرچەندە هەموویشیان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، چونکە کێشەیەکی رۆشنبیری دەیانلکێنێتەوە بەیەکەوە.

راستە چاپەمەنیو دەزگای بڵاوکردنەوە زۆر بوون، دەزگای حکومیو رەسمیو دەزگای ئەهلی، هەندێکیان کەوتوونەتە بازرگانیکردن. رەواج بە کتێبی وا دەدەن کە لای نەتەوەکان خۆیان ئەرزشێکی وایان نییە.

من کە سەردانی کتێبخانەکان دەکەم، چیرۆکو رۆمانی فارسی وام بەرچاو دەکەوێت، لای ئێرانییەکان خۆیان هیچ بایەخێکیان پێنادرێتو حسابیان بۆ ناکرێت، وەك ئەوەی بکەوێتە لیستی لێکۆڵینەوەو بایەخدانی رەخنەگرانو نووسەرانەوە، کەچی ئەوانە دەکرێن بە کوردیو بڵاودەبنەوەو زۆریشیان لێدەفرۆشرێتو بگرە نۆبەی چاپیان دەگاتە حەوتو هەشتو نۆ. نموونەیەکت بۆ دەگێڕمەوە، ساڵی (١٩٧٥) کە لە ئێران گەڕامەوە، کۆمەڵێك کتێبی فارسیم لەتەك خۆمدا هێنا، یەکێك لەوانە رۆمانێکی ئاسایی بوو، من بۆ زمانەکەی سوودم لێبینی. لە ئێران حەڤدە جار چاپکرابووەوە. باوەڕ بکە گێڕانەوەیەکی ئاساییو رووداوی خۆشەویستییەکی ئاسایی بوو.

لەم ساڵانەدا لەسەر شۆستەکان بینیم کرابوو بە کوردیو نۆبەی چاپەکەشی گەیشتبووە هەشت. ئەم رۆمانە لە ئێراندا هیچ نرخێکی

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

نییە، مەبەستم لە نرخ ئەوەیە کە لەسەر ئاستی راستەقینەو رەخنەو لێکۆڵینەوە، بەهیچ شێوەیەك باسناکرێت.

دەیان کتێبم لەسەر رۆمان‌و چیرۆکی ئێرانی خوێندووەتەوە، هیچیان ئاماژەیەکیان تیادا نییە بۆ ئەم رۆمانە، کەچی لا لە رۆمانە چاکەکانی ئێران ناکرێتەوەو نایەن نموونە چاکەکان وەربگێرن.

خۆ هەندێك رۆمانی ئێرانی چاك، کراون بە کوردی، بەلام فرۆشیان نییە. دیاردەیەکی لەو شێوەیە، پەیوەندیی بە سێ شتەوە هەیە" یەکەمیان: ئەوەیە کەسێك وەرناگیرێت کە بە مانای وشە وەرگێر بێت‌و کردبێتی بە پیشە، کەسانێك هەر ئەوەیە زمانی فارسی دەزانن‌و بەرێکەوت لەو نموونە لاوازەی سەرەوە کە باسمکرد، دەخوێننەوەو ئینجا دەبینێت دەرگاکان والان، دێت دەیکات بە کوردی. ئەمانە نابن بە وەرگێر، چونکە وەرگێر هەر ئەوە نییە زمانەکە بزانێت‌و بەس، بەڵکو ئەو کەسەیە کە رۆشنبیرەو رادەی بیرکردنەوەی وادەکات حسی رەخنەیی لەلا دروستببێت‌و بۆ مەسەلەی هەڵبژاردن چاك‌و خراپ جیابکاتەوە. ئینجا دێتە سەر دەزگا، دەبینێت دەزگاکەیش هەر لە ئاستی خۆیدایە، پاشان نۆبە دێتە سەر خوێنەر، دەبینین ئەویش کارە خراپەکەی لەوەدا دەبینرێت کە رەواج بەو نموونانە دەدات.. ئەوە ئەفسانە دروستدەکات، پێوەرکان تێکدەدات، خراپەکە وا لێدەکات جێگای کارە باڵاکە بگرێت. ببورە مەبەستم لە هەموو خوێنەرێك نییە. بەلام وەك چۆن نووسەری جدی کەمە، خوێنەری جدییش کەمە، ئەم دووانە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە. کتێبی جدی‌و چاك کەمە، بەلام هێشتا ئەو خوێنەرەیش کەمە کە توانای کەشفکردنی هەبێت، دەنگ بدۆزێتەوە بە ئینسافەوە لەلایەن خۆیەوە، نووسەر وەك دەنگ نەك وەك ناو کەشفبکات.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

حیسی رەخنەیی‌و رۆشنبیریی وای لەلا هەبێت، پێش پڕوپاگەندە بکەوێت. من هەندێك جار خەم بۆ ئەوانە دەخۆم یان بەزەییم بە حاڵی ئەو نووسەرە داهێنەرانەدا دێتەوە کە نە دەزگایەك ونە نێوەندی ئەدەبی، دەربەستە نرخی داهێنانیان بدۆزێتەوە.

هێشتا زۆری دەوێت، نموونەی ئەو جۆرە خوێنەرانە سەرهەڵبداتو زۆر بێت. وتەیەکی رەخنەگری سعودی عەبدوڵڵا غەزامی–م دێتەوە یاد کە دەپرسێت: "باشە چی دەبوو ئەگەر جەماوەری عەرەب دیکتاتۆرێکی وەك نزاریان لە رۆشنبیری عەرەبیدا دورستنەکردایە؟!"

مەبەستی عەبدوڵڵا ئەوەیە کە هەر جەماوەرە بەپێی ئاستو زەوقی خۆی لە رێگەی کۆمەڵێك نەسەقەوە، دیکتاتۆر لەناو رۆشنبیریدا دەسەپێنێت. رێگە لە دەرکەوتنی سروشتی کەسە داهێنەرەکانی تر دەگرێت. هەر جەماوەری عەرەبە نزار دەکات بە نموونەی باڵا، بەڵام نموونەی باڵای وەك ئونسی ئەلحاج پەراوێزدەخات.

ئیتاعەتی کوێرانەی خوێنەر، بەبێ پرسینەوەو بەبێ وەگەڕخستنی خەیاڵ، وادەکات کەسێکی وەك نزار زیاتر پەرە بە ئەنساقەکانی خۆی بدات، دەنگە جیاوازەکانی تر ئەو بایەخەیان پێنەدرێت.

رەنگە جۆرێك بێئینسافی بکەین، ئەگەر بڵێین دەزگاکانیش هەموو وەك یەکن‌و کتێبەکانیشیان بەبێ جیاوازی لە یەك شێوەو ئاستدان، چونکە هیچ نەبێت، باوەڕناکەم دەزگایەکی وەك سەردەم یان ئاراس‌و هەندێکی تریش، خاڵی بن لە شتی باش‌و کتێبی باشیان چاپنەکردبێت. کتێبەکانیان زۆرن‌و کتێبی زۆری تیادایە، کە رەنگە ئەگەر بەرنامەیەکی تۆکمە دابڕێژرێت‌و بەباشی کاری بۆ بکرێت، ئەو کاتە پێویست نەکات هەموو کتێبێك چاپبکرێت. بەڵام بۆ شێوە گشتییەکەو حاڵەتە گشتییەکە، لەگەڵتدام. پێموایە وەزارەتی رۆشنبیری‌و چەندین دەزگای

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

رۆشنبیری بێپرۆژەن لە کارکردنیاندا. ئەمەش لەلایەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە وەزارەتی رۆشنبیری بووە بە دەزگایەکی ئیداری، خۆی وەزارەتی رۆشنبیری بوو بە دەزگاگەلی ئیداریو زیاتر بۆ ئیدارە ئیشی تیادا کرا نەك بۆ ئەنجامدانی ئەرکی رۆشنبیری، ئەوە ئەو کاتە کارەکانی دەوەستن.

یاخود ئەگەر کاربەدەستە بالاکانی بوون بە کەسی ئیداریی رووت، ئەوە ئەو کاتە رێگەی پڕ دەبێت لە مەترسی، یاخود وەزارەتی پەروەردە وایلێهات، بەهەمانشێوەی بەسەردێت. ئەم جۆرە وەزارەتو دەزگایانە پێش ئەوەی ئیدارە بن، بریتین لە کاری رۆشنبیریو زانستی. راوێژکاری رۆشنبیری، پسپۆڕو چەندین پلەی تر، دەبێت رۆشنبیرو بەتوانا بن، دەبێت بتوانن چوار پرۆژەی رۆشنبیری دابرێژن، بزانن کارە رۆشنبیرییەکان بە چ ئاقارێکدا دەبەن. بەلام راوێژکارێکی رۆشنبیرییە دەبینین کارەکەی دەبێتەوە بە کاری ئیداریی رووتو هیچ خەمو بەرهەمێکی رۆشنبیریی نابێت. ئەگەر خەممان هەر لە پێناوی نووسیندا بێت، بەبێ خوێندنەوە شتی باش نانووسین. ناشێت نووسینی بێخوێندنەوە برپکاتو هێزی تیادا بێت.. ئەوەندە دەربەستی نوسین دێین، ئەوەندە بیر لەوە ناکەینەوە بخوێنینەوە. من لەو باوەڕەدام ئەگەر زۆر بخوێنینەوە، لە ئاستی نووسینی جیهان تێدەگەینو ئەوکاتە سلّ لە نوسینو زۆرنووسین دەکەینەوە. حەسرەت بۆ ئەو نوسینە جوانانەی دونیا دەکێشین، هەموو شتێك ناخەینە سەر کاغەز. کە نووسین خوێندنەوەی لەپالّدا نەبوو، شتەکان بەسادەیی دەخەینەروو، خۆمان لە تەنکاو دەدەین. هەر وایە، ئەمە واقیعی حالّی رۆشنبیریو نووسینی کوردییە.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

سادەگۆیی ئەوەندە ئیلهامی گەرەکە، ئەوەندە مەعریفەی گەرەك نییە، دیدو روئیای گەرەك نییە، نوسینی لەو شێوەیە زادەی ساتێکە نە ئاوڕ لە دواوە دەداتەوەو نە ئاوڕ لە ئایندەو لەگەڵ حازریشدا قووڵنابێتەوە.

بەڵێ زۆربوونی دەزگاو رۆژنامە، کارێکی سلبیی هەیە. راستە زمانی ئەدەب لە زمانی رۆژنامە جیایە، بەڵام ئەمە بووە بە پاساوێك لە روویەکی خراپەوە دەخوێنرێتەوە. دەرگای کردووەتەوە بۆ ئاسانکردنی دیدو بۆچوونو بابەتو قسەگێڕانەوە. نەخێر رۆژنامە هەر شێوەی دەرکردنی هونەری نییە، راگەیاندن هەر فێربوونی بەکارهێنانی کامێرا نییە. رۆژنامە رۆشنبیرییە، هەر تەنها ئەوە نییە فێربین چۆن هەواڵێك دادەڕێژینو ئیتر لێخوڕەو برۆ.

پەیوەندیمان لەگەڵ کتێبدا کزە. دۆستایەتی لەگەڵ کتێبدا ئاگاداریمان بۆ فەراهەمدەکات. نەك تەنها رەخنەو لێکۆڵینەوە کە حەواڵەی سەرچاوەو کتێبی زۆرو جۆراوجۆرمان دەکات، بەڵکو شیعرو چیرۆکیش بۆ نووسین هەر بەو شێوەیەن. شیعر هەر تەنها زادەی ساتێکی خێرا نییەو دەستی لێبشۆ.

شیعری وا هەیە بەزۆر دەمانگەڕێنێتەوە بۆ سەرچاوەکانی، شیعری وا هەیە حەواڵەی خوێندنەوەی دەیان رۆمانمان دەکات.

بەداخەوە ئەو پەیوەندییە لەتەك کتێبدا دروستناکەین. راستە تێربوونو مووچەی باشو ژیانی خۆش، رێگەیەکە بۆ نزیکبوونەوە لە دونیای کتێب، بەڵام ئەدیبی وا هەیە کتێبیشی بۆ بکڕیت، نایخوێنێتەوە. باوەڕ بکە هەن تاقەتیان نییە رۆژنامەیش بخوێننەوە. ئیتر چۆن ئاگامان لە دونیا دەبێت؟!

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

مـــن لـــە ســــەرەوە وتم هـــەر نووســـەرەکە نییـــە دەنووســـێتو ناخوێنێتەوە، خوێنـەریش ئـەو خوێنـەرە بەئاگایـە نییـە، ئـەوەش هـەر زۆری دەوێت. بەڵام ئەوەش دەڵێم کە خوێنەرەکە زیاتر بـەدوای کتێبـدا دەگەڕێت وەك لـە نووسـەرەکە. ئەمـەش لـە ئامادەبوونمـەوە دەڵـێم لـە زۆر پیـشانگای فراوانـدا. ئەمـساڵ ڕۆژانـە لـە پیـشانگای نێودەوڵـەتیی کتێبـدا بـووم کـە لـە هـەولێرو سـلێمانی سـاز کـران. ئەگـەر لـە ڕۆژی کۆتاییـــدا پێمبوترایـــە ئامارێـــك بکـــە بـــۆ ئـــەو توێژانـــەی کـــە سـەردانیانکردووە. بێگومـان دەمـوت چـەند نووسـەرێکی کـەم نـەبن، نووســەران ســەردانی پیــشانگاکانیان نــەدەکرد، مامۆســتایانی زانکـۆ ئامادەییان نەبوو. پێمناڵێیت مامۆستای زانکـۆ چـۆن چـۆنی دەتوانێـت بابـــەتێك بـــۆ لێکۆڵینـــەوەی قوتـــابی هەڵببـــژێرێت؟! یـــان چـــەند سەرچاوەیەکی بۆ دەستنیـشانبکات، ئەگـەر ئاشـنایەتی لەگـەڵ کتێبـدا نەبێت؟!

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

## ڕەئووف بێگەرد ..



ئێمە تا ڕادەیەکی زۆر میللەتێکی بێخەیاڵین، ئەگەر بە خۆمان بزانین، ئەمە تراژیدیای فەرهەنگی گەلێکە کە بە ناهەق بە خاوەنی عیلمو عیرفانو فەزڵو هونەر ناودێرکراوەو ڕاستییەکەی لە قۆناغی شوانکارەییدایە.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

٢٣٢- **توانا ئەمین**

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

گومـــان لـــەوەدا نییـــە کـــە هەمیـــشە مـــرۆڤ لـــە هـــەوڵی گـــۆڕان‌و بەرەوپێشـــچوونیدایە. گـــۆڕان لـــە شـــێوازی دەربـــڕین‌و پەیوەندییـــە جۆراوجۆرەکـــانی‌و ئـــەو هەنگاوانـــەی کەرەســـتەی نـــوێی بـــۆ فەراهـــەم دەهێـــنن، وەك ئـــەنجامیش گـــۆڕان لـــە زاتـــی خۆیـــدا کـــە چـــەقی گـــشت گۆڕانەکانی ترە.

کێـــشەی مـــرۆڤ لـــە دۆزینـــەوەی ڕێگـــەی گۆڕانەکانیدایـــە بـــۆ بەئەنجامگەیانـدنی مەبەسـتو ئامـانجی، بـەو مانایـەی کـە جیـاوازیی ســـەرەکی لـــە خـــودی مرۆڤـــدا وەك پێکهاتـــە نییـــە، ئەوەنـــدەی کـــە پەیوەندیی بە دۆزینەوەو کەشفەکانییەوە هەیە، کە توانای گۆڕینەکـەی پێدەبەخـشێت‌و بـەردەوامی‌و تازەبوونـەی دەداتـێ کـە کۆتاییەکـەی بەرهەمی داهێنانە .

کەواتە فاکتەری سەرەکی بۆ گۆڕان لە مرۆڤدا، مەعریفەیە بـە مانـای گـــشتی‌و ڕەهەنـــدە فرەلایـــەن‌و جیاوازەکانییـــەوە. سەرچـــاوەی مەعریفەیش، چ لەسەر ئاستی ئەزموونی زاتی یان دەستکەوتە فیکری‌و فەلسەفییەکان، لەو هەوڵ‌و عەشقە گەورەیەوە دێت کە خودی مـرۆڤ بـۆ بەدەستخـستن بەدوایـدا دەگـەڕێت‌و مانـدوبوونی بـۆ دەچـێژێت، وەك ئـــەنجامیش لـــەو مرۆڤـــە هـــەرە ئاســـاییە دەردەچـــێت کـــە وەك هـــەر بوونەوەرێك، بەمرۆڤی تریشەوە ژیـانی ڕۆژانـەی ئاسـایی بەسـەربەرێت‌و بەردەوام بیرنەکاتەوەو تا ڕادەیەك نەبێتە هـاوڕێی بێدەنگی‌و تـەنیایی، (بێدەنگی‌و تەنیایی بە مانا باوەکەی، ئەگینا ئەوانەی وێڵـی مەعریفـەن،

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

هەمیشە پەیوەندییەکی نەپچڕاویان لەگەڵ گەردوونو دیاردەکاندا هەیە، لەگفتوگۆیەکی بەردەوامیشدان لەگەڵ خۆیانو ئەوەی لەپێش ئەواندا کراوەو بۆ داهاتوو دەبێت چۆن بێت.)

تێکستە گەورەکان (وەك خۆتان دەڵێن زادەی مەعریفەن نەك ئیلهام) ئەمە راستییەکە پێویستی بە دووبارەکردنەوە نییە، مەگەر بۆ ئەوانەی کە لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا بۆ بەرهەمێنانی شیعرێك، تا ئێستاش پشت بە جریوەی پاساریو مانگی رووزەردو خوڕەی قەڵبەزە دەبەستن. ئاخر ئەمانە بەتەنیا نە تەفسیری گەردوونیان پێدەکرێتو نەگۆڕینی کۆمەڵگە. ئەم رۆمانسییەتە، سەردەمی تێپەڕیوەو ئەوەی سەرچاوەی مەعریفیو ئەزموونی گەورەی مرۆڤو زانستو ئەو دۆزینەوانە نەبێت کە لەمێژوودا وەرچەرخانیان دروستکردووە، ناتوانێت کاری داهێنەرانە ئەنجامبدات. جێی سەرسوڕمانە، ئێستا چاوەڕێی ئیلهام بیت بۆ نووسینی بەرهەمێکی ئەدەبی.

کاری ئەدەبی بەگشت جۆرەکانییەوە، وابەستەی مەعریفەی خاوەنەکەیەتی کە لە ئێستادا لەوە زۆر بەرفراوانو ئاڵۆزترە کە لەسەر زەمینەیەکی رەقی ئیلهام خۆی بنیاتبنێت. میلان کۆندێرا گاڵتە بە ئیلهام دەکاتو دەڵێت من نازانم چییە. نەبوونی زەمینەیەکی رووناکبیریی کۆكو مەعریفەی سەردەمانە، وای لە زۆربەی نووسەرو شاعیری ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە کردووە کە بەردەوام لە پاشکۆو پەراوێزدا بنو کارەکانیان گیانی پەڕینەوەی سنووری لۆکاڵییەکەی نەبێت. چونکە نووسینی لە مانا خاڵی، واتە بەتاڵبوونەوە لە چەمکە فیکرییەکان" بێئاگایی لە داهێنانە مەزنەکانی مرۆڤو کەمتەرخەمی لە خۆپەروەردەکردن. هەرگیز نووسەری گەورە خۆی لە چوارچێوەی گۆماوێکدا قۆرخناکات کە ئاوی گەلێك رووبارو دەریای رووناکبیری دونیا نەگەنە بەستێنی بیروهۆشیارییەکەیو لەوێوە پەرە بە خەیاڵو

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

ڕەهەندە هەراوەکانی لێکدانەوەو تەفسیری ژیانی نەدات، بۆ نموونە: دۆستۆیفسکی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، کاتێک لە جێگەیەکی زۆردووری وەک سیبریادا دەستبەسەرەو ڕێگەی ناکەوێتە شوێنی تر، داوایەکی زۆردڵکارانە کە دەگاتە ڕادەی پارانەوە لە ئەلیوشای برای دەکات کە هەر چۆنێکە بەرهەمە فیکرییەکانی کانتو هیگڵی بۆ بنێرێت. چونکە وەک خۆی دەڵێت ئایندەی ژیانو داهێنانی، پەیوەندییان بەبەرهەمەکانی هیگڵەوە هەیە. لویس بۆرخیس لە خۆرهەڵاتییەک زیاتر شارەزای کولتوورو ئەدەبو مێژووی فارسو چینو عەرەبە، تەنانەت زەمینە فیکرییەکەی ئەمەندە ڕەسەنو هەمەلایەنو دەوڵەمەندە کە هەندێک وەک بیرمەند تەماشایدەکەن نەک تەنیا ئەدیب. ئەمانە چەند نموونەیەکن لە دەیانو سەدان نموونەی تری دونیای ئەفراندنی ئەدەبی. ئەوەی خۆی بە نووسەر بزانێتو لەم ڕاستییە خۆی نەبان بکات، وەک ئەوە وایە بە ئاو لەسەر بەردی ڕەق بنووسێت.

بەداخەوە ڕەخنەی کوردی (ئەگەرچی ئەم ناوە چ وەک میتۆدو چ وەک ئاراستەیەکی پۆزەتیڤ، بوونی نییە) دەوری هەیە لە پاشاگەردانیو لێکجیانەکردنەوەی ئەدەبی چاکو خراپ. من چەندان نووسین لەسەر ئەو کارانە دەبینم کە خۆیان وەک دەق ئیفلیجنو بێگومانیشم ڕەخنەی لە خۆیان کلۆڵتر بەرهەمدەهێنن. دەبێت هەموو ئەو ڕاستییە بزانین کە ئەدەب شوناسی نەتەوەیە" شوناسی ڕاستەقینەی ڕۆحیو ئەندێشەکانیەتی کە نە سیاسەتو نە مێژوو ئەو کارەیان پێناکرێت. لەبەرئەوە ناساندن یان ستایشکردنی بەرهەمی کاڵوکرچ بە خەڵکو خوێنەر، یان وەرگێڕانیان بۆ سەر زمانی تر، بەلای منەوە تاوانێکە بەرانبەر بە شوناسی نەتەوە دەکرێتو پیشاندانی ڕووی تاریکیی ئەم بوارەیە نەک لایەنە ڕووناکەکان. نووسین پێش هەر

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

شتێك، بەرپرسیارێتییە بەرانبەر بە خودو خەڵكو ئاینده. ئەو كەسەی لەبەر هەر مەبەستێكی تایبەتیی خۆی ئەم فۆرمە دەشێوێنێت، لە ئامانجە گەورەو پیرۆزەكان دووردەكەوێتەوە، چونكە خودی كارەكان (رەخنە یان وەرگێڕان) هەر پەیوەندییان بە مەعریفەوە هەیە كە دیاریكردنی هەقیقەتی هەر چالاكییەكی مرۆڤە. ئیتر لەسەر ئاستی كۆمەڵایەتی بێت یان سیاسی، ئەدەبو هونەر بێت یان مێژوو. دیارە مەعریفەش بەشێكی ئەو بنەما شارستانییەیە كە كۆڵەكەی زانستو چالاكییە هزرییەكانی ئەو گەلەی لەسەر دامەزراوە. ئێمە بەداخەوە لەم لایەنەوە دەستكورتو بێ رابردووین. تا رادەیەكی زۆرمیللەتێكی بێخەیاڵین، لەبەرئەوەی خەیاڵیش (بە مانای داهێنان) هەر زادەی ئەنگێزەكانی مەعریفەن كە ئێمە نیمانن. ئەگەر بە خۆمان بزانین، ئەمە تراژیدیای فەرهەنگی گەلێكە كە بە نای ناهەق بە خاوەنی عیلم عیرفانو فەزڵو هونەر ناودێر كراوەو راستییەكەی لە قۆناغی شوانكارەییدایە.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

## ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل..



**خوێندنــەوە پــێش ئــەوەی حــەزو ئارەزوو و خولیا بێت، کولتوورە.**

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

پێموایە هەموو کەسێك بە شێوەیەك لە شێوەکان لەژێر کۆمەڵێك فاکتەری دیاریکراوی کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسیدایە کە حوکم دەکاتە سەر ڕێڕەوی بیرکردنەوەو تێڕامانی لەئاست دیاردەکانی نێو کۆمەڵگەو ئاڕاستەکردنی تاك بەرەو سنوورەکانی بیرکردنەوەو تێڕامان لە هزری کۆمەڵایەتی بەگشتی کە بەرهەمهێنەری ئەو تەرزە لە بیرکردنەوەو تێڕامانە.

لەو ڕوانگەیەوە، کولتوور فاکتەرێکی هەرە گرنگە لە دەستنیشانکردنی مەیلی خوێندنەوەو نووسین لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگەدا. کۆمەڵگە خۆرهەڵاتییەکان بەگشتیو کۆمەڵگەی کوردی بەتایبەتی، لەبەرئەوەی ماوەیەکی زەمەنیی زۆر لەژێر کاریگەریی فاکتەری زمانی گێڕانەوەدا بوون، لەژێر کاریگەریی ئاخافتنو حیکایەتخوانەکاندا بوون، بەو مانایەی کولتووری کۆمەڵگەی ئێمە زیاتر کولتووری ئاخافتنو گێڕانەوەو حیکایەتخوانەکانە، نەوەکو کولتووری نووسەرو دۆکیۆمێنتکاران بێت. ئەو کولتوورە لەسەر بنەمای گێڕانەوەی سەرزارەکی دامەزراوەو تا ئێستاش گێڕانەوە زۆرترینو بالاترین پێگەی هەیە، بە حوکمی ئەوەی هێشتا بەشێکی زۆری کۆمەڵگە نەخوێندەوارن، یا لە ئاستێکدا نین ڕۆژانە بە لایەنیکەمەوە ڕۆژنامەیەك، یان گۆڤارێك بخوێننەوە، ئەگەر زیاتریش نەبێت، ئەوە لە کاتێکدا خوێندنەوەی کتێب هێشتا نەبووەتە نەریت.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

کێشەی کۆمەڵگەی کولتوور دامەزراو لەسەر بنەمای گێڕانەوەو ئاخافتن هەر ئەوە نییە کە حەز بە نووسین و خوێندنەوە ناکات و زۆر بڕوای بە دۆکیۆمێنتکاری نییەو تەنیا لەسەر رایەڵی قسەو ئاخافتن وەستاوە، بەڵکو ئەو کولتوورە هەر لە کۆنەوە لە ململانێی تونددایە لەگەڵ قەڵەمبەدەستەکان و بەردەوام بیر لەوە دەکاتەوە پێگەی ئاخافتنکاران بەهێزتر بکات و بپارێزێت لەئاست هێرشی لەناکاوی خوێندەوارو نووسەراندا کە هانا دەبەنە بەر هەندێك شێوازو کەلوپەل کە لە دەرەوەی جەستەی مرۆڤ خۆیدایە.

کەواتە ئێمە لە بەرانبەر دوو حاڵەتداین، یەکەم: ئاخافتنکارەکانن کە لەپەنای هێزی سروشتیی خۆیانەوەو بە پشتبەستن بەتوانا جەستەییەکانیانەوەو لەمیانەی ئامادەگیی جەستەی خۆیانەوە، پەیامەکانی خۆیان دەگەیەنن و جەخت لەسەر چەمکی ئامادەگی دەکەنەوە. ئەو شەپۆلەش زۆرتر لەمیانەی شۆڕش و خەباتی کورددا جێگەی خۆی کردووەتەوەو گوتار بووەتە نەریتێکی باوو سەرکردەکان لەمیانەی گوتارەوە ئامادەگیی خۆیان دەسەپێنن. ئەوەش تەواو پێچەوانەیە لەگەڵ حاڵەتی دووەم کە لەسەر بنەمای هانابردنە بەر هەندێك شێوازو پێداویستیی دەرەکی وەستاوەو نووسەرو رۆژنامەنووسانی کورد دەیانەوێت لەمیانەی رەشکردنەوەی کاغەزی سپی و پڕکردنەوەی لاپەڕەی رۆژنامەکانەوە، گوتاری خۆیان بگەیەنن، گوتارێك کە ئامادەگییەکی نائامادەگی بە خاوەنەکانیان دەبەخشێت. لێرەدا نووسەرو نووسین پرۆسەیەکی نێوخۆیی نییەو زیاتر کارێکە پشت بە کەلوپەلی دەرەکی دەبەستێت و کەسی نووسەر بۆ ئەوەی پەیامەکەی خۆی بگەیەنێت، دەبێت کۆمەڵێك پێداویستیی تر دابینبکات کە لەنێو توانای جەستەیی خۆیدا نییە.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

ئەگەر زانیمان ئەو جۆرە ململانێیە مێژوویەکی هەرە قووڵو رابردوویەکی زۆر دووردرێژی هەیەو لەگەڵ یەکەم هەوڵو کۆششی مرۆڤ دەستپێدەکات بۆ بەرهەمهێنانی نووسینو وشەی نووسراو کە بە وشەیەکی مردوو تەماشادەکرێت، لە بەرانبەر ئاخافتندا کە وشەیەکی زیندووەو خاوەنەکەی ئامادەگیی هەیە.

ئەو کێشەیە جگە لەوەی کێشەیەکی فیرعەونییەو لە میسری کۆنەوە سەریهەڵداوە، بەڵام لەنێو مێژووی فەلسەفەشدا وەکو هەنگاوێکی گرنگ گوازراوەتەوە بۆ نێو دیالۆگی یۆنانیو سوقراتو ئەفلاتوونیش دێنە نێو ئەو باسەوە. بۆیە سەیر نییە کاتێك دەبینین سوقراتو ئەفلاتوون نووسین بە ژەهر وەسفدەکەن، ژەهرێك کە نووسەران نۆشی دەکەن، کەواتە ئاساییە ئەگەر مرۆڤی پایەبەرزو شکۆمەند پێیان عەیب بێت بنووسنو پەنا بۆ نووسین نەبەن، لێرەوە کێشەکە دەبێتە ململانێیەکی سیاسی.

سەبارەت بە ئێمەو لە سەردەمی ئێستادا، کۆمەڵگەی کوردی پێی بزانێت یان نەزانێت، هێشتا لەنێو ئەو دیالۆگو سەردەمانەدا گوزەران دەکات، هێشتا نووسینو خوێندنەوە نەبووەتە کولتوورێکی چەسپاو، بێگومان ئێمە ناتوانین لەمیانەی چەند ساڵی رابردوودا، قسە لەسەر حاڵەتێکی گشتی بکەین، چونکە رەنگە ماوەی نووسینی کوردی لە هەموو حاڵەتێکدا، لە چەند سەدەیەك تێپەڕ نەکات.

بەشێکی سەرەکیی هۆی ئەو مەسەلەیە، دەکەوێتە ئەستۆی سیستمی خوێندنو زانکۆکانی کوردستانەوە، چونکە سیستمی خوێندن ئەوەندەی مرۆڤی دەراخ بەرهەمدەهێنێت کە پشت بە یادەوەریی خۆی دەبەستێت بۆ سەرکەوتن، ئەوەندە مرۆڤی توێژەرو بیرکەرەوە بەرهەمناهێنێت پشت کە بە لۆژیك ببەستێتو بە شێوازی

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

بیرکردنەوەی لۆژیکیدا بڕوات. کاتێك سیستمی خوێندن هانی ئەو جۆرە کەسانە دەدات کە پشت بە هێزی یادەوەری دەبەستن بۆ دەستکەوت، ئەوە ئاساییە ئەو کەسانەی پشت بە بیرکردنەوە دەبەستن، نەتوانن بێنە پێشەوە.

بەوەش زانکۆو سیستەمی خوێندن مرۆڤی نیوەخوێندەوار بەرهەم دەهێنن، مرۆڤێك بەحیساب خوێندەوارە، بەڵام شارەزاییەکی تەواوی نییە لە خوێندنەوەداو خوێندنەوە نەبووەتە کولتوورێك لەنێو ژیانی رۆژانەیدا.

ئەگەر بەشێکی قەیرانەکە لە تێڕوانینی کۆمەڵگەو کولتووری باوەوە بێت، بەڵام بەشێکی تری پەیوەندیی بە پێشنەکەوتنی سیستمی چاپو بڵاوکردنەوەوە هەیە لە کوردستاندا، چونکە تا چەند ساڵێکیش پێش ئێستا، ژمارەی چاپخانەکانی کوردستان لە پەنجەکانی دەست تێپەڕی نەدەکرد، ئەوە لە کاتێکدا دەزگایەك نەبووە بتوانێت بڵاوکراوەکان بگەیەنێتە هەموو ناوچەو شوێنێکی ئەم وڵاتە. لە هەموو دونیادا پێشکەوتنی دەزگاو ئامێرەکانی چاپ، جیاناکرێتەوە لە رەوشی پێشخستنی بواری رۆشنبیریو کولتووری گشتی. بۆیە کاتێك رۆژنامەو کتێبو گۆڤار نەگاتە خەڵك، چۆن دەتوانن بیر لە خوێندنەوە بکەنەوە؟ ئێمە کە ئێستا لەنێو شارە گەورەکاندا دەژین، رۆژانە لە کاتی خۆیدا رۆژنامەو گۆڤارەکانمان پێناگات، تاوەکو بتوانین بیانخوێنینەوە، باشە ئەوەی قەزاو ناحیەو گوندە دووردەستەکان چی بکەن؟!

رەنگە بەشێکی تری کێشەکە، لە ئاڵۆزیی سەردەمی ئێستامانەوە بێت، چونکە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا نەوەیەکمان پێگەیاند، ئەوەندەی بەدوای شتە کەمالییاتەکانی ژیانەوەیە، ئەوەندەی بەدوای مۆبایلو سەتەلایتو دیڤیدییەوەیە، ئەوەندە بەدوای کتێبەوە نییە. ئەوەش لە ئێستادا بەتەنیا کێشەی کۆمەڵگەی ئێمە نییەو کێشەیەکی

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

نیمچەجیهانییە، ئەگەرچی لە خۆرهەلاتو ولاتانی عەرەبیو ئاسیا زیاترە، چونکە وەرچەرخانە ئابووریو تەکنۆلۆژییەکان لێرەدا بەپێی ئاستی پێشبینیی ئێمە بەڕێوەناڕواتو چەند هەنگاوێك لەپێشەوەی ئێمەدایە، بۆیە بەردەوام پاشکۆی ئەو تەکنۆلۆژیایەینو ناتوانین لێی دابڕێین. بەوەش ئێمە مرۆڤی نیمچەڕۆشنبیر بەرهەمدەهێنین. مرۆڤێك رۆشنبیرە لە بەکارهێنانی هەندێك جۆر لەتەکنۆلۆژیادا، بەلام نەزانە بە سادەترین زانیارییەکانی دەوروبەری خۆی.

خوێندنەوە پێش ئەوەی حەزو ئارەزوو و خولیا بێت، کولتوورە. ئەگەر خوێندنەوە نەبێت بە کولتووری کۆمەلگە بەگشتیو رۆشنبیری کۆمەلگە لەسەر بنەمای کولتووری دانەمەزرابێت، سانا نییە بتوانین خوێندنەوە بکەین بە ئارەزوو و خولیا.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

٢٤٤- توانا ئەمین

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

## فاروق هۆمەر..



ئەگەر نووسەرێکی وەك ولیەم سارویان پێیوابێت ئەوە تەنیا خۆشەویستییە کە لە توانایدایە مرۆڤ بگۆڕیت. بە بڕوای من، خوێندنەوەش هەمان کاریگەریی هەیە کە لە توانایدایە موعجیزە بخولقێنێت و جێگۆڕکێ بە مرۆڤەکان بکات.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

ئەگەر کردەی نووسین لە سادەترین دەرکەوتنیدا، کردەیەکی تاکەکەسیی نووسەر بێت، ئەوا هیچ ئەنجامێك بەدەستناهێنێت، ئەگەر کردەیەکی دی پاڵپشتیی نەکاتو بەهێزی نەکات، ئەویش کردەی خوێندنەوەیە. ئەمەی دواییان بە تاکەکەسێك بەرجەستەناکرێت، بەڵکو بە دونیایەك لە کەسانی دی کە لە دەیان چینو توێژ پێکدێت کە ئاستی جیاوازو تەمەنی جیاواز دەگرێتە خۆی. نووسەرانیش لێرەدا ئەو کەسانەن کە پێشەنگنو ئەوانن بڕیاردەدەنو نەخشەدەکێشن، چۆن ئەو هەمەڕەنگیو جیاوازییانە پەرەپێبدەنو کۆمەڵگە لە پنتێکەوە بگوازنەوە بۆ پنتێکی تر. ئەمڕۆ پرۆسەی خوێندنەوە لە دونیادا بووەتە زانستێكو دەیان بیریارو لێکۆڵەرەوە قسەی لەسەر دەکەن.

خوێندنەوە نەك هەر بۆ نووسەران، بەڵکو هیچ رۆشنبیرییەك لە دونیادا بەبێ پرۆسەی خوێندنەوە گەشەناکات. هیچ دەقێك بوونێکی راستەقینەی نابێت، ئەگەر نەخوێنرێتەوە، چونکە ئەوە تەنیا خوێنەرە مانا دەداتە دەقەکان. شێوازی خوێندنەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی دەگۆڕێت، لە ئەنجامی خوێندنەوەوە، راڤەکردن دەخولقێتو راڤەکردنیش لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی دی جۆرێکی ترە. ئەگەر لە سادەترین شێوەکانی راڤەکردن وردببینەوە، دەبینین ئەوە خوێنەرە کە ئەو کۆدانە دەردەهێنێت کە لە دەقێکدا هەنو بەو شێوەیەش نهێنیو شاراوەکانی دەق دەدۆزێتەوەو دەیانهێنێتە ناو

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

ژیانەوە، بە دوای پرسیاردا دەگەڕێتو ئەو جێگەیانەی کە ڕۆشن نینو تاریکییان لەسەرە، ڕۆشنیاندەکاتەوە.

لە ڕوانینی ئەو ڕەخنانەوە کە ئاڕاستەی خوێنەر دەکرێت، ناکرێت بە ئاسانی وەڵامی هیچ پرسیارێك لە دەقەوە هەڵگۆزرێت، لەبەرئەوەی ماناکانی دەق بە شێوازێکی سەرپێیو ڕاگوزارییانە دانەڕێژراون، بەڵکو لەسەر خوێنەر پێویستە لەگەڵ پێکهاتەکانی دەقدا مامەڵەبکات تا مانا بەرهەمبهێنێت. هەر وەکو ولفگانگ ئایزەر دەڵێت: "هەمیشە دەقە ئەدەبیەکان کۆمەڵێك بۆشاییان تێدایە کە هیچ کەسێك پڕیانناکاتەوە، خوێنەر نەبێت."

کەواتە دەبینین خوێنەر یاخود وەرگر بە شێوەیەکی چالاكو زیندوو خەریکە بە دۆزینەوەی ماناوە. ئەو گەیشتنەش شتێك نییە لەخۆوە بخولقێت، بەڵکو دەبێت خوێنەر خاوەنی بەشێك لە زانیاری بێتو توانای هەبێت ئەو بەشانە تەواوبکات کە بە ناتەواوی بەجێهێڵراون. واتە خوێنەر کەسێکی ناچالاك نییە، بەپێچەوانەوە ئەو کەسێکی چالاکە لە بەرهەمهێنانی مانادا.

پەیوەندیی دەق بە نووسەرەوە، یەکێکە لە کایە گرنگەکانی ڕەخنەی تازە، کە هەتا سەردەمانێك لە مێشکماندا دەزرنگایەوەو بە (دەسەڵاتی نووسەر) دەناسرا، کە ئەو ئاڕاستەیە دەقی ئەدەبی دەگەڕاندەوە بۆ ژیانی نووسەرەکەیو ئەو ژینگە دەروونیو مێژوویيو کۆمەڵایەتییەی کە تێیدا دەژیا، هەر هەوڵدانێك بۆ خوێندنەوەو ناسینو بەرهەمهێنانی دەق، سەرکەوتنی بەدەستنەدەهێنا بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەو ژینگانەی کە باسمان کردن.

کاتێك کە لێکۆڵینەوە تازەکان لە مێژووی کۆڵینەوە لە دەق دێنە ئاراوە، ئیدی سنوورێك بۆ دەسەڵاتی نووسەر دادەنێنو هەموو

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

ڕۆشناییەکان ئاڕاستەی ناوەوەی دەق دەکرێنو دەسەڵاتێکی دی دێتە ئاراوە کە دەسەڵاتی دەقە. بەتایبەتی ئەم ئاڕاستە نوێیە لەلای بارت دەبینرێت کە مەرگی نووسەری ڕاگەیاند. لەسەر نووسین دەڵێت: "نووسین دەستگرتنە بەسەر هەموو دەنگەکاندا، بەسەر هەموو بنچینەکاندا، نووسین ئەو پەڕگیرییەیە، ئەو یەکگیرییەیە، ئەو پێچو پەنایانەیە کە خودی زیندووی خۆمانی تێدا وندەکەین. ئەو ڕەشاییو سپیاییە کە هەموو پێناسەکانی تێدا لەدەستدەچێت کە بەراییترینیان پێناسی جەستەیە کە دەنووسرێت."

لەم بانگکردنەوە، ئیدی ئاڕاستەیەکی تازە لە خوێندنەوە ڕەخنەییەکاندا دێتە ئاراوە کە ژیان بە خوێندنەوەو خوێنەر دەبەخشێت. خوێندنەوە مەرجێکی ریشەییە بۆ هەموو پرۆسەیەکی تەفسیرو ڕاڤەکردن. لێرەوە (تیۆری وەرگرتن) بانگەوازی خوێندنەوەیەکی گشتگیرانە ڕادەگەیەنێت کە داوا لە خوێنەر دەکات بە هەموو قووڵاییەکانی بینین، تەماشای دەق بکات، واتە بە هەموو چاوەکان. نەك بە تەنیا هەستێك هەست بە دەق بکات، بەڵکو بە هەموو هەستەکان. واتە لە هەمووی گرنگتر ئەو خوێندنەوەیە بە قووڵاییەکانی بینین، هەموو چاوگەکانی دەق دەبینێت، بە هۆشیاریی خۆی هەموو هۆشیارییەکانی دەق دەدۆزێتەوە. ئەو خوێندنەوەیە چاوگەکانی دەق دەبینێتەوەو لەوەدا قووڵدەبێتەوە کە ئەو چاوگانە چ نهێنیو شاراوەو لوغزێکیان لەناو خۆیاندا حەشارداوە، پەی بەو نرخو بەهایانە نابات تا نەگاتە بنجو بناوانی.

دەکرێت بڵێین تیۆری وەرگرتن، ئەو جێگۆڕکێیەمان پێ نیشاندەدات کە چۆن بایەخ لە گرنگیدان بە نووسەرەوە، بۆ گرنگیدان بە دەقو خوێنەر دەگوازرێتەوە. دەکرێت لەم گۆڕانکارییە گەورانەوە

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

کە دونیای رەخنەو لێکۆڵینەوە هونەریو ئەدەبییەکانی گرتەوە، سێ جۆری خوێنەر جیابکەینەوە: خوێنەری ئاسایی، خوێنەری رەخنەگر، نوسەری رەخنەگر.

هەر خوێنەرێك لە دونیا تایبەتییەکەی خۆیەوە مامەڵە لەگەڵ بەرهەمی ئەدەبیدا دەکات، ئەوەی وا لە خوێندنەوە دەکات پرۆسەیەکی جوداو چالاکییەکی نوێی زیپو زیندوو بێت، ئەوەیە کە خوێندنەوە لە پنتێکدا راناوەستێت، بەڵکو هەمیشە شوێن دەگۆڕێتو خۆی نوێدەکاتەوە. واتە خوێندنەوە چالاکییەکی فیکریو زمانەوانییە کە بەپێی سروشتی خۆی جوداوازییو لێکنەچوون دەخولقێنێت. لێرەوە تێدەگەین کە پرۆسەی خوێندنەوە بە تەنها خوێندنەوەیەك کیفایەت ناکاتو گەڕانیش بە تەنها بەدوای ئەوەدا نییە کە نووسەر لەنێوانی دێڕەکاندا چی حەشارداوە، بەڵکو بەشێکیش لە ئامانج، وردبینییە لەسەر ئەو چرکە ساتەش کە پرۆسەی خوێندنەوەی تیا ئەنجامدەدرێت. ئەو چرکەساتەش لەگەڵ ئەو چرکەساتانەی تردا، لە یەك ناچێت کە پرۆسەی خوێندنەوەکانی لەوەوبەری تیا ئەنجامدراوە. ئەوەی گرنگە لە پرۆسەی خوێندنەوەی کارێکی ئەدەبیدا، ئەو تێکەڵاوبوونو یەکانگیربوونەیە لەنێوان وەرگرو بونیاددا، واتە کاری ئەدەبی دوو جەمسەرە کە جەمسەرێکی هونەریو جەمسەرێکی ئیستاتیکییە. یەکەمیان دەقی نووسەرەو دووەمیان ئەو جووڵەو دۆزینەوانەیە کە خوێنەر پێیگەیشتووە کە دەکرێت بوترێت بەدیهاتوو. لەژێر رۆشنایی ئەم یەکانگیربوونەشدا، بۆمان روونـدەبێتەوە کە ئەو بەرهەمە ناکرێت بەراورد بکرێت نە بە دەقەکەو نە بەو بەدیهاتووەش، بەڵکو فاکتێکە لەنێوان هەردووکیاندا. پرۆسەی خوێندنەوە وەك کردەیەکی بنەڕەتی لە بەدیهێنانی کاری هونەریو ئەدەبیدا خوێندنەوەیەکی سادە نییە، بەڵکو خوێندنەوەیەکی تایبەتە کە بە دوو

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

ئاڕاستەدا دێتو دەچێت، لە دەقەوە بۆ خوێنەرو لە خوێنەرەوە بۆ دەق.

یەکێك لە سەرچاوە کلاسیکییەکانی تیۆری رەخنە کە سەرگەرمی لێکۆڵینەوەی پەیوەندیی نێوان دەقو خوێنەرە، وێنەیەکی کاریکاتێری لە رۆژنامەیەکدا بڵاوکردبووەوە، ژنێك ئەو کاریکاتێرە دەبینێتو هەردوو بڕۆی لێکدەنێتو بەوردی لێی دەڕوانێت.. پیاوێك لەتەنیشتییەوە تەماشای هەمان لاپەڕە دەکاتو فرمێسك بە چاویدا دێتە خوارەوە.. لە تەنیشتییەوە پیاوێکی دی تەماشای هەمان لاپەڕە دەکاتو قاقا پێدەکەنێت. سەرچاوەیەكو سێ خوێنەرو سێ کاریگەریی جیاواز لەنێوان گرنگیو پێکەنینو گریاندا، بۆچی؟! ئەوە چۆن روویدا کە دەقێکێك لە یەك ساتدا سێ خوێندنەوەی بۆ کرا؟! سێ خوێندنەوە لە یەك کاتو لە یەك شوێندا.

کەواتە دەشێت لە خۆمان بپرسین: خوێندنەوە چییە؟ ئەی خوێنەر کێیە؟ ئەی سەرچاوەی ئەو دەسەڵاتە لە کوێوە دێت کە رێگەمان پێدەدات تەفسیرو راڤەی خوێندنەوە بکەین؟ دەبێت خوێنەر بە چ کارێك هەستێت کاتێك دەخوێنێتەوە؟ ئەوە دەقە کە خوێندنەوە دیاریدەکات، یان پێکهێنەرە ناوەکییەکانی خوێنەر، یان کارکردە کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریو ئابووریو رامیارییەکان، یان دابونەریتی خوێندنەوە لە ساتو شوێنێکی مێژووییدا؟ ئەمانە بە جیاجیا کاری خۆیان دەکەن یان هەموویان پێکەوە؟ ئایا بەڕاستی خوێندنەوەیەکی دروستو سروشتی هەیە، یاخود چۆن دەتوانین بگەینە ئەو بڕیارەی کە بڵێین ئەم خوێندنەوەیە دروستەو ئەو خوێندنەوەیە نادروستە؟ دەق چۆن کاریگەریی لەسەر خوێندنەوە جێدەهێڵێت؟ ئایا خوێندنەوە رەوشتێکی تایبەت بە خۆی هەیە؟ خوێندنەوە چۆن خوێندنەوەیە

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

ئەگەر ئێمە لە ژیانی ئاسایی خۆماندا بە تەنها باس لە خوێندنەوەی ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێب نەکەین، بەڵکو لە هەمانکاتدا لە خوێندنەوەی تابلۆیەکیش بدوێین یان لە خوێندنەوەی پارچە ئاوازێك، خوێندنەوەی ڕووداوەکان، خوێندنەوەی مەیلو ئارەزووەکان؟ چۆن خوێنەر خوێنەرە بەو هەموو جیاوازیی هەستو سۆز لێکنەچوونی هۆشیاریو ئیستاتیکییەوە، لێکنەچوونی تەمەنو ڕەنگو دیالێکتیکی جیاوازو جیاوازیی نێرو مێ، جیاوازیی جوگراف (هەولێرو سلێمانیو دیاربەکرو....). ئیدی لێرەوە هەڵوێستی ئەدەبیی جیاواز دەخوڵقێت، شیکاری دەروونی لێکدانەوەی جیاوازی بۆ ئەو پەیوەندییە تێکچڕژاوانە هەیە لە هەر یەك لە دیاردەگەراییو ڕێبازە جیاوازەکانی دی. ئەوەی دەرکی پێدەکەین ئەوەیە کە ناتوانیت پێناسێکی تایبەت بۆ خوێنەر دابنێیت، چونکە تۆ لە بنەڕەتەوە وێنەیەکت بۆ خوێنەر نییە، بەڵکو خوێنەر وەك دیمەنێکی سروشتی کە هەزارویەك ڕەنگی جیاوازی لەخۆگرتووە، دابەش بوون بەسەر ئێرەو ئەوێدا، ئەمڕۆو دوێنێو سبەینێدا. ئەگەر بۆ نموونە بڕوانینە هۆنراوەی (ئەی ڕەقیب)، لەو کاریگەرییە بڕوانین کە ئەو شیعرە لەسەر خوێنەری دروستدەکات. بێگومان دەبێت هەست بەو هەموو جیاوازییانە بکەین کە لەسەر خوێنەر جێیدەهێڵێت، ئایا خوێنەری حەفتاکانو خوێنەری هەزارەی دووەم، خوێنەرێك لە مەهابادو خوێنەرێك لە هەولێر، خوێنەرێکی حەماڵو خوێنەرێکی پزیشك، منداڵێكو پیرەمێردێك، خوێنەرێك لە نیشتیمانو خوێنەرێك لە دەرەوەی نیشتیمان، خوێنەرێك سەر بە بزووتنەوەیەکی ئایینیو خوێنەرێك لە دونیایەکی سۆسیالیستییەوە، وەك یەك دەکەونە ژێر کاریگەریی ئەو هۆنراوەیەوە؟!

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

ئەو بەشەی کە پرسیارەکەی ئێوەی لەسەر داڕێژراوە دوورو نزیک پەیوەندیی بە دوو جۆر خوێنەرەوە هەیە کە ئایا لە دونیای رۆشنبیریی ئێمەدا بوونیان هەیە؟ ئەویش خوێنەری رەخنەگرو نووسەری رەخنەگرە.

بەر لەوەی لەوە بدوێم، بە بڕوای من هێشتا لە دونیای ئێمەدا خوێنەر بە مانا مەعریفییەکەی لەدایك نەبووە، ئەوەندەی لێرەو لەوێ خوێنەرێکی سادەمان هەیە کە هەموو دونیابینیی ئەو بۆ دەق، ئەوەیە کە ئەم دەقە جوانە یان ناشیرینە.

هیچ لەم دەقە تێنەگەیشتم. بێ لەو وتە سەرپێیانە هیچی تر نالێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تاکی کورد کەسێکی ئازاد نییەو چاوەڕوانی ئەوەیە لە شوێنێکی ترەوە ئیمدادی پێبگاتو فریادڕەسێك بە هانایەوە بێتو مەسەلەکانی بۆ روونبکاتەوە. بە واتایەکی تر، پەیوەندییەك نییە کە رایەڵێکی سروشتی بێت هەتا دەقو خوێنەر پێکەوە لەسەر خوانێك کۆبکاتەوە.

تا ئەمڕۆش دوو مینبەری تەقلیدی، دەسەڵاتی بەسەر عەقڵو هۆشیاریی تاكو کۆمەڵگەی کورددا گرتووەو، ئەویش مزگەوتو حیزبە بە هەموو شکڵو دەزگاو نوێنەرەکانیانەوە. لێرەدا دەمەوێت دەربارەی ئەو کێشەیە بدوێم کە زۆر بەڕوونی سەلمێنەری قسەکانمانەو ماوەیەکی زۆر کۆمەڵگەی کوردی گرتەوە، ئەویش ئەو کێشەیە بوو کە کتێبی (سێکسو شەرعو ژن) نایەوە. کە لەجیاتی ئەوەی خوێنەر لە رێگەی هۆشیاریی خۆیو ئازادانە لە کتێبەکە بگاتو نهێنیو شاراوەکانی کتێبەکە بدۆزێتەوەو بگاتە بڕیارێك تا چەندێك ئەم کتێبە خزمەت بە بیرکردنەوەو دونیابینیی ئەو دەکات وەك خوێنەرێك. ئیدی ئەوە مزگەوتو نوێنەرەکانی بوون لە جیاتی خوێنەر بڕیاردەدەنو شوێنی

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

خوێنەران دەگرنەوەو بڕیاردەدەن کە ئەو کتێبە نەخوێنرێتەوەو بخرێتە تەنەکەی خۆڵەوە.

من لێرەدا ئەوەندەی کە پێداگیری لەسەر ڕۆڵی خوێنەر دەکەم کە کەسێکی ئازاد بێت لە هەڵبژاردن‌و بڕیارداندا، ئەوەندە مەبەستم قسەکردن نییە لەسەر ئەو کتێبە. دڵنیاش بووم ئەگەر نووسەرەکەی وەك دوعا بکەوتایەتە دەست ئەو حەشاماتە تووڕەو شێتگیرەی کە مزگەوت‌و مەلا فووی تێکردبوون، هەمان کارەساتی دوعا بەرانبەر ئەویش دووبارە دەبووەوە. دەمەوێت لەوە نزیك ببمەوە کە ئەو ڕۆشنبیرییەی خاوەنی خوێنەرو بینەری زیندوو بێت، لە هەمانکاتدا کۆمەڵگەیەکی هۆشیارو زیندوویش پێدەگەیەنێت، هەر هیچ نەبێت کۆمەڵگەیەك کە کەسی جیاوازو عەقڵی جیاواز و هەمەڕەنگی بخولقێنێت.

ئێمە خاوەنی سوپایەك بەناو ڕۆشنبیری دەمبەخەندەو ئاسوودەین، کە کاری ئەمانە تەنیا کوشتنی پرسیارو گۆڕینی تاکی کوردە لە کەسێکی ئازادەوە بۆ کەسێکی کۆیلەو بێدەنگو بێسیما.

ئامادەکردنی جەماوەر بۆ حیزب‌و پێداهەڵوتن بە باڵاو سەروەرییەکانی حیزب‌و سەرکردەدا. بێ لە پڕۆژەی ڕەهەندو چەند ڕۆشنبیرێك کە ژمارەیان لە پەنجەکانی دەست تێناپەڕێت، ئیدی رووپەڕی ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێبەکان، پڕ بوون لە سادەگۆیی‌و هیچنەوتن. هێرمان هیسە لە یەکێك لە ڕۆمانەکانیدا، باس لە خوێندنەوە دەکات‌و دەڵێت: "کاتێك لە دەریایەکی سروشتیدا مەلەدەکەیت، هەتا لە کەناریدا بیت زیاتر هەست بە دڵنیایی دەکەیت‌و خۆشتر مەلە دەکەیت، چەند لە کەنار دووربکەویتەوە، ئەوەندە دڵنیایی لەدەستدەدەیت‌و لە خنکان نزیکدەبیتەوە." بەڵام خوێندنەوە

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

جیاوازە تا لە کەناریدا بیت، دڵنیاییت نییەو لە خنکان نزیکیت، چەندێك لە کەنار دوورکەوتیتەوە، ئەوەندە دڵنیایی بەدەستدەهێنیتو خۆشتر مەلەدەکەیت. بە بڕوای من، نووسەری کورد دەبێت لەوە دڵنیا بێت کە رۆژگاری ئەو، رۆژگاری هەفتاکانو هەشتاکان نییە، ئەو سەردەمە پرسیارو گومانەکانی کورد هەموو لە دەوری مانو نەمانو ئازادی دەخولایەوەو کۆمەڵگەی کوردییش، وەك گشتێك لێکەوە نزیکتر بوونو هەتا رادەیەك هەموو لە دونیایەكو یەك ئاسۆیان دەڕوانی، خوێنەری کورد کەمو زۆر لێك جیانەدەکرانەوەو یەك رەنگو یەك سیمایان وەرگرتبوو. لە کاتێکدا ئەمڕۆ کۆمەڵگەی کوردی رۆژ لەدوای رۆژ بەرەو کرانەوەی زیاترو هەمەڕەنگی دەڕوات، بە جۆرێك کە ئاستەمە دوو تاکی کورد لە پنتێکدا کۆبکەیتەوە.

هەشتاکان بۆت دەکرا بە هۆنراوەیەك هەزاران کەس بهەژێنیتو بیانهێنیتە سەر شەقامەکان، لە کاتێکدا ئیستا کەسێتیی ئینسانی کورد ئەوەندە تێکچڕژاو بووە کە بە ئاستەمیش ناتوانیت لە ناخو شاراوەکانی رۆحی نزیك ببیتەوە.

هیچ کاتێك هێندەی ئێستا کۆمەڵگەی کوردی لە کرانەوەدا نەبووە، کرانەوەکەش کرانەوەیەکی سروشتی نییە کە بتوانیت هەنگاو هەنگاو شوێنپێی هەڵبگریتو ئارام ئارام لێیبکۆڵیتەوە. بە بڕوای من، وەك ئەوە وایە لە کەشتییەکدا بیتو هەر چوارلات شەپۆلی سەرشێتانە بێتو هەر چرکەیەکیش شەپۆلەکان بەرەو لایەك کێشت بکەن.

نووسەری کورد ئەمڕۆ وەك سواربوویەکی ناو ئەو کەشتییە وایە، ئاوڕ بۆ دواوە دەدەیتەوە کارەساتە گەورەکان لەبەردەمتدا قوتدەبنەوە، وەك ژەهراویبوونی هەڵەبجەو کارەساتی ئەنفالو قەلاچۆکردنی ئینسانی کورد. ئاوڕ بۆ هەر لایەك دەدەیتەوە،

دونیایەکی جیاواز راتدەگرێت. پێشەوەت نەبوونی دڵنیاییو لێکدابرانی خەڵكو حکومەتە، جەماوەرو شۆڕش لە یەکتریو هەڵوەشانی خێزانو دارمانی بەهاو ئاکارێك کە کۆمەڵگە بە قوربانییەکی زۆر بەدەستیهێنابوو، گەندەڵیو هەلاتنی بە لێشاوی گەنجی کورد بەرەو داهاتوویەکی نادیار. بە بڕوای من، ئەوەی ئەمڕۆ زیاد لە هەر شتێك بەتەنگ نووسەری کوردەوە دێت، خوێندنەوەیە. خوێندنەوە پێشی چاوت رۆشندەکاتەوەو واتلێدەکات لە ژینگەو کۆمەڵگەکەت تێبگەیتو لە ئازارو ئەشکەنجەی هاوشارییەکانت نزیك ببیتەوە. تەنیا بە خوێندنەوە دەتوانیت، کۆمەڵگەیەکی هەزارویەك جار لێکهەڵوەشاو لەسەر خوانێك کۆبکەیتەوە کە خوانی خوێندنەوەیە.

کەم نین ئەو نموونانەی کە کتێبێك ژیانی مرۆڤێکی گۆڕیوە. سادەترین نموونەش، ژان ژینیە-ی فەڕەنسییە کە لە دزێکەوە دەبێتە پیاوێك کە کۆمەڵگە ناچاردەکات بە جۆرێکی دی لێی بڕوانێت. محەمەد شوکریش ئەو پیاوە نەخوێندەوارە بوو کە کۆمەڵگەی مەغریبیو دونیای خستە بەردەم بومەلەرزەیەکی رۆشنبیرییەوە. ئەگەر نووسەرێکی وەك ولیەم سارویان پێیوابێت ئەوە تەنیا خۆشەویستییە کە لە توانایدایە مرۆڤ بگۆڕێت. بە بڕوای من، خوێندنەوەش هەمان کاریگەریی هەیە کە لە توانایدایە موعجیزە بخولقێنێتو جێگۆڕکێ بە مرۆڤەکان بکات.

پێموایە دەبێت لە قوتابخانە سەرەتاییەکانەوە هەوڵبدرێت منداڵ لەسەر خوێندنەوە رابهێنرێتو کتێبیان لەلا خۆشەویستبکرێت، ئەوەش ئەرکی سیستمی پەروەردەییە کار بۆ ئەو ئامانجە بکات، کە بەپێچەوانەوە خوێندنگەکان دەستیان ناوەتە بینی منداڵی کوردەوە و هەموو حەزو ئارەزوویەك کە لە منداڵدا هەیە بۆ خوێندنەوە، دەیکوژن.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

# عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا..



**ئەگەر بەشێکی داهێنان لە میانەی ئەزموونەوە پەیوەندیی بە مەعریفەوە بکات، ئەوە بەشێکی دیکەی داهێنان لە رێگەی خەیاڵەوە لە ئیلهام نزیکدەبێتەوە.**

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

ئەگـەر بمانـەوێت هـەوڵی هەڵوەشـانەوەی ئـەو پرسـیارە بـدەین، دەبێت لەو دوو پێگە سەرەکییەوە قسەبکەین کە بە دەوری هەریـەک لـە چەمکی مەعریفەو ئیلهامدا دەخولێنەوە، چـونکە وەک لـە پرسـیارەکەدا هـاتووە تێکـستی گـەورە زادەی مەعریفەیـە، بـەڵام هیـچنەوتن‌و سادەگۆیی دەکەوێتە دووتوێی ئیلهامەوە. لەلایەکی دیکـەوە مـن نـازانم تێکستی گەورە چ پەیوەندییەکی بە نووسـەری گـەورەوە هەیـە، یـان چ پەیوەندییـەکی بـەو تێکـستە پیرۆزانـەوە هەیـە کـە لـە حیکایەتـە گەورەکانـەوە درێژدەبنـەوەو سـنوورەکان دەبـڕن، یـان ئەوانـەی بـە زمانێك دەنووسرێن، زمانێك کە لە سەرووی زمانە لۆکاڵییەکانەوەن؟!

بـەکورتی مـن نامـەوێت بـچمە نێـو وەڵامدانـەوەی ئـەو پرسـیارەی بەڕێزتانـەوە، چـونکە زۆر لـە نووسـەران لـە وەڵامـی ئـەو پرسـیارەدا هەنـدێك کێـشەیان خـستووەتە روو، ئەگەرچـی مـن بـیروڕای جیـاوازم لەبارەی هەندێك لـەو وەڵام‌و خوێندنەوانـەوە هەیـە، بـەڵام هـەر چۆنێك بێـت هـەر کـەس بـەپێی بۆچـوونی خـۆی بەشـێك لـە گرفتـەکانی بەرجەستەکردووە.

لێـرەدا بـە گرنگـی دەزانم کـە هەوڵبـدەم قـسە لـە ئیـشکالییەتی بەشێکی ئەو پرسیارە بکەم، دیـارە ئـەوەی کـە راسـتەوخۆ بـەرەو ئـەو ئاڕاستەیەشم دەبات، قسەکردنە لە داهێنان، بەڵام نەك بە مانای دەقـی گـەورە، هەرچـەندە ئـەوەی مـن لـەو پرسـیارەی بـەڕێزتان گەیـشتبم، ئەوەیە کە تۆ پێتوایە ئیبداع یان وەك خـۆت دەڵێیـت (دەقـی گـەورە)،

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

زادەی مەعریفەیە نەك ئیلهام، ئـەوەو وەك وتم سـەرەڕای ئیـشكالییەتی دەقی گەورەو نووسەری گەورە.. رۆلان بـارت دەڵێـت: "لـەپاش مردنـی مۆریاكو ڤالێری‌و مـالرۆو ئـەراگۆن، نووسـەری گـەورە رەنگـە كـەمترین قسەی لـەبارەوە نـەكرێت." ئـیتر ئەگەرچـی داهێنـان لـە پێناسـەیەكی دیـاریكراودا كورتناكرێتـەوە، بـەڵام بـە گـشتی دەشـێت لەگـەڵ ئـەریك فـرۆم–دا یەكبگرینـەوە كـە دەڵێـت: "داهێنـان بەرهـەمهێنانی شـتێكی نوێیە." هـەروەها ئامـانجی سـەرەكیی داهێنـان (ئەگـەر وشـەی ئامـانج هـیچ گرفتێـك بـۆ تێگەیـشتن لـە داهێنـان‌و ئیـستێتیكای ئیبـداع دروستنەكات،) هێنانەناوەوەی كۆمـەڵێك پەیوەنـدیی نوێیـە كـە پێـشتر لەئارادا نەبووە، هەر لەوێشەوە فیكر لە كۆی ئـەو كـۆتو بەنـدە كۆنانـە رزگاردەبێت كە تەقلیدییەت دەیسەپێنێت. لەلایـەكی دیكـەوە، هەنـدێك لـەو چـەمكانەی كـە راسـتەوخۆ پەیوەنـدییان بـە داهێنانـەوە هەیـە، (كەشـفكردن)و (پـەیپێبردن)و (خـەیاڵ) دەگرێتـەوە. هـەر لـەو سـێ چەمكەشـەوە، داهێنـان دەبێتـە هـەڵگری جۆرێـك لـە گومـان‌و سەرسوڕمان، لەپشت كۆی ئەو گومان‌و سەرسوڕمانەشـەوە، ئـەزموون‌و رەهەندی مـەعریفی‌و دونیـابینی دروسـتدەكەن. لێرەدا دەمـەوێت بڵێم ئەگـەر بەشـێكی داهێنـان لـە میـانی ئەزموونـەوە پەیوەنـدیی بـە مەعریفەوە بكات، ئەوە بەشێكی دیكەی داهێنـان لـە رێگـەی خەیاڵـەوە لـە ئیلـهام نزیكدەبێتـەوە. هەڵبەتـە قـسەكردن لـە ئیلـهام، بـە رای مـن ئەگـەر پێـشتر قـسەكردن بووبێـت لـەو شـەیتانەی لەپـشت نووسـەرەوە كاردەكات، یان بە مانایەكی دیكە نووسەر دەخاتە فـەزای نووسـینەوە، قـسەكردن بووبێـت لـەو جنۆكـە وەهمییانـەی كـە نووسـەر بـەرەو وێڵگـەكانی نووسـین دەبـەن، ئـەوە ئـەو شـێوەیە لـە تێگەیـشتن ئـەمڕۆ كـەس بـە لایـدا نـاڕوات. لێرەوە دەشـێت تەرجەمەیـەكی دیكـەی ئـەو حاڵەتـە كـاتی‌و بەسەرچـووەی ئیلـهام راسـتەوخۆ لـە خەیاڵـەوە

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

هەڵبگرینەوە. بە مانایەکی دیکە، دەمەوێت بڵێم بە رای من قسەکردن لە ئیلهام، دەشێت بە شێوەیەك لە شێوەکان لە چەمکی خەیاڵ نزێك بکەینەوە. بە کورتی دەمەوێت ئەو ئیلهامەی نێو پرسیارەکەتان لەو تێگەیشتنو کلێشە نەریتگەراییە ئاینییە کۆنە بکەمەوەو تەرجەمەی خەیاڵی بکەم، بەو مانایەش ئیلهام وێنەگرتنی خەیاڵە لە کاتی لەدایکبوونو لە ترۆپکی درەوشانەوەو لە ساتەوەختی کاری خەیاڵکردندا. ئیلهام ئەو ساتەوەختەیە کە خەیاڵ کارایەو کارلەسەرکراو نییە. لای من ئیلهام لە جەوهەردا جگە لە چوونە نێو خەیاڵەوە شتێکی دیکە نییە. دواتر هەر لە رێگەی خەیاڵیشەوە، لە یەکێك لە پێگە سەرەکییەکانی داهێنان نزیك دەبینەوە کە جوانییە. دەمەوێت بڵێم بەهای جوانی لەو شوێنە نییە کە تۆ باسیدەکەیتو بە زادەی مەعریفەی دەزانیت، بەڵکو لە شوێنێکی دیکەدا کاردەکات کە خەیاڵکراوە، ئەوەی ئیبداعی ئەدەبیو ئیبداعی زانستی لێك جیادەکاتەوە، بەهای جوانیو بەهای مەعریفییە. بەهای جوانی لە زانستدا لە جوان ئاراستەکردنی پرسیاردایە، بەڵام لە ئەدەبو هونەردا، جوانی لە رێگەی ئاگایی خەیاڵەوە وەك شتێکی ناحەقیقی دەردەکەوێت. ئاگایی خەیاڵیش لە ئازادییەوە سەرچاوەدەگرێت، بۆ ئەوەی خەیاڵ بکەیت، دەبێت ئاگایی لە تەواوی واقیع ئازاد بێت، کەواتە ئەگەر بەشێکی زۆری کاری ئەدەبیو هونەری لە میانەی جوانییەوە دەربکەوێتو جوانی لە پێکهاتەکانی خەیاڵکردن بێتو خەیاڵکردن لە پێکهاتەکانی ئاگایی بێتو ئاگایی پێویستی بە پرۆسیسەکردنی ئازادییەوە هەبێت، ئیتر لێرەوە دەشێت ئەو فەزایەی کە ساتەوەختی ئیلهام لە دەرەوەی واقیعو لەنێو خەیاڵ دروستیدەکات، راستەوخۆ فەزایەك بێت کە ئازادی نەخشیدەکات.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

نووسەر بە مانا ئیبداعییەکەی یان دانەر، دەتوانێت وشە وەك خۆی چۆن دەیەوێت خەیاڵ بکات، خەیاڵی نووسەر هیچ سانسۆرێکی لەسەر نییە، جگە لە سانسۆری خودی نووسەر نەبێت. بەم جۆرە ئەگەر خەیاڵ لە واقیع جیابێتو ئیبداعیش لە رێگەی ئەو جیاوازییەوە پەیوەندیی بە خەیاڵەوە بکات، ئەوە دەتوانین بڵێین هەرچەندە ماوەی نێوان نووسەری ئەدەبیو خەیاڵ بەرتەسك ببێتەوە، ئەوەندە رووبەری ئیبداع بەرفراوانتر دەبێت. وەك دیارە ئەو هەڵگرتنەوەیە راستەوخۆ لە دەستەواژە بەناوبانگەکەی (نیفەری)یەوە وەرگیراوە کە دەڵێت: "تا مەودای روانین بەرفراوانتر بێت، رووبەری گوزارشتکردن بەرتەسك دەبێتەوە".

کەواتە ئەگەر تەرجەمەکردنی ئیلهام بۆ خەیاڵ، تەرجەمەکردنێکی زۆر دروستیش نەبێت، بەڵام کاتێك مەسەلەی ئیلهام دێتە ناوەوە، ئیتر ناتوانین بیر لە خەیاڵو تواناکانی خەیاڵ نەکەینەوە. هەر لەو بڕوایەوە دەشێت بڵێم پرسیارکردن لە ئیلهام لە جەوهەری خەیاڵمان نزیکدەکاتەوە، هەروەها گرنگیی خەیاڵیش لە دەقی ئیبداعیدا، لەوەدایە کە دڵەڕاوکێ دەخاتە دەقەوەو دڵنیایی دەلەقێنێت. هەر لەو رێگەیەشەوە فرەڕەهەندیو خوێندنەوەی جیاواز لەدایك دەبێت. هەڵبەتە مەبەستم لە دڵەڕاوکێی وجودی نییە، بەڵکو ئەو دڵەڕاوکێ کارکەرەم نیازە کە جێگیربوون ناسناکاتو شیاو ناکەوێتەوەو بەردەوام چێژی پرس لە مرۆڤدا دەوروژێنێت. چونکە خەیاڵ جۆرێك لە سەرمەستبوونی پێیە، لە هەمانکاتدا جۆرێك لە نادیارییشی لەخۆگرتووە. ئەگەر یەکەمیان بە دواندنی وسبەلێکراوەکان پەیوەست بکەین، ئەوە دووەمیان ئەو رۆشناییە بنەڕەتییەیە کە راستەوخۆ رۆڵی سەرەکی لە کردەی خەڵقکردنی فەردانییەتدا دەبینێت.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

بەڵام زمانی زانستی کە تەواو زمانی مەعریفییە، نموونەی زمانی دەلالیی رووتە، ئامانجی جووتبوونی وردی نێوان دالو مەدلولە، لێرەدا دال شەفافە، چونکە راستەوخۆ بەرەو مەدلولمان دەبات، بەبێ ئەوەی سەرنجمان بۆ دەریچەو فەزاو رەهەندەکانی دیکە رابکێشێت، بەبێ ئەوەی سەرنجمان بۆ خۆی رابکێشێت.

وەك وتمان زمانی ئەدەبی لە رێگەی خەیاڵەوە پڕە لە نادیارو سبەلێکراو و پەناکردن، هەروەك بە رەگەزدۆزیو پۆلینکردنی ناعەقڵانیو هەڕەمەکییەوە، سیخناخە. بەهەمانشێوەش رووداوە مێژووییەکانو وەبیرهێنانەوەی ئازادو یادەوەریمان بیردەخاتەوە. بەکورتی زمانی ئەدەبی زمانێکە بەردەوام دەکەوێتە ناوەوە، هەر تەنها زمانێکی دەلالی نییە، بەڵکو رووەکانی دیکەی گوزارشتکردنیش لەخۆدەگرێت. زمانی زانستی، زمانی مەعریفیی تەواوە، یان بە جۆرێکی دیکە وەك (پۆل ریکۆر) دەڵێت: "دەشێت بڵێین زمانی زانستی بەپێی پێویست هەوڵدەدات ئەو فرەڕەهەندییەی دەلالەتەکان کەمبکاتەوە." واتە ئەو فرەڕەهەندییەی دەنگ بەرەو تاك دەنگی بکاتەوە، بۆ ئەوەی وشەیەك یەك تاکە مەدلولی هەبێت. بەڵام بەپێچەوانەوە ئەرکی نووسینی ئەدەبیو هونەری ئەوەیە وا لە وشە بکات زۆرترین توانای بۆ بەرهەمهێنانی دەلالەت هەبێت، پاشان نووسینی ئەدەبی هەوڵنادات ئەو فرەدەنگییە فەرامۆشبکات، یان لە خۆی دووربخاتەوە، بەڵکو هەوڵدەدات باشتر گرنگیی پێبداتو دەلالەتەکانی بەرجەستەبکاتو وزەکانی پەرەپێبدات، بۆ ئەوەی زمان والێبکات تەواوی تواناو هێزی لە ئامادەباشیی دەلالەتەکاندا هەڵبگرێتەوە.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

بەڵام قسەکردن لە مەعریفەو زمانی مەعریفە، قسەکردنە لـە کـردەی عــەقڵی، کـردەی عــەقڵی دەشـێت بــە دوو شـێوە وێنــەی شــتەکان بەدەستبهێنێت" لـە ڕێگـەی هەڵچوونو لـە ڕێگـەی ئاسـاییەوە. کەواتـە مەعریفــە بەیەکگەیــشتنو ڕووبەڕووبوونــەوەی خــودی پەیپێبــەرو پــەیپێبراوە. بـەم جـۆرە کـردەی عـەقڵی بـەرەو جەوهـەری بابـەتمان دەباتو لەوێوە لە حەقیقەتی شتەکان دەگەین، بەو مانایـەش مەعریفـە دەکەوێتـە دەرەوەی تەمومـژەوە. کردەیـەکی هۆشـیارانەیەو قـسە لـە بابەتگەلێکی دیاریکراو دەکات. مەعریفـە ڕاسـتیو ئامانجـە لـە ڕێگـەی هەستو عەقڵو ڕوونبینییەوە بەدیدێت. دەمەوێت بڵێم وەك چۆن لـۆكو ئەزموونگــەرە ئینگلیزەکــان بــە بەرهــەمی هەســتەکانی دەژمێــرن، لەلایەکی دیکەوە دیکارتو سپینۆزاو لابینتز، بە پێشبینیی عەقڵییـەوە بەندی دەکەن.

بێگومــان مەعریفــەی حیــسی دیــاریکراو، بابــەتی دیــاریکراوو هەستپێکراوی هەیە، هەروەها مەعریفەی حەدەسی عـەقڵی ڕاسـتەوخۆ، گەیشتنی عەقڵە بە حەقیقەت یان بابـەت، بـەبێ ئـەوەی ناوەنـدیار یـان پێــشەکییەکان ڕۆڵــی تێــدا ببیــنن. لەلایــەکی دیکــەوە، وەك دەزانــین مەعریفـەی بەڵگـەئامێزو سـەلمێنراو هـەن کـە پـشت بـە پێـدراوەکانی ئەزموونو شارەزایی دەبەستن.

بـەکورتی مەعریفـەی تـەواو دوو وێنـەی هەیـە" یـەکێکیان خودییـەو شـتەکان بـەبێ تەمومـژیو بـە ڕوونـی وێنـەدەگرێت. ئـەوی دیکـەیان: بابەتییەو شتەکان وەك خۆیان لە حەقیقەتدا چۆنن، هـەر بـەو شـێوەیە ڕەسم دەکەن، هەر لە سەر ئـەو بنەڕەتـەش بـە پێویستم زانـی بـەدوای ئیشکالییەتی ئەو پرسیارەدا بچم.

هەڵبەتــە بەگــشتی دەزانم تــۆ لەپرســیارەکەتدا زیــاتر مەبەســتت نــاوەڕۆكو دەرئەنجامــەکانی مەعریفەیــە نــەك ئــەو کــردە زیهنییانــەی

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

مەعریفـەی لێدەکەوێتــەوە، بـەڵام لـەبیرمان نەچـێت کـە سەرچـاوەی مەعریفە عەقڵە، کەچی ئەدەبو هونـەر بـەبێ ئیلـهام (بـەو مانایـەی کـە ساتەوەختی چوونە نێو خەیاڵە) قسەی لێناکرێـت، وەك چـۆن لـەبارەی خەیاڵەوە قسە زۆرە، بەهەمانشێوە وەك دەزانین لـە پێناسـەی عەقڵدا، کۆمـەڵێك ڕێبـازو ئـاینزا وەسـتاوە کـە ئێـرە شـوێنی ئـەو بەدواچـووونە نییە.

بەکورتی دەمەوێت بڵێم ئەگـەر بەشـێك لـە داهێنـان (ئـەوەی تـۆ بـە دەقــی گــەورە ناویدەبــەیت، ئەگــەر راســت بێــت،) پەیوەنــدیی بــە مەعریفەوە هەبێت، ئەوە بەشێکی راستەوخۆ پەیوەندیی بە ئیلـهام (بـە تەرجەمـە خـەیاڵ)ەوە دەکـات. بـەو مانایـەش داهێنــان جووڵەیـەکی گفتوگۆئــامێزی نێــوان دیــارو نادیــارە. ئیبــداع دانوســتانی خــەیاڵو مەعریفەیە. بە دیوێکی دیکەدا، وەك چۆن لەپـشت هـەموو پرسـیارێکی جدییـەوە، مەعریفـەی سـەردەم وەسـتاوە، جـوانییش بەهایەکـە بـەبێ خەیاڵکردن جێبەجێنابێت.

دواجـار وەك چـۆن دەشـێت، بـە کۆمـەکی مەعریفـە بەشـێك لـە سـیماکانی داهێنـان دەستنیـشان بکـەین، بەهەمانـشێوە بـە یارمـەتیی خەیاڵ نـەبێت، نـاتوانین تـامی داهێنـان بکـەین. کاتێـك قـسە لـە تـامی داهێنانو چێژبردنی نووسین دەکەین، بەو مانایە نییە کە وەك مەعریفـە هەڵگری ئامانجو ئاڕاستەی دیاریکراو بێـت، یـان جووڵـەکان لـە ڕێگـەی زمـانی زانـستییەوە بـەکاربخات، هـەر وەك بـەو مانایـەش نییـە، کـە بـۆ خــودی دەرئەنجامــە حەقیقییــەکانی خــۆی بگەڕێتــەوە، بــەڵکو بــەو مانایەیـە کـە هـەموو سـنوورەکان دەبـەزێنێتو هەوڵـدەدات لـە ڕێگـەی دواخستنەوە، شتێکی دیکە دابهێنێتو تەواوی نیازەکـان تـەجاوزبکاتو

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

لـه خەیاڵـەوە گەمـەکانی خـۆی دابمـەزرێنێت، لـەوەی کـە بـەردەوام لـە کرانەوەیـەك بـۆ کرانەوەیـەکی دیکـەو لـە جیاوازییـەك بـۆ جیاوازییـەکی دیکەدا، جووڵـە دەکـات. ئەگـەر لـە میـانی ئـەو وازییـەدا، چـێژ بڕژێـت، ئەوە لە ئارەزووکردنی ئەویدیکەو لە کولتـووری کتێـبو خوێندنـەوەوە، خۆشەویستیو داهێنان پراکتیزە دەبێت.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

## ئاوات ئەحمەد..



**کە جیاوازی لە بیرکردنەوەو بۆچوونەکاندا نەبوو، ئیتر بوونەوەرەکان هەموویان لە یەکتری دەچن و وەکو یەك بیردەکەنەوە، بوونەوەرێکی لەم جۆرەو لەناو ژینگەیەکی ئاوادا، غەدرێکی گەورەی لێدەکرێت، ئەگەر داوای داهێنانی لێبکرێت.**

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

٢٦٨- توانا ئەمین

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

بەڵام زانین خۆی زادەی چییە؟ باشترین وەڵامێک بەم پرسیارەی بدەینەوە، ئەوەیە بڵێین: زادەی ئازادییە. ئازادی بە چ مانایەك؟ ئازادی بە مانا لۆك-ییەکەی، واتە ئازادی لە دەسەڵاتێکی ناڕەوای ستەمکار، ئەو چەشنە ئازادییەی کە دەبێتە هۆی خولقاندنی مرۆڤی سەربەخۆی خاوەن بیرکردنەوەی سەربەخۆ. لەم کولتوورەدا ئازادییەکی لەو جۆرە بوونی نییە. مرۆڤی ناو ئەم کولتوورە، چواردەوری بە سانسۆر تەنراوە، ژیانی پڕێتی لە هێڵی سوور، ناتوانێت بە ئازادی بیربکاتەوە (بیرکردنەوەی ئازاد بە مانای ئازادبوون لە جیاوازیدا، لە کردە ناڕەواکانی دەسەڵاتی نهێنیو ئاشکرا، کە پێچەوانەی ئەوانی دی بیربکاتەوە، کە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات.) ئەو بوونەوەرەی خاوەنی ئازادی بیرکردنەوە نەبێت، وردە وردە توانای بیرکردنەوەش لەدەستدەداتو سەرئەنجام دەبێت بە بوونەوەرێکی نەرێ. بوونەوەرە نەرێکانیش جیاوازیی بنەڕەتی لە تێڕوانینەکانیاندا نییە. تێڕوانینەکانیان بەتاڵن لە مانای عەقڵیو پڕن لە مانای عاتیفی. کە جیاوازی لە بیرکردنەوەو بۆچوونەکاندا نەبوو، ئیتر بوونەوەرەکان هەموویان لە یەکتری دەچنو وەکو یەك بیردەکەنەوە. بوونەوەرێکی لەم جۆرەو لەناو ژینگەیەکی ئاوادا، غەدرێکی گەورەی لێدەکرێت ئەگەر داوای داهێنانو بەرهەمهێنانی زانینی لێبکرێت.

دەقە مەزنەکان شارستانێتیی گەورەیان لەپشتەوە هەیە، ئەوە شارستانییەتە کە بوونەوەرە جەنگەڵییەکەی کرد بە مرۆڤ، مرۆڤێك ئازاد نەبێت، ناتوانێت ژیانی خۆی تاقیبکاتەوە، ژیانێکیش کە

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

تاقینەکرابێتـــەوە، ژیــانێکی رەمەکییانەیــە نــەك عەقڵییانــە. ژیــانی رەمەکییانـەش دەقـی گـەورە بەرهـەمناهێنێت، چـونکە هـەرگیز وەکـو سوقرات پرسیار ناکات: "پێویستە چۆن بژین؟!"

خوێنـەرێك کـە بەرهـەمی بوونـەوەرێکی رەمەکییانـەی لەبەردەسـتدا بێت، چی دەخوێنێتەوە جگە لە شیعر؟ چ جۆرە شـیعرێك؟ لێوانلێـو لـە هەستو بەتەواوی خاڵی لە هزر. شـاعیر کێیـە؟ کەسێکە لەسـەر شـعور (هەست) کاردەکات، هەربۆیەشـە لـە یـەکێك لـە هەوڵـەکانی وەرگێڕانـی وشەکەدا بۆ سەر زمانی کوردی، یەکێك هەوڵیدا بیکـات بـە (هەسـتیار). دەمەوێت بڵێم کە من زاراوەی شـاعیر زۆر بـە فراوانـی وەردەگـرم، واتـە تەنها مەبەستم لەوانە نییە کە سەرقاڵی شیعرنووسینن، بەڵکو مەبەسـتم لە تەواوی ئەوانەیە کە وەك شـاعیر بیردەکەنـەوەو جیهـان دەبیـنن‌و لـە ئەندێشە شیعرییەکاندا بەشدارن، بگرە تەنانەت مەبەستم لەوانەشـە کـە بە بۆچوونی خۆیان لە کایەی دیکەی غەیری شـیعردا کاردەکـەن، بـەڵام بە شێوەیەك لە شێوەکان، هەموویان هەر شاعیرن.

شـاعیر شـارەزایە لـە بـواری هەسـتدا، هەسـتی ناسـکە، لـە ئـازارو ژانەکان، لـە جـوانی ...هتـد تێدەگات. ئەمانـە ئـەو دەسـتەواژانەن کـە بـەردەوام لــەم کولتــوورەدا دووبارەدەکرێنــەوە، خــودی شــاعیرەکان کێبڕکێیانە لەسەر ئەوەی کێ باشتر ئـەم گوزارشـتە بکـات. شاعیرترین کەس، نزیکترین کەسە لە هەستەوە، نزیکترین کەسـیش لـە هەسـتەوە، دوورترین کەسە لە هزرەوە. لێرەدا شتێکی ماناداره کە دەبینین شـاعیر لــەناو هــەموو توێــژەکانی کۆمــەڵگاوە دێتــە دەرەوە، شــاعیر تــەنها پێویــستی بــە هەســتێکی ناســکە، لـــەپاڵ کـــەمێك شـــارەزاییو دەستڕەنگینیدا کـە بـە ئـەزموون فێـری دەبێـت. هـۆی ئەمـەش پێمـان سـەیر نییـە کـە کەسـێکی نەخوێنـدەوار، نابینـا، کەسـێك لـە رووی سـایکۆلۆژییەوە دروسـت نـەبێت، ئاسـتی پەرەسـەندنی عـەقڵیی بـەرز نەبێت، هەموو ئەمانە بۆیان هەیە ببن بە شاعیر.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

بەشی هەرەزۆری قەڵەمبدەستانی ئەم کولتووره شاعیرن، بۆیە بەشی هەره زۆری تێکستەکانمان، تێکستگەلێکن کە تێرامانی هەستییانە بەرهەمیانهێناون، نەك تێرامانی عەقڵییانە. شاعیر ئەوەندە پێویستی بە خوێندنەوەی شیعرو گەڕان بەدوای وشەی دڵگیرو سەرنجڕاکێشدا هەیە، ئەوەندە پێویستی بە خوێندنەوەی تێکستە مەزنەکان نییە. شاعیر کەسێکی ئەندێشەیی نغرۆی ناو هەستە ناوەکییەکانەو دووره لە واقیعەوە. ئەو هەمیشە لە ژیان رادەکات، بۆیە هەرگیز ناتوانێت لەوە تێبگات کە بۆچی سوقرات دەڵێت: "ژیانێك تاقینەکرابێتەوە، شایستەی ژین نییە." هەرگیز پرسیار لە ژیانی چاكو ژیانی خراپ ناکات، بە هیچ شێوەیەك گرفتە هاملێتییەکەی لەمەڕ بوون یان نەبوون، نایهەژێنێت.

ئەو کولتوورەی لە بەرهەمهێنانی دەقی هزریدا لاوازبێت، بەدڵنیاییەوە لە بەرهەمهێنانی دەقی هەستیدا دەوڵەمەندە، لە بەرامبەری بیرمەندەکاندا، شاعیرەکانی هەیە. لە کاتێکدا کە هیچ گومانێکم نییە لەوەی لە ساتەوەختی ئێستادا، کەمترین ژمارەی ئەوانەی بیردەکەنەوە، دەکەونە ئەم ناوچە جوگرافییەی ئێمەوە، گومانیشم نییە لەوەی کە زۆرترین ژمارەی شاعیران، هەر لەم ناوچەیەدان.

خوێنەر تەممەڵ نییە، خوێنەر بەرهەمی ئەم کولتوورەیە، کە تێیدا هەندێك کتێب هەن کە چەند جارێك چاپدەکرێنەوەو ژمارەی زۆریان لێ کۆپی دەکرێت، ئەوانە دەقگەلێکن کە لەگەڵ ئەو میزاجەدا دەسازێن کە خودی کولتوورەکە بەرهەمیهێناوە. لای ئەوانە خوێندنەوە کردەیەکی ئینفیعالییانەی سادەیە، تەنها لە ئاستی یەکەمی پرۆسەکەدا دەوەستێت، واتە بریتییە لەوەی هێماکانو وێنەکان لە رێگەی چاوەوە بگوێزرێنەوە بۆ سەنتەرەکانی هەستکردن، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی هەستییانە مانای ئەو هێماو وێنانە لەگەڵ

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

ئەزموونی رابردووی بوونەوەرەکەدا دیارییبکاتو هاوشوناسیی لەگەڵدا بکاتو سەرئەنجام بە چێژێکی هەستییەوە لە پرۆسەکە بێتە دەرەوە. ئەم پرۆسەیە هەرگیز ناچێتە ئاستێکی دیکەوە، واتە لە سەنتەرەکانی هەستکردنەوە ناگوێزرێتەوە بۆ سەنتەرەکانی هەڵسەنگاندن (مەبەستم لەو سەنتەرانە، زیاتر مەبەستێکی وەسفییە نەك جێگەیی.) واتە خوێنەر هەوڵی پوختەکردنی ماناو مەبەستی نووسەرو رێکخستنەوەی نادات بە خواستی ئەوەی ئەزموونێکی نوێ بخاتە سەر ئەزموونەکانی خۆی، لەبری دووبارەکردنەوەی ئەزموونێکی رابردوو، تا سەرئەنجام توانا عەقڵییەکانی خۆی زیاتر گەشەپێبکاتو ئاستەکانی وردبوونەوەو تێڕامانی بڵندتر بکاتەوە.

ئەو تێکستانەی لەگەڵ ئاستی یەکەمی خوێندنەوەدا دەسازێن، چین جگە لە شیعر، وتاری ئاینی، پەندو ئامۆژگاری، خوێندنەوەی بەخت، شێوازەکانی ئامادەکردنی خۆراك ...هتد؟ ئەم تێکستانەش لەم کولتوورەدا رەواجی خۆیان هەیەو بەهای مینۆکیو ئابووریيشیان بەرزە. بەپێچەوانەوە ئەو تێکستانەی تایبەتن بە ئاستی دووەمی خوێندنەوە، بەزەحمەت جێگەیان دەبێتەوەو لە جوغزێکی تەسکی دەستەبژێریدا دەمێننەوە.

مەسەلەکە نە پەیوەندیی بە تەمەڵیی خوێنەرەوە هەیەو نە بزریی دەقە مەزنەکانەوە (زۆرێك لە دەقە مەزنەکان لە سەردەمی نووسرانیاندا بێزراو بوونو رەواجیان نەبووە.) مەسەلەکە کولتوورێکە کە شورایەکی سۆزییانەی بە دەوری خۆیدا کێشاوەو ماوەیەکی ئێجگار درێژە، خەریکی دووبارەکردنەوەی خۆیەتی. هۆیەکانی ئەمە چین؟ ئەمە مەسەلەیەکە دەکەوێتە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیەوە کە بۆ نووسینی ئەم دێڕانە دیاریکراوە.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

## تەوەری سێیەم ..
## شیعری بەرەی چوار

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

**دەمێکە خوێنەری کورد بەر جۆرێك شیعر دەکەوێت کە جودایە لەو شیعرانەی چاوی پێی راهاتووە، یەکەم تایبەتمەندیی ئەم شیعرانە، تێکشکانی ئەو فۆڕمە باوەی شیعر بوو، دواتر زمان و دونیابینیی ئەم شیعرانە، خوێنەریان لە ئاستێکدا سەراسیمەو لە ئاستێکی تردا جاڕز کرد. لەم ساڵانەی دواییداو لەسەر دەستی رەزای عەلی پوور لە کوردستانی رۆژهەڵات، ئەم جۆرە شیعرە لە شەپۆل و تەوژمێکدا خۆی بینییەوە کە بە شەپۆلی چوارەم ناودەبرێت. ئێمە بۆ قسەکردن لەسەر ئەم تەوژمە، سێ شاعیرو نووسەری رۆژهەڵاتمان دواند، ئەوانیش: مەحمود شێرزاد، کەمال ئەمینی و جەواد حەیدەری، بوون.**

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

# مەحمود شێرزاد..



ئـەوەی لـە رۆژهـەڵاتی کوردسـتان پێیدەوترا نوێگەری، مۆدێرنـە نـەبوو، بـەڵکو پۆسـتمۆدێرنە بـوو، چـۆن دەکرێـت تـۆ مۆدێرنـەت (تـا ئەندازەیەك وەك ئەوەی کـە هەیـە،) ئەزموون نـەکردبێت، بانگەشـە ئـەوە دەکەیت کە پۆستمۆدێرنەیت؟!

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

**توانا ئەمین: کاک مەحمود شێرزاد ئێوە لە ئەنجومەنی ئـەدەبیی مـەهاباد بوون، کـەی یەکـەم جـار بـەر ئـەم شـەپۆلە شـیعرییە نوێیـە کـەوتن؟ پێتانوایـە زەمینـەی سـەرهەڵدانی ئـەم نوێگەرییـە شیعرییە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟**

**مەحمود شێرزاد:**

سەرەتا وەك زۆربەی هـەرە زۆری نووسـەرانی ئـەودیو، لە رێگەی شیعرەوە هاتمە ناو بواری نووسینەوە. سەرەتا منداڵ بـووم‌و کلاسیکم دەنووسی، کەچی دوایـی هـەر زۆر زوو لـە رێگـەی خوێندنـەوە بۆمدەرکەوت لە شێخ نوری شێخ ساڵح‌و گۆران‌و پاشـان لـە رۆژهـەڵاتی کوردستانیش، لە سـوارە ئیلخـانیزادەو قاسـم موئەییـەدزادەوە، ژانـری شیعری کوردی ماڵئاوایی لەو ستایلە کردووە، بۆیە منـیش بـۆ هەمیـشە ماڵئاواییەکی فرەڕەهەندم لە کلاسیکبوون کرد. لێرەوە بـە قـەولی ئێـوە کەوتمە بەر ئەو شـەپۆلە شـیعرییە. بـەڵام لـەبیرمان نەچـێت ئـەوەی لـە رۆژهـەڵاتی کوردسـتان پێیـدەوترا نوێگـەری، مۆدێرنـە نـەبوو، بـەڵکو پۆستمۆدێرنە بوو. ئـەوەش گـۆڕانێکی سـەیر بـوو، چـونکە بـە هەنـدێك موتاڵاو بیرکردنەوە ئەو پرسیارەت لەلا گەڵاڵە دەبوو: چۆن دەکرێت تـۆ مۆدێرنـەت (تـا رادەیـەك وەك ئـەوەی کـە هەیـە) ئـەزموون نـەکردبێت ئیـدیعا بکـەیت پۆسـتمۆدێرنەیت؟! کـە وابـوو ئـەو نوێگەرییـەی وەك زۆربـەی هـەرە زۆری هاوڕێیـان تێیکـەوتبووم، نوێگەرێیـەکی عـەقڵانی

نەبوو، بەڵكو پۆستمۆدێرنەیەكی سەقەت بوو. ئەوەی راستی بێت، ئەو بابەتە لە ئەنجومەنی ئەدەبیی مەهاباد كڕیاری نەبوو، ئەوكات تەنیا منو كاك ناسر باباخانی لەو بوارەدا ئیشمان دەكرد، بەڵام نازانم بۆ تا ئێستاش هیچ یەك لەو بابەتانەم بڵاونەكردەوە كە بەو ستایلە نووسیمن. لێرەوە ئاخێزگەی سەرەكیی ئەو هەوڵە، لە ئەنجومەنی ئەدەبیی بۆكانەوە بۆ سەقزو سنەو بانەو تا رادەیەكیش مەریوانی دەگرتەوە. واتە ئەو میتۆدەی لە مەهاباد ئیشی پێدەكراو ئەوكات ئێمە پێماندەوت "سوننەت"ی، دوایی دەركەوت هەرچەندە هەڵگری كۆمەڵێك رەگەزی سوننەتی بوو، بەڵام لە واقیعی كۆمەڵایەتیی نزیكتر، گەشەكردنێكی نەرمی سروشتیو ئەندازیاری هەنگاوبەهەنگاوی ئەدەبیو فەرهەنگ بوو. بەڵام هەندێك خاو بوو، كەچی ئەوەی تر (بە ئێستاشەوە) زۆر دوورە لە واقیعی كۆمەڵایەتیو بەبێ ژێرخانو قەڵەمبازێكی ناعەقڵانیی ئەدەبیو فەرهەنگییە. لێرەوە هەر زۆر زوو ئەو ستایلەم وەكو میتۆدێكی سەرەكیی بیركردنەوەو ئیشكردنی بنەڕەتی (نەك خوێندنەوە) جێهێشت، بەو مانایە هەر لە سەرەتاوە بە هۆی خوێندنەوەی دوو قوتابخانەی وەك فۆرمالیزمی روسیو رەخنەی نوێی ئەدەبیی سنت ئەنگلوی ئەمریكا، پاشان هێرمۆنتیكی مۆدێرنو بیرمەندانی وەك: مایكۆفسكی، یاكۆپسن، شلایەر ماخێر، رامان سێڵدنو... هتد. سەرەتایەكی باشم لە چوارچێوەی تاكەكەسیی خۆمدا لە نوێگەری بنیاتنا، واتە تا رادەیەك بۆم دەركەوت ئەوەی ئەوان باسیدەكەن، ئێمە بە سەقەتی ئیشی پێدەكەین، لێرەوە دەبوو بزانین نوێخوازی لەلایەك تایبەتمەندییەكی نێونەتەوەیی ئەو سەردەمەیە، رابردووی پێ راڤەو ئێستای پێدەناسرێتەوە. لەلایەكی دیكەشەوە،

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

شێوە سروشتییەکەی پڕۆسەیەکی هەنگاوبەهەنگاوی گشتگیرەو ئەگەر تاکرِەهەند ئیشی پێبکرێت، یان لە سیاقی سروشتیی خۆی بکرێتە دەرەوە، کارەسات بەرهەمدەهێنێت، واتە عەقڵییەت- بەرهەم- مرۆڤی فەرهەنگیو ئەدەبی سەقەت دروستدەکات.

بەڵام بەنیسبەت بەشی دووەمی پرسیارەکەتانەوە، ئەوەی راستی بێت، ئەو هەوڵە لە هیچ ئاخێزگە، بوارو خواستێکی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو بە رواڵەت شەپۆلێکی نوخبەوی بوو کە لە رێگەی موتاڵایەکی سەرپێستی وەرگێڕانەوە، تەشەنەی کردە ناو وردەحەزی داهێنەرانەی هەندێك کەسەوە. تا ئێستاش ئەو هەوڵەو بەرهەمەکانی ئەو بوارە، نەیانتوانیوە سترەکتورە چەند کەسییەکان ببەزێننو ببن بە خەمی سترەکتورو خەڵکانێکی بەربلاوتر. بۆیە حەزناکەم لێتی بشارمەوە، چەندە لەو گشتە کلاسیکبوونو دواکەتوویی‌و داخراوییە بێزارم، سەدهێندە لەو جۆرە هەولانە بێزارم کە بەرهەمی موتاڵاو تێگەیشتن لە واقیعی خۆماڵیو جیهانی نین. واتە هەر هەوڵێك لە تێگەیشتنو مەعریفەتی خۆمانو ئەوانی دیکەوە سەرچاوە نەگرێت، ناعەقڵانییەو ئاو لە ئاوەنگدا کوتانەو ناتوانێت ئاخێزگەیەکی گونجاو بۆ خۆی دروستبکات.

**توانا ئەمین: پێتانوانییە ئەم شیعرانە خوێنەری کلاسیك لە سادەفیکرییەوە دەخەنە ناو کێشمەکێشو تێرامانو لەسەروەستان، لە کاتێکدا شیعر (بە شێوە باوەکەی) ئەمەی پێنەکراوە؟ ئەمە خەمی شیعرە یان وەزیفەی فیکر؟**

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

**مەحمود شێرزاد:**

دەست خۆش ئەو پرسیارەم زۆر بەدڵە، چونکە سەرووبنی قسەی هەندێك كەسی ناو ئەو بوارە، ئەوەیە كە ئەدەبی كلاسیك ناتوانێت خوێنەر تووشی رامان بكات، بەڵكو ئێمە گەرەكمانە لەو رێگەیەوە خوێنەری جدی دروستبكەین. دیارە دەبێت ئێمە لەنێوان دوو رەوتدا جیاكاری بكەین، یەكەم: ئەوەی بەشێك لە جموجۆڵە فەرهەنگیو ئەدەبییەكانی ئەم چەند ساڵەی دوایی، تا رادەیەك رەوتی سروشتیی خۆی دەپێوێتو من هیچ قسەیەكم لەسەری نییەو دواجار هەر ئەوانیش رەنگە بتوانن خوێنەر تۆزقاڵێك بجووڵێنن. دووەم: مەبەستی من ئەو باڵەیە كە بە كردەوە سەلماندوویەتی تا ئێستا چەندە لە لۆژیكو یاساكانی نوێخوازییەكی عەقڵانییەوە دوورە، چەندە لە خوێندنەوەو رامانەوە دوورە، تا سەر ئێسقانیش نزیكە لە شێواندنی چەمكەكانو سەقەتكردنی ئەو وردە جموجۆڵانەش كە بواری لەدایكبوونیان بۆ دەڕەخسێت.

لێرەوە وەك خۆم هیچ كێشەیەكەم لەگەڵ بەشێك لەو تێگەیشتنەدا نییە. چونكە ئەدەبی كلاسیك ئەدەبی قۆناغی خۆیەتیو تا رادەیەكیش رەساڵەتو ئەركەكانی سەرشانی خۆی بەجێگەیاندووە. بەڵام دەبێت بزانین ئەو ئەدەبە لەلایەك ژێرخانی رووناكبیریمانە. لەلایەكی دیكەشەوە، بەشێك لە ئەدەبی كلاسیكیی ئێمە وەك پەیام بۆ داهاتووەو نادیارەكانیش تا رادەیەك هەڵگری پەیامی خۆی دەبێت وەكو هەموو ئەدەبی كلاسیكیی دونیا. بەڵام بەشێكی تر لە پەیامەكەیو هەروەها میتۆدو تەكنیكەكانی، ناتوانن وەڵامدەری ئەو سەردەمە بن، چونكە بۆ هەر سەردەمەو ماناو تەكنیكی خۆیمان

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

گەرەگـە، بـۆ ئـەوەی ئـەو سـەردەمە تـا رادەیـەك وەك خـۆی ببیـنینو مامەڵە بکەین. بەڵام ئەوەی ئەوان هی ئەو سەردەمەی ئێمە نییە کە لـە دۆخی تێپەڕیندایـن، بـەڵکو هـی سـەردەمێکە کـە مۆدێرنـەمان ئـەزموون کردبێـتو وەڵامێکـی دیکـەی بۆمـان نـەبێت ..هتـد، ئینجـا بـیر لـە پۆستمۆدێرنە بکەینەوە. ئەو هەوڵە وەك ئەوە وایە بینا دروستبکەیت، بـەڵام لـە میـچەکەوە دەسـتپێبکەیت. ئێمـە ئێـستا تـا سـەر ئێـسقان پێویستمان بە نوخبەو مرۆڤی "مۆدێرن"ە نەك نوخبەی پۆسـتمۆدێرن، بـۆ ئـەوەی بتـوانین رێبەرایەتییـەکی عـەقڵانیی مـەعریفی دۆخـی تێپـەڕینمان بـۆ بکـەن، نـەك ئـەوەی لـە رێگـەی نیـشاندانی مـۆدێلێکی ناشـیرینو بێبنـەماوە، خـەڵکمان لـە نوێبوونـەوە بـۆ بێـزار بکـاتو بترسێنێت. کەواتە پێویستمان بە فیکرو تەکنیکی مۆدێرنـە هەیـە، نـەك فیکرو تەکنیکی پۆستمۆدێرن. دوای ئەوەش ئەوەی کە ئەوان تا ئێـستا بەرهەمیانهێناوە، لە دەرەوەی موجامەلـەو "هـەڵمگرەو هەڵتـدەگرم"ی خۆیـان، خوێنـەری جـدیی دروسـتنەکردووە، بـەڵکو بـە پێـچەوانەوە هەوڵێکـە تـا ئێستاش خـەریکی بێزارکردنـی خوێنـەرە. ئـەوەی ئێستا دەتوانێـت خوێنــەری جــدیمان بــۆ بەرهــەمبهێنێت، رۆشــنگەریو قووڵبوونەوەیەکی مەعریفیی دەروونبونیادیی مۆدێرنە، گەڕانە بە شـوێن حەقیقەتو خوێندنەوەی مانـاداری رەهەنـدە جیاجیاکـانی سـترەکتوری کــوردیو هەڵوەســتەی فەلــسەفییە، نــەك ئــەو فۆرمگــەرا بێمانــاو بێناوەرۆکـەی دەیـەوێت لەسـەر ئاسـتی رووکەشـییەکی پارچەپارچـەدا، تووشی گەمەیەکی بێمانامان بکات. من بۆ خۆم، لەو کاتـەوە تـا ئێستا ئـەو نووسـینو وتووێژانـەش کـە لەگـەڵ یـەکتری دەیکـەنو بـە تـرشو خوێـوە بڵاویدەکەنـەوە، دەیخوێنمـەوە. قـسەکانیان ئەزبـەرکردنێکی

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

سـەقەتی زانیـاری‌و تیـۆری خـەڵکی تـرە، نـەك ئـەوەی ئـەو زانیـاری‌و "تیۆر" انە بنەمایەك بـن بـۆ بەرهـەمهێنان‌و بیرکردنـەوە. لێـرەوە بـۆت دەردەکـــەوێت ئـــەو هەوڵـــە بەرهـــەمی قـــەیرانی غیـــابی مانایـــەکی هاوچەرخانەیە کە جەمسەرێکی دەبێت مەعریفەی عـەقڵانیی هاوچـەرخ‌و جەمسەرەکەی تریشی، مەعریفەی خۆماڵی بێت. کە وابوو، زۆر ئاسـاییە کەسـێك مانـای لـەلا بێـت، مانـاو بەرهـەمی مانـاداری لێـدەبینرێت‌و کەسـێکیش تـەنیا بێمانـایی لـەلا دەسـتبکەوێت، بەرهـەمی بێمانـایی لێـدەبینرێت. دیـارە کـاك توانـا جـارێکی دیکـەش ئـەوە بڵێمـەوە رووی قسەم لە باڵە سەقەتەکەی ئەو جموجۆڵەیە.

**توانا ئەمین: لەدوای سوارەوە لە رۆژهەڵات، ناتوانین بـەم تەوژمـە بڵـێین قۆناغ؟ لە باشوور ئەو تازەگەرییەی لەسـەر دەسـتی گـۆران‌و شێخ نوری شێخ ساڵح کرا، سەرەتا هەزم نەدەکرا، پێتانوانییە ئەم شەپۆلە خۆی بسەلمێنێت‌و ببێتە ئەمری واقیع؟**

**مەحمود شێرزاد:**

نەخێر ئەو تەوژمە قۆناغ نییە. قۆناغ هـەڵگری کۆمـەڵێك رەگەزو تایبەتمەندیی خۆیەتی کە لەو جموجۆڵـەدا نابینرێـت‌و ناتوانێـت دروستکەری قۆناغیش بێت. لێـرەوە بەشـێکی زۆری ئـەوەی کـە هەیـە، جموجۆڵێکە تا ئێستا سنوورەکانی لە سنووری چەند کـەس‌و گروپێکـی بچووك تێنەپەریوەو لە داهاتووشدا تێناپەرێت. دوای ئەوەش یەکێك لـە تایبەتمەندییەکانی هەر قۆناغێکی نوێ، ئەوەیـە کـە بەشـێك لـە وجـودو بەشێك لە هێـزو تواناکـانی ریـشەیان لـە قۆنـاغی پـێش خۆیدایـە، واتـە دابــڕان‌و دوورکەوتنـــەوە هەیـــە، بـــەڵام عەقڵانییـــەو ئەندازیارییـــەکی

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

مەعریفیی لەپشتە، نەك كەلێنێكی وا گەورە. لێرەوە ئەوەندەی خۆم لەو بوارەدا موتالآم كردبێت، قۆناغێكم نەبینیوە لە قۆناغی پێش خۆی ئەوەندە دووربێتو سەركەوتبێت، بۆیە هەر قۆناغێك درێژبوونەوەیەكی عەقلآنیو هاوچەرخانەی قۆناغی پێش خۆی نەبێت، نە دەكرێت وەك قۆناغ پێناسەبكرێت نە دەشتوانێت پێگەیەك بۆ خۆی بدۆزێتەوە. بۆیە دەرەنجام جموجۆڵێك دەتوانێت ببێت بە رەوتو پاشان قۆناغ دروستبكات، كە جموجۆڵێكی لۆژیكی بێتو لە خوێندنەوەو مەعریفەتی دروستەوە سەرچاوەی گرتبێت.

بەلآم ئەوەی كە شێخ نوریو گۆران كردیان، هەموو تایبەتمەندییە عەقلآنییەكانی نوێبوونەوەیان تێدابوو. دوای ئەوە ئەو مۆدێلە ببوو بە ئەزموونێكی جیهانیو چیتر گریمانەیەكی مۆدێرن نەبوو، بە پێچەوانەی ئەوەی ئێستا كە گریمانەیەكی بە ئیدیعا پۆستمۆدێرنەیە. ئەوان كێشو سەرواو هەندێك كۆتو بەندیان فرێدا، بەلآم ماناو وێنەو پەیامو خەسڵەتە سەرەكییەكانی دەقێكی نوێی لۆژیكییان جێگیركردو پەرەیانپێدان. بەلآم بەنیسبەت بەشی كۆتایی پرسیارەكەتەوە، نامەوێت درێژداڕی بكەمو هەر ئەوەندە دەڵێم: هەر هەوڵو رەوتو پرۆسەیەك، بەرهەمی زەرورەتی كۆمەلآیەتیی هاوچەرخ نەبێتو بە مەعریفەتەوە هەنگاو هەڵنەهێنێتەوە، جێناكەوێت.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

## کەمال ئەمینی..



ئەمە ئـەزموونێکی تـازەی شـیعرییە لەناو زمانی کوردیداو قسەی بۆ وتـن هەیـە، قەناعـەتی تـازەی پێیـەو داهێنانی جیاواز دەکات.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

**توانا ئـەمین: دەكرێت لەسەر ئەم جۆرە شـیعرە كـە بـە شـیعری قۆنـاغی چوارەم ناودەبرێـتو لـە ئـەدەبی فارسـییەوە پەڕیوەتـە نـاو شیعری برادەرانی ڕۆژهەڵاتەوەو ئێـستا بـووە بـە جۆرێـك لـە مۆدە، قسەیەكمان بۆ بكەیت؟ ئەمە چۆنو بۆ؟**

**كەمال ئەمینی:**

پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەكەتان بدەمـەوە، پێویـستە بڵێم من نوێنـەری برادەرانـی ڕۆژهـەڵات یـاخود شـاعیرانی بـەرەی چـوار نیم، تەنها وەكـو شـاعیرێكو لـە ڕوانگـەی خۆمـەوە قـسەدەكەم. دیـارە نوێبوونەوەی شیعر لای ئێمە بە سوارەی ئیلخانی زادە دەسـتپێدەكات، هاوكات لەگەڵ سوارە، عەلی حەسـەنیانیو چـەند كەسـی دیكـەی وەك: قاسم موئەیەد زادە.. سوارە لە شـیعرەكانیدا پـەیڕەوی كێـشی نیمـایی بوو، واتە سەرەتاییترینو بەرچاوترینی تایبەتمەندییەكانی ئـەم بەرەیـە، كەڵكوەرگرتنە لە كێشی نیمایی. خودی سوارە كاریگـەری زۆری نیمـای پێـوە دیـارە، هـەم لـە ڕووی فـەزای ئوبژكتیڤیتـەی شـیعرییەوەو خولقاندنی وێنەی بابـەتی، هـەروەها ئاوڕدانـەوە لـە سروشـت. وەك وتم بەرچاوترین كاریگەری كە ڕاستەوخۆ گواستنەوەی ئەو كێشە نیماییەیـە بـۆ نـاو زمـانی كـوردی، ئەمـە خـۆی لـە خۆیـدا دەكرێـت بـە دیـدێكی پۆزەتیڤەوە سەیربكەین، چونكە هیچ نـەبێت ئـەو ئەزموونـەی شـیعری فارسی لە ڕێی سوارەوە هاتووەتە ناو زمـانی كوردییـەوە، یـان بـا بڵـێم بـووە بـە ئـەزموونێكی كـوردی. كێـشی نیمـایی خـۆی پێكهاتـەو

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

سیستمێکی عەروزیی هەیە، بەڵام جیاوازە لەگەڵ عەروزو سیستمی شیعری کلاسیك، دەکرێت بڵێین ئەو کارەی نیما، کردنەوەی هەندێك لە قفڵو چفتو بەستەکانی کێشو سەروای شیعری کلاسیکیی فارسی بوو، با وەك نموونە چەند دێڕێك لە شیعرێکی سوارە بهێنمەوە:

**لە چەشنی گەرووی کەو** **فعولن فعولن**
**کەوی دۆمی یەخسیری زیندانی داری** **فعولن فعولن فعولن فعولن**
یان:
**گوڵم فعل**
**دڵم پرە لە دەردو کوڵ** **مفاعلن مفاعلن**
**ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت مفاعلن** **مفاعلن**
**ئەڵێم بە جامی ئاوی کانیاوی دی یەکەم**
**مفاعلن مفاعلن مفاعلن فعل** و... تا کۆتایی.

دیارە لەم جۆرە کێشەدا، عەروز ماوە، بەڵام بڕگەکان کەمو زیاد دەکرێنو سەروا ئەو ڕۆڵەی جارانی نییە، شیعر بە ڕێژەی شیعری کلاسیکەوە دەستێکی بازتری هەیە.

پاشان بەرەی دووەم هاتنە ناو کایەی شیعرەوە، کە من بۆ خۆم قەناعەتم وایە لە ڕاستیدا ئەم بەرەیە شیعریان لە ڕەسالەتو شیعرییەتی خۆی دوورکردەوە، چونکە پتر وەك ئامرازی گەیاندنی پەیام شیعریان دەنووسی، واتە پەیام زۆر گرنگتر بوو لە خودی شیعرەکە، لەوانە: فاتیح شێخ ئیسلامی، جەلالی مەلەکشاو هتد... بۆ نموونە گوێبدەن بەم شیعرەی کاك فاتیح:

**شەو بوو/ شەوێکی تاڵو ڕەش/ وەک دەروونی دێوو درنج/ یان وەک چارەی نەنووسراوی کوردی بێبەش/ شەوێکی بێ تروسکایی/ کە تاریکی لەم ئاسۆ تا ئەو ئاسۆ بوو..**

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

بەگشتی ئەم بەرەیە نەیانتوانی ئەزموونێکی شیعری بۆ نەوەکانی دوای خۆیان بەجێبهێڵن، هەوڵیان ئەوە بوو شیعری سیاسی بنووسن، بەڵام شیعری سیاسەتبردەیان نووسیو کەمڕەنگ بۆنی شیعری پێوە دیاربوو. پاشان کەڵکەڵەی شیعریو فۆڕم لە شیعرداو خودی شیعرییەت، هەمدیسان لەلایەن چەند شاعیرێکەوە گیرسایەوە، وەك: فەرەیدون ئەرشەدی، مارف ئاغایی، کامبیز کەریمی، ژیلا حسێنی، کە ئەمانیش پشتیان لەو فەزای سیاسەتبردەیە کرد، توانییان هەندێك کاری شیعری بنوێنن کە دەکرێت وەك تایبەتمەندیی شیعری ئەم شاعیرانە سەیربکرێن. ئاماژە بە بنەماخوازی، مۆنۆلۆگبوون، دوورکەوتنەوە لە کێشی بڕگەییو دروستکردنی مۆسیقای ناوەکی لە شیعرداو کۆمەڵێك شتی تایبەتیی دیکە.

پاشان هەندێك کەسی وەك: ساڵح سوزەنی بە شیعرەساتو کامبیز کەریمی بە کتێبی دوایین چرکەکانی ژیانی چۆلەکەیەك. بە شاعیرانی بەینابەینی ناسراون، کە هەڵبەت کاری هەر کام لەم شاعیرانە زۆر جیاوازن، ناکرێت بیانخەینە ناو یەك خانەی زمانییەوە.

بەرەی چوارەم، کە بە شیعری ڕەزا عەلی پوور دەستپێدەکات، پاشان کۆمەڵێك شاعیری دیکەی وەك: جەمال مەلایی، محەمەد مۆفەقی، شاهۆ مەحمودی، ئیبراهیم ئەحمەدی، بەیان عەزیزی هتد.. پەرەیان بەم بەرەیە داوە. کە زۆرجار باسی تایبەتمەندییە هاوبەشەکان کراوەو من بەکورتی بە چەند تایبەتمەندییەك ئاماژە دەدەم: چەند دەنگی، چەند پێکهاتەیی، چەند لەحنی، پاژنگەری، پاژخوازی، فەزای سەیالیی زەین، ئایرۆنی.. کە لە کاری هەر کام لەو شاعیرانەدا روویکردو کارکردی تایبەت بە خۆیان هەیە، بۆیە زۆر قسەی لەسەرناکەم، چونکە ئەوە ئیشی رەخنەگرە نەك من. خودی ئەم دابەشکردنەش بەسەر قۆناغە جیاجیاکاندا، بێگومان

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

پیاچوونەوەی پسپۆڕانەی پێویستە، چونکە ئەمەش لە غیابی رەخنـەدا هەر کاری دەستی شاعیرەکانەو لەوانەش خودی رەزا عەلی پوور.

ئەمە بۆ بەشی یەکـەمی پرسـیارەکەتان کـە بۆچـی ئـەم بەرەیـە بـە بـەرەی چـوارەم ناویـان دەرکـردووە. بـەڵام قەناعـەتم بـە وشـەی پەڕینەوەی ئەم شیعرە لە ئەدەبی فارسییەوە بـۆ ئـەدەبی کـوردی بـەو شێوە رەهایە کە تۆ دەیڵێیتو هەروەها بەمۆدبوونی ئەم جۆرە شـیعرە نییـە. راسـتە لـەناو فارسـەکاندا هەنـدێك کـاری وا دەبینرێـت، بـەڵام لـە راستیدا سەرەڕای جیاوازی لەگەڵ ئەم جۆرە نووسـینەدا، پێموایـە ئـەم ئەزموونــە کوردییــە زۆر ســەرکەوتووترە، چــۆن تووشــی دەســتکردی بـوونو میکـانیکیبوون نەبووەتـەوە، لەلایـەکی دیکـەوە نـەك فارسـی، بەڵکو ئەزموونی ئەدەبیی جیهانی لە خۆیدا هەڵگرتووە، کەوتووەتە نـاو فەزاو تەقسو زمـانو زەینێکـی کوردییـەوە. پـاشـان ئەگـەر کردنـەوەی دەلاقــەکانی ئــەدەبی کــوردی بــەرەو ئەزموونــەکانی ئــەدەبی بیــانی هەڵگری لایـەنی نێگـەتیف بێـت، ئینجا رەخنەکـە لایـەنی زۆر شـاعیری گەورە دەگرێتەوە، لەوانە: گۆرانو شێخ نوریی کـوردو نـازك مەلائیکـەو بـەدر شـاکر سـەیابی عـەرەبو نیمـای فـارسو نـازم حیکمـەتی تـورك.. مەگــەر هــەرکام لــەو شــاعیرانە لــە خــۆڕاو بــە بێئاگاییــەوە شــیعری نەتەوەکانی دیکە (لە وێنەی ئەدەبی فەرەنسا) شیعریان نـوێکردەوە؟ هەڵبەت ئەمە رای منەو بڕیار نییـە هـەمووی حەقیقەتەکـە بێـت، رەنگـە بـە پێـچەوانەشەوە سـەیربکرێت، بـەڵام مـن لـە پێگـەی خوێنەرێکـدا دەتــوانم بــە جورئەتــەوە لەســەر بــەهێزبوونی شــیعری ئــەم بەرەیــە جەختبکەمەوە. شتێکی دیکە کە پێویستە بیڵێم ئەوەیە کە ئەم شیعرە خەریکـە پرۆســەی سروشــتیی خــۆی تەیــدەکاتو هــیچ مانیڤێــستو بڕیارێکی پێشوەختی نییە، ئیمکانی ئەوەی بۆ رەخساوە کە خـۆی لـە خۆیداو هەر شاعیرێك لەگەڵ شاعیرێکی دیکەدا جیاوازو جیاوازتر بێـتو

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

بەردەوام بگۆڕێتو بزۆزی خۆی بپارێزێت، بۆیە من قەناعەتم بە وشەی مۆدە (کە ئێوە بە کاریدەهێنن،) نییە، چوون عومری مۆدە زۆر کۆتاترە لەو تەمەنە کە تا ئێستا ئەم شیعرە هەیەتیو لەگەڵ ئەمەشدا تا من بزانم بە شێوەی جۆراوجۆرو دیدی جوانیناسانەی جیاوازیی شاعیرەکانی دیکە، ئەم بەرەیە هەر بەردەوامە، تەنانەت توانیویەتی تا رادەیەك کاریگەر بێت لەسەر فەزای شیعری.

بۆ بەشی دووەمی پرسیارەکەتان، پێموایە من لە چەند وتووێژێکی دیکەدا بە چڕوپڕی باسمکردووە، پێویست ناکات دووبارەو چەندبارەی بکەمەوە، تەنها ئەوە نەبێت دەڵێم ئەمە ئەزموونێکی تازەی شیعرییە لەناو زمانی کوردیداو قسەی بۆ وتن هەیە، خەریکە لەو ستانداردانەی شیعری پێش خۆی کە تا رادەیەکی زۆرباو بووە، لادەداتو خۆی لە گۆشەیەکی دیکەی زماندا دەدۆزێتەوەو قەناعەتی تازەی پێیەو داهێنانی جیاواز دەکات، ئێستا سەرکەوتوویی یان سەرنەکەوتوویی دەکەوێتە دەستی خوێنەرو رەخنەگرو زەمەن، ئەوەش بەو فەزا خوێندەواریو رەخنەگرییە کە ئێمەی کورد هەمانە.

**توانا ئەمین: ئەگەر وای دابنێین ئێوە لەو شیعرانەی خۆتاندا سەددەرسەد زمانتان شکاندووە، پرۆسەی وردوخاش شکاندنەکەش سەرکەوتوو بووە، ئەی دوای ئەمە چی؟ لە دروستکردنەوەی دنیایەکی دیکەدا لەسەر زمان چیتان کردووە؟ واتا لەمدیو ئەم وێرانکردنەدا، بنیادنانی مانا گەیشتووەتە کوێ؟**

**کەمال ئەمینی:**

سەرەتا با ئەوە بڵێم کە نازانم تۆ خۆت چۆن گەیشتوویتەتە ئەم قەناعەتە کە ئێمە دەمانەوێت سەدەرسەد زمان

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

بشکێنین، یان بە قەولی خۆتان وردوخاشی بکەین‌و ئەمەش بە سەرکەوتن بزانین، یان ئێوە عیلمێکی غەیبیتان هەیەو لە خودئاگاو ناخودئاگای ئێمە ئاگادارن، یاخود ئەو شیعرانە ئێوەی بەو قەناعەتە سەیرە گەیاندووە. نەخێر من ئەگەر قسەی خۆم دەکەم، دەڵێم نە مەبەستم زمانشکاندنە بەو مانایەی کە ئێوە دەیڵێن، نە بە سەرکەوتنیشی دەزانم‌و پێموانییە کە لە شیعرەکانیشمدا زمانم وردوخاش کردبێت. بە بێئەدەبی نەبێت، دەڵێم: ئەو بڕیارەی ئێوە سەرپێییانەو بەپەلەیە. راستە من بۆ خۆم هەندێك لادانم لە پرەنسیپە سەرەتاییەکانی زماندا کردووە، بەڵام پێش هەر شتێك ئەو لادانە، لادانە لەو فەزا دووبارەو چەندبارەکراوەی شیعری کوردی کە بە شێوەیەکی رادیکاڵ لەگەڵ زماندا رووبەڕوودەبێتەوە، زمان لەوەدا بە شێوەیەك لێوڕێژکراوە، پێویستە ئەمجارە شیعر لە گۆشەیەکی دیکەی زماندا خۆی تاقیبکاتەوە. ئەمە نەك وردوخاشکردنی زمان نییە، بەڵکو کایەی تازەیە لەگەڵ زماندا. ئینجا هیچ نەبێت کاری شیعر هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا وەستانە بەرامبەر بە ستانداردەکان، چ ستانداردەکانی زمان، چ ستانداردەکانی ژیان. خودی شیعرو پرۆسەی شیعرییش ئەگەر ستانداردێك بۆ خۆی قابیل بێت، دەبێت شیعر لە بەرامبەر ئەو ستانداردەی خۆیدا، بوەستێت، ئەگینا شیعر لە بزۆزی خۆی دەکەوێت.

ئێستا ئەگەر بێمەوە سەر وەڵامی پرسیارەکەتان، پێموایە مانا نەك پێگەی تایبەتیی هەیە، بەڵکو لەو کایە زمانییەدا، فەزایەکی گەورەی بۆ سازدەکرێت تا بتوانی لە شوێن–کاتی جیاوازدا رەنگو رووی خۆی تازەبکاتەوە، واتە کایەکانی زمان لە ئەنجامدا دەکەونە خزمەتی خودی زمان‌و فرەماناییەوە. ئێمە وەك مرۆڤ لە دالەوە بۆ مەدلول دەچین، یان

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

با بڵێم بەبێ وشە بیرکردنەوەمان مەحاڵە، کەواتە لە پشتی ئەو فۆرمە شیعرییانەوە، بێگومان مانا هەیەو هاوشانی فۆرم لە قەوارەی جیاوازدا خۆی دەنوێنێت. تکایە ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دادایستی جیابکەنەوە.

**توانا ئەمین: لە شیعردا جۆرێك لە موزیك هەیە، کە تێکستەکە بۆ خوێنەر نیانتر دەکات. لەم شیعرانەی ئێوەدا (یان راستتر لەم جۆرە شیعرەدا) ئەمە نییەو خوێنەر پاش کەمێك خوێندنەوە تووشی پەرتبونێکی مەزاجی دەبێت، پێتوانییە کە خوێنەر لەگەڵ دێڕو پەراگرافێکدا راهاتووە کە مانا بدات؟ واتە ئایا تەممەڵیی خوێنەری ئێمەیە کە تواناى دۆزینەوەی مانای نییە؟**

**کەمال ئەمینی:**

هەمدیسان ئێوە خەریکن لە غەیبەوە دەدوێن، چونکە ئێوە تەنیا یەك خوێنەرن‌و ناتوانن بڕیاری تەواوی خوێنەرەکان لە دۆزینەوەی مانادا دەربخەن، مەگەر ئەوەی کە راپرسییەکی بەرفراوانتان لەمبارەیەوە کردبێت.

سەرەتای پرسیارەکەتان بە باسی موزیکەوە دەستپێدەکات، من بۆ خۆم لەگەڵ بەکاربردنی ئەو وشەیە، وەك تایبەتمەندییەکی شیعری نیم، دروست وایە وشەی مۆسیقا بەکاربەرین، چونکە وشەی موزیك‌و ریتم‌و لەمجۆرە وشانە، تەنیا لایەنیی دەرەکی مۆسیقا پیشاندەدەن‌و قابیل بە دابەشکردنن. بەڵام مۆسیقا دەتوانێت لایەنی هەرسێ جۆرەکە لە ریتم‌و ئیقاعی دەرەکی‌و ئیقاعی ناوەکی بگرێتەوە. راستە لەم شیعرانەدا مۆسیقا بەو شێوەیە نییە کە لە ئەزموونە شیعرییەکانی دیکەدا دەردەکەوێت، واتە یەکدەست نییەو لەگەڵ هەر گۆڕانێکی

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

بابەتیی یا گوتاری یان فۆرمی، ئەویش تووشی گۆڕان دەبێت، ئەوەش خۆی بۆ خۆی خواستێکی لەپشتەوەیە کە دەلالەت لە جیاوازیی فەزاکانو کەسەکانو شتەکانو ئەو بابەتانە دەکات کە دێنە ناو شیعرەکەوە. ناکرێت لە شیعرێکدا باسی چەند حاڵەتیی زەینی مرۆڤ بکەین، بەڵام لە یەك پێکهاتەو یەك تەمهیدو یەك فەزاو یەك مۆسیقا کەڵك وەربگرین، وەك چۆن تونالیتەی دەنگی یەك کەس لە کاتی توڕەییو عاشقبوونو دڵداریو ترس، جیاوازە لەگەڵ یەکێکی تردا.

لەلایەکی دیکەوە، ستانداردێکی نووسین لەلای ئێمەدا دروستبووە، وایکردووە خوێنەر بە قەولی خۆتان لەگەڵ یەك حاڵەتی شیعری بە تایبەتمەندییەکانییەوە رابێت، ئەگەر ئەمەش بەردەوام بێتو لە ئایندەش هەر وابێت، ئیتر لەگەڵ دەقی باودا خوێنەری باو دروستدەبێت، کە بۆ زەمانی هەر نەتەوەیەك جێگەی مەترسییە. ئەگەرچی فەرامۆشی نەکەین، ئێمەی کورد ئێستاش لە هەموو بوارێکدا قەیرانی خوێنەرمان هەیە.

**توانا ئەمین: ئێوە لە شیعرنووسینتاندا ئەندێشەیەکتان هەیە یان پاش نووسین ئەندێشەکە دروستدەبێت؟ یان بە واتایەکی دیکە، زمان ئیشی خەیاڵ دەکات یان پێشتر خەیاڵ زمانی نووسیوەتەوە؟**

**کەمال ئەمینی:**

لەلای هەر شاعیرێك باکگراوندێکی ئەدەبی یان رۆشنبیری هەیە، واتە شاعیر کەسێکی خوێنەوارە بەنیسبەت دیاردە کۆمەڵایەتی، سیاسیو کولتورییەکانەوەو دیدی تایبەت بە خۆی هەیە، کەواتە پێموایە هەموو شاعیرێکی جدی خۆیان بۆ خۆیان دەکەونە ناو فەزای

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

رۆشنبیرییەوەو خاوەنی ئەندێشەو روانینی تایبەت بە خۆیانن. پاش دەروونیبوونەوەی ئەو ئەندێشەگەلە لەلای شاعیر، لە ناخودئاگاییەوە جارێکی دیکە لە قەوارەی شیعردا خۆی دەنوێنێتەوەو لەگەڵ خەیاڵو ستاتیکی تایبەت بەگشتی، شیعرییەت خۆی ئاوێتە دەکات.

پاش نووسینی شیعر، هەندێك شاعیر قەناعەتیان وایە کە شیعرەکەی خۆیان دەستکاری بکەنو خەسارەکانی دەربکێشنو سەرلەنوێ بازسورایی بکەنەوە، بەڵام هەندێکی دیکە پێیانوایە کە هەر بەوجۆرە دەبێت بمێنێتەوە، تا رەسەنایەتیی خۆی لەدەستنەدات.

لێرەوە بۆ وەڵامی پرسیارەکەتان دەڵێم: من بۆ خۆم هیچ بڕیارێکی پێشوەخت لەسەر چۆن نووسینو چی نووسین نادەمو پێشتر ئەزموونو ئەندێشەی خۆم دەروونیدەکەمەوە. پاش نووسینیش وەکو رەخنەگرێك سەیری شیعری خۆم دەکەمو هەوڵدەدەم خەسارناسی بکەمو خەسارەکانی لەناوبەرم.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

## جەواد حەیدەری..



نازانم ئەو برادەرانە چۆن لە روویان هەڵدێت باسی بەرەی چوار بکەن، ئاخر کام بەرە؟! لەسەر کام بنەما؟! لەسەر کام دەق و بەرهەم؟! تا ئێستاش ئەم برادەرانە هەروەك سۆفیستەکانی یۆنانی کۆن هەر چەواشەکاری دەکەن.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

**توانا ئەمین: ئێوە شاعیرن و لە ڕۆژهەڵاتیش ژیاون، ئەم شەپۆلە شیعرییە لەسەر ئاستی خوێنەر لە ڕۆژهەڵات جێی بە شیعری باو لەقنەکردووە؟ ئێوە ئەمە بە قۆناغێک لە شیعر سەیردەکەن یان وەکو ڕیزپەڕ بینیوتانە؟**

**جەواد حەیدەری:**

سەرەتا با ڕاشکاوانە بڵێم کام بەرەی چوار، کێ و لە کوێ ئەم پۆلێنبەندییە کراوە، یان باشتر بڵێم: ئەم پۆلێنبەندییە لەسەر کام بنەما بووە.

هەموومان باش دەزانین کە لە دابەشکردن و پۆلێنبەندیی شیعری شاعیرانی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەتوانین بە شێوەیەکی کلاسیکی دابەشیبکەین بەسەر سێ قۆناغدا:

قۆناغی یەکەم: قۆناغی بەر لە کۆماری مەهاباد کە دەتوانین ئاماژە بە (سەیفولقەزات) بکەین.

قۆناغی دووەم: شاعیرانی سەردەمی کۆمار و دوای کۆمار کە دەتوانین ئاماژە بە مامۆستا هێمن، هەژار، عەتری، حەقیقی، هێدی، ئاوات و خاڵەمین، بکەین.

دوای ئەوانیش لە شەستەکان کە دەتوانین بڵێین قۆناغی سێیەم، سوارە، هاوار، فاتیح شێخ ئیسلامی (چاوە).

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

هەڵبــەت لێــرەدا تــەنها ســواره تــوانیی ســەرکەوتوو بێــت، بــەڵام بەداخەوە مەرگ ئیزنی نەدا زیاتر خزمەت بە شیعری کوردی بکات.

ئــەوەی لێــرەدا پێویــستە ئەوەیــە کــە ئــەو رەوتــەی کــە ســوارەو هاوڕێکــانی دایانمەزرانــد، پــاش مــەرگی ســوارە راوەســتاو درێــژەی پێنــەدرا. هەڵبــەت ئــەو کــارەی ســوارە کــردی، نــەیتوانی زۆر دەوام بهێنێت.

هەربۆیە لـەدوای مـەرگی سـوارەوە، بۆشـاییەکی گـەورە کەوتـە نـاو شیعری نوێی کوردییەوە لە رۆژهەڵاتی کوردسـتان. هەڵبـەت تـاقو لـۆق کارکرا، بەڵام سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان بەدەستنەهێنا دەتوانین ئامـاژە، بە جەلالی مەلەکشاو فەرەیدونی ئەرشەدیو تا رادەیەکی کەم ئاماژە بـە قاسمی موئەیەد زادە (هەڵۆ) بکەین، کـە ئـەویش زیـاتر لاسـاییکردنەوە بوو لە سوارە.

لێـرەدا ئـەوەی جێـی گاڵتـەو پێکەنینـە، بـەرەی چـوارە، کـە چـەند برادەرێك لە سـەقز بـە شـێوەیەکی نادروسـتو نابـەجێ پێکیانهێنـا کـە بەداخەوە جگە لەوەی خزمەتێکیان نەکرد، بەڵکو تا رادەیـەکی زۆریـش مێشکی لاوانو گەنجانیان بە لاڕێدا برد.

نازانم ئەو برادەرانـە چـۆن لـە روویـان هەڵدێت باسـی بـەرەی چـوار بکەن، ئاخر کاکی خۆم کام بەرەیە؟! لەسەر کام بنەما؟! لەسـەر کـام دەقو بەرهــەم؟! ئــەو برادەرانــە بــە هــەمووی دە شــیعریان نییــەو تــا ئێـستاش ئـەم برادەرانـە هـەروەك سۆفیـستەکانی یۆنـانی کـۆن، هـەر چەواشەکاری دەکەن.

یــەکێك لــەو برادەرانــە لــە ئاینــدەی ژمــارە (٣٣)دا دەڵێــت: مــن تازەکـەرەوەی شـیعری نـوێی رۆژهـەڵاتی کوردسـتانم. لـە کاتێکدا ئـەو

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

برادەرە لەدایكبووی (١٩٧٧)ە، ئەمە لە كوێو ئەوە لە كوێ، كاتێك ئەم برادەرە لەدایك بووە، سوارە لە لوتكەدا بووە. یان ئەو بەڕێزە هێڵی سوور بەسەر هەموو ئەو بەرهەمانە دەهێنێتو دەڵێت ئێمە تا رادەیەك دەتوانین بڵێین شێركۆ شاعیرە. هەڵبەت ئەم هەویرە ئاو زۆر دەباتو لێرەدا مەجال نییە، دەنا زیاتر لەسەری دەڕۆم.

**توانا ئەمین: لەم شەپۆلەدا زمان جۆرێك لە تێكشكان تێكدەشكێت، لە حاڵێكی وادا پێتانوانییە بابەت لەم شیعرانەدا بابەتبوونی خۆی لەدەستبدات؟ ئایا مانا وەكو شێوە باوەكەی دەمێنێتەوە؟**

**جەواد حەیدەری:**

هەموومان باش دەزانین كە زمانی شیعری كوردی زمانی گوندو لادێیەو زمانی شیعری شارمان نییە. هەروەها ئەو برادەرانەی بەناو بەرەی چوار، لەخۆڕاو بەبێ هیچ زانستێكی زمانەوانی، دەستیان داوەتە كارێك كە توانایان نییە، جگە لەوەی خۆیان دەكەنە گاڵتەجاڕی خوێنەرانو رەخنەگرانو ئەدەبدۆستان.

كاكی خۆم، دەستو پێ شكاندنی وشەو تێكدانی لەخۆڕایی رستە، كوا دەبێتە زمانی شیعری؟! ئەم برادەرانە لەخۆڕا هاتوون بەبێ ئەوەی هەست بە لێپرسراویو دڵسۆزی بكەن، دەستیانكردووە بە قەسابیكردنی وشەو زۆر ناجوامێرانە سەروگوێلاكی وشە دەشكێننو بەوپەڕی لەخۆباییبوونەوە دەڵێن زمانی شیعریی بەرەی چوار. ئەرێ كوا بەرهەمتان ئەگەر راست دەكەن؟ بەرهەمەكانتان بڵاوبكەنەوە با خوێنەرانو رەخنەگران رای خۆیان دەربڕن. هەڵبەت رەزا عەلی پوورو كەمال ئەمینی هەندێك نووسراویان بەناوی شیعرەوە بڵاوكردووەتەوە

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

کە چەند برادەرێکی نزیکی خۆیان (ئەویش بە شێوەی نان بە قـەرزدان) قسەیان لەسەرکردووە، شتێکی تر لەئارادا نییە.

**توانا ئەمین: لەم شیعرانەدا گێڕانەوە هەیە، فـۆڕم وەکـو شـێوە باوەکـەی خـۆی نیـشاننادات، زمـان ئیـشی جووڵـە دەکـات، هـەموو ئەمانەتان لەلا نوێگەری نییە؟**

**جەواد حەیدەری:**

هەڵبـەت شـاعیرێك شـاعیر بێـت، هـەرگیز رووخـسار بەقوربانی ناوەڕۆك ناکاتو بەپێچەوانەشەوە. شـیعری برادەرانـی بـەناو بـەرەی چـوار، نـە لـە رووی رووخـسارو فۆڕمـەوە، نـە لـە رووی ناوەرۆکیـشەوە، بـە هـیچ شـێوەیەك ناچێتە نـاو چوارچێوەی شـیعری کوردییەوە. خۆزگە ئـەوانیش کـارێکی وەك نـالی–یـان کردبـا، ئـەوکات منیش دەستم لەسەر گەردن بۆیان دادەنا.

نالی دەڵێت:

کەس بە الفاظم نەڵێ خۆ کوردی خۆکردییە
هەرکەس نادان نەبێ خۆی تالیبی مانا دەکا

کاری ئەو برادەرانە نە خۆکردییە، نـە خۆکوردییـە، بڕوابکـەن کـەس نازانێـت چـییان کـردووە. یـەکێك لـە بـرادەران دەڵێـت: بمگـرن ئـەگینا حـەوتو حـەوت دەکاتـە حەفتاوحـەوت. تکایـە بەریبـدەن، نـەبا شـتێك بشکێنێت.

بەرهـەمێکی هونـەریو ئـەدەبی ئـەو بەرهەمەیـە کـە تـامو چـێژی هەبێت. ئایـا خوێندنـەوەی شـیعرەکانی کـاك رەزاو برادەرانـی تـر تـامو چێژی هەیە تەنانەت بۆ خۆشیان؟! با ئەم باسە لێرەدا بمێنێتەوە.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

# تەوەری چوارەم ..
# لاپەڕە پەرشەکان

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

٣٠٦- توانا ئەمین

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

# لەتیف هەڵمەت..



**من زمانی نەوەی نوێ بەزمانێك دەزانم کەناتوانێت بابەتەکان بگەیەنێت، زمانێکی پەرش و بڵاوە، هەنارێکە دراوە بەزەویدا.**

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

٣٠٨- توانا ئەمین

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

**توانا ئـەمین: چۆن سەیری ئێستای شیعری کوردی دەکـەیت، لـەلای ئـەو ناوە نوێیانەی لەم ساڵانەی دوایدا دەنوسن؟**

**لەتیف هەڵمەت:**

بەرای من شیعر دوێنـیێو ئـەمڕۆو کـاتو جێگـای نییـە، داســتانی گلگــامێش پــێش ٤٠٠٠ ســاڵ نوســراوەتەوە، ئێــستاش کەدەیخوێنیتـەوە هـەروا دەزانیـت ئـەمڕۆ نوسـراوە. شـیعریش هەیـە بـەیانی دەنوسـرێت لای ئێـوارە دەمرێـت. شـیعری ڕەسـەنو شـیعری زیندوو شوێنو جێگای بۆ نیە، ئەمە بەهەمان شـێوە بـۆ شـاعیریش، بـۆ نمونـە کـەباس لەشـیعری ئـەڵمانی دەکرێـت تـا ئێـستاش نـاوی (جیتـاو ریلکە) دەبرێت، ئەمانە شای شاعیرانی کۆنو نوێی ئـەڵمانین. مـن هـەتا ئێستا دەنگێگی نوێی ئەڵمانیم نەبیستووە ئەوانـە بسڕێتەوە، هـەروەها ئەگـەر نـاوێکی نـوێش هەڵبکـەوێت لـەجوگرافیای شـیعری ئـەڵمانی مـن ناتوانم بڵێم ئەو دوو شـاعیرە (جیتـاو ریلکـە) دەتـوانن ئـەو نـاوە نوێیـە بسڕنەوە. شیعری ڕەسەنو شیعری ناڕەسەن تایبەتمەنـدی خـۆی هەیـە (حــافزی شــیرازی، جلالــەدینی ڕۆمــی، ســەعدی شــیرازی) ئەمانــە شاعیرگەلێکن دوێنیێ نوسـیویانە ئـەمڕۆش دەخوێنرێنـەوە، حەزدەکـەم شـاعیرە نوێکـان بەهەڵـەدا نەچـن، گـەنجێتیو پیرێتـی بەتەمـەن نییـە، بەچالاکییە. خۆ ئەگەر باسی کـۆنی بکـەین هـەتاو زۆر زۆر کۆنـە، بـەڵام هەتاوێکی دی لەو ئاسمانەدا هەیە بـەدیلی ئـەو هـەتاوەبێت؟ دەریاکـان کـۆنترین ئـاون لەجیهانـدا، ئایـا نـەوەی نـوێ بـەدیلی پێیـە بـۆ ئـەو

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

دەریایانە؟ ئەگەر بچینەوە سەر کێش و سەروای شیعرەکان، ئەو کێش و سەروایانەی (خلیل فەراهیدی) بۆ شیعری عەرەبی داناون، هەرهەمان کێشن کەشاعیرانی گەنج ئێستا ئیشی لەسەردەکەن، هەردەچنەوە سەر ئەو ١٦ بەحرە شیعرییەی کە ئەو دایڕشتووە.

**توانا ئەمین: زمان و بابەت لەشیعری ئەو نەوەیەدا بەراورد بە نەوەی ئێوە چەند نوێگەری و چەند داهێنانی تێدا کراوە؟**

**لەتیف هەڵمەت:**

لەراستیدا من لەزمانی نوسینی ئێستا رازینیم، زمانی نوسین زۆر لاوازبوە، ئەم ناڕازیبونەم تەنیا لەشیعردا نییە، بەڵکو لە(رۆمان و چیرۆك)یشدایە. هەیە سێ چوار رۆمانی نوسیوە و کوردی نازانێت، ناتوانێت چەند رستەیەکی کوردی بەیەکەوە ببەستێت، ئەمە زۆر گرنگە ئاگاداربین. هەیە سێ چوار کتێبی هزری نوسیوە و ناتوانێت برگەیەك دروستبکات، من لێی تێناگەم! گەورەترین ئامێر لەنوسیندا زمانە، کەزمان تەواو نەبوو نوسین مانایەکی نییە. هۆکاری ئەمەش دەگێڕمەوە بۆ ئەوەی کەزۆر شتی نوێ داتاشراوە، ئەوەش لاوان دەخاتە هەڵەوە. ئێمە ئەگەر بمانەوێت بەزمانێکی رەسەن بنوسین، دەبێت هەریەك لەعەلائەدین سوجادی، کەبەکوردی زانێکی گەورەی دەزانم بخوێنینەوە، ئەوەی عەلائەدین سوجادی، ئیبراهیم ئەحمەد، شاکر فەتاح و تەنانەت تۆفیق وەهبی نەخوێنێتەوە، ناتوانێت فێری کوردی ببێت. جگە لەوانەش نوسەرانی پێش خۆمان (گۆران، زێوەر، نوری شێخ ساڵح) وەك کەرەسەی زمان سودیان لێوەربگیرێت نەك وەك کەرەسەی داهێنان، ئێمە دیارە باسی زمانمان کرد.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

من ئێستا زمانی نەوەی نوێ بەزمانێك دەزانم كەناتوانێت بابەتـەكان بگەیـەنێتو زمـانێكی پـەرشو بـڵاوە، زمـانێكی تێـرۆ تەسـەل نیـە، هەنارێكی تۆپەڵ نیە، هەنارێكە دراوە بەزەویدا.

دەشێت نەوەی نوێ داهێنانی كردبێت بەڵام تێپەڕانـدنی نـەكردووە، تێپەراندن هەروا ئاسان نیە، بۆ نمونە، ئێمە لە شیعری توركیـدا نـاوێكی دی نادۆزینەوە وەك نازم حیكمەت بێت، ئەمە یاسای ژیانە، خـۆ هـەموو ساڵێك شاعیرێكی نوێ لەدایك نابێت. هەتا ئێستاش لە شیعری فارسـیدا باسی (نیما یوشیج) دەكرێت، لە شیعری عەرەبیـشدا باسـی(بـدر شـاكر الـسیاب، بلنـد حیـدری، ئـەدۆنیسو یوسـف الخـال)دەكرێـت، دوای ئەوانیش باس لە(فـازل عـزاویو عـدنان سـایغ)و جیلێكـی تـر دەكرێت، ئێمە بەهەڵەدا دەچین ئەگەر بڵێین، هـەر چـەند سـاڵ جارێكو شـاعیرێك لەدایك دەبێت.

**توانا ئـەمین: (ئۆكتـاڤیو بـاز)ی شـاعیری ئـەمریكی لای وایـە كەهـەموو شـاعیرانی دونیـا یـەك شـیعر دەنوسـنەوە، لەسـەر ئاسـتی خوێندنـەوەو قبـوڵكردن ئێـوە لاتـان وایـە لەگـەڵ ئەمانـدا بەیەكەوە شیعرێك دەنوسـن؟ بەمانایـەكی دیكـە ئێـوە ئـەم شاعیرە نوێیانـە دەخوێننـەوەو دان بـەوەدا دەنـێن دەنگـی جوانتر هاتۆتە مەیدانو بەرێوەیە؟**

**لەتیف هەڵمەت:**

خۆی مەرج نیە هـەموو شـاعیرێك ببێـت بـە شـاعیرێكی جیهـانی ناسـراو، ئێمـەش شـاعیر گـەورەمان هەیـە، بـەڵام لەبەرئـەوەی نەتەوەكەمان جیهانییەن نەناسراوە شاعیرەكانیـشمان نەناسـراون، مـن پـێم وایـە ئـەوە تـەنها قـسەی (ئۆكتـاڤیو بـاز) نییـە، بـەڵكو زۆر پـێش

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

ئەویش وتویانە کەهەرچی نوسین هەیە دەقـانگیری یـەکترن، تەنانـەت ئێستا گوتەزایەکی دیکە هەیە دەڵێت" سەرجەم نوسینەکان بەرەو یـەك دەق دەچیٚ، شیعر بەرەو رۆمان دەچێتو بەپێچەوانەشەوە، وایلێدێت لـە قەسـیدەیەکدا یـان لـە رومانێکدا، شیعروسـینەماو کورتـە چـیرۆكو نوکتەی بازاڕو شەرە جوێنو سیناریۆ بە هەمووی دەدۆزیتەوە.

بەڵام بەدڵنیایەوە پێت دەڵێم بیرنادشـۆو شکسپیر نییـە، هونـەری نوسـینی شـانۆ شـیعرە لـەدەرەوەی زمـانی کـوردی، ئـەوەتا گریـك یۆربیرۆسو سۆفۆکلیسو ئەوانەی بەشاعیر ناساندووە

من بەباشی شیعری گەنجان دەخوێنمەوە، پرسکە شـیعرو بروسـکە شیعری جوان هەیە، بەڵام بەداخەوە نـەوەی نـویٚ زمـانی دیکـە نـازانن، ئێمە لەرێگەی زمانی عەرەبیەوە تازەترینو نوێترین تـەوژمی رۆشـنبیری عــەرەبیو ئــەوروپیش وەربگــرینو دوای ئەوانیــشمان تێپەڕانـد، وەك بوفالێری دەڵێت:"شێر بریتیە لـەو بەرخانـەی کـەدەیخوات" واتـە ئێمـە ئەوانیشمان تێپەڕاند، ئەمە بیرکردنەوەی منە.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

## کاروان عومەر کاکەسوور..



مـەرگ بـەو هـەموو قورسـاييەی خۆيەوە، هيچ كاتێـك كۆتـايی نيـە، بـەڵكو دەسـپێكردنەوەيەكی ديكەيـە بەشێوازازێكی جياوازتر.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

٣١٤- توانا ئەمین

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

**توانا ئـەمین: ئەگەر ئەدەب درۆیـەك بێـتو ڕاسـتیەکان بنوسـێتەوە، ئایـا ڕۆمان وەك ژانرێکی ئەو ئەدەبە چۆن درۆیەکی وەکو ژیانی بۆ دەنوسرێتەوە؟**

**کاروان عومەر کاکە سوور:**

ڕۆمـان، کەبەرهـەمی شارسـتانیەتی ڕۆژئاوایـە، هونـــــەری دژەکـــــانو دەنگـــــە جیاوازەکانـــــە، هەربۆیـــــە گێڕانەوە"Narration" گرنگترین ڕەگەزی ئەو ژانرە ئەدەبەیـە. رومـان کە لەچاو ژانرەکانی دیکەی ئەدەبدا تەمەنێکی کەمتری هەیە، بەڵام لـەو ماوە کورتەیدا توانیویەتی کۆمەڵێك قوتابخانـەو فـۆرمی جیـاواز جیـاواز بێنێێتـە کایـەوە. تەنانـەت توانیویـەتی جۆرێـك جیـاوازی لـەناوخودی قوتابخانەکانیشدا بخولقێنێت.. هەر بۆنمونە سـەیری ئـەو شـەپۆلە بکـە کەلەپەنجاکان تاحەفتاکان بەناوی "ڕۆمانی نوێ" لە کاردا بـوو. ئەوانـە ئەگەرچـی ناوێـك کۆیدەکردنـەوەو ئامانجیـان تێکـشکاندنی شـێوازی بەلزاکیانـە بـوو، بـەڵام هەریەکـەیان لـەوی تـر جیـاوازبوو."ئـالان ڕۆب گـریێ" بایـەخی بـە وردەکـاریی شـتەکان دەدا، جۆرێـك لەیـەك چـوونو تەماهی لەنێوان مرۆڤو شتدا دەخولقاند. لای "مێشال بۆتۆر" "هەسـتی هۆمانیـستیانە" ئامـانج بـوو و لای "ناتـالی سـاروت"یـش "ڕەهەنـدی سـایکۆلۆژی". لـەپاڵ روخـساری لەیەکـچوودا، دنیایـەك جیـاوازیش لەنێوان ئـەم نوسـەرەو ئـەو نوسـەرەیاندا هەیـە. لێرەدا مـن ئاسـودەم

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

بەوەی، کەتۆ دەڵێیت "ئەو ژانرەی ئەدەب چۆن درۆیەکی وەکو ژیانی بۆ دەنوسرێتەوە" و ناڵێیت چۆن ژیان دەنوسێتەوە، چونکە ئەدەب بەگشتیو رۆمان بەتایبەتی هەرگیز ناتوانێت ژیان بنوسێتەوە. راستە ژیانی واقیعی سەرچاوەی ئیلهامی نوسینەو نوسەر بە کەرەسەکانی ئەو ژیانە دنیای تایبەتی خۆی دەخولقێنێت، بەڵام خولقاندن، نەك گواستنەوە. بەبڕوای من کاری نوسەر کەمو زۆر لەکاری فڕۆکەوانو دایڤەر "غواص Diver" دەچێت، یەکەمیان دەچێتە ئاسمانو دووەمان بۆ ژێر ئاو رۆدەچێت، بەڵام هەردووکیان لەسەر زەوی فێری هونەری خۆیان دەبن. ئەوەندە هەیە نوسەری ئەدەبی لەوەدا لە فڕۆکەوان دایڤەر جیاوازە، بەوەی لای ئەو دووانە فێربوون تائەوکاتەیە کەدەیان گەیەنێتە ئاستی ئەوەی بەچاکی کارەکانیان ئەنجامبدەنو لەمەوە پشت بە نەخشەو پلان دەبەستن، بەڵام لای نوسەر فێربوون کۆتایی نایەت.. ئەو فێربوونە نابێتە پلانو نەخشە. کەواتە ناتوانێت زەوی واقیعیش بەجێبهێڵێت. بەڵێ، ئەدەب لەسەر زەویی واقیعدا مامەڵە لەگەڵ چەمکی وەهم "Fancy" دا دەکات، بەوەی کە بۆ گەیشتن بەوەهم پیویستمان بەزیاتر لەشێوەیەك لەگەڕانو کۆمەڵێك هەوڵ هەیە بۆ دەرخستنی لایەنە ناڕۆشنەکانو دواجار خولقاندنی وەهمێکی تر لەو وەهمەدا، ئەوە لەکاتێکدا خۆمان غەرقی ژیانین. هەربۆیە زۆربەی رۆمانی ئێمە لەوەدا سەرکەوتوو نەبوون، کە ویستویانە ژیان بنوسنەوە. لێرەدا رۆمانووسی ئێمە بە میتۆدی مێژوونووس کاردەکاتو کەرەسەکەیشی هەقایەتی کوردەوارییە، کە ئەو هەقایەتەش بمانەوێو نەمانەوێ سترەکچەرێکی لاوازو تاکڕەهەندی هەیە. خۆ ئەدەب بەگشتیو رۆمان بەتایبەتی، ئەگەر ژیانیش بنوسێتەوە ئەو ژیانە دەنوسێتەوە کە هێشتا نەهاتووە، نەك ئەوەی

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

کەهەبووە یان ئێستا هەیە. واتە گرنگترین پرسیار دوای خوێندنەوەی هەر تێکستێکی ئەدەبی ئەوەیە" کە چ یۆتۆپیایەکی خولقاندوە..!! دەکرێت ئەنفالی ترو کۆڕەوی ترو شەڕی تر بنوسین، بەڵام لەدیدگای جیاوازەوەو بەشێوەیەکی هونەری. هەموومان چیرۆکی ئەو ئەنفالکراوانەمان بیستووە، کە بە رێککەوتی سەیر رزگاریان بووەو گەیشتونەتەوە زێدی خۆیان. کاتێکیش هاتونەتەوە، هیچ شوێنێك بەخۆیانیەوە نەگرتوون. بەڵێ، ئەمە چیرۆکێکی واقیعیەو تەواو. چۆن دەکرێت ئەمە جارێکی تر بنوسیتەوەو ناوی لێبێیت رۆمان..!! کێ هەیە نەزانێت باسی کەسێکی بێماڵ بکات، کە لەکەلاوەو سەرشەقامو تەرمیناڵەکاندا دەخەوێت، بەڵام ئەوە زەحمەتە تۆ باس کێشەی مرۆڤێك بکەیت لەباشترین ڤێللادا دەژیو هەستی پێ ناکات. "تۆنی مۆریسۆن" ئەگەر ژیانی زنجییەکانی وەك خۆی بنووسیایەتەوە، ئەوا رۆمانەکانی ئەویش وەکو دەیان رۆمانی تر تێکەڵ بە مێژوو و فۆلکلۆر دەبوون، بەڵام ئەو هاتووە ژیانێکی دیکەی جیاوازی خولقاندووە، کە نازانی لە کوێدا لە ژیانی راستەقینەی ئەوان دەچێتو لەکوێدا جیاوازە. کاری ئەدەب دەرخستنی نهێنیەکانە، نەك گێڕانەوەی رووداوە ئاشکراکان. من لە شوێنێکدا وتوومە واقیع لای من چیرۆکنووسێکەو هەمووساتێ چیرۆکەکانی خۆی دەنوسێ، بۆیە من وەکو چۆن نامەوێ لاساییی هیچ چیرۆکنووسێکی دی بکەمەوە، هەر بەم شێوەیەش نامەوێ لاساییی واقیعیش بکەمەوە. دیارە واقیع یاخود وەك لە رسیارەکەی ئێوەدا هاتووە ژیان چەمکێکی زۆر گشتییەو دەکرێت وردی بکەینەوە. واتە کایەکانی دیاری بکەین. رۆمان بەنایبەتی لە رۆژئاوا سوودی لەکایەکانی وەك مێژوو، ئەفسانە، کەلەپور، سایکۆلۆژیا وەرگرتووە، کە هەر یەکێ لەو چەمکانەش وەکو چەمکی

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

رۆمــان پــڕن پرۆبلــەماتیکی تێگەیــشتن‌و خوێندنــەوەو تــەوزیفکردن. بـــەکارهێنانی مێـــژوو و ئەفـــسانەو کەلـــەپور پێویـــستیان بـــە خوێندنەوەیەکی وردی فەلسەفیانە هەیـە. "فۆکنـەر" بیرۆکـەی رۆمـانی "دارخورمای دڕنـدە"ی لـە تـەورات وەرگرتـووە، "کـامۆ" لەدیدگایـەکی فەلسەفیەوە "ئەفسانەی سیزیف"مان پـێ دەناسـێنێتەوە، "ئۆمبێرتـۆ ئیکۆ" لـە هـەردوو رۆمـانی "نـاوی گـوڵ"و "دورگـەی رۆژی پێـشوو" دا رەگەزی مێژووی بەکارهێناوە،"ئەمین مەعلوف"و "ئۆرهان پامۆک"یش لەڕێگای مێژووەوە داهێنانی چاکیان کردووە. شتێکی بەڵگـە نەویستە، کە هـەموو رۆمانێك پەیوەنـدی بـە مێـژوو، یـاخود بـە واقیعـەوە هەیـە، بەڵام گرنگ ئەوەیە رۆماننوس واقیعێکـی تایبـەت‌و مێژوویـەکی تایبـەت بـەخۆی دروسـتبکات، چـونکە بـەکارهێنانی مێـژووی واقیعـی، یـاخود بـابڵێین مێـژووی رەسمـی وادەکـات کارەکتـەر لـە سـنورێکی تەسـکدا هەڵبسوڕێت‌و بە ئاسانی نهێنییەکانی دەربکەوێت. واقیع‌و مێـژوو دەبنـە دەسەڵاتێك‌و کۆنترۆڵی دەکـەن. مێـژووی رەسمیـیش هەمیـشە مێـژووی دەسەڵاتدارانە، بۆیە رۆمـان بـوارێکی فراوانـە بـۆ خوڵقانـدنی واقیعێکـی جیـاواز و مێژوویـەکی جیـاواز. کەواتـە کـاری رۆمـاننووس نوسـینەوەی رووداوی مێـژوویی، یـاخود بـە مانایـەکی تـر نوسـینەوەی ژیـان نییـە، بـەڵکو پێـشبینکردن‌و خوڵقاندنـە. روونـتر بڵـێم نوسـەری ئـەدەبی هـەتا ئەگـەر بـە واقیــع‌و مێـژووی رابردوشــدا بـچێتەوە، ئـەوا لـە دیـدگای جیاوازەوە دەیانگێڕێتـەوە، وەکـو ئـەوەی "گـۆنتر گـراس" مێژوویـەکی لـەبیرکراوی لـە رێگـای چـیرۆکەکانیەوە دەرخـستووە، کـە هەنـدێکیان لەســەر زمــانی ئــاژەڵان‌و بــە شــێوەیەکی ســاتیر ئــامێز نووســراون. مامەڵـەکردنی رۆمـان لەگـەڵ مێـژوودا وای کـردووە ئـەو چـەمکە ببێتـە بەشێکی گـرنگ لـە کارەکـانی "سـیگمۆند فرۆیـد"و "چـۆرج لۆکـاش"و

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

"لۆسـیان گۆڵـدمانن"و "میخایـل بـاختین" و"رینیـە جـیرار". ئەمـە دەربارەی مێژوو کەلەپورو ئەفسانە. دیارە رۆمـان سایکۆلۆژیاشـی بـۆ دۆزینــەوەی نهێنیــەکانی دیـوی نـاوەوەی کاراکتــەری هاوچــەرخ بــەکار هێنـاوە. رەحنــەگران پێیـان وایــە نوســەرانی وەکـو "دۆستۆفـسکی"و "جیمس جۆیس" لـە پـێش زانایـانی سـایکۆلۆژیا دەرکیـان بـە هەنـدێ دیاردەی سایکۆلۆژی کردووە.. کەواتە رۆمـان وەکـو "مـیلان کۆنـدێرا" دەڵێت هونەری ئێستاو رابردووە و لەتوانایدا هەیە هـەموو شـتێك قبـوڵ بکـات.. بۆیــە مــن پــێم وایــە لەدەســتی دێــت ژیــانێکی جیــاوازیش بخولّقێنێت.

**توانا ئـەمین: باسی گێڕانەوەت کرد، کەرەگەزێکی گرنگـی رۆمانـە. تـۆ پێتوایـە ئـەو گرنگییــەی تـەنها لەشـێوازدایە، یـان دەبێتـە پێکهاتەیەك لە جەستەی تێکستدا..؟ ئایا شـێوازی گێڕانـەوە دەتوانێـت بابـەتی گێڕانـەوە قوڵبکاتـەوە، بەلاکـەی تریـشدا بەرەو سادەیی‌و کاڵ‌و کرچی ئاراستەی بکات؟**

**کاروان عومەر کاکە سوور:**

تیۆری گێڕانەوە، واتـا ناراتۆلۆژیـا یەکێکـە لـەو چــەمکانەی کــە بۆتــە جێگــەی ســەرنجی زۆر لەنوســەرانی دنیــاو گرنگییەکی بەرجاوی پێدراوە. رەخنەگرانی ئەدەب دەڵێن رەگوڕیشەی بـۆلای"ئەرسـتۆ" دەگەڕێتـەوە. بـەڵام لـەکۆتایی پـەنجاکانی سـەدەی بیـستەمدا زیـاتر بـرەوی پەیـداکرد. "کلـود لیڤـی شـتراوس" لـەکتێبی "ئـەنترۆپۆلۆژیای بونیادگـەری"دا بایـەخی بـەتیۆری گێڕانـەوەداو دوای ئــەویش "رۆلان بــارت"و"جــیرار جنێــت"و "والاس مــارتن" چــەمکی ناراتۆلۆژیایـان یەشـێوەیەکی بەرچـاو بـەکارهێناوە. چـیرۆك‌و رۆمـانیش

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

توانیـان گـۆڕانێکی گـەورە بەسـەر ئاسـتەکانی گێڕانـەوەدا بێـنن. لای "مارسـیل پرۆسـت"و "فرجینـا ولـف"و "جـیمس جـۆس"و "ولیـەم فۆکنەر"دا شێوازی گێڕانەوە زۆر گرنگترە لەبابەتی گێڕانەوە. هـەروەها نوسەرانی "ڕۆمانی نـوێ"یـش شۆڕشـێکی گـەورەیان لـەدژی سـادەیی‌و ڕەوانی هەڵگیرساند و تەکانێکی بێوێنەیان بە شـێوازەکانی گێڕانـەوەدا. "کلۆد سیمۆن" کۆمەڵێ بابەت‌و ڕووداوی جیاواز. کەنـە لـە زەمـەن‌و نـە لـە شـوێندا ناکەنـەوە یـەك، تێکـەڵی کـردوون، بەڕادەیـەك ئاسـانییە خوێنـەر بتوانێـت پێکـەوە بلکێنێـت. دیـارە چیرۆکنووسـانی کـوردیش لەحـەفتاکان، بەتایبـەتی حـسین عـارف‌و یـەك دوو نـاوی تـر لەڕێگـەی زمانی عەرەبیەوە هەندێ شارەزاییان لەو بـوارەدا پەیدا کـردو توانیـان گۆڕانێك بەسەر شێوازی گێڕانەوەدا بێنن. دەبوایـە ڕۆمانیـشمان لەگـەڵ خۆیـدا فـۆرمێکی جیـاوازی بهێنایەتـە کایـەوەو پـەرەی بـەو شـێوازە بدابایـە، کەلـە حـەفتاکان لەسـەر دەسـتی ئـەو چـەند چیرۆکنووسـە، بەتایبەتی لەکوردستانی باشووردا هاتە کایەوە، بـەڵام بـەڵام بەداخـەوە ڕۆمانی کوردی ئاسـتەکانی تـەکنیکی گێڕانـەوەی بـەرەو سـاڵانی پـێش حەفتا دابەزاند. زۆربەی ڕۆمانەکانی ئێمە، ناڵێم هـەموویان، بەتـەکنیکی گێڕانـەوەی ئاسـایی نوسـراون. مـن پـێم وایـە گێڕانـەوە بێجگـە لـەوەی دەتوانێت نهێنییـەکانی ڕابـردووی کاراکتـەر دەربخـات‌و سەربەسـتیەکی زیـاتری پێببەخـشێت تـا زیـاتر تـەعبیر لـەخودی خـۆی بکـات، ئـەوا لایـەنێکی ئیستاتیکیـشی هەیـە، کـەخۆی لەکۆمـەڵێ فێڵـی هونەریـدا دەبینێتـەوە. گێڕانـەوە جیـاواز جیاوازەکـان لـەناو تێکستدا دەتـوانن دەنگـە جیـاوازو دژەکـان دەربخـەن، کەئەمـە خـۆی تایبەتمەندییـەکی ژیـانی شـارە، بـەوەی پێـچەوانەی لادێ، بـەفرەدەنگی‌و فرەڕەنگـی دەناسرێتەوەو خودی ڕۆمانیش زادەی ئەوسەردەمەیە، من بـاوەڕم نیـە گێڕانەوە تـەنها پەیوەنـدی بـەفۆرمی تێکستەوە هـەبێت، بـەڵکو پـێش

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

هەموو شتێك ئایدیاكانی نوسەر دەردەخاتو ئاستەكانی بینینی ئەومان بـۆ ئاشـكرا دەكـات لـەو پەیوەندیـەدا، كاراكتـەرو رووداو، كاراكتـەرو شوێن، كاراكتەرو زماندا دەیخولقێنێت. شـێوازی گێڕانـەوە لـە چـیرۆكو رۆمانـدا وەكو ئـاواز وایـە لـە گۆرانیـدا. زۆرجـار لەشـیعرێكدا هـیچ جوانكاریو توانایەكی هونـەری نـابینین، كەچـی میلۆدیـستێكی شـارەزا میلۆدییـەكی چـاكی بـۆ دادەنێـتو سەرسـاممان دەكـات. مـن ئێـستا هەوڵدەدەم بەنمونەی سادە ئەم مەسەلەی شـێوازی گێڕانـەوەو بابـەتی گێڕانەوەیە دەربخـەم. ژنێك لەدەستە خوشـكەكەی دەپرسـێت: ئـەرێ ئەو پیاوە چیە لەبەردەمی ئـەو بـیرە وەسـتاوەو هـەر دەڵـێ دە.. دە.. دە..؟! ئەم بەسەرسوڕمانەوە وتی: نازانم..!! ئەوە كەمێك لەمـەپێش دەیوت نۆ.. نۆ.. نۆ. مێردەكەم چوو لێی بپرسێت تا بزانێ ئەمە چییە، كەچی پاڵێكە پێوەناو خستیە نـاو بیرەكـەوە. ئینجـا لەمـەوە دەسـتی كرد بە دە.. دە.. دە.... تۆ بڕوانـە كـاك "توانـا ئـەمین". ئەگـەر ئێمـە لەسەرەتاوە ئـەو چـیرۆكە بگێڕینـەوە، واتـە بەشـێوەیەكی كرۆنۆلـۆژی، ئەوا ئەو رووداوە هیچ گرنگییەك نابەخـشێتو دیالۆگـەكان سەرسـاممان ناكـەن، چـونكە رەگـەزی تامـەزرۆیی نانكـاویو جوانكـاریو زۆر شـتی دیكـەی لەدەسـتدەداتو حاڵەتـە سـایكۆلۆژییەكانیش ئـاوا بـەقوڵی دەرناكەون. هەر لێرەدا سەرنجی تێكەڵبوونی كاتو شوێنبدە. بیرۆكەی ئـەو چـیرۆكە ئەوەیـە، كـەپیاوێك هـەر خـەڵك دەخاتـە نـاوبیرەوەو دەیانـژمێرێت. ئەمـە چ گرنگیـەكی تێدایـە، ئەگـەر هێـزی گێڕانـەوەت نـەبێت..!! خـۆ ئەگـەر ئـە ژنـە بـەو شـێوەیە باسـی مێردەكـەی خـۆی نەكردایە، ئێمە هەرگیز حاڵەتی نۆیەكـەی تریـشمان نەدەهاتـە بەرچـاو. واتە ئەو دیالۆگە، بەو شێوە گێڕانـەوە سـەیرە، كەسـەكانی لـەژمارەوە گـۆڕی بـۆ رۆحو هاوكـات زەمـەنێكی بچڕبچڕیـشی بـۆ ئاشـكراكردین، كەزەمەنی زیندەبەچاڵكردنی دە مرۆڤە.. پارادۆكسالی ئـەو گێڕانەوەیـە،

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

لەدووبڕگــەی نــەزانراو و زانــراو پێکهــاتووە. ســەرەتا وتــی "نــازانم"، ئەمەی بەتۆنێکی زۆر جدیو بەرپرسیارانەوە دەربڕی، وای تێگەیاندین ئێمە لەزمانی ئەوەوە هیچ زانیاریەکمان دەست ناکەوێت، کەچی شەش رســتەکەی تــری کــەگرنگی مەســەلەکە دەردەخــەن، زۆر بەبێبایــەخ گێڕایــەوە... ئەمــــەیش نمونەیــــەکی تــــر: دکتــــۆری ســـــایکۆلۆژیا بەنەخۆشــەکەی وت: کاکــە مــادام تــۆ دەڵێــی لەگەرمــەی ئیــشدا توشــی دڵــەڕاوکێو ماتــەمینی دەبیــت، دەهەوڵبــدە لەوکاتــەدا گــۆرانی بڵێــت. پیاوەکە وتی: ناتوانم، ناتوانم..!! ئەمە زۆر زەحمەتە..!! دکتۆر وتی بــۆ زەحمەتــە..؟! شــتێك هەیــە لــەوە ئاســانتربێت..؟! پیاوەکــەوتی قوربان من مردووشۆرو گۆڕهەڵکەنم... ئەگەر پیاوەکە هەر لەسـەرەتاوە بیگوتایــە مردووشــۆرو گۆڕهەڵکەنــە، ئــەوا تێــڕوانینو ئامۆژگاریــەکانی دکتۆریش دەگــۆڕانو چیرۆکێکی هونــەری لێدەرنەدەچوو. ئایا ئیــستا نــاتوانین بڵــێین شــێوازی گێڕانــەوە، ئەگــەر لەبابــەتی گێڕانــەوە گــرنگتر نەبێت، ئەوا بەقەدەر ئــەو گرنگــە..؟! بــەلاّم گونــاهی ڕۆمــانووس چییە کە لەفێڵەکانی گێڕانەوە تێناگاتو هەندێ نوسـەریش تیکستەکەی بــە وڕێنە تاوانبار دەکــەن..؟! ئەگەرچــی وڕێنــە لەگێڕانــەوەدا گرنگییــەکی زۆری هەیە، بەتایبەتی لەو ڕۆمانانەی بەڕێگای شەپۆلی هۆش نوسراون.

**توانا ئەمین: تێکست لــەوێ لەموڵکایــەتی نوســەر دەردەچــێت، وەختێــك یەکەم خوێنەر دەیبینێــت.. کامــە تێکــست لــەدوای نوســینی نوسەرەکەی خۆی ناکوژێت..؟**

**کاروان عومەر کاکە سوور:**

لێــرەدا نابێــت خۆکوشــتنو مــردن تێکــەڵ بەیەکدی بکەینو ناچاریشین ماهیەتو باگراوندی ئــەو خوێنــەرە لەگــەڵ

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

جۆری تێڕوانینی دەربخەین. واتە مەبەستمان لە چ خوێنەرێکەو لە چ ناوەندێکی کلتوریو رۆشنبیریدا پێگەیشتووە..؟! ئەو خوێنەرە چەند تێکستی قورسی خوێندۆتەوە..؟! چەند لەهونەری نوسین شارەزایە..؟! بۆچیو بەچ مەبەستێ دەخوێنێتەوە..؟! مردن پرۆسەیەکی سروشتیەو وەکو مەسەلەیەکی دوالیزمیو ئەنتۆنیمی پێچەوانەی ژیانە، بەلاّم خۆکوشتن پرۆسەیەکە کەمو زۆر لەناو سیستەمێکی ئیرادەگەریدا بەڕێوەدەچێت. خۆکوشتن لەدیدی "ئەلبێرت کامۆ"وە شێوازێکی یاخیبوونەو ئەنجامی دەرککردنی تەواوی واقیعێکی دیاریکراوە. بەلێ، خۆکوشتن ئەوکاتەیە، کەکێشەی نێوان خودو بابەت بەبندەست دەگات. تێکستێك خۆی دەکوژێت، کاتێك زەمینەیەکی باشی دەستاکەوێت بۆ ژیان. لێرەدا دەبێت ئەمە لەمەسەلەی زانستی بایەلۆژی رووت جیا بکەینەوە، بەوەی دەیانجۆر مرۆڤو ئاژەلێو باڵندەو ماسی بەمانا داروینیەکەی بەپێی یاسای مانەوە بۆچاکترینو لەئەنجامی نەبوونی دەوروبەری گونجاو، یان تێکچوونی ئەو دەوروبەرە لەناو چوون، واتە لەژیر جەبری واقیعدا مردن، نەك وەك ئیرادەیەك مەرگیان هەڵبژارد. جیاوازیەکە لەمەرگە وەکو کۆو وەکو تاك. دیارە بابەتی کێشەکەیش جیاوازە. ئەگەر باوەڕمان هێنا، کەتێکست رۆحی دووەمی نوسەرە، ئەوا دەبێت باوەڕ بەوەش بێنین، کەبونەوەرێکەو پێویستی بە ژینگەیەکی گونجاو هەیە. بەدەگمەن تێکستە جدییەکان، ئەوانە هەڵگری کۆمەڵێك پرۆبلەماتیکی فیکریو هونەرین، ژینگەی گونجاویان دەستدەکەوێت. ئەو تێکستانە خۆیان دەکوژن، کەدژایەتی لەگەڵ تێڕوانینی باوی واقیعدا دەهێننە کایەوە. ئەوانەی بەئاسانی خۆیان بەدەستەوە نادەنو دۆزینەوەی کۆدەکانیان پێویستی بەگەڕانە بەدوای مەعریفەی زیاتردا. بەلاّم بیرت نەچێت لەروانگەی "بودا"وە رۆح سەرمەدییە. ئەمرۆ لەشتێك تەواو دەبێتو

سبەینیێ لەشتێکی ترەوە دەستپێدەکاتەوە؟ ئەو مەسەلەی نێرڤانایە بۆ ئەدەبیش هەر راستە. کەم نین ئەو تێکستانەی رۆژگارێك وەکو مردوو حیسابیان بۆکراوەو دواتر تا ئەبەد بەزیندوویی ماونەتەوە. کێن ئەوانەی ژیانو مردن بەتێکست دەبەخشن..؟! بەمانایەکی دی کێن ئەوانەی وا لەتێکستێك دەکەن ئاسودەبژیو وا لەیەکێکی تردەکەن خۆی بکوژێت..؟! ئێستا جارێکی تر مەسەلەی خوێنەر دێتە کایەوە. لێرەدا مەبەستمان لەخوێنەر ئەوکەسانەن، کەدەکەونە دەرەوەی سنوری ئەو تێکستەوە. دەشێ ئەو خوێنەرە هاوکات نوسەریش بێت. هەردەم لەگەڵ چەمکی خوێنەریش، چەمکێکی تر هەیە، ئەویش چەمکی رەخنەیە. ئایا ئێمە خوێنەرێکی رەخنەگرمان هەیە، کەلەتوانایدابێت وەکو کەسێکی ئاکتیڤ تێکستەکان بخوێنێتەوەو چاوەڕێ نەبێت لەدەستی دووەمەوە حوکمەکان وەربگرێت.. ؟

**توانا ئەمین: یەکێك لەرۆمانووسە ناودارەکان دەڵێت دەبوو کاراکتەرێکی ناو رۆمانەکەم بکوژم، زۆرم هەوڵدا نەکوژریێو چار نەبوو، هەردەبوو بکوژرابایە.. دواجار کوشتم، بەڵام چەند رۆژێك بۆی گریام. تۆ باوەڕت وایە ئەم ڕاستگۆییە لەوەوە هاتووە، کەرۆمانووس کۆنترۆڵی خۆی لەدەستدەدات، یان ئەوەکاراکتەرەکانن کە وەك سروشتی خۆیان ناچنە ژێر رکێفی نوسەرەوە..؟**

**کاروان عومەرکاکە سوور:**

نازانم ئەورۆمانووسە کێیە، بەڵام من خۆشم لەگەرمەی نوسینی رۆمانی"ئای لەڤیلیا لەڤیلیا..!!"دا کاتێ دەمویست یەکێك لەکاراکتەرەکانم بکوژم، حاڵەتێکی ئاوام بۆ پێشهات.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

لەوچاوپێکەوتنەمدا که گۆڤاری "رامان" سێ ساڵ لەمەوبەر لەگەڵێدا کردووم، ئاماژەم پێداوە. لەوێدا وتوومە لای من مردن پێش ئەوەی هەرشتێك بێت، کارێکی هونەرییە. ئێستاش وەکو ئەوسا دەڵێم مەرگ بەو هەموو قورساییەی خۆیەوەو بەو فەزا دراماتیکییەی دەیهێنێتە کایەوە، هیچ کاتێك کۆتایی نییە، بەڵکو دەسپێکردنەوەیەکی دیکەیە بەشێوازازێکی جیاوازتر. ئەمەش ئەو جیاوازییەیە کەدەمەوێت لەنێوان ناوی "مردن"و لەوکردارەی لەچاوگی "کوشتن"دا وەردەگیرێت، بیدۆزمەوە. مەبەستمە بڵێم ئەو کردارە لەژێر دەسەڵاتی گراماتیکدا دەرچووەو لەرووی لۆژیکیشەوە ئەرکی راستەقینەی خۆی لەدەستداوە. رونتر ئەو رۆحانەی لەناو تێکستدا دەکوژرێن، ناوی مردویان بەسەردا ناسەپێت، بەڵکو لەناو فەزایەکی بێسنوردا بۆشتی تر دەگۆڕێن.. "ماکس فیبەر"یش لەمحازەرەی "زانست بەومانایەی بانگەوازو پیشەیە"دا دەڵێت: "مردن بۆ مرۆڤی مۆدێرن، مرۆڤی کەلتوور، هیچ مانایەك نابەخشێت، چونکە ژیانی ئەو غەرقی پێشکەوتنو سەرمەدییەتە.... ناکرێت ژیانێکی ئاوها کۆتایی هەبێت.... کەسێك نیە لەوانەن بگاتە لوتکە، چونکە ئەو لوتکەیە تەنها لەفەزای بێسنوردا بوونی هەیە..... ئیبراهیم خەلیل، یاخود جوتیارەکانی رابردوودوای ئەوەی لەژیات تێربوون، ئینجا مردن، چونکە ئەوان لەچوارچێوەی ژیانی ئۆرگانیکیدا دەیانگوزەراند.. ئەم ژیانەش لەکۆتایی تەمەنیاندا هەموو مانایەکی پێدەبەخشینو هیچ لوغزێکیان لەبەردەمدا نەدەمایەوە تا هەڵیبێنن". بەهەرحاڵ ئەم پرسیارەت تەواوکەری پرسیاری پێشووتە من پێم وایە ئەوەی مافی خولّقاندنی رۆحێکی هەبێت، مافی ئەوەشی هەیە بیکوژێت،

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

بەچاوپۆشین لەوەی ناچاریدەکاتو چ ئازارێك دەچێژێت. بەڵی، ئەگەر خەڵقکردن، هونەرێك بێت، ئەوا کوشتنیش هونەرێکی ترە. ئەو کوشتنەیش، کەلەلایەن نوسەرەوە دێتە کایەوە، پرۆسەیەکی جیاوازە لەوپرۆسەیەی کەلەدەرەوەدا، واتە لەلای خوێنەرەوە جێبەجێدەکرێت، وەکو لەوەڵامی پرسیاری پێشووتدا ئاماژەم پێدا. تۆ کاراکتەرێك دەکوژیت تا جیاوازیەك بێنیتە گۆڕێ. تا کۆمەڵێ تێڕوانینی ناکۆك ناکۆك لەمەڕ مەرگو ژیانەوە نیشان بدەیت. تا کێشەی نێوان خودو بابەت بوروژێنێت. تا گرنگی بوونی ئەو کاراکتەرە لای خوێنەر ئاشکرا بکەیت. من سەرنجت بۆ بەرهەمەکانی خۆم رادەکێشم، بەوەی کاراکتەرەکانم دوای ئەوەی دەمرن، ئینجا زیاتر لە تێکستەکەدا ئاکتیڤ دەبن، چونکە لەگێڕانەوەدا کرونۆلۆژیا هیچ بایەخێکی نییە، بگرە زاڵبوون بەسەر دەسەڵاتی ئەو کرۆنۆلۆژیایەدا ، هەرخۆی سڕینەوەی سنوورەکانە لەنێوان ژیانو مەرگی کاراکتەرەکاندا، بەڵام من کەبۆیان دەگریم، لەبەر ئەوەیە لەپشت ئەو پرۆسیسە هونەرییەوە کەدەبێت بەناچاری ئەنجامبدرێت، دنیایەکی ترم لێ دیارە، کەبەلای خوێنەرەوە جۆرێکە لە غەیب. لەسەرجەمی ئەمانەدا دەمەوێت پێتبڵێم پرۆسەی کوشتن لای من ئارەزوویەك نیە، بەڵکو ملکەچییە بۆدەسەڵاتێکی هونەری. واتە مەرگ لەناوەوەی کاراکتەردا روودەدات، نەك لەدەرەوەی. سەرەتای ژیانمی لێدەربچێت، ئەگینا هەرگیز بیرم نایە هیچ کاراکتەرێکم لەپێناوی خۆشەویستکردنی مەسەلەیەکی ئایدۆلۆژی گیانی لەدەستدابێت.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

**توانا ئەمین: هەستناکەیت زۆرجار چیرۆکبێژ، لەرۆمان و چیرۆکیشدا خودی نوسەر خۆیبێت، بەوەی قودرەتێکی ئیلاهی هەیە بەسەر رووداوەکان و وردەکاریەکانی ناوچیرۆکەکەدا، یان بەجۆرێکی تر کاراکتەری سەرەکی و چیرۆکبێژ و نوسەر هەریەکێك بن، بەتایبەتی لای ئەوانەی یەکەم رۆمانیان نوسیوە..؟**

**کاروان عومەر کاکە سوور:**

بەڵێ، رێك وایە، بۆیە "جێمیس جۆیس" دەڵێت:"رۆمانووس تەنها یەك رۆمان دەنوسێت". واتە ئەوانەی تر تەواوکەری ئەوەی یەکەمن. من پێم وایە ئەوەی جیاوازی نوسینی نوسەرێك لەگەڵ نوسینێکی تریدا دێنێتە کایەوە، ئەو گۆڕانانەن، کەبەسەر کات و شوێن و حاڵەتە سایکۆلۆژیەکانیدا دێن. دیارە ئەوانە بەشێوەیەکی رێژەی کار لەنوسەردەکەن. مەبەستم ئەوەیە مەرج نییە بەیەك ئاراستەو بەیەك رادە کار لەهەموو نوسەرێك بکەن. نوسینیش وەکو "سیگمۆند فرۆید" بۆیدەچێت رەنگدانەوەی بیرکردنەوەی نوسەرەکەیە، نەك ئەزمونی راستەقینەی ژیانی. واتە نوسەر بەشێك لەخەیاڵەکانی خۆی بەئێمە دەڵێت. بێجگە لەوەی لەڕێگەی سومبولەکانەوە کۆمەڵێك تەوژمی بەدەوردا دەخولقێنێت، ئەوا تا بۆشی بکرێت لەخۆی دوری دەخاتەوە. بۆ نمونە ئەو نوسەرەی کچی یان کوڕی شارەو باس لەجوتیارەکان دەکات، مەرج نیەحەزی لەلادێ بێت، بەڵکو مەبەستێتی خوێنەر چاوبەستبکات و بەنهێنیەکانی نەزانێت. هەربۆیە" لوسیان گۆڵدمان" باوەڕی بەوە نیە تێکستی

ئـەدەبی تــەنها لــەڕووی ســایکۆلۆژیەوە بخوێنرێتــەوە، چــونکە یــەکێك لەوهۆیانەی ڕێگرە لەوەی ئەو پرۆسەیە بەچاکی بەڕێوەبچێت، ئەوەیـە کەئێمە توانای زانیاریەکی زۆر لـەبارەی ژیـانی راسـتەقینەی نوسـەرەوە بەدەسـتبهێنین. کاراکتــەری ســەرەکی ئەگەرچــی ســەرەتا لای نوســەر خۆشەویــستە. بــەوەی دەبێتــە بەربەســتێك لــەنێوان"ئیگــۆ"ی ئــەو هێرشی دەوروبەر، واتە هــەموو ئارەزوەکـانی نوسـەر دەخاتــە ئەسـتۆی خۆیەوەو دواجار ئـەو لـەجیاتی نوسـەر ریسوا دەبێـت، بـەڵام هێنـدەی پێناچــێت وەکــو دوژمــن دێتــە بەرچــاوی، چــونکە جێگــای ئــەو داگیردەکـاتو بیرۆکـەکانی دەشـێوێنێت. کـۆنترۆڵی دەکـاتو ناهێڵێـت بـەئازادیو راشـکاوانە هەسـتو ئارەزەکـانی دەربڕێـت. ئێـستا نوسـەر ئەوەندە هەڵپەی ئـەوەی نیـە تێکستێکی تـر بنوسێت، بەقـەد ئـەوەی مەبەســتێتی شــوێنی راســتەقینەی خــۆی وەربگرێتــەوە. گەرەکیــەتی ئازادیە زەوتکراوەکانی بەدەست بیهێنێتەوە، بەڵام توشی هەمان تـرسو دڵــە راوکــێ دەبێتــەوەو ناچــارە کاراکتــەرێکی تــرو دوانو دەی تــر بخولقێنێــت. بەمانایــەکی دی کۆمــەڵێك تێکــستی تــر بنوســێت. بــا مەسەلەکە لەئاستێکی ترو بەئاراستەیەکی تردا بخوێنینەوە. پەیوەندی نێـوان کاراکتــەرو نوســەربەدوو شـێوەیە. یەکـەمیان ئــەوەی کەنوســەر دەیەوێت لەڕێگای ئەو کاراکتـەرەوە تـەعبیر لەشـتە حەرامـەکان بکـات. ئـــەو میکانیزمـــە لەســـایکۆلۆژیادا بـــە"Projection" ناســـراوە. بەشـێوازێکی پاسـاو هێنانەوەیـە بەمەبەسـتی بـەرگریکردن لـە خـود. نوســەر هــەموو رەفتــارە ناپەســەندەکانی خــۆی، ئەوانــەی گۆمــەڵگا بــەتابوویان دەزانێــت، دەخاتــە ئەســتۆی ئــەو کاراکتــەرەوە. ئەمــە لەوحاڵتــەی کەنوســەر کاراکتــەری نێگــەتیڤ دەخولقێنێــت، ئــەو

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

کاراکتەرەی گوێ بە ترادشیۆنەکان نادات. ئەمەیان لەئەدەبی ئێمەدا هەر زۆر زۆر کەمە. بەلام بەلاکەی تردا، واتە لەحالەتی دەرخستنی کاراکتەری پۆزەتیڤدا، ئەوەی پەیڕەوی دابونەریتە باوەکانی کۆمەڵگا دەکات، ئەمەیان لەسایکۆلۆژیادا خۆی لەمیکانیزمی کاردانەوەی پێچەوانە"Reaction Fromation"و بەرزگەرایی"Sublimation"دا دەبینێتەوە. ئەو دوو میکانیزمە، ئەگەرچی هەندێك لەیەکتر جیاوازن، بەڵام لەزۆرشتدا وەکو یەکن. یەکەمیان ئەوەیە مرۆڤ، دیارە لێرەدا مەبەستمان کاراکتەری ئەدەبییە، بەشێوەیکی جیاواز سیفەتەکانی خۆی پیشاندەدات. بۆنمونە پیسکەیەك وەك بەخشندەیەك، یان ترسنۆکێك وەکو ئازا خۆیمان پێ دەناسێنێت. ئەمە لەئەنجامی دڵەڕاوکێوە دێتە کایەوە. دووەمیان کاتێ مرۆڤ، دیسان مەبەستمان کاراکتەری ئەدەبییە، ناتوانێت ئارەزوەکانی لەواقیعدا جێبەجێبکات، بەتایبەت ئارەزووی سێکسی، ئەوا ناچار دەیانگۆڕێتەوە بۆ چەند ئارەزوییەکی تری وەکو وەرزش و خوێندنەوە، کە لە رووی کۆمەڵایەتیەوە پەسەندن.. ئەو شێوە کاراکتەرە، واتە ئەوانەی بەپێی ئەو دوو میکانیزمە بەڕێوەدەچن، لەئەدەبی ئێمەدا زۆر زۆرن. بەتایبەت لەوتێکستانەی بەمەبەستی ئایدۆلۆژیو ئاینی نوسراون. ئەوانەیش کەرەچاوی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دەکەن.. بۆ نمونە کاراکتەرە سەرەکیەکانی "سەلاح عومەر"هەمیشە چاکەخوازن. زوڵم لەکەس ناکەنو بەردەوام لەلایەن ئەوانی ترەوە دەچەوسێنەوە. هەموو خەتایەك لەسەر خۆیانن لادەبەنو دەیاخەنە ئەستۆی ئەمو ئەوەوە. تا بۆیان بکرێت خۆیان لەگەڵ دابو نەریتەکاندا دەگونجێنن. نوێژدەکەن، دوعا دەخوێنن. یارمەتی لێقەوماوانی دیکەی وەك خۆیان دەدەن.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

ئەمەش وایکردووە زمانێکی شەفاف، ئەو کەسەی هەرکەسێکی تری ئاسایی کەلتوری کوردی پێی دەدوێت، بەکاربهێنن. سەیرنیە ئەگەر لەزمانیان گوێمان لە دەیان پەندو ئیدیۆمو ئامۆژگاری بێت. ئەگەرچی "سەلاح عومەر" لەم ساڵانەی دوایدا، بەتایبەتی دوای دەرچوونی یەك دوو رۆمانی جیاوازی کوردی، گۆڕانکاریی لەوشێوە زمانەیدا کردووە، بەڵام هێشتا تەواو دەستبەرداری نەبووە. "شێرزاد حەسەن" هەر لەسەرەتاوە کاراکتەری نێگەتیڤی هێناوەتە ناو چیرۆکەکانی، بەڵام ئەویش لەرۆمانەکانیدا بەتایبەتی لە "تەمی سەر خەرەند"دا بەهەندێ جیاوازی لەگەڵ "سەلاح عومەر"دا زۆر پاساو بۆ بێگوناهیو پاکیی کاراکتەرە سەرەکیەکانی دەهێنێتەوە. لای "بەختیار عەلی" مەسەلەکە بەو سادەییە نییە، بەتایبەتی لە "مەرگی تاقانەی دووەم"دا جۆرێك دژایەتی هەیە لەنێوان نوسەرو هەریەکێك لەکاراکتەرەکانیدا. ئەمەش وای کردووە کۆمەڵێ دەنگی جیاواز خۆیان دەربخەنو زیاتر لە ئەتمۆسفێرێکیش بەدی بکەین، کەبەڕای من ئەمە گرنگترین شتی ناو ئەو رۆمانەیە. رۆمانی "دنیا لەکتێبێکدا"ی "جەبار جەمال غەریب"یش لەم رووەوە هەوڵێکی باشە. "ئەندێشەی مرۆڤێك"ی "حسێن عارف" کەلەنیوەی دووەمی هەشتاکاندا نوسراوە، پێچەوانەی رۆمانی"شار" نمونەیەکی دیارە لەخوڵقاندنی کاراکتەری دژ. ئەو رۆمانە ئەگەرچی زۆر کەم بۆتە جێگای مشتومڕ، بەڵام هێزی تەکنیكو شێوازی گێڕانەوەی بێوێنەن.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

**توانا ئەمین: رۆمان لەئەدەبی کوردیدا هێشتا نوێیەو لەدەرەوەش شەپۆلێك هەیە باس لەمەرگی رۆمان دەکات.. لات وایە ئەم ژانرە لای ئێمەش توشی ئەم مەرگە ناوەختە ببێت..؟ ئەگەر وابوو، ئەوا تا ئێستا رۆمانی کوردی چی خستۆتە سەر جیهانبینی ئێمە.. ؟**

**کاروان عومەر کاکە سوور:**

لەمیانەی وەلامی پرسیارەکانی پێشوتدا کەمو زۆر لەدیدگای تایبەتی خۆمەوە باسم لەرۆمانی کوردی کرد. ئەوەی ماوەتەوە لێرەدا هەر لەدیدگای تایبەتی خۆمەوە بیلێم ئەوەیە، کە رۆمانی کوردی جۆرێك ئاسانکاریی هێناوەتە گۆڕێو خوێنەری لەسەر گوێگرتن راهێناوە. دیارە کەوا دەلێم، لەبیرمە کە یەك دوو رۆماننوس بەهرەمەندیشمان هەن. رۆماننوس کورد پێچەوانەی "بۆرخیس"ەوە کە رێگومکە "Maze"ی دەخولقاندو چێژی لەریسکەکان دەبینی، ئەو خۆی لە ریگومکەکان لادەداتو حەزی لە مەترسییەکان نیە. ترسێکی گەورەی لە تێکشکانو ریسوابوونە، بۆیە هەمیشە بەدوای ئەوەوەیە سەرکەوتوبێت. ئەو میکانیزمە بەرزگەراییە رۆمانووسی ئێمەی کردۆتە پیاوچاکێكو کاراکتەرەکانی وەکو کەسانێکی دانەبڕاوی کەلتوری کوردی دەردەخات. هەرگیز رێگایان پێنادات وەکو "دۆنکیخۆت"ی "سێرڤانتس" بەتێکشکاویو بە ریسوایی بۆ ناو ئاوەدانی بگەرێتەوە. ئەو ئاشی بایەی "دۆنکیخۆت" بەگژیدا چوو، کەئەمڕۆ گۆڕاوە بۆدەسەلاتی خێزانو قوتابخانەو مزگەوتو دامودەزگامانی دەولەت، هیچ کێشەیەك لەگەلّ ئەو کاراکتەرە ناهێننە کایەوە، بگرە جۆرێك تەماهیی لەگەلّدا کردوون. رۆمانی کوردی لەسەرجەمدا گوتارێکی

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

پۆتێنسی "Potency" فحولی-ی خولقاندوە، بەوەی تا ئێستایش رەگەزی پیاو بەهەمان شێوەی پیاوی ناو واقیعی کەلتوری کوردی، هەڵسورێنەری تێکڕای رووداوەکانەو هەموو ئەنجامەکانیش بەپێی خواستەکانی ئەو تەواو دەبن. ئەمانەیش بەشێکیان لەوەوە هاتون، کەرۆماننوس کورد رۆشنبیریەکی فرە لایەنی نییە. تا ئێستا زۆر زۆر دەگمەن رێککەوتووە بیرۆکەکانی رۆمانێکی کوردی لەتێڕوانینی فەیلەسوفێکەوە نزیکبن، یاخود پاڵیان پێوەنابێن لەفەلسەفەوە، یان لەناو تیۆرەکانی سایکۆلۆژیاو سۆسۆلۆژیاو کایەکانی تردا بۆ کردنەوەی کۆدەکانیان بگەڕێین، بەڵکو هەمیشە دەمانبەنەوە ناو واقیعی باوی ژیانی ئاشکرای خۆمان. ئەوەندەی شتەکانی خۆمانمان بەبیردەهێننەوە، ئەوەندە ناچارمان ناکەن بەدوای نهێنیو لوغزی کەسانێکی جیاوازدا بگەڕێین. ئەمانەیش هەندێ رستەی ئامادەی وەکو"خۆمم تێدا بینەوە"و "دەتوانین هەموو موعاناتەکانی نەتەوەکەمانی تێدا ببینین"و چەندانی تری لەوبابەتەیان خستۆتە ناو لێکۆڵینەوەکانیانەوە. رۆماننوسی ئێمە دەتوانێت سەرجەمی رۆمانی خۆی بۆ خوێنەر بخوێنێتەوەو هیچ کێشەیەکی تێگەیشتنی لادروست نەکات. "سەلیم بەرەکات"و "شێرزاد حەسەن" دوو رۆماننوس کوردن. ئەمیان بەعەرەبی دەنوسێتو ئەویان بەکوردی. ئاسان نییە لای " سەلیم بەرەکات " لە دێڕێکەوە بگەیتە دێڕێکی تر. وردەکارییەکان ناهێڵن بەئاسانی تێبپەڕێت. ئەو زمانە راتدەگرێت.. لەناو رێگومکەکاندا وندەبیتو نازانی بە چ ئاراستەیەکدا دەڕۆیت.. هەرگیز رێك ناکەوێت خوێنەر بتوانێت بیرۆکەکانی رۆمانی "سەلیم بەرەکات" کورت بکاتەوەو بۆکەسێکی تری بگێڕێتەوە، چونکە "بەرەکات" بەهەمان شێوەی "بەختیار عەلی" تێگەیشتن بە جۆرێك لە داگیرکردن دەزانێت.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

داگیرکردنیش زاتە کوشتنی هەموو بەها هونەرییەکانی ناو تێکست.. بەڵام دڵنیام "شێرزاد حەسەن" لەکۆڕێکدا "تەمی سەرخەرەند"ی خۆی بخوێنێتەوە، زۆربەی گوێگران بێ هیچ تەنگوچەڵەمەیەك تێی دەگەن. بەڵێ، ئەوچیرۆکنووسەمان لەکۆڕێکدا چیرۆکێکی درێژی خۆی خوێندۆتەوە پێش ئەوەی بڵاوی بکاتەوە، برادەرێك لێکۆڵینەوەیەکی دوورو درێژی لەبارەیەوە نوسیوە .ئایا ئەمە کارەسات نییە..؟! من بۆیە "شێرزاد حەسەن" بەنمونە دەهێنمەوە چونکە چیرۆکنووسێکی باشی ئەمڕۆمانەو تا ئێستا بەلایە پۆزەتیڤەکەیدا خوێندراوەتەوە. من لێرەدا مەبەستم ئەوەیە، کەمن زۆر بەئاسانی لەچیرۆك‌و ڕۆمانەکانی "شێرزاد حەسەن" تێدەگەم، چ وەکو کاراکتەرو چ وەکو ڕووداو چ وەکو زەمەن‌و چ وەکو تەکنیکی خوڵقاندنی پەیوەندی نێوانیشیان. تا ئێستایش هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەی لەبارەی ئەدەبی ئەو چیرۆکنووسە بەهرەمەندەشمان نوسراون، بەلای شێوازی نوسینیدا نەچوون لەیەکچوونی تێکستەکان یەکێکە لەتایبەتمەندیەکانی ڕۆمانی کوردی.. دیارە لێرەدا مەبەستم لەیەکچوونی دیدگایە، نەك ڕووداو کاراکتەرو شتەکانی تر. ڕۆمان، کەوەکو پێشتر وتمان بەرهەمی شارستانیەتی ڕۆئاوایە، ڕۆماننوس کورد هەوڵی داوە بە شێوازی گێڕانەوەی هەقایەتی کوردەواری مامەڵەی لەگەڵدا بکات، ئینجا چونکە هەقایەتی کوردی سترەکچەرێکی لاوازی هەیە، ئەوا ناتوانێت هیچ وزەیەکی پێببەخشێت‌و تایبەتمەندی بۆ بخوڵقێنێت، بگرە هەموو ڕەمزییەتەکانی دەکوژێت. یەکێك لەتایبەتمەندیەکانی ئەو شێوازە هەقایەتییە ئەوەیە" کەکاراکتەری دەبێت سادەو ڕووداو تەواوبێت. ئەمانەیش خوێنەرێکی پاسیڤی خوڵقاندووە. "مارکیز" سەرەتا لەژێر کاریگەریتی "فۆکنەر"دا دەینووسی، بەڵام چونکە گێڕانەوە لەفۆلکلۆری ئەمریکای لاتیندا

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

خـاوەنی جۆرێـك لەدەسـەڵاتی هونـەری بـوو، ئـەوا ئـەدەبی رۆمـان لای "مارکیز"و زۆربەی رۆماننوسانی ئەویٚ فۆرمێکی باشتری دەستکەوت. نوسەری ئێمە نەیتوانیوە خۆی لەدەسەڵاتی ئەو هەقایەتە رزگار بکـات، بــەڵکو ئــەو تەکنیکانــەیش کەبەرهــەمی دەرکــەوتنی تەکنــەلۆژیای رۆژئــاوان، ئـەم دەیانهێنێتـە سەرئاسـتی ئـەو شـێوازی هەقایەتییـەو بەئەقڵی مانیفاکتۆریانـە بـەکاریان دەهێنێـت. بـۆ نمونـە ئـەو شـێوازەی کەپێی دەوترێت"التداعی الحر" "Free Association"و لەسـەرەتای سەدەی پێشوەوە لەسەر دەستی رۆماننوس وەکو "جـێمس جـۆیس"و "فیرجینا ولف"ۆ هەندێکی تردا هاتە کایـەوە، ئـەوە سـی سـاڵ زیـاترە گەیشتۆتە ئێمـەیش، بـەڵام بـە شـێوە هـەرە سـادەکەی، بەوشـێوەیەی کەلەگــەڵ بنــەمای هەقایــەتی خۆمــاڵی دژایــەتی ناهێنێتــە گــۆڕیٚ.. رستەکانی چیرۆكو رۆمانی ئێمە لـەرووی گراماتیـكو لۆژیکـەوە تـەواون. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە نوسـەران پـەیڕەوی گراماتیکیـانکردووە، نـەك چاك بەکاریانهێناوە.. بیرۆکەکان هەمان ئەندازەی ئەو وشـانەیان هـەن، کـە رسـتەیەك پێکـدەهێنن. لەڕستەشـدا کـردار گـرنگترین شـتە، بۆیـە تێکـستی چـیرۆكو رۆمـان تـەنها یـەك ئاراسـتەی ئاسـۆییان هەیـە، کەبـەردەوام خوێنـەر بەسـەر رێگایـەکی فلاتـدا دەبـەنو نـاهێڵن بـەملاو بەولادا بچێت. واتە نوسەر لەهەوڵی بەردەوامدایە، کـەرێنومایی خوێنـەر بکاتو بیرۆکەکانی خۆی بەسەردا بسەپێنێت، هەربۆیـە لەکۆتایـدا یـەك جۆر خوێنەرمان هەیەو ئەو خوێنەرەش ئەوەندی نوسەر بیٚ کـەمو زیـاد بەبودونیای ئەو تێکستە ئاشنایە. زەمەنیش خەر ئەو زەمەنەیـە، کەئـەو رســـــتەیە لەدرێــــــژەی تێکــــــستەکەدا دەری دەخـــــات. گێـڕەرەوە"Narrator"یـەك هەیـە ئاگـای لەتـەواوی ژیـانی کاراکتـەرە سەرەکیەکەیەو بەزمانێکی شەفافـو پڕ لەئاگایی کـەم کـەم هـەموویمان

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

بۆ دەگێڕێتەوە. لەسەرەتاوە تاکۆتایی کۆنترۆڵمان دەکاتو تەنها وەکو گوێگر بەکارماندەهێنێت. "زاهیر رۆژبەیانی" ناو لەوشێوازە دەنێت "مۆنتاژی میکانیکی"و وەکو تەکنیکی سادەش دەیناسێنێت. زۆربەی ئەدەبی "شێرزاد حەسەن" بەم شێوازە نوسراوە. مەبەستم ئەوەیە، کەلەهەموو چیرۆکو رۆمانەکانیدا گێڕەرەوە ئەرکی بونیادنانی پرد دەبینێت، بۆ ئەوەی خوێنەر بەئاسانی لەرووداوێکەوە بگەیەنێتە رووداوێکی تر، کەزۆربەی کاتیش ئەو رووداوانە بەشێوەیەکی کرۆنۆلۆژی دەردەخرێن. ئەوەندە هەیە گێڕەرەوە لەپێش ئێمەوە ئەوزانیاریانەی پێگەیشتووەو ئەویش بەئێمەیان رادەگەیەنێت. راستە ئەو رووداوانە سەرنجراکێشن، پڕن لەبوێری، بەڵام ئێمە ئێستا باسمان لە لایەنی هونەرییە. ئەو رایانەم ئەوەم لەبیرنابەنەوە، کە "شێرزاد حەسەن "لە هەندێ رووی ترەوە گۆڕانکاری گەورەی لەچیرۆکی کوردیدا کردووە. نابێ هەموو خەتاکان بخەینە ئەستۆی رۆماننوسانەوە، بەڵکو زۆربەی ئەو نوسەرانەیش بێگوناهـ نین، کەلەبارەی رۆمانی کوردیەوە دەنووسن. تۆ بڕوانە ئەوە زیاتر لە دەساڵە رۆمانی کوردی بۆتەوە بابەتی لێکۆڵینەوە، کەچی تا ئێستایش چەمکەکانی وەکو کاراکتەرو رووداو زمانو کاتو شوێنو گێڕانەوە زۆر شتی تر بەهەمان سادەیی جاران ماونەتەوە. ئایا سبەینێ کاتێ "توانا ئەمین" دەیەوێت باسێك لەبارەی رۆمانەوە بنوسێت، دەتوانێت ئیش بەونوسینانە بکات، کەبەردەوام لە رۆژنامەو گۆڤارەکانماندا بڵاودەبنەوەو رۆمانەکان هەڵدەسەنگێنن..؟! ئایا ئەو نوسینانە توانیویانە کار لەدیدگای رۆمانووسی ئێمە بکەن..؟! ئایا توانیویانە خوێنەرێکی جدیی رۆمان پێبگەیەنن..؟! ئەگەر وەڵامی ئەو پرسیارانە نەخێرن، کەواتە نابێت ئەو نوسینانە ببنە پێوەرێك بۆچاکی ئەم

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

رۆمان‌و خراپیی ئەو رۆمـان. زۆربـەی ئـەو نوسـەرانە، نـاڵێم هـەموویان، هەندێ رۆمانی زۆر سـادەیان لێمانکردۆتـە شـاکارو لەچاکترین حاڵەتـدا جــارێکی دی رووداوەکانیــان بــۆ گێڕاوینەتــەوە. ئــەو نوســینانە بــۆ رۆمانوسی ئاساننوس بەلەزەترین خۆراکن بۆ بەرهەمهێنانەوەی رۆمـانی ساکارو بەردەوامبونی لەسەر یەك ستایلی دیـاریکراو. کـاتێ ئـەو رایانـە دەردەبڕم، دەشزانم لەم رووەوە کەمێك هەوڵی جوانمـان هەیـە. دەتـوانم تــەنها بۆنمونــە، نــەك بــۆ مەبەســتێکی تــر، هەوڵــەکانی "ئــازاد سـوبحی"و"سـەمەد ئەحمـەد"و"عەبدولموتـەلیب عەبـدوڵڵا"و"نـەوزاد ئەحمـەد ئەسـوەد""نیهـاد جـامی" بـەبیرخۆم بهێنمـەوە. بەوپـەڕی دڵنیایەوە دەڵێم هەر خوێنـەرێکی ئاسـایی، ئەگـەر ئـەو وەهمـە نـەبێت، کەپێی وایە وشەی نوسەر لەدنیایـەکی تـرەوە هـاتووە، ئـەوا دەتوانێـت وەکـو زۆربـەی ئـەو رۆمانانـەی ئێمـە بنوسـێت. خـۆ دەرکـەوتووە ئـەو پێشمەرگەو کادیرانەی ژیاننامەی خۆیانیان نوسیوەتەوە، بەدەیان قـات لــەو رۆماننوســانە بەهرەمەنــد تــرن. چــیرۆکنوس‌و رۆمــاننوس ئێمــە لەگفتوگۆکانـدا هـەرگیز بـەلای شـێوازی نوسـیندا ناچـن. ئـەوان دەڵـێن لــەفلان ســەردەم‌و فــلان شــوێندا چــیرۆك‌و رۆمــان بــۆ یەکــەمینجار لەدایکبون. لەملا رۆمانی ئینگلیزیمان هەیەو لەولاش رۆمانی فەرەنسی. کوردیش بۆتە خـاوەنی رۆمـان‌و چـیرۆکی خـۆی. لەگـەڵ دەیـان قـسەی تری لەم بابەتە. ئەمەش زۆر ئاسانە. هەرکەسێ ئەو کتێـب‌و گۆڤارانـەی هــەبێت، کەلەپــەنجاکان‌و شەسـتەکانی سـەدەی رابـردودا دەرچـوون، دەتوانێت ئـەم گوتانـەیان لەبـەر بنوسـێتەوە. بۆئـەوی خوێنـەر بزانێـت ئێمە چۆن لەو هونەرە تێگەیشتووین، دەبێـت بـۆی بـدوێین. بەهـەرحاڵ ئەمـە تێگەیـشتنی منـە بـۆ شـێوازی نوسـینی رۆمـان. ماوەتـەوە بڵـێم رۆمانی کوردی نەیتوانیوە هیچ پرۆبلەماتیکێك بەرهەم بهێنێـت‌و رێکـای

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

بۆ خوێندنەوەی جیاجیا خۆش نەکردووە. کەوتە دوورە لەهەموو مەترسییەکی نەخۆشیو لەناوچوون. پێم وایە هێشتا ماویەتی ئێمە باس لە قەیرانی ڕۆمانی خۆمان بکەین، چونکە هەمووکێشەکان لەژیانەوە دەستپێدەکەن. ئەو یەك دوو ڕۆمانەی کەناچنە ناو ئەو سادەکارییەشەوە، ناتوانن ئەو بۆشاییە گەورەیەمان بۆ پڕبکەنەوە. ئێمە کاتێك ڕۆمان دەنوسین خۆمان لەبەردەم سێڕیانێکدا دەبینینەوە، ئایا ڕۆمان بنووسین وەکو ئەوەی ڕۆمانوسان لەدەرەوەی ئێمە دەینوسن.. مەبەستم لاسایکردنەوە نییەو ئەو ڕۆماننوسانەش دەڵێم کە گۆڕانیان لەو ئەدەبەدا کردووە.. یان ڕۆمانی کوردی بنوسین، کەتا ئەم ساتەیش نەمانتوانیوە لەرەگەزی هەقایەت جیای بکەینەوە. یان هەوڵی پێکهێنانی گوتارێکی تری ڕۆمان بدەین.. دیارە لێرەدا مەبەستم شێوازی نوسینە، نەك بابەتی نوسین، کەلەنوسەرێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت. من ئەو پرسیارە ئاوا بەکراوەیی جێدەهێڵم.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

٣٣٨- توانا ئەمین

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

## ئارام کاکەی فەلاح..



زۆربـــەی زۆری چـــیرۆکی کـــوردی هێنده خراپه کـه شـایانی ئـەوه نییـه بخوێنرێتەوه.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

٣٤٠- توانا ئەمین

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

**توانا ئەمین: پێتانوایە نوسینی چیرۆك توانای ڕزگارکردنی بابەتو کارەساتی هەیە لەفەوتان؟ خەمی چیرۆك هەرئەوەندەیە؟ ئەگەر ئەدەب ئەمە نەکات، جگە لەمێژوو هێزێکی تر هەیە ئەمەی پێبکرێت؟**

**ئارام کاکەی فەلاح:**

چیرۆكو مێژوو دوو سیمای جیاوازی کارەساتەکانو بابەتەکان ئەنووسنەوە. مێژوو دێ و هەندێ ڕوداو بابەتی سەرکەوتنو ژێرکەوتنمان بۆ ئەنووسێتەوە و ئەیکاتە دۆکۆمێنت، بەڵام گەر چیرۆك هەمان شتی وای کرد لە هونەری خۆی ئەکەوێت. چیرۆك کاری بەسەر دۆکۆمێنت کردنی ڕووداوەکانەوە نییە، بە بڕوای من چیرۆك زیاتر خەریکی بە دۆکۆمێنت کردنی(یادەوەرییە)، من لێرەدا پێم باشترە یادەوەری بەکاربێنم چونکە لە هەناوی یادەوەریدا هەم مێژوو و ئەگەرەکانی مێژوو ئامادەن و هەم ئەگەرەکانی فەنتازییایەك کە هەوڵی گۆڕینی ئەو کارەسات و ڕوداوانە ئەدات و نایەڵێ بەو زەقییە دەرکەون و بێنە مەیدان و کەمێك جوانیان ئەکات و دەرگاو ئاسۆی تریان بۆ ئەکاتەوە. چیرۆك خەمی زۆرە، یەکێ لەوانە ئەوەیە کە چیرۆك دێ پێمان ئەڵێ ئایندە بە مێژوو و ئامارەکانی مەخەڵەتێن چونکە ڕووداوەکانی ناو مێژوو کەسانێك ئەینووسنەوە کە هێزێکی سیاسییان لە پشتەوەیە و جەبر و بەرژەوەندییەکی تایبەتی ئەیانجوڵێنێ بەڵام

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

ڕووداوەکان لە چیرۆکدا ئەبێ کەسانێك وێنای بکەن کە پڕن لە جوانی و فەنتازیا. ئەوەشت بیر نەچێ کە سەیر کردنی کورد بۆ مێژوو و ڕووداوەکانی ناوی هەمیشە سەیرکردنێك بووە بۆ سیمای خوێناوی خۆی، بۆ ژێرکەوتنەکانی و چەوساندنەوەی لە لایەن دراوسێ دڵڕەقەکانییەوە، ئەو هەموو شەڕ و پێکدادانە لە مێژووی ئێمەدا نایەڵن مێژوو بە جۆرێکی تر ببینین و بینووسینەوە، لە هەمان کاتیشدا ڕێگرێك بووە لە بەر دەم نووسەرانا بە جۆرێکی تر وێنای بکەن. کەچی ئەبینی بیریاران و نووسەرانی ئەوروپا زۆریان ڕۆژ بە ڕۆژ بەسەر مێژووی خۆیدا ئەچنەوە و دەمێکە بۆیان دەرکەوتووە کە نووسینەوەی مێژوو بەبێ ئەو ڕووداوانەی ناو ئەدەب و فەنتازیای ئەدەب نووسینەوەیەکی نووقسانە، تەنانەت هەندێ لە بیریارانی سەرکەوتنەکانیان بەهیچ لە قەڵەم ئەدەن لەو بڕوایەدان کە سەرکەوتنێك لەسەر ئێسك و پرووسکی مرۆڤەکان بینا کرابێ شتێ نییە مایەی شانازی مرۆڤی سەر ئەم زەوییە بێ. بەڵام ئیتر ئەمە کاتێکی زۆری ئەوێ تا لای ئێمە ماناکانی بگۆردرێت چونکە ئێمە تا ئێستاش برینەکانمان سارێژ نەبوون، بۆ دراوسێ دڵڕەقەکانیشمان دیسان کاتێکی زۆری ئەوێ تا بە مێژووی خۆیاندا بچنەوە.

**توانا ئەمین: چۆن سەیری توانستی چیرۆکنوسی کورد دەکەیت؟ قەرزار نین لەئاست ڕوداوی زۆر گەورە؟ کوا ئێمە ڕۆمانێك، دوو نۆڤلێت، چوار چیرۆکمان هەیە لەسەر شەڕی خوێناوی هەشت ساڵەی ئێران- عێراق؟ ئەمە لەکاتێکدا بەشێکی زۆری خێڵی ئەدیبانی ئێمە ئەو ڕۆژانە سەربازی ئەو جەنگە بوون؟**

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

**ئارام کاکەی فەلاح:**

من ئەتوانم بێ دوودڵی یەکسەر بە نەخێر وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە. نەخێر نووسەرانی ئێمە قەرزار نین لە ئاست شەڕی عێراق و ئێران کە بۆچی ڕۆمانێك یان چەند چیرۆکێکمان بۆ ئەو شەڕە درێژە هەشت ساڵییە نییە و زۆر بڕواشم بەوە نییە کە زۆربەی ئەدیبانی ئێمە سەربازی ئەو جەنگە بووبن، هەندێکی کەم سەربازیش بووبێ سەربازێکی ڕاستەقینە نەبووە و بە دڵ شەڕی نەکردووە و هەمیشە خەونی بە مۆڵەت وەرگرتنێکەوە بینیووە تا رابکات و خۆی لێ بدزێتەوە. لە ڕاستیدا لە هەناوی کۆمەڵگای ئێمەدا هێزێکی سەیر هەبوو کە قەت بڕوای بەوە نەبووە کە ئەو شەڕە شەڕی کوردەو ئەبێ بیکات، ئەمە شەڕێك بوو کە بوو بوو بە تووش مرۆڤی کوردەوە و تێی کەوتبوو، کورد پێش ئەو شەڕە بە درێژایی مێژوو خەباتی ئەکرد بۆ مانەوە، شەڕێکی خوێناویتر لە یادەوەریماندا هەبوو بۆیە کەس نەهات بیکاتە شەڕی خۆی. نووسەرانی کوردیش نەهاتن بیکەن بە بابەتی ئەفراندن ڕەنگە ئەمە بۆ نووسەرێکی عەرەبی عێراقی یان ئێرانی زیاتر جێگای تێڕامان بێ، لە لای خۆشمان چەند چیرۆکێك نووسران بە دڵم نەبوون، بەڵام چیرۆکێکی قازی ڕەبیحاوی، نووسەری گەورەی ئێرانیم خوێندەوە بە ناوی چاڵ کە لە ١٩٨٢ دا نووسیبووی، هەتا بڵێی سەرسام بووم بە جوانییەکەی.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

**توانا ئەمین: چیرۆکی کوردی لەناوەڕاستی هەشتاکانەوە نوێبونەوەی بەخۆیەوە بینی ئەم گۆڕانە لەزمان، ڕووداو، گرێچنی، بابەت، دواجار فۆرم، لەنەوەدەکاندا چووە لوتکە. ئەوەی جێی سەرنجە هەموو ئەم گۆڕانانە لەئاست فرۆش و خوێندنەوەی چیرۆکدا کورتی هێنا، ئێوە پێتان وایە ئەو فیراقەی نێوان خەڵکی ئێمەو چیرۆك پەیوەندی بە چیرۆکنوسانەوە هەیە؟ یان نەخێر بۆخۆی ئەدەب هی نوخبەو چیرۆك نوخبەویترینیانە؟**

**ئارام کاکەی فەلاح:**

جارێ با لەوێوە دەست پێ بکەم کە ئەڵێیت چیرۆکی کوردی خوێنەری نییە، ڕاست ئەکەیت ئێمە خوێنەرمان نییە بەڵام نەك لە بەر ئەوەی کە خەڵکی تاقەتی خوێندنەوەیان نییە یان تەممەڵن و شتی لەو بابەتە یان کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار ناکڕن، نا بە بڕوای من لە بەر ئەمانە نییە، لە ڕاستیدا ئێمە خوێنەرمان نییە لە بەر ئەوەی کە چیرۆکی باشمان نییە، زۆربەی زۆری چیرۆکی کوردی هێندە خراپە کە شایانی ئەوە نییە بخوێنرێتەوە. من ئێستا لەو بڕوایەدام کە خۆێنەرمان نەبێ هی ئەوەیە کە دەقی چیرۆکی جوانمان نییە. با هەندی نووسەیش گلەیی لەوە بکەن کە خوێنەر لە چیرۆکەکانیان ناگات، بە بڕوای من هەڵەیە داوا لە خوێنەران بکەین لە فێڵەکانی نووسین و نهێنییەکانی چنین و جوانییەکانی بیناکردن و بەرهەم هێنانی مانا و بەکارهێنانی تەکنیك بگەن، هیچ چیرۆکنووسێکی جیهانی هەڵەی وا ناکات شتی وا داوا بکات، بێگومان ئەم قسەیە تەوس و تەعلیق نییە لە کەس یان وا تێنەگەن کە من لەگەڵ نووسینی سادەدا

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

بم بۆ خوێنەر، نەخێر، بەڵام دواجار ئێمەی نووسەر کە بمانەوی بە سەربەستی و بە دڵی خۆمان بنووسین، ئەبێ هەمان ماف بدەینە خوێنەر ئەویش سەربەست بێ لە خوێندنەوەی، سەربەست بێ لەوەی بەدڵی بێ یان نا، گەر خوێنەرچیرۆکێکی وا نەبینێ کە چێژی لێ وەرگرێ، خەون و فەنتازیاکانی، ئازادییەکانی، ئازارەکانی، زەردەخەنە و یادەوەرییە شیرین و تاڵەکانی لە پاڵەوانەکاندا نەبینێتەوە، چی بکرێ و چی بخوێنێتەوە پێم ناڵێی؟ بۆ نوێ بوونەوەی چیرۆکی کوردیش لە ناوەڕاستی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکاندا، من وای نابینم کە ئەو گۆڕانە گەورەیەی بە سەرا هاتبێ، ئێمە زۆرمان هەر درێژەمان بەو فرمێسك و پرسەیە دا کە لە نەوەکانی پێش خۆمانەوە بۆمان مابۆوە، لێرەوە نووسەری ئێمە پێویستی بە هێزێکی سیحرییە لەو فرمێسکە رووتانەو ئەو شین و ڕۆڕۆیەو ئەو پاڵەوانە چەقیوانە ڕزگاری بێ، چونکە بە هەموو مێژووی ئێمەوە لکاوە، من لە لای خۆمەوە پێش نوسینی چیرۆکی ( نووسینەوەی دڕك ) و ( ئەو پیاوەی بوو بە بەرد) دوو ساڵ لە نوسینی چیرۆك وەستام، وەستام و سەرلەنوێ کەوتمەوە خوێندنەوەیەکی قووڵی سەرتاپای چیرۆکی کوردی، هەر لە چیرۆکەکانی وەك(لە خەوما)، کۆمەڵەی (کوێرەوەری)، (شەبەنگەبەڕۆژ)، (دلداری و پەیمان)و (پێکەنینی گەدا)و (لێوی ئاگرین)ەوە تا(گەلەگوورگ)و کۆمەڵەی (تەنیایی)و (پیرەپەپوولەکانی ئێواران)و (دووربین)و (سێبەری ئەسپە شێ)و زۆربەی زۆری چیرۆکی نەوەی نەوەدەکان، سەیرم کرد چیرۆکی کوردی هەتا بڵێی غەمگین و بێرەنگە، پڕە لە فرمێسك و پاڵەوانێ کە تەواو تەسلیمی چارەنووسی خۆیانن و چەقیون لە ناو ڕووداوەکاندا. هەندێ لەو چیرۆکانەی کە لە هەشتاکاندا پێیان سەرسام بووم ئێستا هەست ئەکەم بەو شێوەیە بۆم ناخوێندرێنەوە. بێگومان هەندێ چیرۆك هەن کە ژیانی واقعی دەرەوە

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

وزەیەکی سیحری و سەرسوڕهێنەری پێ ئەبەخشن وجوانی ئەکەن، نموونەش لەوانە هەردوو چیرۆکی(دووربین)و (دیدەنی)، من لێرەدا هەرچەندە ئەوەم لەبەرچاوە کە لەسەر نووسین و بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە چیرۆکانە لەو کاتەدا ژیانی نووسەر ئەکەوتە مەترسییەوە، بەڵام لێرەدا مەبەست ئەوە نییە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە جوانی چیرۆك ئەوە نییە لە دەرەوەڕا بۆی بێ، بەڵکو تێکستی جوان ئەو تێکستەیە کە دەرەوەی خۆی جوان ئەکات. هەروەك مۆمێك کە بەوەوە جوانە کە تیشك و ڕوناکی ئەبەخشێتە دەرەوەی خۆی، تێکستی جوانیش ئەبێ ئەو خەمەی هەبێ. دەق ئەو دەقەیە کە دەرەوە دەوڵەمەندی ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەرەوەی خۆی دەوڵەمەند ئەکات وڕەهەندی بیرکردنەوەی تر و دەرگای تر ئەکاتەوە، چونکە هەچ چیرۆکێك کە جوانی لە دەرەوەی خۆی مژی ئەوا دوای نەمانی ئەو دەوروبەرە ئیدی چیرۆکەکە ئەو وزەو سیحرو جوانییەی نامێنێ، من ئێستا دوای زیاتر لە بیست ساڵ جارێکی تر دووربینم خوێندەوە، دیدەنیم خوێندەوە، سەیرم کرد نە دووربین لام ئەو چیرۆکەی جارانە و نە (خاوەر)ی دیدەنیش ئەمگرێنێ، سەیرم کرد چیرۆکەکانی کۆمەڵەی(تەنیایی) جگە لە کۆمەڵێك پاڵەوان کە لە گریان زیاتر هیچی تریان پێ نییە بیدەنە خوێنەر و دەرەوەی خۆیان، فرمێسکێك کە هیچ شتێ ناخەنە سەر ئەم دونیبایەو پاڵەوانێکن کە بە تەواوی تەسلیمی چارەنووسی ڕەشی خۆیانن، هەر تەواو وەك ئێمەی گەنجی ئەوسا، هیچ جیاوازییەکم لە نێوان ئێمە و پاڵەوانەکانی (تەنیایی) دا نەبینی. ئەو چیرۆکانە کۆپی کردنی ئێمە بوون بۆ ناو لاپەڕەکان، بەڵام ئەو نووسەرە ئازیزانە چونکە نووسەرێکی بە توانا بوون، ئەو کۆپیانەش کۆپییەکی چاك بوون، من ئەو دوو نووسەرەم بۆیە بە نموونە هێنایەوە، چونکە دوو نووسەری چاکی ئێمەن و کارێکی زۆریان هەبوو لە سەر نەوەی تازە،

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

بۆیە چ کۆپی کردنی واقع و چ چاوانی تەڕ و پڕ فرمێسك و پاڵەوانی تێك شکاو لای نەوەی ئێمە هەر ماوە و نەبۆتە پرسیارێکی گەورەو جدی، بۆیە بڕوا ناکەم وەك تۆ ئەڵێی چووبێتە لووتکە، کەمێ گۆڕان لە فۆڕم و بابەتدا نایباتە لووتکە، کوا تەکنیك؟ کوا گێرانەوەو چیرۆك؟ سەیرکردنیشمان بۆ زمان کوا گۆڕاوە؟ لە ڕاستیدا مەسەلەی زمان لە ناو چیرۆکدا هێندە زل کراوە کە هەموو لایەنەکانی تری چنین و تەکنیك و بابەتی کردۆتە پەراوێزەوە، زمانێکی جوان و پاراو لای ئێمە زمانێکی ئینشاییە کە بستێك بڕ ناکات و هەر بۆ بەیانی بیر ئەچێتەوە، زمانی پاراو لەوێوە سەرچاوە وەرئەگرێ کە نووسەر بێ و لە ڕستەکانیدا وشەی وا بەکاربهێنێت کە کەم کەس لە ماناکانی ئەگات و لە شوێنێ، لە لادییەك، لە کونجێکی کوردستاندا بەکار ئەهێنرێ کە زۆربەی خەڵکی شار نەیانبیستووە، جا هەندێ نووسەر دێن و ئەم جۆرە وشانە ئەخەنە ناو نووسینەکەیانەوە و ناتەواوی چیرۆکەکانی خۆیانی پێ ئەشارنەوە. لەجیاتی ئەوەی تەکنیکێکی تازە و سەرنج ڕاکێش بەکاربێنن، دێن و چەند وشەیەکی لەو بابەتە دەئاخنە ڕستەکانیانەوەو خوێنەری پێ چەواشە ئەکەن، لە ڕاستیدا ئەم سەیرکردنەی ئێمەش بۆ زمان مێژوویەکی دێرین و خوێناوی لە هەناو خۆیدا هەڵگرتووە، پاراستنو مانەوەی زمانی کوردی و شەڕی نووسەرەکانی لەگەڵ دوژمنەکانیدا کە ئەیانەوێ بیسڕنەوە. من لێرەدا پێم باشترە سەرپێییانە قسە نەکەم و لە سیاق و ڕەوتی مێژوویی خۆیدا باسی بکەم بۆ ئەوەی نەکەومە هەڵەوە، گومانی تیا نییە کە نووسین بە کوردی ڕۆژێ لە ڕۆژان، وەك شتێکی پیرۆز سەیر کراوە، وەك تفەنگێك کە کەسێك هەڵیئەگرێت و پارێزگاری لە مانەوەی خۆی و نەتەوەکەی ئەکات و دژ بە دوژمنەکانی ئەجەنگێ، جەنگێ کە نووسەرانی بە قەڵەم شەڕیان کرد و هێندە درێژەیان پێ دا و هێندە

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

کاغەزیان پێ ڕەش کردەوە کە ناخۆش بوو، بە جۆرێ کە نایانەوێ لەوە بگەن کە ئێستا ئەم تێروانینە بۆ زمان گۆڕاوەو ئەوان نەیانەوێ لەوە بگەن و نایانەوی بگۆڕدرێ. لەڕاستیدا جوانی زمان لەو مانایانەوە دێ کە دێرەکان لە هەناوی خۆیاندا هەڵیئەگرن و دروستی ئەکەن و ئەیبەخشنە دەرەوە، ئاسۆی تر و مانای تری پێ ئەدۆزنەوە و لە ڕووحماندا ماوەیەکی زیاتر ئەیهڵنەوە.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

# ئیسماعیل حەمەئەمین..



چــۆن ئێمــە نــاتوانین خــودا وەك خوادیـەکی بیرکـەرەوە لـە مـەخلوق مەزندەبکــەین، ئاوەهــاش نــاتوانین رۆمــانئوس بــەبێ فیکــر مەزنــدە بکەین.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

٣٥٠- توانا ئەمین

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

**توانا ئـەمین: ئەگـەر لـە زەمەنێکـدا چـیرۆك تـەنها بـۆ ئـەوە گێڕارابێتەوەکە(لەوەحشییەتی بێزاری قوتارمانکات) ئەدی ئێستا چـیرۆکی نـویێ دەیـەوەیێ چـی زێـدەتر بـە مـرۆڤ ببەخشیێ؟ بەمانایەکیتر ئێوە بۆ چیرۆك دەنوسن؟ چـیرۆك نوسینتان خزمەت بەکوێی مرۆڤایەتی دەکات؟**

**ئیسماعیل حەمەئەمین:**

بۆچی چیرۆك دەنوسم! ! .. ئەزانی چـی ئـازیزم ،

کاتی خۆی لە یەکـەم کـۆڕی چـیرۆك خوێندنەوەمـدا لـە١٩٨٧ لـە هـۆڵی رۆشنبیری سلێمانی هەمان پرسیاریان لێکردم، ئـەو زەمەنـە تاڕادەیـەك لەژێر کاریگەری ریالستی سۆسیالستیدا بووم، بەڵام بەهـەمان شـێوەش هـەوڵی دوورکەوتنەوەمـدا لـەو ئەرکـە سـەیرانەی کەئـەو قوتابخانەیـە دەیخستە پاڵ وەزیفەی ئەدەب بەگشتی. بەهەر حاڵ، هـەمان پرسـیارم لێکـرا و وابـزانم وەڵامێکـی خێـرام دایـەوە ، وەڵامێـك لـەژێر کاریگـەری حەماسی کەش و هەوای کۆڕەکەدا گونجاو بـوو، وابـزانم گـووتم: مـن بـۆ ئێوە چیرۆك دەنوسم! ! لەدەرەوەی هۆڵەکـە (شـێرزاد حەسـەن) پێـی گووتم: چیرۆکنوس بۆ کەس نانوسێت، دەبێت بـاش لـەوە تێبگـەیت! ! لەپـشت ئـەم دێڕانـەوە وەزیفەیـەکی گـەورەتر فـروانتر لـەوەی ئـەدەبی بـەرگری و سۆسیالـستی بانگەشـەی دەکـرد، خـۆی ئاشـکرا دەکـرد، وەزیفەیـەك چـەندە ئیندیڤیـدوال و کەسـیە ئەوەنـدەش ئیـستاتیکیە،

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

لەوبڕوایـەدام ئـەو رایـەی شـێرزاد حەسـەن تـاوەکو ئـەمڕۆش دەخـوات. ئەمە جگەلەوەی مـن ڕۆژانـە ئـەم پرسـیارە لـەخۆم دەکـەم: مـن بۆچـی دەنوسم! ! ئەم پرسیارە هەر جارەی دەمگەیەنەتـە بـەردەم دنیایـەکی جیـــاوازتر لـــەخودی خۆمـــدا، لەوانەیـــە چـــیرۆك نوســـین بـــەم دیوەداپرۆسەیەکی (دۆزینەوەی خودێکی شـاراوە یـان ونبـوو ) بێـت لـە ڕۆژانە ژیاندا. دەشێت حەزێك بێت لە دەسـەڵاتێکی وەحشی و بێئامـان کـەزۆر جـار (فاشیـستانەیە)، قەڵاچـۆکارانەیە، تێکدەرانەیـە بەرامبـەر بەهەقیقەت و ژیان. حەزێکە بۆ کردنی هەموو هەقیقەتێك بە (گێڕانـەوە) بـەڵام کامـە گێڕانـەوە، ئـەوەی چـیرۆکنوس دەیـەوێت، نـەك ئـەوەی کەهەیە و مێژووە! چیرۆکنوسین بەم مانایە پرۆسـەیەکی غەدرلێکـدرنی ژیانـە، مومارەسـەکردنێکی فاشـیانەیە لەسـەر شـێوازێکی دیکـە، گـەر فاشـیەت لـــە فانتازیایـــەکی دەســـەڵاتگەری بێـــجڵەو و کوشـــندەوە سـەریهەڵدابێت، بیـەوێت نەتـەوە و تـوخم و تەنانـەت پێکهاتـەی لەشـی مرۆڤیش پێوانە بکـات لەسـەر بنـەمای فانتـازی خـۆی، رەگـەزە نـامۆ و ناشرینەکان لەناو بەرێت لـەپێناو گێڕانـەوەی چـیرۆکەکانی خـۆی، ئـەوا چیرۆکنوس تەنها لەسەر ئاستی زمـان و پەیوەنـدی بەهەقیقەتـەوە ئـەو پرۆسێسە ئەنجامـدەدا بـەڵام بـەدیوێکی ئیستاتیکی. بـەڵام ئەمـە لـەو هەقیقەتە ناگۆڕێت کەچیرۆکنوس دەیەوێت هەموو گێڕانەوەیەك لە ژیان بسەنێتەوە و لەنێو دەقـدا گێڕانـەوەی دیکـەی لـێ پێکبهێنێـت، ئـەوەی دەقە جوانەکانی گێڕانەوەی چیرۆکنوسان بخوێنێتەوە خـۆی لەبـەردەم نەخـــشەی شـــارێکدا دەبینێـــت، گـــەر بـــڕوای پێبکـــەین و نەخـــشەی چیرۆکنوســـەکان وەربگـــرین ئـــەوا لـــەنێو شـــاری ڕاســـتەقینەدا حەتمـــەن ونـدەبین. بـڕوام پێبکـە ئـەو شـارانەی (کـاروان کاکەسـوور) باسـیان

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

دەكات، ئـەو گـەراجی پـاس و كۆلانانـەی ئـەو كێـشاوێتی لەچـیرۆك و رۆمانەكانیدا، ئەو هەولێرەی ئەو لـە نوسـینەكانیدا باسـی لێـوەكردووە، تەواو جیـاوازە لـە هەیقـەتی شـارەكان خۆیـان! خـۆ ئەگـەر نەخـشەی شاری هەولێر لەكاروانەوە وەربگرین، ئەئكید بـە لەهـەولێر ون دەبـین، ئـەوە هەولێرێكـە كـاروان دەینەخـشێنێت بەگێڕانـەوەكانی، نـەك ئـەو هـەولێرەی كەهەیـە، نـەك ئـەو هـەولێرەی شـێرزاد حەسـەن و مـەمی چـیرۆكنوس و سـەلاح عومـەر دەیبیـنین، بـەكورتی هـەر یـەك لـەو چیرۆكنوسانە پرۆسەی قەلاچۆكردنی شوێن و زەمەنەكان پیادە دەكەن لـەپێناو شـێواندنێكی دیكـەی ژیـان، بـۆ هـیچ نـا، تـەنها لەبـەر ئـەوەی حـەزێكی سـەیر هەیـە بـۆ دەسـەلاتێك كـە هـەموو دنیـا لەگێڕانـەوەدا كورتبكاتەوە، هەموو شـتێك بـەئارەزووی خـۆی بگێڕێتـەوە، گـەر ئەمـە نهـێنی جوانیـەكانی پرۆسـەی چیرۆكنوسـین بێـت و لەهەمانكاتیـشدا بەشێك بێت لە مەبەستەكانی، ئەوا بـەدیوێكی دیكـەدا چـیرۆكنوس ئـەو خودە فاشیستەیە سەرمەستە بەجوانیـەكانی دەسـەلاتێك كـە دەتـوانم بەدەسەلاتی ئیستاتیكا ناوی بەرم .

لێـرەوە هـەموو پرسـیارێك لەمـەڕ بۆچـی دەنوسـی و وەزیفـەی چیرۆكنوسـین چـیە!!، خـۆی لەبـەردەم وەلامـی سـەیر وسـەمەرەدا دەبینێتـەوە كەپابەنـدن بـە كێـشەكانی خـود لەگـەڵ جیهانـدا، خودێـك دەیـەوێت لەرێگـەی گێڕانـەوە جیهـان پێناسـەبكات.. ئـەو حـەزە بـۆ گێڕانەوە، ئـەو كەڵكەڵەیـە، دروستكەری هـەموو ئاینەكانـە، كێهـا ئـاین هەیە بەدەر بێت لە گێڕانەوەی چیرۆكەكانی خـۆی!!. كێهـا بیرمەنـدو فەیلەسوف نیـە خـەون بـەوە نـەبینێت كـە رۆمانێـك بنوسـێت؟!. رۆلان بـارت تـاوەكو مردنـی هـەر باسـی رۆمـانێكی دەكـرد كەبـەنیاز بـوو

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

بینوسێت، ئادوارد سەعیدی بیرمەند هەتاوەکو مردنی هەر باسی رۆمانێکی کردووە کە نەینوسیوە! خەونی گێڕانەوە، خەونێکی لێرەبوون و وجودیانەیە. خۆ گەر دەسەڵاتی سیاسی لەچیرۆکەکانی دابڕێت هیچی لێ نامێنێتەوە!! چیرۆکنوسین سیحری دەسەڵاتێکە کە بە توندوتیژی و سیاسەت پێیناگەیت، گێڕانەوە دەسەڵاتێکی تایبەتە خاوەن جادووی خۆیەتی. بەم شێوەیە دنیای ئێمە، دنیای چیرۆکەکانە کەبەردەوام خۆی بەرهەمدەهێنێتەوە..

لەپەراوێزی ئەم پرسیارەدا ئادۆرنۆم بیر دەکەوێتەوە کە دەربارەی (مارسیل برۆست) دەڵێت: ئەو کوڕە دەوڵەمەندەی گرنگ نیە ئایا لە بەهرەمەندیەوە، یاخود لە لاوازیەوە پیشەی هونەرمەند یاخود رۆشنبیری بۆ خۆی هەڵبژاردووە.. لەبەر ئەوە بە سەختی تێدەگەم وەڵامی پرسیارێك بدەمەوە، کەدوای نوسینی هەر بەرهەمێکم لەخۆمی دەکەم و دەڵێم: ئەی دوایی؟!!... ئەمانە هەموو ئەو کێشەبەندیانەن پرسیارەکەت لەلای من دەیانهاروژێنێت..

**توانا ئەمین: لەئاستی فکریدا بۆئەوەی چیرۆکێکی قوڵمان هەبێت پێویستە سەبژێکتێکی قورسمان ئامادەبێت. ئایا زمان لەچیرۆکدا هێزی گۆڕین و ئیش لەسەرکردنی بابەتی هەیە لەرووداوێکی سادەوە شۆڕبیکاتەوە بۆ تونێلەکانی لەسەر وەستان؟**

**ئیسماعیل حەمەئەمین:**

ئەمەپرسیارێکی زیرەکانەیە، دووپرسیارە پێکەوە گرێدراوە..من پێموایە دەبێت ئێمە خاوەن هەستێکی

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

جیاوازکار بێن لەنێوان فیکر وەك خۆی و فیکریش وەك یەکەیەکی گێڕانەوە. لەنێوان ئەم دووانەدا جیاوازیەکی گەورە هەیە، لەگەڵ ئەوەی وەك هەموو هونەرێکی نوسین و بیرکردنەوە لە چەندەها کۆڵانی رۆشنبیریدا رووبیان دەبێت بە رووی یەکترەوە.. گەر (هزر-فکر) لەنوسینی فەلسەفی و کۆمەلایەتی و راڤەیدا لەپەیوەندیدا بەجیهانەوە، کۆنکرێتیەکی هەبێت و راستەوخۆ گفتوگۆ ئامێز بێت، پشت ببەستێت بە حونجەتکاری و تیۆرە و گریمانەی فیکریەوە، گفتوگیەکی دیاریکراوی هێڵ نەخشەبۆکێشراوی روون و ئاشکرای هەبێت بۆ دیاریکردنی فینۆمینە کۆمەلایەتی و فەلسەفیەکان. ئەوا لەکردەی چیرۆکنوسین و رۆمانوسیدا (بەرهەمهێنانی هزر) بەئاراستەیەکی جیاوازتردا تێپەڕ دەبێت، چیدی ڕاستەوخۆیی (هزر) بەهەرم نایەت و چیدی حونجەتکاریەکی کۆنکرێتی (دیاریکراو،راستەوخۆ) نیە بۆ پەیوەندی نێوان دنیاو کەسەکان و رووداوەکان. بەڵکو ئەوە جوڵەی فیگوری رۆمان و چیرۆکە لەنێو رووداو و شوێن و کاتدا، کە(زەمەنی هزر) بەرهەمدێنێت! مەبەستیشم لە زەمەنی هزر ئەو چرکەساتەیە کەلەپرۆسەی خوێندنەوەی ئێمەدا بۆ چیرۆك، دنیایەکی دیکە بەچەندەها رەهەندی جیاوازەوە دەدۆزێتەوە، ئیدی چیدی دنیای شار و کەسەکان لەبەر چاومان لەدوای خوێندنەوەی رۆمانێکی جوانەوە، وەك خۆیان نامێنن، چیدی تێروانین و چێژمان بۆ ژیان وەکو جاران نابن، گۆڕانینان بەسەردا دێت. ئەوەی مارکێز بخوێنێتەوە، هەموو ئەو پەیوەندیە جادووگەرانەی ریالێکی سەخت و بێمانای مرۆڤایەتی دەدۆزێتەوە، کەتاوەکو ئێستا خورافەی خۆی بەرهەمدێنێت. خوارفەی دروستبوونی ژەنراڵەکان لەپەرۆی پیسی قەحبەکانی نێو دارستانەکانی باران، فیکەفیکی بەردەوام بێوازکاری گونی ژەنراڵ لە(پایزی

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

پاترياركدا) ئەو پارادۆكسە سياسى و شكستيە گەورەيەى مۆدێرنە حەيابەردەكات كە بانگەشەى دنيايەكى يەكسان دەكات. ئەو يەكسانيەى كەتارادەيەك لەنێوخۆى ولاَتانى بەرھەمهێنى مۆدێرنەوە دەستبەر كراوە، كەچى ھەمان ولاَتى ديموكراتخوازە، بۆ مانەوەى خۆى دەرياى كاريبى دەخاتە ژێر دەستى ژەنراڵێكى خرفەوە ! ! ..

كاتێك (سێرڤانتيس) لە سەدەى شازدەدا (دۆنكيخۆتە)ى نوسى ميشێل فۆكۆى نەدەناسى ! ! كەچى دواى چوارسەدە، دۆنكيخيۆتە لەنوسينەكانى فۆكۆدا ناوەڕۆكى بەرھەمهێنانى چەندەھا تێزى فيكرى بوون.. بەم شێوەيە رۆمان و چيرۆكە باشەكان، روانين و تێروانينمان بۆ ژيان و شتەكان دەگۆڕن، وەكو فەلسەفە نيە كە بەڕاستەوخۆيى كاريگەى ھەبێت لەسەر مامەڵەمان بۆ خەڵكى و ھەڵوێستمان بەرامبەر دنيا، نەخێر، كاريگەريەكانى پرۆسەى بەرھەمهێنانى مانا يان ھزر، ئاڕاستەيەكى ديكە وەردەگرێت. چێژ و چەشەمان بۆ ژيان و وردەكاريەكانى نێو دەروون و پەيوەنديەكان بەشێوەيەكى ديكە دەبينين، ژيان بەشێوەيەكى ديكە دەدۆزينەوە، كەتاوەكو ئێستا بەختەوەريەك ھەبووە لە سوچێكى ناشريندا و ئێمە نەماندۆزيوەتەوە، ھزر لە چيرۆك و گێڕانەوەدا چێژ و دوورى نوێمان لە جيھاندا بۆ دەدۆزێتەوە. پرۆسەى بەرھەمهێنانى ئيدياو جيھانبينيەكان، پرۆسەيەكى خێراو زۆرجاريش رستەى كورتن كە ھاوكێشەى فيكرى بەرھەمدێنن، بەبێئەوەى بەراستەوخۆيى و حونجەتكاريدا تێپەڕبێت. ديارە دەبێت ئەوە بڵێين كەپرۆسەى خوێندنەوەى رەخنەگرانەيە ئەم ھزرە جارێكى ديكە دەدۆزێتەوە، بێگومان رەخنەگران ئەو خوێنەرە بەسەليقە و زيرەكانەن كە ھزر لەنێو كۆلاَنەكانى رووداوەكاندا دەدۆزنەوە و جارێكى ديكەماناى ديكەى لێ بەرھەمدێنن. بەم

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

شـێوەیە پرۆسـەی بەرهـەمهێنانی هـزر پرۆسـەیەکە وابەسـتەیە بەخوێنـەرێکی زیـرەك و بـەتوانا و رەخنـەگری بەسـەلیقە، کەبەداخـەوە لەنێوەندی ئەدەبی ئێمەدا دەگمـەنن و گـەر شـتێکیش بخوێننـەوە ئـەوا بەدووی نوسەر دیارەکانن و دۆزینەوەی نوسـەری نـوێ و چەشـەی نـوێ بابەتێکە رۆشنبیریەك و هەستکردنێکی بەلێپسراوێتی ئەدەبی پێویستە کەبەداخـەوە تـاوەکو ئێـستا بەشـێوەیەکی بەرچـاو بـەدیم نـەکردوو، دەبێـت ئـەوەش بڵـێم کـە هەنـدێك رەخنـەگری گـەنجمان هـەن وورده وورده پێدەگـەن و جێگـەی هیـوان ... بەهـەرحاڵ، گـەر خوێندنـەوەی رەخنەگرانــە نــەبن، ئــەوا هــزر بەنوســتوویی لــەدەقی گێڕانــەوەدا دەمێنێتەوە، وەك ئەوەی ئەمڕۆ لە ئەدەبی کوردیماندا دەیبینین.

ئەمە لایەنێکی پرسیارەکەت بوو، لەلایەکی دیکەوە دەمـەوێت بڵـێم: بابەتێکی قورس نیە کە هزر لەرۆماندا بەرهەمبهێنێت! ! نـەخێر، ئەمـە رایــەکی ســەیرە! هاوکێـشەی جوانیــەکان و خۆرســکیەتی گێڕانــەوە دەخاتە ژێر جەبری (هـزرە) وە، ئـەز پێیوایـە ئـەو هاوکێشەیە بەسـەر نوسـینی فکـری و فەلـسەفیدا زیـاتر پراکتیـزە دەبێـت، وەك لەئـەدەب. بەداخەوە لەبەر ئەوەی نێوەندێکی زانکۆیی بـاڵا نیـە بـۆ بەرهـەمهێنانی بیرو ئیدیاکان، هەر بۆ یە هـەموو فەیلەسـوفێك لـە نێوەنـدی رۆشـنبیری کوردیـدا خـۆی لێبـووە بـە ئـەدیب و هـەموو ئـەدیبیێکیش وەك ئـەدیب نافەلسەفێنێ بـەڵکو وەك پرۆفـسۆرێکی بەشـی فەلـسەفە، بەشـێوەیەك کەلەگەشتی ئەمجارەی کوردستانمدا سەرم سوڕما لەم هـەموو فۆکـۆ و دێردا و هابرمازە زۆرانە! ! بەهەر حاڵ... نەبوونی ئـەم خانەبەندیـە زۆر سێبەری ئەم یان لەوی دیکەدا تێکـەڵکردووە، هـەر ئـەو سـێبەرانەن کـە خۆیان کێشاوەتە نێو پرسیارەکەی تۆوە کە پێتووایە کـاری رۆمـاننوس بەرهـەمهێنانی فیکـرە، بەمـەرجێك ئـەوە زیـاتر کـاری فەیلەسـوف و

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

راڤـەکاری سیاســی و کۆمەڵایەتیـە، چـونکە ئـەوە ئـەوانن کەهــەموو جوڵـەکانی ژیـان دەخەنـە ژێـر پرسـیارەوە بـە مەبەسـتی گەیـشتن بـە چەندەها کلێشەی کۆنکریتی و دیاریکراو لە بەرهەمهێنانی مانادا ..

رۆمـــان بەهـــەمان شـــێوە مانـــا بەرهەمـــدێنێت بـــەڵام لـــەنێو هەمەڕەنگیـەکی سـەیری کلێـشەی گێڕانـەوە و جوڵـەدا، هـەروەك ژیـان خۆی کـەپێکهاتووە لەکـەس و شـوێن و رووداو و ئاسمـان و وەرزەکـان، ئاوەها رۆمانوس ژیان دەخولقێنێت بەهەموو دووریەکانیەوە، ئیـدی کـێ لەدوایدا دێت و لە نێو رۆمانێکی تایبەتدا قسە لەسـەر کلێـشەکانی ژیـان دەکـات، ئـەوە مەسـەلەیەکی دیکەیـە. مـن پێمووایـە بابـەتی قـورس و ئاسـان نیـە، بـەڵکو ئیـشکایەلیەتێکی مرۆیـی هەیـە، کەلەشـێوەی کەڵکەڵەیەکی ئاڵۆز رۆماننوس نیگەران دەکات، کەڵکەڵەیەکـە تـۆ نـاوت نـاوە (سـەبژێکت) . فەلـسەفە و فیکـر یارمـەتی دەرن بـەڵام بـەهانای رۆمانوسـەوە نایـەن و قەناعـەتی پێنـاهێنن بـۆ نوسـین، بـەڵکو ئـەوە پێگەیـشتنی رووداوەکانــە کــەفیکر راپێــچی ئیـشکالیەتاکانی خــۆی دەکات، نەك پێچەوانەوە... ئیدی ئـەو بیرۆکانـەی لەگێڕانـەوەدا خۆیـان لەکەسـایەتی و رووداو و هەڵبـژاردنی زەمەنـدا فۆرمولەدەکەنـەوە. هـیچ نەخـشە بـۆ کێـشانێك نیـە کـە بڵـێین: ئاهـا... ئـەم بابەتـە قورسـایەکی مێژوویی و فیکری هەیە و گەر بکرێـت بـەرۆمان یـان چـیرۆك شـاکارێکی ئــەدەبی لێدەردەچــێت!! ئەمــە کەوتنــە نێــو وەهمــەکانی مێــژوو و ئیدیاکانە گەر ئیدیالیستیەکی بـەتاڵ نـەبێت! بەپێچەوانەوە، زۆر جـار نـــاوەرۆکی چـــیرۆکەکان چـــەندە ئاســـان وســـاکارن ئەوەنـــدە لـــە بەرهەمهێنانی چێژ و چەشەی ئەدەبی و (هزری گێڕانەوە) مانای جـۆراو جـۆر و کلێـشەی بیرکردنـەوەی دیکـە لەمـەڕ جیهـان بەرهەمـدێنێن. مـن (هــزری گێڕانــەوە) بــەو هــزرە تێدەگــەم کــە دوور لــە کێشمەکێـشە

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

راستەوخۆیەکانی بیریاران وفەیلەسوفان خۆی پێك دێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانم رۆمانووسێك بهێنمە بەرچاوم بەبێ پێشینیەکی قوڵی فیکری و خوێندنەوەیەکی تێر و تینوو... رۆماننوسین کردەیەکە بەبێ خوێندنەوەیەکی دەوڵەمەند بەرهەمنایەت، بەڵام لەکاتی پرۆسەی نوسینی رۆمان خۆیدا هەموو کۆنکرێتی و دیاریکراویەکی ئەو خوێندنەوانە دەرژێنە کەش و هەوای ژیانێك کە رۆماننوس دەیخولقێنێت... چۆن ئێمە ناتوانین خودا وەك خوادیەکی بیرکەرەوە لە مەخلوق مەزندەبکەین، ئاوەهاش ناتوانم رۆماننوس بەبێ فیکر مەزندە بکەین... لێرەوە رۆمان گرنگی بەژیان و زەمەن و دۆزینەوەی پەیوەندیە شاراوەکانی ژیان دەدات، بەمەش دووریەکی دیکە دەبەخشتێت بەژیان و فیکر خۆی... بیرت نەچێت زۆربەی رۆمانە باشەکان لە بیرۆکەی زۆر سادەوە سەرچاوە هەڵدەگرن پاشان وەك جاڵجاڵۆکە تەنی خۆیان ئاڵۆز دەکەن، رۆمانی باش چەندە ئاسانە بۆ خوێندەوە، ئەوەندەش ئاڵۆزە لەپێکهێنانی ماناکاندا، هەروەها بەپێچەوانەشەوە..

**توانا ئەمین: توانای گێڕانەوە دەکارێت تەحەکوم بەکۆی چیرۆکێك بکات و لە چیرۆکێکی تەقلیدییەوە بیبات بەرەو چیرۆکێکی نوێ؟ چیرۆکنوس زیاتر بەکامە ڕەگەز لە ڕەگەزەکانی زمان، گێڕانەوە، گرێچنی، شوێن کات....دەتوانێت چیروکێکی جوان بنوسێت؟**

**ئیسماعیل حەمەئەمین:**

بەهەمووی ئازیزم... بەکۆی هەمووی دەتوانین چیرۆکێکی باش بنوسین، دەڵێم باش نەك جوان، چونکە چیرۆکە

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

باشەكان بەدرێژایی مێژوو دەخوێنرێنەوە، چیرۆكەجوانەكان لەگەڵ گۆڕانی كەش و هەوای زەمەنێكی چەشەی ئەدەبی بەسەر دەچن... دەبێت كاتێك باس لەئەدەب بكەین، چەمكەكان دیاری بكەین بۆ ئەوەی بزانین لەكوێدا وەستاوین، بەهەمان شێوە پرسیار لەتەكنیكی چیرۆكنوسین، بەچیرۆكنوس خۆی وەڵام نادرێتەوە، بەڵكو (بەڕێژەییەوە) ڕەخنەگرەكان وەڵامی دەدەنەوە، ئەوانیش خوێنەرێكی بەهێزی تێكستەكانن... لێرەوە( باش) و (جوان) دوو مەسەلەی گرنگن كەلەپەراوێزی وەڵامی ئەم پرسیارەدا تێڕوانینی تایبەتم هەیە بۆی... بەڵام بابێینەوە سەر وەڵامی پرسیارەكەت، وەك گووتم، بەهەموویان بەهەموو ڕەگەزەكان، چونكە هیچیان دابڕاو نین لەوی دیكە و هیچیان بەبێ ئەوی دیكەیان ناتوانێت كار بكات، تۆ دەبێت لەچیرۆكدا شوێن هەبێت، كات هەبێت، زەمەنێكی ناوەكی یاوەكو فیزیكی هەبێت، ناوەڕۆرك هەبێت، ئەوەی هەموو ئەمانە پێكەوە گرێدەدا گرێچنە، گرێچن وەك لەچیرۆكی كلاسیكدا چەقی پڕۆسەی گێڕانەوەیە، بەڵام لە تەكنیكی تەوژمی هۆشدا بەتایبەت (جێمس جۆیس)دا، گرێچن دابەش دەبێت بە چەند یەكەیەكی گێڕانەوە لەكۆتایی چیرۆكەكە خوێنەر خۆی لەبەردەم پانۆرامایەكدا دەبینێتەوە كەتۆبۆگرافیای چیرۆكەكەدا پێكدەهێنێت. دەشێت گرێچن هەر لەسەرەتای چیرۆكەكەدا بێت، هەر لەسەرتای (چیرۆكی مەرگێكی ئاشكرا) ی ماركێزدا ، هەمووان دەزانین كە فیگوری سەركی ڕۆمانەكە كوژراوە، پاشان ئەوانی دیكە چیرۆكەكان دەگێڕنەوە، (كامیلۆ خۆسێ سێلا) لە ڕۆمانی (ئاوازی ماسۆركا بۆ دوو مردوو) هەمان تەكنیك بەكار دێنێت، كەچی هەر هەمان ڕۆماننوس لە ڕۆمانی (مس گاداڤێل قسە لەگەڵ كوڕەكەیدا دەكات..) هەر بەشەی بابەتێكی سەربەخۆ و گرێچنێكی تایبەتە، (شێرزاد حەسەن) گرێچن بەسەر ڕووبەرێكی زمانەوانی، زۆر جار خوتبەبێژانەی كەسی یەكەمی

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

تاکدا دابەشدەکات، لەلای (تەها ئەحمەد رەسوڵ) گرێچن چەقی چیرۆکەکان پێکدێنێت و هەموو چیرۆکێکی ئەو یاریەکی جوانە لە هاوکێشەی فیگور و زەمەن و کات. کاروان کاکە سوور لە گرێچنێکی بچوکەوە دەستپێدەکات، بۆ چەندەها گرێچنی دیکە، رۆمانی (ئای لەڤیلیا یا ڤیلیا) نمونەیەکی باڵای یاری جوانی هەموو رەگەزەکانی چیرۆکن کەبەداخەوە رۆشنبیری خوێنەری ئێمە نەگەیشتۆتە ئاستی ئەو چەشنە باڵایەی، چێژ لەو رۆمانە وەربگرێت. بەپێچەوانەوە (بەختیار عەلی) لە رۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا) دا هەمان گرێچن دەکاتە قوربانی دەستەواژە خوتبەبێژی فیگورەکانی، بەشێوەیەك کە نە خوێنەر نە فیگوری رۆمانەکەی سەربەستیان هەبێت، کەچی هەر بەختیارە لە رۆمانی (مەرگی تاقانەی دووهەم) وەك چیرۆکەکەی مارکێز (چیرۆکی مەرگێکی ئاشکرا) گرێچنەکە ئاشکرا دەکات، پاشان دەچێتە نێو زەمەنی کەس و شوێنەکانەوە، ئەویش گرێچن بەسەر رووبەرێکی زمانەوانی دابەش دەکات. هەموو ئەمانە لە کات و شوێن و زەمەنی سایکۆلۆژی و فیزیکیدا روودەدەن، گرێبەندکردنی هەموو ئەمانە زمانی تایبەتی چیرۆکنوس دیاری دەکات... هەموو ئەم چیرۆکنوسانە، هەر یەکەو یاری گێڕانەوەی خۆیان مومارەسە دەکەن، لەرێگەی گرێچنەوە، چونکە ئەوە گرێچنە کە شوێن و کات و زەمەنی سایکۆلۆژی لە فۆرمی گێڕانەوە یاخود هونەری گێڕانەوەدا کۆدەکاتەوە.

دیارە سەرکەوتوویی هەموو یەکێك لەو هاوڕێ ئازیزانەم، لەتەها ئەحمەد رەسوڵەوە وە بیگرە تاوەکو دەگاتە بەختیار عەلی و عەتا محەمەد و کاروان کاکەسوور و شێرزاد حەسەن و زۆری دیکەی کلاسیکی وەك کۆمەڵە چیرۆکی (ئەبێ و نابێ و ڕایەکی زمانەوانی ..) موحەمەد ئەمین موحەمەد وچیرۆکەکانی مامۆستا حوسێن عارف و

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

(سێبەری ئەسپە شێی) مامۆستا حەمەفەریق حەسەن و زۆری دیکە لەوەدایە، کەهەمووان، پابەندن بە کلاسیکیاتی چیرۆکنوسین، بچن چیرۆکەکانی مامۆستا (مەم)، چیرۆکە کۆنەکانی بخوێنەوە، کۆمەڵە چیرۆکی (پەنجافلس)، بچن (چای شیرین)ی حوسێن عارف بخوێنەوە، بچن (هەوار) ی مامۆستا رەوف بێگەرد بخوێنەوە، بچن ( رەشپۆشێکی جیهانی چوارەم) مامۆستا موستەفا سالح کەریم بخوێنەوە، ئەمانەو زۆری دیکە کە سەرەتاکانی چیرۆکی کوردین تاوەکو دەگاتە شێرزاد و نەوەی ئێمە... هەمووان پابەندن بە ئەلف وبای چیرۆکنوسینەوە، بەڵێ ئەلف وبای چیرۆکنوسن کەخەریکە ئەمرۆ لەنەشارەزایی هەندێك بە نێو (چیرۆکنوس) وە لە(هونەرەکانی گێڕانەوە) بەشێوەیەك کەنازانین کەی چیرۆکەکە دەستی پێکردووە و کەی کۆتایش هاتووە، کەتەواو دەبین لەخوێندنەوەی ئەو جۆرە چیرۆکانە دەبێت بڵێین: ئەو چی بوو خودایە... ئەو هەرایە چی بوو..جگەلەکۆمەڵێك وێنەی پەخشانی (جوان) نەبێت، وەك ئەوانەی لە تێکستەکانی (ئاکۆ کەریم مەعروف)دا هەن ، هیچی دیکە نین ..

من نمونەیەکت بۆ دێنمەوە بۆ ئەوەی خوێنەر باشتر تێمبگات، من عادەتێکی سەیرم هەیە، ئەویش ئەوەیە هەموو شتێك دەخوێنمەوە، جاری وەها هەیە ئاگادارینامەی دوودێڕی کە لە رۆژنامە کوردی و ئەڵمانی وعەرەبیەکاندا بڵاو دەبنەوە، بەهەمان شێوەش چەندە لە خوێندنەوەمدا هەڵبژاردەم بەحوکمی تەنگەبەری کات لە شێوازی ژیانمدا. ئەوەندەش هەر بۆ بەداواداچوون چیرۆکی خراپیش دەخوێنمەوە کەزۆر جار میزاجی نوسینیشم تێکدەدەن... یەکێك لەو بەدوا چوونانەم چیرۆکەکانی (ئاکۆ کەریم) ی هاوڕێم بوو، کە لە ٢٠٠٠ بۆ ٢٠٠١ لە پاشکۆی کوردستانی نوێدا بڵاوی دەکردەوە، کە٢٠٠١چوومەوە بۆ کوردستان بەئاکۆم گووت: ئاکۆ من تێناگەم ئەم

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

داپیرەیە و ئەم خێل و دەوارانە بۆچی هەن و رووداوێك نابینیم كۆیان بكاتەوە!! بۆچی دەچن بەنێو زەمەندا، كامە زەمەن؟!! ئاكۆ گووتی: ئەمە زنجیرەیەك چیرۆكە پەیوەندیدارن بەیەكتریەوە و زەمەن شكێنراوە و گرێچن لە فەزایەكی دیكەدا دەخولێتەو ئەمجۆرە قسانە.. ئەم قسانەی ئاكۆ جوان بوون، بەڵام هێزی قەناعەتكردنیان نەبوو.. باشە بۆ دوور برۆین كاروان كاكەسوور لە چیرۆكی (چاڵدێران) هەموو زەمەنەكان تێكەڵ دەكات بەڵام خوێنەر ون ناكات، بەڵكو بەنێو زەمەنكانكاندا دەیهێنێت و دەیانبات و روودا و گرێچنو شوێنو زەمەنی مێژوویی‌و سایكۆلۆژی بوونی هەیە، دەزانین ئەم ئافرەتە بۆچی قاز لەبن هەنگڵیدا هەڵدەگرێت، لەرۆمانەكانی بەختیاردا دەزانین چی روودەدا، بۆ نمونە (دواهەمین هەناری دونیا) بەئاسانی هەناری شووشەین و دابەشكراون بەسەر سێ كۆرپەداو هەر یەكەو چارەنوسێكی هەیە، ئاها چەندە جوان و باشن و چەندە ئاسانیشە، عەتا محەمەدیش ئاوەها دەكات لە(زارەكانی خەون)دا. بەكورتی‌و بەكوردی، دەبێت كلاسیكیات هەبێت، ئەلف وبای چیرۆكنوسین، وەك دالی دەڵێت دەبێت تۆ سەرەتا نیگاركێش بیت ئینجا هونەرمەند!! دوای ئەوەی (پاركی بۆقەكان) ی ئاكۆم خوێندەوە سەرسورما كەئەم تێكستە خراپانە بەناوی چیرۆكەوە بڵاوكراونەوە، ئەمساڵ هەمان نوسەر نوڤلێتێكی خۆی دامێ كەتازە لەچاپی دابوو، وابزانم ناوی (ئافاتی وشە) بوو، پەیمانم دایەكە بیخوێنمەوە و بەهەقەت لەو سەفەرە كورت و لەپڕەمدا توانیم بیخوێنمەوە، تاوەكو ئێستاش نازانم بۆ كتێبخانەی گشتی لەو بەناو نوڤلێتەدا سووتاوە ؟! سەیر لەوەدا بوو چیرۆكنوس خۆی نەیدەزانی بۆ!! ئەمە نوكتە نیە!! هەر بۆیە دوای دوو كاتژمێر گفتوگۆ لەچایخانەی شەعب و لەو گەرمایەی گەلاوێژدا، نەیتوانی ئەو (ئافاتی وشەیەم) بۆ شیبكاتەوە، هەر بۆیە بە

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

ئاكۆم گووت: ئـەم نوڤلێتـە نـاوێکی پـڕ بەپێستی خـۆی هەیـە ! ! ئـەم ڕایەم لەلای هاوڕێی ڕۆماننوسم تەهای ئەحمەد رەسوڵیش گووت.. ئـاکۆ بەداخەوە، نەیدەتوانی پاساو بۆ ونبوونی ڕووداو لە بەنێو نۆڤێلاکەیـدا بهێنێتەوە، کەبەڕای من لاوازی ڕۆشنبیری چیرۆکنوسانەیە... دیارە مـن ئەمە وەك فینومینێك باس دەکەم،نـەك تێکستێك قـابیلی قـسە لەسـەر کـردن بێـت... چـیرۆك نوسـین پرۆسـەیەکی لەسـەر خۆیـە و ئـەوەی دەیەوێت چیرۆکنوس بێت لە ڕۆژهەڵاتدا دەبێت فێری ئـەوەبێت بەتـەنیا بـژی، تەنیایـەکی خـۆ پەروەردەکارانـە و دەبێـت ئـەوە بزانێـت ئـەم کۆمەڵەگـە سـیخناخدراوە بـە خێـڵ و ئیـسلامەوی و سیاسـەتی سـەیر و عـەجایب، ئەوەنـدەی بابـەت دەبەخـشن بەچـیرۆکنوس ، ئەوەنـدەش پەراوێزی دەکەن... ئەمانە هەمووی سەبری ئەیوبی دەوێت، چونکە تـۆ لە چوار ساڵدا یەك ڕۆمان دەنوسی، لەوانەیە لـە سـاڵێکدا یـەك چـیرۆك، ئیدی ئەوەی مەزندەی ئەوە بکات لـە ڕێگـەی چیرۆکنوسـینەوە دەبێـت پاڵەوانی سەر لاپەڕەو شاشەکان، تەنها یەك چارەسـەری هەیـە ئـەویش ئەوەیە خێرا خێرا چیرۆك بنوسێت، کەلـەدواجاردا تاتیلێـك دەبەخـشێت بـەخۆی وەك (چـیرۆکنوس)، بـەمانای شـەڕێکە بـۆ پـچڕینی تـایتلێکی کۆمەڵایـەتی، لەوانەیـە بتوانێـت لەسـەر ئـەوەش وەزیفەیـەك بەدەسـت بهێنێـت کەئەمـەش شـتێکی باشـە. بـەڵام نوسـینی چـیرۆکێکی بـاش ڕۆشـنبیریەکی ئێجگـار جیـاوازی گەرەکـە، تەنانـەت شـێوازە ژیـانێکی تەواو، بەپێچەوانەی ئەو هەرایەی گەرەکـە کەئـەمڕۆ ڕۆژنامـەو نێوەنـدی قـەرەباڵغی سـیخناخ بـە سیاسـەت پێویـستێتی، ئەمەخۆڕاهێنانـە لـە مومارەسەکردنی گۆشـەگیریەك لـەپێناو بەرهـەمهێنانی تێکستی باشـی چیرۆك و ڕۆمانـدا، پێویستی بـە ڕۆشـنبیریەکی فـراوان و قـوڵ و تیـژبیر هەیە، بەتایبـەت لـە ڕۆژی ئەمڕۆمانـدا و لـەم سـەدە جەنجاڵـەدا کـەڕۆژ بەڕۆژ هاوکێشەکانی ژیان ئاڵۆزتر دەبن ..

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

تـەحوکم وشـەیەکی جوانـە کـەتۆ بـەکارت هێنـاوە، تـەواو راسـتە دەبێـت کۆنترۆلێـك هـەبێت بـۆ هـەموو رەگـەزەکان لـەپێناو بەخـشینی جوانیەك بەتێکست، ئێمە دەبێت لەهونـەرەکانی گێڕانـەوە شـارەزابین، کلاسیکمان لەخوێندنەوە و پێکهاتـەی رۆشـنبیریماندا هـەرس کردبێـت، ئەوسا دەتوانین باس لە ریزپـەڕ (تـەجاوز) بکـەین، لەبـەر ئـەوە هـەموو رەگەزەکانی چیرۆك پێکرا گرنگن.

**توانـا ئـەمین: چـیرۆکی کـوردی وێراوێتـی خـۆی لەقـەرەی پرسـیارە گەورەکانی (بوون چییە، مەرگ چییە، ژیان چییە) بـدات؟ ئەگەر نەیوێراوە ئەی بۆ لەقۆناغێکدا تەواو کاریگەر بووە بـە ئایــدۆلۆژیا وەك ئـــەوەی لای نوســـەرە مارکـــسی و ناسیۆنالیـستەکانی سـەدەی ڕابـردوو بینیمـان. ئـەم خۆنەدانەی چیرۆکی ئێمە لە فەلسەفە بـۆ ئـەوە ناگەڕێتـەوە کە هەر لە بنەماوە ئێمە تێکستی فەلسەفیمان نەبووە یـا بـە مانایەکی دی فەلسەفاندن و ئیشکردن لەسەر هزر پیشەی ئێمە نەبووە؟! ئەمە ئەگەر ئەوەمان لـەیاد بێت کـە ئـەلبێر کامۆ پێی وایە بۆئەوەی ببیت بە فەیلەسوف دەبێـت ڕۆمـان بنوسیت، کەواتە ئەدەبی ئێمـە لـە مێـژووی دوور و نزیکـدا چی نوسیوەتەوە؟**

**ئیسماعیل حەمەئەمین:**

مـەرج نیـە ئێمـە فەیلەسـوف بـین، ئینجـا رۆمـان بنوسین، هەر وەك گووتم فەیلەسوفەکانیش خەون بەنوسـینی رۆمانـەوە دەبیـنین، بـەلاّم دەبێـت خـاوەن رۆشـنبیریەکی قـولّی فەلـسەفی بـین، بەنیـسبەت ئایدۆلۆژیـشەوە، پێمووایـە ئـەدیب پێویـستی بـە ناسـینی ئایدۆلۆژیا و گەمەی دەسەلاّت هەیە، مومکین نیە تۆ چیرۆکنوس بیـت و

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

ئاگات لەجوڵەی نێو کۆمەڵەکەت نەبێت، ئەمە وەهمێکە کەزۆر لە شاعیر و چیرۆکنوس تێیدەکەون، تۆ سەیرکە، چ شێرزاد، چ من، چ هیوا قادر، چ بەختیار، تەنانەت عەتا محەمەدیش، هەمووان کە دەقی ئەدەبی دەنوسین، لەسەر کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان قسان دەکەین، ئەمە بەشێکە لە مومارەسەی چیرۆکنوسین، بەشێکە لەقسەکردن لەسەر گەمەی جوانی و ناشرینی لە کۆمەڵگەدا. گرنگی شێرزاد حەسەن لەوەدا بوو، لەناوەڕاستی هەشتاکانەوە بوو بە کولتێکی رۆشنبیری (رەمزێکی کولتوری) کولتێك کە باسی لە ئازادی سێکس و پەیوەندیەکان دەکرد، بەمەرجێك ئەوانی دیکە ئازادی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیان بە چیرۆکی بەرگریەوە پابەند دەکرد، بەم شێوەیە رۆشنبیری فەلسەفی و سایکۆلۆژی گرنگە بۆ ئەدیب بۆ ئەوەی نەبێتە مەهزەلەی سیاسی و قاچاچیەکان، وەك ئەوەی ئەمڕۆ لەکوردستاندا دەیبینین..

**توانا ئەمین: (شوێن) لە خەیاڵی ئێوەدا پانتاییەکی بەرچاو داگیر دەکات، تۆ لەنووسیندا گەمە بە (کات) ئەکەیت و هەمیشە (شوێن) شاری منداڵیتە؟ یان (کات ) وەستاوە و مامەڵە و جێگۆرکێ بە (شوێن) دەکەیت؟ لە چیرۆکی نوێدا مەرجە(شوێن) ێکمان هەبێت بۆ ئەوەی روداوێکی تیادا درووست بکەین، یان روداو دەکارێت (شوێن) دروست بکات؟**

**ئیسماعیل حەمەئەمین:**

تۆزێك لەمەو بەر باسم لەکلاسیکیاتی چیرۆکنوسین کرد، وەکو ئەلف وبای سەرەتا وەهایە کەدەبێت فێری

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

بین، کاتێك فێری زمانێکی بێگانە دەبین، چەندە رۆشنبیریمان فراوان بێت، رێگەلەوە ناگرێت کە مامۆستای زمان لە رأستەی سادە و ئەلف و بای سەرەتاوە لەگەڵتدا دەستپێدەکات، لە رستەی وەکو (پیاوەکە سواری ئۆتۆمبێل بوو)... لەم سەرەتایەوە مرۆڤ دەگاتە رستەی ئاڵۆز... شوێن و کات و فیگور و زەمەنی ناوەکی و سایکۆلۆژی، ئەلف وبای هەموو چیرۆکێکن لەم دنیایەدا، تۆ دەتوانیت یاری بەزەمەنەکان بکەیت، بەڵام ناتوانیت نەفی زەمەن بکەیت! تۆ دەتوانیت لە پەرەگرافێکدا دووشوێن و دوو کاتی جیاواز بخەیتە نێو گەمەی گێأڕانەوە، بەڵام ناتوانیت نەفی شوێن بکەیت..

رۆمانی (کەوتنە خوارەوەی گورگێك) کەلە چاپدانەوەی داهاتوودا لەژێر تایتلێکی دیکە و لەوانەیە زۆر بەشی دیکەی بۆ زیاد بکەم، بڵاویدەکەمەوە، لەم رۆمانەمدا دەستی خۆم شلکردووە بۆ یاریکردن بەشوێن و زەمەنەمێژوویی و کەسیەکان، لەبەغداوە شوێن دەگۆڕێت بەرەو ئەوسەری سنورەکانی ئێران، لەزەمەنی ئێستاکێیەوە بۆ زەمەنی شەڕی تورکمان و کورد لەکەرکوك، لەزەمەنی عەبدولکەریم قاسمەوە بۆ زەعیم سدیق لەسلێمانی. ئەو هاوکێشە ئاڵۆزە لەزەمەن و شوێندا کەلەدوای سەدو پەنجا لاپەڕە خۆی لە چیرۆکی سەربڕاوەکاندا کۆدەکاتەوە، فیگورە سەرەکیەکان، شێرزاد و پەخشان و پورە عاس هەموویان گرێدەدرێنەوە بەو ویژدانە برینداره مێژوویەی، بەو برینە قوڵەی کەلەسەرەتای رۆمانەکەوە لەکوشتنی (دڵکەسیرە)دا خۆی بەرجەستە دەکردووە... ئەمانە هەمووی وەك سەمفۆنیایەك وەهایە کە لە چە ندەها ئاوازی نەرم و رەق و توندوتیژ پێکهاتوون... ئەمە ئەو یاریەیە بۆ شوێن و کات... بەڵام شوێن و کات بوونیان هەیە و ئەوەی کەدەمێنێتەوە خوێنەرێکی خاوەن چەشە و رۆشنبیریەکی تایبەتی

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

رۆمـــان خوێندنەوەیـــە، کەدەقـــەکان بخوێنێتـــەوە و نهێنیـــەکان دەستبەربکات... ئەمەش وایکرد کەلەزەمـەنی بڵاوبوونـەوەی رۆمانەکـە (کەبەداخەوە دەزگای(سەردەم) سێ فەسڵیان بە شێواوی بڵاوکـردەوە) و تەنانــەت داوای لیبوردنیــشیان نــەك لــە مــن، بــەڵکو لەخوێنــەریش نەکرد)... ئاڵۆزی شـوێن و کـات و یـاریی زمانـەوانی و غـەدری دەزگـای ســەردەم لــە رۆمانەکــە وایکــرد کــە ئــەو رۆمانــە بــەو فراوانیــە نەخوێندرێتەوە ..

کـات و شـوێن لەزەمـەنی سـایکۆلۆژیدا لـە فیگورێکـەوە بـۆ ئـەوەی دیکە دەگۆڕێت، (عەزیز) لەهەموو رۆمانەکەدا کەسێکە چاوەڕاونکراوە، بـەڵام شـوێنەکانی شـەڕی ئێـران ئێـراق لەگـەڵ خۆیـدا دەهێنێتـە نێـو رووبـەری گێڕانـەوە، (دڵکەسـیرە) شـوێن و رووداوی مێـژوویی دێنێتـە کایەوە، هەر لەخانی کـەرانی ئەوسـا کاروانـچێتی لـە سـلێمانی بیـست و سـیەکاندا تـاوەکو دەگاتــە پـەنجـەرە ئەلمنیۆمـەکانی بیناکردنـەوەی خانووی کۆنی خێزانی سەربڕاوی گەورە لە هەشـتاکاندا. شـوێن و کـات بەردەوام لەجێگۆڕکێدان، ئەمانـە هـەمووی لـەزمانی گێڕانـەوەدا خۆیـان درێــژ کردۆتـــەوە، کەئــەز هــەر لەســەرەتاوە دەمزانــی ئــەم رۆمانــە جەماوەرخواز نیە، بەقەد هێندەی چێژێکی تایبەتی، باڵای پێویستە...

**توانا ئـەمین: هەر لە سەرەتاوە مێژوو نوسی ئێمـە بـە سـوود ورگـرتن لـە هەندێك تەکنیکی چیرۆك مێژووی نوسیوەتەوە، ئێستا رۆمـان نووسی کورد دەتوانێت بە ئـەدەب مێـژوو بگێڕێتـەوە؟ وەکـو ئەوەی هەمەنگوای و گۆنتەر گراس و ئیلیش ماریـا ریمـارك کردیـان، بەتایبــەت ئەگــەر ئـەم رۆمانــەی دوایــی (شــاری مۆسیقارە سپیەکان)ی کـاك بـەختیار علـی وەك نمونەیـەك**

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

**وەرگرین، هەرچەندە من باوڕم وایە ناکرێت وا سەیری کاك بەختیار بکەین کە رۆمانی مێژووی نوسیوە، بەڵام دەکرێت مێژوو لەو رۆمانەدا بخوێنینەوە؟**

**ئیسماعیل حەمەئەمین:**

سابیر رەشید لەلێکۆڵینەوەیەکیدا، رۆمانی (کەوتنەخوارەوەی گورکێك) بە رۆمانێکی مێژوویی لەقەڵەمدا، مێژوو زۆر مانا و دووری جۆراوجۆری هەیە، بوعدەکانی لەرۆماننوسێکەوە بۆ ئەوی دیکە و لە رۆمانێکەوە بۆ ئەویدیکە دەگۆرێت، من ئەم رۆمانەی دوایی بەختیارم بەدەستم نەگەیشتووە، لەبەر ئەوە ناتوانم قسەی لەسەر بکەم... من پێمووایە مێژوو لەهەموورۆمانێکدا بوونی هەیە، رۆمان خۆی نوسینەوەی مێژووە بە شێوەیەکی دیکە. ئەو مێژووەیە کە مێژوونوسان فەرامۆشی دەکەن، ئەو ووردەکاریە مرۆڤانەیە کە لەنێواخنی رووداوەکاندا یاری خۆیان دەکەن و مێژوو فەرامۆشی دەکات، بەڵام رۆمان و چیرۆك بەهێزێکی دیکەوە دەیانکاتەوە بە ژیاندا... نمونەیەکی زۆر ئاسان کەلەیەکەم ئەزمونی چیرۆکی کوردیەوە (دیالەکتیکی سۆرانی) چیرۆکی ناتەواوی (لەخەوما) ی (جەمیل سائیب)ە.. هەموو ئەو مێژووە شکۆدارەی لەسەر شێخ مەحمودی حەفید نوسراوە، لەو چیرۆکەدا دەکەوێتە بەر گومان. ئەمە ئەو ووردەکاریانەیە کە مێژوونوسان لەبیری دەکەن و چیرۆکنوسەکان دەینوسنەوە... مەرج نیە مێژوو پابەند بێت بەرووداوە گەورەکانەوە، بەڵکو پابەندە بەو ووردەکاریانی ژیانی کەسەکان لەنێو رووداوەکاندا، هەموو یەکێك لەئێمە باس لەزەمەنی زەعیم سدیق دەکەین لە شەستەکانی سلێمانیدا و باس لەوە دەکەین کە لە سەروو (حامیەی)

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

ئەوسای سلێمانی (پارکی ئازادی ئێستا)، بەسەدەها خەڵك بەزیندووی زیندەبەچاڵكراون، بەڵام كەس نەبوو باس لەو دەستە بكات بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەژێرگڵەكەوە جوڵاوە و هاواری یارمەتی كردووە و كەس نەیتوانیوە بەهانایەوە بێت... دڵكەسیرە لەرۆمانی (كەوتنە خواروەی گورگێك) دا وەك رۆحێكی پەرەوازە بەسەر ئەو دەستەدا دەفرێت و ئەویش وەك رۆحێكی بێ جەستە هیچی بۆناكرێت... لەشەست و سێدا بەعسیەكان قاسمیان گوللەبارنكرد، بەڵام هەر لەگەڵ قاسمدا بە سەدەهایان بەئەشكەنجەوە كوشت و فڕێیان دایە نێو مەیتخانەكانەوە، رۆحەكان، ئەجندەكان كەلەنێو قەوزەی خوار پەنجەرەی ژەنگاوی مەیتخانیەكی بەغداوە، لەتاو ئەو هەموو لاشە و غەدرلێكردنە رادەكەن بۆ شەماعیەی بەغدا و جارێكی دیكە لەرێگەی (خەلیفە) وە چیرۆكی ئەو غەدرلێكراوانە دەگێرنەوە..

لە نوڤێلای (شتێك لەقوری خوارفە) دا من باس لە رووداوێكی بچوك دەكەم كەهەمووان لەبیرمان كردووە، هەموو ئەم راپەرینەی ئێراق لە رووداوێكی زۆر بچوكەوە تەقیەوە، كەسوپای ئێراقی لەكوێت كشایەوە، هەر لەرێگا ئەمریكایەكان لەسەر رێگەی گشتی نێوان كوێت و بەسرە، بەفرسەتیان زانی لەو كاروانە سەربازیەیان دا كە دەكشایەوە، زیاتر لە دەهەزار سەربازی بێتاوان كوژران، بێگومان ئەمریكایەكان مەبەستیان تاقیكردنەوەی كۆمەڵێك راكێتی تازە بوو، دەنا كاروانەكە پێكهاتبوو لە سەربازی برسی و ئیڤای عەسكەری شەق و شڕو هیلاك... بەشێك لەو زرێپۆشە هیلاكانە بەپەراوەزیانەوە خۆیانكرد بە (بەسرە) دا، سەربازێكی نەناسراوی زرێپۆشێك، لولەی زرێپۆشەكەی كردە وێنەدیواركێ سەدامدا و تەقاندیەوە، ئەم رووداوە شكاندنی لوتی بەعس بوو لەهەموو عێراقدا، پێچێكی مێژوویی بوو، یەكەم شكاندنی

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

شوشە بەندیەکانی ترس بوو، تەقینەوەی راپەڕین بوو لەبەسرە و ئیدی تەشەنەی کرد لەهەموو شارەکانی ئێراق بەکوردستانیشەوە، کەس باسی لەو سەربازە و لەرووداوە نەکردووە... من دوای ئەم هەموو ساڵە و پاش ئەوەی لەمەنفا گیرسامەوە، لەنۆڤلی (شتێك لەقوڕی خورافە) لە بەشێکیدا باس لەو ڕووداوە دەکەم، لێرەوە دەمەوێت بڵێم مێژوو ئامادەبوونێکی هەمیشەیی هەیە لەڕۆماندا، مادامەکێ لەرزینێکی ویژدانی و ڕۆحیمان لەلا دروستدەکات... مێژوو بۆ رۆمانوسەکان تاوەکو ئەو کاتە گرنگن کەدەبن بە گێڕانەوەی ئەدەبی، لەوێوە ئیدی مێژوو وەك خۆی نامێنێتەوە، بوعدە راستەقینەکانی خۆی وندەکات و دەچێتەنێو فانتازیەکی دیکەوە، دەچێتە نێو ووردەکاریەکانی گێڕانەوەی رۆماننوسەوە. ئەو دەقاو دەقیەی لە مێژوودا هەیە لە رۆماندا خۆی وندەکات و دەبێتە دەقاودەقیەکی دیکە لە بۆن وبەرامە و رەنگ و جوڵەی ژیاندا خۆی رادەکێشێت... ئەوەی مارکێز نەخوێنێتەوە، بوعدی گەمەی ئەمریکایەکان بەو وەحشیەتەوە مەزندەناکات، لە سەد ساڵ تەنهایی و پایزی پاتریاکدا، باس لە تەقەلێکردنی کرێکارانی مۆز دەکات، لە پایزی پاتریارکدا باس لەژمارەلێدانی دەریای کاریبی دەکات، کەچۆن ئەمریکایەکان دەیخەنە سنوقە وە و دەیبەن بۆ خۆیان... ئەو بوعدە کۆلۆنیالیە وەحشەیەی ئەمریکانزم هێزی قەناعەتکردنی لەو ڕۆمانەنەدا بەهێزترە وەك لەهەموو تێکستێکی دیکەی مێژوویی سیاسی کەخوێندبێتمەوە... سەلمان روشدی لە رۆمانی (مندالآنی نیوەشەودا) باس لە کەرتبوونی هیندستان دەکات بە دووبەشەوە بەشێك هیندیستانی ئێستا و بەشەکەی دیکە پاکستانی ئێستایە، نیوەشەوی ١٩٤٧ دەکات بەتەوەرەی جوڵەی رۆمانەکەی، هەموو ئەو مێژووەی دروستبوونی پاکستان و یاری بەریتانیەکان لەپشتگیری ئەم و ئەودا لەشاردنەوەی فیگۆرێکی

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

ڕۆمانەکەیدا خـۆی بەجەسـتە دەکـات کەچـۆن لەلایـەن قەرەجێکـەوە دەخرێتـە جانتایەکـەوە و سـنووری پـێ دەپەڕێننـەوە... ئەمـە خـاڵی تراژیـدی مێـژووە کەسـەلمان روشـدی لـەو ڕۆمانـەدا باسـی دەکـات... کاتێك مرۆڤێك ئەوەندە برسی و لاواز دەبێت کەلە جانتای موسـافیرێکدا جێگـەی دەبێتـەوە... بـەم شـێوەیە مێـژووی ڕۆمـان بوعـدێکی دیکـە دەبەخشێت بە جیهان و مێژووش خۆی.

(ماریۆ فارگاس یۆسـا) لـە ڕۆمانەکانیـدا نـەك تـەنها مێـژوو بـەو بـەو دووریە فانتازی ڕۆمانسێرەی دەنوسێتەوە، بەڵکو لەرۆمانی (مردنێك لـە ئاندن) باس لە جوگرافیـای فراوانـی وڵاتێکـی وەك ئەرجـەنتین دەکـات، لەگونـدە لاتـەریك و گۆشـەگیرەکانی سـەر کـەنارەوە بیگـرە تـاوەکو دارسـتانە تاریکـەکانی بـاران، هـەموو ئەفـسانەو وخورافـە و چـیرۆکی بەرئاگاردانـەکانی (ئیندۆسـەکان) هەیـە، هـەمووی لـەو ڕۆمانـەدا لەتۆبۆگرافیایەکی جوگراف و گێڕانەوەیـەکی شـێوە کریمیـدا (پۆلیـسی) خـۆی رادەکێـشێت... هـەموو ڕۆمـانێکی بـاش خـۆی لەخۆیـدا بەشـێك لەمێژووی ئێمـە وەك تـاکڕە و تەنانـەت ڕۆحـی گشتی کـۆی کۆمەڵگـەی لەخۆدا هەڵگرتووە... مێژوویەك بۆ حەزەکان، مێژوویـەك بـۆ ئیرۆتیکـا، مێژوویەك بۆ رەشبینی و سـاتەکانی گەشـبینی... ئەمانـەو زۆر مێـژووی ووردیلەی دیکە کە لەنێو مێـژووە گـەورە مێگەلیەکانـدا لـەبیر دەکـرێن، کـەس نیـە باسـی لەجـەنگی جیهـانی دووهـەم نـەکردبێت، بـەڵام کـەس نـەبووە بتوانێـت وەکـو (هـاینرخ بـۆڵ) و وەکـو تـۆش ئامـاژەت بـە (ریمارك)دا، باس لە ووردەکاری ئازارە مرۆیەکان بکـات.. هـاینرخ بـۆڵ لە چیرۆکیدا باس تەنها لەدوو کاتژمێری دووورودرێژی سـەربازێك دەکـات کەنۆبـەی پاسـەوانی خۆیـەتی، بـاس لـەتاریکی و سـەرما و ئـەو هـەموو بیرۆکـە و زیندەخەونـە لەپڕانـەدەکات لـەو ماوەکورتـەدا بەبیریـدا دێـن

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

دەچن، مرۆ واهەستدەکات کەئەوە دوو کاتژمێر نیە، بەڵکو سەدەیەکی دوورو درێـژی سـاردە لـە بـۆنی خـوێن و لاشـەی فـأرێردراوی بـن بەستەڵەکاکانی بەرەکان، ئەو خەونانەی لەو دووکاتژمێردا وەکو پلانی داهـاتووی ژیـانی بەبیریـدا دێـت و دەڕاوات، هـەموو ئـەو کاتـژمێرە سـاردانەی سـەربازگەو ژیـانی سـەربازیی زۆرملـەیی ئێراقـی بیردەهێنانمـەوە کـەمرۆکانیان بـە تـۆبزی رەوانـەی بـەرەکانی جـەنگێك دەکرد، ئەوان بەرپرسیارنین لێـی. لـە رۆمانـەکانی ریمـارك دا بەتایبـەت (هـەموو شـتێك لەبـەرەکانی رۆژئـاوا هێمنـە) یـاوەکو لـەرۆمانی (سـێ هاورێکە)دا، جەنگ بەشێکە لەو میژووە بێزراوەی مرۆکـان دەخاتـە نێـو گێژاوی پارادۆکسەکانی خۆیەوە. هەموو مێژووی شکۆداری نازیـەت لـەو رۆمانـەدا لایەنـە پـوچ و ناشـرین و گەنـدەڵی و وەحـشیەکەی خـۆی دەردەخـات... لەوبڕوایـەدام رأۆماننوسـەکان بۆیـە هـەن بـۆ ئـەوەی شـکۆدارە بەتاڵـەکانی جـەنگ وئەفـسانەکانی دەسـەلات پوچـەڵ بکەنەوە... سەیری ئەو هەموو رۆمانـە بکـە کەنوسـەرە کاسەلێسەکانی زەمەنی ستالین بەناوی (ریالزمی سۆسیالستی) نوسیبوویانە و رۆمـانو کتێبە دۆکۆمێنتارەکانی (شۆلژینستین) بخوێنەوە! جیاوازیەکی گـەورە و بێئامـان دەبیـنین لـەنێوان ئـەم دوو دنیابینیـە بـۆ مێـژوو، یـەکێکیان چاوپۆشـی دەکـات لـەو هـەموو کارەسـاتانەی لەزەمـەنی سـۆڤێتدا روویداوە و خەریکی شکۆکۆدنی زەمەنی شۆڕشی ئۆکتۆبـەر دەکـات... کەچـی دیـدی شۆلژێنـستن لـە کتـێبی (ئارخـەبیل گـولاك)دا پوچـەڵکردنەوەی ئـەو هـەموو وەهـم و رەونەقەیـە دەسـەلات سـۆڤێتی لەرێگەی نوسەرە دەستەمۆکانیەوەهەوڵی داپۆشـینی دەدات، (گـولاك) ئەو سەربازگە زۆرملـێ و بەندیخانـە گەورانەیـە کەزۆربـەی رۆشـنبیران و هونەرمەنـدان و پیـاوی ئـاینی و ئەکتـەر و سیاسـیە بـەتواناکانی وڵات،

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

ئەوانەی لە ژێر ناوی (پیاوانی سەرمایەداران) یاخود (دژە کۆمۆنیست) یاخود هەر ناوێکی دیکەوە لەو بەندیخانەدا توند دەکران... راستە سۆلژێنستن لە (ئارخەبیل گولاك / دوورگەکانی گولاك) دا بە وردەکاری مێژوویەوە باس لە ناو و شوێن و زەمەنی مێژوویی و تەنانەت ژمارەی نوسراوەکانی کاگابی و دەزگاکان دەکات، بەلام لەنێو ئەم دێرانەوە کاری رۆمانوسێك دەبینین مێژوو دەکاتە ماتریالێك بۆ بەخشینی دیدێکی دیکە بۆ ژیان، گەر مێژوو رووداوە مەزنەکانی دنیای ئێمە لەلەبیرچوونەوە بپارێزێت، ئەوا رۆمان هەولدانێکە بۆ گەڕانەوەی ویژدانێك بۆ ئەو مێژووە، ئەو ویژدانە ئەو یادەورەرە مرۆڤانەیە کە لەنێو کێشمەکێشی رووداوەکاندا فەرامۆش دەکرێت....

**توانا ئەمین: ئێوە هەندێکجار لەزماندا سەرچلی دەنوێنن و جاری وا هەیە لە پەرەگرافێکی درێژدا بەتایبەت لە رۆمانی (کەوتنە خوارەوەی گورگێک) دا بەبێ ئامرازی پەیوەندی و وێرگول (فاریزە)، چیرۆکەکە درێژدەکەنەوە و ناهێڵن ماناشی بشێوێت... ئێوە بەم کارەتان تەنها ویستوتانە تەقلید بشکێنن یان ئەوە ستایلێکی تایبەتی خۆتانەو جۆرێکی ئیشکردنە لە زماندا؟ ئەم پرسیارە رێخۆشکەرە بۆ ئەوەی بپرسین ئێوە بۆ لە نۆڤێلای (شتێك لە قوڕی خورافە) زمانتان تا ئاستێکی مامناوەندی سادەوە بێ گرێو گۆڵە کەچی لە (کەوتنەخوارەوەی گورگێك) دا تەواو بە پێچوانەوە زمان خوێنەر هەناسە سوار ئەکات، ئایائەمەی دواییتان بۆخۆی تایبەتمەندیەکی رۆمانە یان یاریەکی تری نوسەرە لەگەڵ خوێنەر؟**

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

**ئیسماعیل حەمەئەمین:**

لەوانەیە ئەم پرسیارەم لەلایەن زۆربەی خوێنەران و هاوڕێ نوسەرکانمەوە لێکرابێت. یەکێکیان سەبارەت بەو زمانەیە کە (کەوتنەخوارەوەی گورگێك)ی پێ نوسراوە، و پرسیاری دووهەمیش ئاڕاستە جیاوازەیە کە لە زمان لە(شتێك لە قوڕی خورافە)دا کاری لەسەر کراوە... یەکێکیان بەڕای زۆربە وەکو ئاماژەت پێدا زمانێکە، جاری وەها هەیە سێ دێڕ بەدوای یەکدا دێن بەبێ بوونی فاریزە... کەچی لە (شتێك لەقوڕی خورافە) دێڕەکان ئاسانن و ماناکان بەئاسانی بەخوێنەر قووت دەچن.. بەمانای دوو ئەزمونی جیاواز لەزماندا لەدوو ئاستی جیاوازی پەیوەندی زمان بە بەرهەمهێنانی مانای ئاشکرا و مانا شاراوەکان... ئەمە نەیاریە و نەموغامەرە و سەرچڵیە، بەئاسانی ئەمە سروشتی گێڕانەوەی چیرۆك خۆیەتی، کەخۆی جۆری چنینەوەی زمانەوانی دیاریدەکات، مادامەکی ئێمە لەوبڕوایەداین کە چیرۆك لە نێو زماندا دانیشتووە، نەك لە سەر جادە! و ئێمە لەڕێگەی زمانەوە دەربڕینی لەدانیشتنەکەی بکەین! بەمانایەکی دیکە، چیرۆك لەنێو ڕیتمی زمانەکەی خۆیدایەتی، نەك زمان دەربڕینی بێت لە چیرۆکەکان، بازیاتر ئەم دەستەواژەیە رونبکەمەوە، بۆنمونە زۆر چیرۆکنوسمان هەن هەموو چیرۆکەکانیان بەیەك زمان دەنوسن، با شێرزدا حەسەن وەربگرین، هەر لەچیرۆکی ریشۆڵەیەوە بیگرە تا وەکو دوا تێکستەکانی ئەم ساڵانەی دوایی، هەموویان چەندە لەرووی بابەتی چیرۆك و چارەسەری کێشە و گرێچنیندا باش و جوانن، ئەوەندە من تووشی گرفت دەبووم لەگەڵ خوێندنەوەیان! بە تایبەت کاتێك هەستدەکەم هەموویان بەیەك ریتمی زمان دەگێڕدرێنەوە، ئەوەی گۆڕاوە تەنها

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

بابەتە، دیارە لەوانەیە یەکێك بێت بڵێت ئاخر ئەمە (شێوازی نوسینی) ئەم نوسەرەیە کەئەوی دیکەی جیادەکاتەوە، منیش دەڵێم شێوازی نوسین یەك جۆر ریتمی نوسین نیە! شێوازی نوسین کلێشە کاراکتەری گشتی زمانە کەچیرۆکنوسێك لەوی دیکە جیادەکاتەوە، بەڵام ئەوەی من باسی دەکەم وەکو بەرگدروویەك وەهایە بەیەك مۆدێل جلەوە گیر بووە و ئەوەی دەگۆرێت تەنها جوانیە لەهەڵبژاردنی رەنگەکان، نەك مۆدێلەکانیش!! ئەمەیە گرفتی زۆربەی چیرۆکنوسانی ئێمە و زۆر چیرۆکنوسی گەورەی دنیای وەك (پاولۆ کۆیلۆ)!! بەختیار عەلی لە رۆمانی (مەرگی تاقەنەی دووەم)دا زۆر هەمە جۆر و هەمە رەنگە لە زمان و شێوازدا، کەچی رۆمانەکانی دیکەی بەتایبەت (ئێوارەی پەروانە و دواهەمین هەناری دونیا) هەردووکیان بەیەك ریتم نوسراون، تەنانەت وەرە سەیری ناوی فیگورەکان بکە، هەموویان سیفەتی شوێنو زەمەن و رووداویان پێوەیە... وەکو بۆنخۆش و پاکیزە و چەندەها سیفەتی دیکە، بەشێوەیەك هەست دەکەیت کە یەك رۆمان دەخوێنیتەوە نەك دووان، ئیدی نازانم لەم رۆمانە تازەیەیدا چۆن کاری کردووە... بەهەر حاڵ ئەمەشتێکە من حەزی پێناکەم. من لەبروایەدام هەموو چیرۆکێك هەڵگری زمانی تایبەتی خۆیەتی، ئەمەش تێکستی باش لەجوان جیادەکاتەوە، جوان تێکسێتێکە لە سەردەمێکی دیاریکراودا وەك گوڵێکی بۆنخۆشی درندە وەهایە، لەگەڵ بەسەر چوونی وەرزی ئەویش بەسەر دەچێت، تێکستی باش لەهەمان کاتدا کەجوانە، بەدرێژایی وەرزەکان دەمێنێتەوە و نەوە لەدوای نەوەی خوێنەری خۆی هەیە ..

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

ئێستا وا لەبەشەكانی كۆتایی رۆمانێكی تازەدام، كەبەزمانێكی ئێجگار جیاوازا لە زمانی تێكستەكانی دیكەم دەینوسم. من پێمووایە بابەتی چیرۆكەكان و كێشەبەندیان زمانی خۆیان دیاری دەكەن، نەك زمان و شێوازێكی نوسین وەك راوچییەك وەهابێت ئەركی راوی بابەتەكان بێت ..

**توانا ئەمین: چیرۆك پیاسەكی بەردەوامی چیرۆك نووس نیە لە نوستالوژیادا؟ مرۆڤ وەختێك چیرۆك دەنوسێت نایەوێت بەم كارەی نەفی (ئێستا) بكات و بەیەكجاری لە (رابردوو) دا بژی؟ یان چیرۆك نوسینەوەی ئێستایە بە مرەكەبێكی كۆن؟**

**ئیسماعیل حەمەئەمین:**

نوستالژیا گەرانەوەیەكە بۆ واقیعێك كەبوونی نەماوە، ئەوەشی كەماوە تەنها فانتازیایەكە، یادەوەری لایەنە جوانەكانی گەشەداركردووە، بۆ ئەوەی لە قەرەباڵغی و نشوستیەكانی ئێستا قوتار بین، هەمیشە نۆستالژیا پابەندە بەهێزێكی سەیری گێرانەوەی ووردەكاریەك كەلەزەمەنی خۆیدا سەرنجراكێش نەبوون، بەلام لەگەل دووركەوتنەوە لەشوێن، خەیالێك هەیە دەیدۆزێتەوە و گەورەی دەكات و قەبارەیەكی دەداتێ كەقەبارەی خۆی نیە، واقیعێكە لەو رابووردووە دەچێت و لەویش ناچێت. لەگەلێشیدا هێزێكی سەیری تێدایە بۆ ئاشتبوونەوە و لێبوردن لەهەموو ناشرینیەكانی رابوردوو، لێرەوە نۆستالژیا لە بیرەوەری جیادەكرێتەوە، بەوەی بیرەوەری جۆرێكە لە وێنە و رووداو لەیادەوەریدا، نۆستالژیا حالەتێكی بیرەوەریە بە هێزێكی سەیری تەفسیری خود و زیادەكردن و كەمكردن

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

بەپێی فانتازیایەکی تایبەت. لەبەرئەوە سەیر نیە زۆربەی رۆمانەکانی دنیا بە رابوردوو و گێرانەوەیەك دەستپێبکەن، هەر وەك ئەوەی نۆستالژیایەك بێت بۆ رابووردوی چیرۆکی شوێن وزەمەنێك گێڕەوە تێیدا ژیابێت. ئەمەش سایکۆلۆژیای نوسینی رۆمانە، رۆمان لای من بەتەواوەتی خۆی کلێشەدار دەکات، دەبێت بە رووداوێك، ژیانێك، زیندەگیەکی سەیر، ئیدی ماوەیەکی زۆر نابات لەگەڵیدا دەژیم، هەر وەك ئەوەی هەموو ئەمانە روویان دابێت، لەرابوودویەکی دوورەوە هاتبن، پاشان حەزێك، کەنۆستالژیایەکی تایبەتە دەمجولێنی بۆ گێڕانەوە، وەك ئەوەی خانەنشینێك بم و پێویستم بەباسکردنی رابووردویەك هەبێت بۆ ئەوەی خۆم لە دلڕەقی ئێستاکێ بپارێزم، بەم شێوەیە دەنوسم. بەردەوام لەگەڵ دووسێ رۆماندا دەژیم کەهێشتا نەم نوسیون، کاتم پێویستە بۆ نوسینەوەیان، ئاخ... من کەی دەبێت وەك نوسەرێك بژیم..

نۆستالژیا ئازیزم (توانا ئەمین) راکردنێکە لە دنیای ریاڵ بە گۆرینەوەی بە دنیایەکی دیکە، دنیایەك کەخاوەنی زەمەنی خۆی بێت، ئەمەش مانای نوسینەوەی ئێستا نیە بە مەرەکەبی کۆن وەکو تۆ ئاماژەت پێدا، بەڵکو ئەوە کاری ئەدەبی بالآیە کە دووریەکی دیکە و ڤیزیۆنێکی دیکەی ژیانت پێ ببەخشێت، (دۆنکیخۆتە) ئەوەندەی رۆمانی لەسەر سوارچاکی خوێندەوە تاوەکو نۆستالژیایەکی لەلا بینا بوو، بەوەی کەزەمەنی سوار چاکی گەڕاوەتەوە و ئەویش خۆی سوارچاکێکی ئازاو بوێرە، بەجۆرێك کە ئاشەکانی بای لێدەبۆوە هەژدیهای ئەفسانەیی و شەڕی لەگەڵدا دەکردن، لە دواجاریشدا کەلەو هێزە نۆستالژیە وەئاگا دێت، بەرگە ناگرێت و دەمرێت... ئەمە جوانترین نمونەی ئەو نۆستالژیا وەهمیانەن کە رۆژانە بۆ قوتار بوون لە

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

دڵڕەقی ڕۆژانە ژیانی ئێستا، بەرهەمیدەهێنین و لەگەڵیدا دەژین. ئەم کێشە بەندی وئیشکالیەتە مرۆیە لە نێوان وەهم و نۆستالژیادا، سێرڤانتس لە شاکاری (دۆنکیخۆتە لامانخا)دا باسیدەکات..

مرۆ کەدەگاتە تاراوگە، نۆستالژیا دەبێتە بەشێکی سەیری ژیانی سایکۆلۆژی، گەر نەبێتە هەموو ژیانی، بەشێوەیەك کە وڵاتی دووهەم بۆ هەندێك شوێنایەکە بۆ بیناکردنەوەی ئەو شوێنەی کەونیان کردووە، بەجۆرێك هەموو ناشرینیەکانی کۆمەڵگەیەکانی خۆیان بیر دەچێتەوە و تەنها خەریکی ڕازاندنەوەی لایەنە بچوکە پۆزەتیفەکانینان... زۆری کوردی دەرەوە، بەتایبەت ئەوانەی لەدەست شەڕی ناوخۆی خۆکوژی هەڵاتبوون، هەر لەگەڵ گەیشتنیان بۆ ئەوروپا، دوای ماوەیەك هەموو ئەو چیرۆکە ناشرینانەیان بیرچۆوە و ڕایانکردەوە نێو باوەشی حزبەکانەوە، ئەمە وەفاداری نیە بۆ پارتەکانیان، بەڵکو گەڕانەوەیەکە بۆ شوناسێك کە مەزندەی ئەوە دەکەن ونیان کردووە و لەو ئینتیمایەوە دەیدۆزنەوە. بەڵام لەڕاستەقینەدا ئەمە هێزێکی نوستالژیە کەلەپشت ئەو گەڕانەوە وەهمیەدایە... ئەمە و زۆر نمونەی دیکە نۆستالژیا بە ڕابوردووەوە دەبەستێتەوە بەڵام بەهێزێکی فانتازیاوە، بەهێزێکی گێڕانەوەی ووردودرشتی ئەو دەم و چاو شوێنانەی لەخەونەکاندا بەدووتەوەن، بەشێکی هەرە زۆری ژیانی مرۆیی تاراوگەکراو لە نیشتمان و شوێنێکدایە جیاوازە لەو شوێنەی تێدا دەژی، لەخەونەدا نیشتمان و شار و دەم و چاوەکان بەووردەکاری بێزارکەرەوە بەدووتەوەن، بەتایبەت ساڵانی سەرەتای مەنفا، بەڵام مەترسیەکەی لەوەدایە لەدوای تێپەڕ بوونی ساڵەکان وێنەکانی ئەوێ کاڵدەبنەوە، ئیدی ئێمە لەبەردەم نۆستالژیایەکداین کە بەتۆخی پابەند نیە بە بابەتی خۆیەوە، چاکتر وایە بڵێم کاڵبۆتەوە، هەر بۆیە لەگەڵ

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

گەڕانەوەت بۆ نیشتمان تووشی ئەو شۆکە گەورەیە دەبیت، چیدی شوێنەکان و کەسەکان بەو جۆرە نین کەمرۆ سالآنی دوورودرێژی دوورکەوتنەوە، نۆستالژیت رازاندویەتیەوە بەوەهمەکانی خۆی، لەگەڵ گەڕانەوە بۆ تاراوگە، وێنەکان ئاڕاستەیەکی دیکە وەردەگرن، نۆستالژیا بەدوای بابەتی خۆیدا دەگەڕێت، بابەتێك هیلاکە و هێزی گەڕانەوەی لەمەو بەری نەماوە... لێرەوە بەتایبەت ئیشکالیەتی نوسەر دەستپێدەکات لەمەنفا، لێرەوە فانتازیا تووشی لێدان و درزبردن و سیسبوونەوە دەبێت، بێگومان گەر وشك نەبێتەوە..

من خۆم، وە زۆر لەهاوڕێ نوسەرکانم کەئێستا هەمووان لە تاراوگەن، ئەو زەمەنەی دوای راپەرین، ئەو نەوە هیلاکە بووین بەدەست جەنگە شێتەکانی سەدامەوە، یان سەربازی هەلآتوو بووین، یان ماوەیەك لە ئێران بووین، یان پێشمەرگەبووین، لەدوای راپەرین وورده وورده یەکترمان گرتەوە، لەپڕێکدا هەندێك نوسەر و دەم و چاوی نێوەندەکە هاتنەوە کەسالآنێکی دوورودێژ بوو لە ئەوروپا بوون، ئەوەندە بە حەماسەوە لەواقیعی کوردیان دەڕوانی، ئەوەندە بریقە و دروشمەکان ئەوانی لەکوردایەتیەکی وەهمیدا نقومکردبوو، کەچیدی ئەدەب وئیشکالیەتە فیکریەکانی وەك ئیستاتیکا و زمان و ڕاڤەکردنیان لەبیر چووبۆوە... بۆچی ئەمانە وایان لێهات بەمەرجێك لەنیشتمان کتێبی باشیان نوسیبوو؟!.. بۆ ئەوەندە سادە بوونەوە کەلەپرۆسەی رەخنەگریتنیشیان لەدەسەلآتی کوردی لەئاستێکی ساکار و تەشەرەیدا بوو... دیارە ئەم دیاردەیە لای من ترسێکی گەورەی لادروست کردم بەرامبەر مەنفا، ترسێکی مەشروع لە وشکبوونەوەی فانتازیا و هەستیاری بەرامبەر جیهان و ئیستاتیکا، منی نیگەران دەکرد. بێزاری دەکردم کەئێمە نوسەری باش لەنێوەندێکی ئاوەهای پڕ قاچاخچی

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

سیاسەت و ژیان لەدەست دەدەین. وشکبوونەوەی فانتازیا کێشەیەکی گەروەیە بۆ رۆمانوس لێرەوە حەزدەکەم باس لەدووئیشکالیەت بکەم، یەکەم: یان دەبێت بەردەوام وێنەکانی نیشتمان یان بەتەعبیرێکی دیکە (سەرچاوەی یەکەم) بابەتی نوسین بێت، ئیشکالیەتی دووەم ئەوەیە کە فانتازیاکی ناڕیالیست و دوور لە شوناسی خۆت دەبێت بە بابەتی چیرۆکەکانت! ! ئیشکالیەتەکە لەوەوە دەستپێدەکات کەچیدی مرۆ لەسەر زەوی خۆی نیە، سەرەتا هەستدەکەیت بەردەوام بەسەر توێژاڵێکی ئاوی بەستوویی دەریاچەیەکدا رێگەدەبڕی، هەمیشە ترسی نقومبوون و شکاندنی ئەو سەهۆڵبەندانە ناسکەی بن پێیەکانت نیگەرانت دەکات، ئەمە جگەلەوەی سەرەتا کێشەت هەیە لەگەڵ زماندا، بەڵێ زمان، تۆیەك کەلەسەر کێشەی گرنگی ئیتستاتیکی وفیکری دەنوسی، دەبێت بەیەکێك کەدەبێت رۆژانە هەوڵبدات بە رستەی زۆر سادە تەعبیر لەخۆی بکات! ئەمە جگەلەوەی کێشەیەکی کولتوریشە، هەموو عادەتەکانی نانخواردن و قسەکردن و خەوتن و هەڵس و کەوتت قڵپ دەبێتەوە، جگەلەوەی لە کەسێکی نێو ناوەڕاستی رووداوەکان دەبێت بە کەسێکی پەراوێز کراو، پەراوێزکردنێك دەستی ئەو کۆمەڵگەیەی تێدانیە بەقەد هێندەی دەستی رۆژگارێکی سەختە... لێرەوە نۆستالژیا بەهوروژمێکی سەیرەوە داگیرت دەکات، دەتکاتە هەویری خۆی، ئیدی هەستدەکەیت پاڵەوانێکیت و بەهەڵە لەم شوێنەدا گیرساویتەوە، شوێنی سەرچاوەی یەکەم (نیشتمان و کۆمەڵگە) چیدی ئەو هێزە رەخنەیە لەخۆیان ناگرن، بەڵکو دەبنە بەهەشتێکی ونبوو، دەبێتە خەیاڵێکی دۆنکیخۆتانە، ئەمەش لەلای نوسەر ئیشکالیەتە، دەبێت بەئاگایەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەجۆرێك نەبێتە هۆی تێکدانی بەها ئیستاتیکیەکانی ئەدەب، وەزیفەی ئەدەبیش هەروەها

هاوسەنگکردنەوەیەی دنیایە لەنێوان خێر و شەڕدان لەنێوان جوانی وناشرینیدا، گەڕانێکە بەدوای جوانیدا بۆ بەرهەمهێنانەوەی مانا، بەتایبەت لە نوسینی ڕۆماندا هەموو بەشێك بەرهەمهێنانی مانایە لەڕێگەی ڕووداو و فانتازیەکی هاوسەنگەوە بەرهەمدێت نەك فانتازیەکی بێ لۆژیك. لە نۆستالژیای وەهمیەوە، فانتازیا هاوسەنگی خۆی تێکدەدا بۆ کردەی بەرهەمهێنانی مانای ئەدەبی، ئەوەی کەلێی دەکەوێتەوە جۆرێکە لە حەماس و شەوق و یادکردنەوە بەبێ بەرهەمهێنانی مانای ئەدەبی. لەمەوە وە مەنفا تەنها ژیان لەسەر نۆستالژیا و کارکردنی فانتازیا لەسەری، تێکستی لێکچووی دووبارە بۆوە بەرهەمدەهێنی، هەر بۆیە زۆر لەنوسەرە باشەکانی کورد لە دوای ماوەیەك نیشتەجێبوونیان لە مەنفایەکی ئەوروپی، شتێکی دیکەیان لێدەردەچێت، کەبەشێکن لەحەماس و بەشێکیشن لە توڕەیەکی بێمانا و دەقەکانیشیان تەنها جوینەوەی شێوازێکی دووبارەبۆوەیە، چەقبەستنێکە لەنێو شێوازێك و بیرکردنەوەیەکی تەومژاویدا... هەچ کاتێکیش تووشی شۆکی ئەوە بوون کەنیشتیمان چیدی خاکی کەوسەر ئەنەماوە ئەوسا فانتازیا ووشك دەکاتەوە، بەکورتی ئیشکبوونەوەی فانتازیا لە مەنفادا لەئاستێکی ترسناکدایە بۆ نوسەر... دووهەم ڕێگا ئەوەیە پەلاماری چەندەها بابەت بدەیت کە دوورە لە شوناسی خۆتەوە، زۆرجار لەوڕێنە دەچن، تەنانەت لەڕووی مرۆیشەوە مانای نابێت بۆ هیچ خوێنەرێکی دنیا، ئەمەش حاڵەتی دەگمەنن، بەڵام نوسەری هوشیار لەمەنفادا بیری لێدەکاتەوە، ئەو پرسیارەی دەیکات لەخۆی ئەوەیە: لەسەر چی بنوسم!! رابوردوو و بۆن و ڕەنگ و شوێنەکانی، یان ئێستایەك کەهێشتا پێمەلەمە تێیدا... لەکلاسیکیاتی کوردیدا شاعیری گرنگمان (نالی) مەعریفە یاخود بەچەمکی ئەو زەمانە قسان بکەین (عیرفان) دەکاتە ئەلتەرناتیف بۆ جڵەوکردنی ئەو

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

نۆستالژیا دڕندەیەی بەهای ئەدەبی نیگەران دەگات. چامە بەناوبانگەکەی کەبۆ (سالم)ی شاعیری نوسیوە، پرسیارێکە لەمەڕ ئەو نۆستالژیایەی تەواوی ژیانی مەنفای نالی داگیرکردبوو، نالی دەیەوێت لەو قەسیدەیەدا لۆژیکی شیعری بپارێزێت، فانتازیای لەڕێگەی پرسیارکردن لە نێوان سلێمانییەکی (خەیاڵزەدەیی) و سلێمانییەکی (هەبوویی) بەراوردبکات، سلێمانییەك وەك هەبوویەکی واقیعی نەك سلێمانییەکی خەیاڵ لێکراوە... سالم لە قەسیدەکەیدا تەواوی ئەو هاوسەنگیە دەگەڕێنێتەوە بۆ نالی، هەردووکیان، ئەمیان لە مەنفای خۆی و ئەمیشیان لە نیشتمان، کار لەسەر شوێن و سەرچاوەی بابەتی ئەدەبیان دەکەن بۆ هاوسەنگکردنەوەی فانتازیا لە نێو واقیعی شوێن و زەمەنی هەبوودا، بۆ بەرهەمهێنانی دەقی شیعری لەسەر بنەمانی فانتازیایەك بۆ مانای شیعری نەك بۆ ڕازاندنەوەی دنیا بەوشەکان... بەهەمان ئاڕاستەش ئەم کێشەیە لەلایەن سەلمان روشدیەوە زۆر جوان چارەسەر کراوە، هەمیشە فیگورە سەرەکیەکانی رۆمانەکانی (سەلمان روشدی) لەنێوان هیندستان و بەریتانیاو ئەوروپادا یاری دەکەن. هەمیشە ئەم دووکولتور و شێوە ژیانە کەپێکهاتەی شوناسی سەلمان روشدین، لەرۆمانەکانیدا بەهارمۆنیەتێکی سەیر کار لەیەکتری دەکەن، هەر لە رۆمانی منداڵانی نیوەشەوە بیگرە تاوەکو رۆمانی ئایەتە شەیتانیەکان و دوا رۆمانی ئەمساڵی (شالیماری لێبووك)... هەمووان تێکەڵبوونێکی جوانی مەنفا و ژیانی کۆچبەریە بە کولتوری بێگانە، بەبێ ئەوەی ببێت بە ئەدەبی کۆچبەران، یان بێگانە سەر سوڕهێنەرەکان! نەخێر، بەڵکو هاوسەنگیەکی ئیستاتیکی هەیە کە دنیا جیاوازەکانی ئەوروپا و هیندستان و سروشتی کەسەکان لە رووداوەکاندا پێکەوە دەبەستێتەوە..

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

ئێستا لەم ڕۆمانەی کەچەند ساڵکە بەهێمنی کاری تێدا دەکەم، لەم ئیشکالیەتە نێزیك دەبمەوە، کێشەی نۆستالژیا و شوێن و زەمەن و گۆڕانی کەسەکان لەنێو کەشو هەوایەکی دیکەدا، کەزۆربەیان سۆڤیەتی جارانە، بەو سیفەتی بەندە دووساڵی پەرەوازەییم تێدا بەسەر برد، نوسینێك بەردەوام هەوڵدەدەم فانتازیا کار بکات نەك نۆستالژیایە بۆ مەنفای روسیم، فانتازیایەکی ئەدەبی بۆ ئەوەی نوسینەکە بپارێزێت لە نوسینەوەی یادەوەری ...

**توانا ئەمین: تا ئەو جێگایەی ئێوە ئاگادارن چیرۆکی کوردی یا باشتر وایە بڵێین ڕۆمانی کوردی لە کوێی ئێستای ڕۆمانی جیهانیدایە ؟ دەتوانین لەسەر ئەو تێکستە نوێیانەی ئەم دواییەی ئەدەبی کوردی نیقاشی ڕۆمان بوون و ڕۆمان نەبوون، بکەین؟**

**ئیسماعیل حەمەئەمین:**

راستیت دەوێت من نازانم ئەم گرێیە دەروونیە چییە کەناوی ڕۆمانی جیهانی یاوەکو ئەدەبی جیهانیە لەنێو ئێمەی نوسەرانی ڕۆژهەڵاتیدا هەیە... هەمووی پابەندە بەو گرێ ئیستشراقیەی کە ئێدوارد سەعید باسی لێوەی دەکات... ئەم بابەتێکە گفتوگۆ زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام ئەوەندەی پەیوەندی بەجیهانیبوونەوە هەبێت دەبێت یەکەمجار بپرسین ئەدەبی جیهانی بوونی هەیە ؟! یاخود ئەوە ئەدەبی ڕۆژئاوایە کە بەهۆی دەزگا بەهێزەکانی بڵاوکردنەوە و وەرگێڕانەوە جیهانبوونی دەبەخشن بە نوسەرەکان، بەمەرجێك بە چەندەها داهێنەر هەیە لەرۆژهەڵاتدا لەبەر ئەو هەژاریە سەیرەی خوێنەر و دەزگاکانی بڵاوکردنەوە و نەبوونی سیاسەتی

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

کولتوری حکومەتەکان تاوەکو مردنیان لەسوچێکی خراپدا دەمێننەوە، ئەمەیە بەشێکی ئەدەبی جیهانی، بۆ نمونە" گەر نەجیب مەحفوز نوسینەکانی وەرنەگێڕدرانایە سەر زمانەکانی دیکە، لەوانە بوو نەجیب مەحفوز لەچوارچێوەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بمایەتەوە، ئەمە لایەنێك، لایەنێکی دیکە ئەوەیە، من پێمووایە هەموو بەرهەمهێنانێکی باش خۆی لەخۆیدا ئەدەبێکی جیهانیە، مادامەکی ئەدەبە بەپڕاوپڕی وشە، لێرەدا دەبێت پرسیارەکەی تۆ بە شێوەیەکی دیکە فۆرمولە بکەمەوە دەلێم: ئایا ئەم دەقانە ئەدەبن یان نا؟ وەلامی ئەم پرسیارە مەرجی بەجیهانی بوونێتی، گرنگ ئەوەیە ئەوەی دەنوسرێت لەئاستی ئەدەبێکی بالادا بێت، ئیدی ئەو ئەدەبە مولکی هەموو مرۆڤایەتیە. (ستاندال) باشی نوسیووە لەبەر ئەوە مولکی هەمووانە، ئێمەی رۆماننوس دەگەڕێینەوە بۆ مۆباسان، بۆ بەلزاك، بۆ مەمی چیرۆکنوس، بۆ نالی، بۆ خۆسیە سێلا، بۆ دێستیۆفسکی، بۆ سۆلژینستین، بۆ باسترناك، بۆ یەسەنین، بۆ مەحوی... بۆ یەشار کەمال، سەلمان روشدی ، کونتەرگراس، کافکا، مونیف، موحەمەد زەفزاف و موحەمەد شوکری و زۆری دیکەی کەهەمووان بەجیاوازی تەمەن و زەمەن و پۆلێنکردنی کلاسی و مۆدێرنەوە لە رۆحی مرۆکانەوە، لەخەونیان، لە خوتورە و دلەڕاوکیانەوە نێزیکن. ئەمەیە جیهانبوونی ئەدەب، نوسینە بە هەموو ماناکانی بالایی ئەدەبەوە..

دەربارەی ئەوەی ئێمە نیقاشی رأۆمان بوون یان رۆمان نەبوون بکەین، ئەوە مەسەلەیەکی دیارو ئاشکرایە، کامە دەق رۆمانە و کامەش شتێکی دیکەیە، دیارە دەبێت ئێمە ئەوە بلێین کەهێشتا لەنێو ئێمەی کوردا خوێنەری رۆمان دروست نەبووە، مەرج نیە ئەوەی چەند رۆمانێك بخوێنێتەوە خوێنەری رۆمان بێت، تەنانەت لەنێو شاعیر و رۆژنامەنوسەکانیشدا رۆشنبیری خوێندنەوەی رۆمان لەلاوازیەکی

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

بەرچاودایە، ئێمە هێشتا خوێنەرێکی تاکڕەهەندمان هەیە کە دوای چەند نوسەرێك دەکەوێت و لەوانەوە هەموو دەقەکانی دیکە فەرامۆش دەکات، دیارە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار، یەکەم ئێمە خوێنەری بەراوردکار و خاوەن رۆشنبیری سەربەخۆمان نیە، دووهەم ئێمە دەزگای چاپی بلاوکردنەوەی خاوەن ئەزمون و کۆنسێپت و خاوەن چەشەو رەخنەگری تایبەت بەخۆمان نیە، لەبەر ئەوە هەموو کتێبە ناشرینەکان لەتەنیشت جوانەکانەوە یەك مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، هەمووشیان دەکەونە نێو کتێبخانەی تەپوتۆزاوی و لاتەریك و لەدوا چارەنوسیشدا دەکەوێتە سەر جادە... تاوەکو چارەنوسی کتێبی ئێمە بەدەست ئەو جۆرە دەزگای چاپ و بلاوکردنەوە و کتێبفرۆشی سەرجادە بێت، ئەوا ئێمە لەبەردەمی خوێنەرێکی بێ ئاراستە و هیلاکین کەزۆر دەگمەنە خۆی بتوانێت دەقی جوان بدۆزێتەوە... من زۆر بیر لەو چیرۆکنوسە گەنجانە دەکەمەوە کەلەم قەربالغیەدا بەهێمنیەوە دەنوسن و لەبەر ئەوەی ناوێکیان بۆ خۆیان دروست نەکردووە، لەم قەربالغی پڕ بەنێو نوسەری نەخوێندەوارەدا وندەبن و فەرامۆش دەکرێن... دەزگای چاپەکان گرنگی نادەن بەدۆزینەوەی تێکستە جوانەکان بەقەد ئەوەندەی سیاسەتی دەزگاکە گرنگە بەلایانەوە، خۆ زۆربەشیان روونمایەکی پارتی کوردین و چارەنوسیان بەدەست ئەوانەوەیە..

رۆمانەکانی کاروان کاکەسوور گەر وەرگێڕدرێن و گرنگیان پێبدرێت هیچی دیکەی لەو رۆمانەباشانەی جیهان کەمتر نیە، ئەوانەی بەختیاریش هەروەها، تەهای ئەحمەد رەسوڵو عەتا موحەمەد و زۆری دیکە لەو هاورێ ئازیزانەم لەئاستێکی بالای ئەدەبیدان، کەواتە جیهانین... بەلام با من شتێکتی دیکەت پێ بڵێم لەرووی بەجیهانیبوونمانەوە: من پێموایە هەموو ئێمەی چیرۆکنوس لەدنیادا

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

لەیەك فەسیڵەی حەیوانین (بەو پێیەی مرۆڤیش ئاژەڵێکی قسەکەرە)، هەمووان زۆر فاکتەر کۆمان دەکاتەوە بەجیاوازی رەنگی پێستو بیروڕاو نەتەوە و زمانەوە، هەمووان حەزێك و خولیایەکمان هەیە بۆ کردنی هەموو ژیان بە گێڕانەوەیەك وەك ئەوەی خۆمان دەمانەوێت، نەك وەکو ئەوەی خۆی هەیە ! هەموومان حەزمان لەتێکدانی بوعدی شتەکانە و پێوەنان وزیادەرۆیی ئەدەبیە، هەمووان کۆمەڵێك خەوبینەرین و شێوازە ژیانێکی سەیرمان هەیە... هەمووان لەیەك فەسیلە و رەگەزین... با من شتێکی خۆشت بۆ بگێڕمەوە پێش چەند ساڵێك لەمەو بەر (پاولۆ کۆیلۆ) هات بۆ نورنبێرگ، ئەم شارەی چەندەها ساڵە تێیدا دەژیم، ئێوارەکەی بڕیار وابوو ئەو لە کتێبخانەیەك رۆمانە تازەکەی (یازدە دەقیقە) ئیمزا بکاتو شتێك لەسەر ئەو کتێبەکەی قسەبکات، کە من و هاوڕێیەکم ئێوارە چووین بۆ کتێبخانەکە، سەرەی خەڵك گەیشتبووە رادەیەك کە زیاتر لە چوارسەد کەس لەسەرەدا وەستابوون بۆ ئیمزا و زیاتر لەچوارسەدی دیکەش بەهیوای ئەوە بوون گەر (کۆیلۆ ) هیلاك نەبێت، ئەوا ئەوانیش رێگەیان پێدەدرێت، بواری فۆتۆگرتنو پێشکەشکردنی تایبەت نەمابوو... هاوڕێیەکەم گووتی چاوت لێیە ناتوانین وێنەی لەگەڵدا بگرین، بەڵام سەیر لەوەدا بوو کەدوای دووسەدو حەفتا کەس من چوومە بەردەمی سەیرێکی کردمو گووتی: با پێکەوە فۆتۆ بگرین، فۆتۆیەکە بەتوندی یەخەمی گرتووە، کەهاتینە دەرەوە برادردەرەکەم گووتی: سەیرە خۆ تۆ داوات لێنەکرد، گووتم: ئاسانە هەمووان بەجیاوازی توانا و ناوبانگەوە لەیەك فەسیلەی حەیوانین، وەکو ئەو سەگانە واین کە رووماں دەبێت بەڕووی یەکترەوە بۆنی یەکتری دەکەین...ئەمەیە رۆمانی جیهانی بۆن کردن بەوانەی وەك خۆت خەوبینەرن....

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com